دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

# فێرکردنی فەلسەفەی زانستی

نووسینی: ئیحسان تەبەری
وەرگێڕانی: د. حسین خەلیقی

Aram kerkuky
www.iqra.ahlamontada.com

کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (٢٩٩)

# فێرکردنی فەلسەفەی زانستی

نووسینی: ئیحسان تەبەری
وەرگێڕانی: د. حسین خەلیقی

# پێشەکی

کە نووسراوەی مامۆستا ئیحسان تەبەری نووسەری بەناوبانگی فەرهەنگی مارکسیسم لنینیسمم خوێندەوەو بڕیارمدا ، لە فارسی یەوە وەری گێڕمە سەرزمانی کوردی ، بێگومان ئەوەم دەزانی کە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دوایی یانەی یەکیەتیی سۆڤیەتو کێشی سۆسیالیزمی مەوجود بۆ وەلامدانەوەی نیازە جۆراوجۆرەکانی جیهانی مرۆڤایەتی و لە ئاکامدا پارانەوەی ولاتە سەربەخۆیەکانی پاش تێك چوونی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ پارمەتیی مادی و شپرزەیی باری ئابووریو کۆمەلایەتیی ئەوان ، ئەبنە هۆی ئەوە هێندێك خوێنەر کە زیاتر ڕووما دەبینن و ناچنە ناخی دیاردەکانەوە ، ڕەخنەم لیٚ بگرن و ڕابگەیێنن فەلسەفەی زانستی و فێرکردنەکەی پاش ئەو ئالوگۆڕانە ، چ واتایەکی هەیە ؟ فاکتو نموونەکانی ئەم نووسراوە بەتایبەت لە بەشەکانی کۆمەلایاتی و ئابووری و فەرهەنگیدا ، دەقاودەق لەگەڵ باری نالەباری ئەو سۆسیالیسمە یەکدەگرنەوە ؟ بەم جۆرە وەرگێڕانی ئەم نووسراوە ، تێکۆشانێکە بۆ پێکەوەلکانی پەیکەری کۆخی ڕووخاوی سۆسیالیزم !

لە وەلامی ئەم بۆچوونەدا تەنیا ئەوە دەڵێین ، ئەوەی ڕووخاوە سیستەمی داڕێژراوی بەناو سۆسیالیزمی تیئوریسی یە نە ماتریالیستەکانی ئۆرووپای ڕۆژهەلاتەو کۆخی هومێدی چەپەکانی ولاتانی جیهانی سێهەمە کە کوێرکوێرانەو بە شێوەی بەندەگیو ملکەچیو بیٚ بیر کردنەوە، ئەوەی لەویش نەرێسرابووو نەپێچرابوو ، شەقەیان لێدێنا ! کەوابوو کۆشکی زانست نەڕووخاوەو بناخەی فەلسەفەی زانستیش لەسەر کۆلەکە پتەوەکانی ئەو کۆشکە دانراوەو ئەو ئالوگۆڕەش هیچ شوێنێك لەسەر ڕاستودروست بوونی یاسازانستی یە سروشتیو کۆمەلایەتی یەکان ، دانانیٚ • تا دیٚ پلەی

زانیاریی مرۆڤ لەسەر ئەو بناخە ، بەرزتر دەبێو ڕەوتی زانستو تێگەیشتن بەرەوپێش دەچێ •

شتێکی تر هەیە ، ئەویش بیروبڕوای نووسەرە لەم نووسراوەو جیاوازیی لەگەڵ نووسراوەکانی دواییی ئەو کە لە ئێراندا ، ژیاوە • لێرە ماتریالیستەو تیئوریی گەشەکردنی کۆمەڵی پەسندکردوەو تێشەڕکردنی قوناخی سۆسیالیسمو گەیشتن بە کۆمۆنیزم، بەتێکەوە پێچەری سڕوسیپاڵی باری چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان ، دەناسێنێو لە نووسراوەی «کژراهە»ی ئەمدوایی‌یانەی ، لە گشت بۆچوو نەکانی پێشووی خۆی یەك لەوان ئەم نووسراوە ، نکوولی کردوەو ! ئەو دەورەی بە یاساکانی ئیسلامو پەیڕەوی‌کردن لەم ئایینە ، داوەو ئەمەش بۆ خۆی کەسایەتی زانستیو کۆمەلایەتیو ڕامیاریی ئەوی تووشی زیان کردوە • پێویستە لێرەش‌دا ئەوە ڕابگەیێنین کە ئەم گۆڕانەی نووسەر چ لە ژێر تەوژمی نەیاراندا بێو چ خۆی بەلێکۆڵینەوەی بایداییتەوە سەر ئەو بڕوایە ، هەڵوێستو بۆچوونی تافە کەسەو ناتوانێ تاقە خشتێك لەبناخەی زانست ، هەڵبگرێو ئەوەی سەلمێندراوە ، لە جێی خۆیەتی •

ئیستا ئامرازی فێرکردن زۆرە • مامۆستا ، کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامە ، سینەماو تەلەفیزیۆن وڕادیۆوهی تر • لەم نووسراوەدا ، مامۆستا تەبەری تێکۆشاوە ، بە نووسراوە ، «فەلسەفەی زانستی» بەخوێنەران ، فێربکا • تێکۆشاوە ، باسەبنەڕەتی‌یەکانی فەلسەفەو بیروبوچوونە جیاوازەکان ، بە پێی توانا ، شی‌بکاتەوە • گۆمانی تێدا نی‌یە وەك گشت نووسەرو زانایەك، خەتی خواریان ڕەنگی بیرو بڕوای خۆی ، لەم نووسراوەدا ، دەس‌نیشان کردووە • دروستو نادروست بوونی بابەتو بۆچوونەکان ، لە پێوانە زانستی‌یەکاندا ، خۆ دەنوێنێ • با خوێنەریش خۆی ماندوو بکاو وەدووی ڕێ شۆینی ڕاستی‌یەکان بکەوێ •

فەلسەفە چی‌یە ؟ فەلسەفە یەکێك لە شێوازەکانی شعوری کومەلآیەتی‌یەو بناخەی تیئوریی جیهانبینی‌یە ، سیستەمی گشتی ترین چەمکەکان سەبارەت بە جیهانو پلەی ئینسان لە جیهاندایەو لەبەر [ گشتی‌بوونی ] چەمکەکانو هەلسالراوی‌یان ، هێندێك دوورترە لە پێوەندی‌یە ئابووری‌یەکانی کۆمەل .

ئەرکی بریتی‌یە لە تێگەیشتن لە گشتی‌ترین یاساکانی سروشتو کۆمەل لە حالێکدا ئەرکی زاناو زانستەکان بریتی‌یە لەتێگەیشتنی هەر کامەیان لە چەمکە تایبەتی‌یەکان بە هۆی زانستی خۆیانەوە • بێجگە لەوە فەلسەفە رەوتی ناسین ( تیئوریی ناسینو ژیربێژی ) ئەخاتە ژێر لێکولینەوە •

هەر چوارچیوەیەکی فەلسەفی لە پلەی یەکەمدا بەرهەمی مەعنەویی ئەو مەلبەندە مادیو کۆمەلآیەتی‌یەیە کە لەودا پەیدادەبێ • هەر بۆیە بیروبرواو بۆچوونەفەلسەفی‌یەکان بە هۆی جیاوازبوونی بارە جۆراوجۆرەکانی مەلبەندی سروشتیو ژیانی لێك‌جیاوازنو هەر کامە بەشێك لە راستی دەخەنە ژێر لێکولینەوەو هەر کامە ، بەپێ داگرتن لەسەر دۆخی ژیانیان ، چوونەتە ناخی دیاردە سروشتیو کۆمەلآیەتی‌یەکانەوە •

هەر بەو شێوە کە هۆیە کۆمەلآیەتی - ئابووری و چینایەتی‌یەکان پێك‌هێنەری سیستەمە فەلسەفی‌یەکانن ، جۆرەکانی تری شعوری کومەلآیەتی بەتایبەت سیاسەت ، مافەکان ، زانستو ئایین ، لە خولقاندنیاندا ،دەوریان هەیە • بەو حالەش فەلسەفە خۆی ژیربێژیی دەروونیی گەشەکردنی خۆی هەبەوچەمك‌و بریارە تایبەتی‌یەکانی ، گەشتی بەرەوپێش چوونی خۆیان تێپەردەکەن چەمك‌و بریارو بیرورای نوێ سەرهەلدەدەنو پێی‌بە پێی زانست ، ملی رێگای قوولتربوونو بەرفراوانبوون دەگرنە پێش •

بێجگە لەمانە هەروەك فەلسەفە لەسەر بیروبۆچوونی کۆمەل شوێن‌دادەنێ ، لە سیستەمو بیرو بۆچوونو ئالوگۆرەکانی کۆمەل

نوێن هەڵدەگرێ • هەربۆیە کەمتر سیستەمێکی فەلسەفی دەبیندرێ کە تێکڵاوێك لە چەند ئەندێشەی جۆراوجۆر نەبێ • هەر نەتەوەیەك فەلسەفەی تایبەتی خۆی هەیە • ئەورێگا زانستیو ڕاستو دۆزراوەی کـــــە بۆ وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکەی ، ئەیکاتە ڕێباز ، فـــەلسەفـــەی نەتەوایەتی »ی ئەوە • فەلسەفە ئامرازی ململانێی چەوســاوە دژ بـــە چەوسێنەرد • بیروڕای فەلسەفیی پێشکەوتوو ، ئەبێتە هۆی بەهێزبوونو پەرەوپێشچوونی هێزە پێشکەوتنخوازەکانو بە پێچەوانەی بیروبۆچوونی کۆنەپەرســـتانەو ڕاوەستاو ، لـە گۆڕەپانی پارێـزگـاری لە هێزە ملهۆڕو کۆنەپەرستەکاندا ، دەوری هەیە •

نابێ پرسیار بکەین کۆمەڵ نیازی بە فەلسەفە هـەیە یان نا ؟ دەبـێ بپرسین کامە فەلسەفە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای خەبات پێویستەو چلـۆن فێری بینو چۆن لە گۆڕەبانی خەباتدا ، کەڵکی لێوەربگرین • گـەلی بێ فەلسەفە، مردووەو فەلسەفەی مردووش ، گەلی نوستوو وەخەبەرناهێنێ • نالێین فەلسەفە ، زانســـتی گشت زانستەکانـەو تێدەکۆشێ دیمەنـە ڕووتکراوەکانی خۆی بەسەر زانستە جۆراوجۆرەکاندا ، داســـەپێنێ • دەڵێین فەلسەفە ئەو جیهانبینییەیە کە پێویستە ڕاستودروست بـوونی خۆی بە هۆی زانستە ڕاستەقیـــنەکـان بسەلمێنێ • بە پێچەوانەشـ هێڵە جۆراوجۆرەکانی زانستیش ، ڕاستو دروستبوونی یاساکانی خۆیـان لە گۆڕەپانی فەلسەفەدا ، دەسەلمێنن • چەمكو بڕیارەکانی فەلسەفە گشتینو لە گشتییەوە بەرەو تایبەتی کە دەبێتە چەمکەکانی زانستە جۆراوجۆرەکان، ڕێدەپێونو بەپێی ڕێوشوێنی تێکڵاوکردنو بەشبەش کردنو شیکردنەوە. لە گشتییەوە بۆ تایبەتیو لە تایبەتییەوە بەرەو گشتی ، تێدەکوشینو لـەو هەنسوکەوتەدا ، بە یاسا سروشتیو کۆمەڵایەتییەکان دەگەین •

هۆی بنەڕەتی وەرگێڕانی ئەم کتێبە ، تێکۆشانە بۆ بە کوردی کردنی زاراوە فەلسەفی‌یەکانە • ئارە زووم ئەوەیە ، گەلی کوردیش بە زمانی خۆی‌و لە چوارچێوەی واتای وشــە ڕەسەنەکانی خۆی‌دا ، لــە میراتی بیروبڕوای فیلسوف‌و زانا جۆراوجورەکان ، کەڵك‌وەربگرێ • لە پێش‌دا نووسراوەیەکم بە ناوی «فەلسەفەو کۆمەڵ» خستەکتێبخانەکانی کوردستانەوەو بە پێ‌داگرتن لەسەر بوونی کەم‌وکورتیی نووسینەکەم هیوام وابوو ، نووکی پێنووسم لێ‌تیژبکەن‌و هەڵەم بۆ ڕاستەوەبکەن ، بەلاّم تا ئێستا شتی وام وەبەر چاو نەکەوتووە بۆ دانانی بەردێکی تر لەسەر ئەو بناخە لارووێرە، ناميلکەيەکم بە ناوی «ناسین» وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی‌و ئامادەی چاپم‌کرد لەبەر ئەوە فێربوونی هەر شتێك لە پلەی یەکەمی ناسینەوە دەس‌پێدەکاو ناچـار گەیشتن‌بەناخی دیاردەکان دەبێ پلەکانی ناسـین ، تێپەڕبکـرێ ئـەو ناميلکە لەو مەیدانەدا نووسراوێکی بەکەڵکە •

بە زیادکردنی ئـەم نووسـراوەش ، دەکـرێ لافی ئەوە لێ‌بـدەین کۆچ‌و باری فەلسەفە وا بەرەو کوردستان وەڕێکەوتووەو خێمەوبارەگای خوێ لێداوە • ئەگەر هەوارگەی ئەم کاروانەو مەڵبەندی کۆمەلاّیەتیـی ئەوە لەگەڵی بگۆنجێ ، زمانی بۆفێرکردن، پاراوەو دەتوانێ لـە سەرەتاوە دەستی ناشارەزایان بگرێ‌و هۆزو کۆچباری فەلسەفەیان بێ‌بناسێنێ •

دیـارە ئــەوەی منی هەڵوەدای زانین خستوومەتە سەر ڕووپەڕی فائەز. نموونەیەکە لە خەرواری فەلســەفە • بـەلاّم ڕێگاخۆشـکەرە بـۆ ئەویندارانی ئەم زانستەو ڕێبواری ئەم ڕێگایە دەتوانێ بە خـوێنـدنەوەی مێژووی سەرهەڵدانی ئەندێشە فەلسەفی‌یەکان یـــان مێژووی فـەلسەفە، کەلێن‌و قوژبنی بشکنێ‌و بەرهەمی تێکۆشانی باوباپیرانی مرۆڤ ببینێ • ئەگەر مەرگ مەودا بداو ڕووداوی لەنەکاوو پێش‌بینی‌نەکراو ، یـەخـەم پێنەگرێ ، دەمهەوێ کتێبێك بە ناوی «مێژووی ئەندێشە فەلسەفی‌یەکان »

بنووسم‌و ئه‌گه‌ر سه‌رکه‌وتن وه‌ده‌ست بێنم ، ده‌توانم بڵێم به گشتی‌و به‌ شێوه‌ی کورت‌و پوخت ، ئه‌وه‌نده‌م له فه‌لسه‌فه نووسیوه مێشکی پێی زاخاوبدرێته‌وه • له زاناو پسپۆڕانی فه‌لسه‌فه‌و کۆمه‌ڵناسی‌و ده‌روونناسی داواکارم ، ده‌ستی یارمه‌تیم بۆ درێژبکه‌ن • هه‌وڵ بده‌ن هه‌م کاره‌که‌ی من ته‌واوبکه‌ن‌و هه‌م هه‌ڵه‌ی نکوولی‌لێنه‌کراوو حاشاهه‌ڵنه‌گرم لێ ڕاست‌بکه‌نه‌وه •

**وه‌رگێـــڕ**

سوپاس بۆ کاك عادلی ئه‌لیاسی سه‌باره‌ت به تایپ کردنی ئه‌م کتێبه •

*

## بەندی یەکەم

### ١ـ سەرەتا

العلمية والتجربة الثورية

#### ١ ـ پەسنی زانیاری‌و ئەزموونی شۆڕشگێڕی

الصفة

کەسێکی شۆڕشگێڕ بۆ ئەوەی بتوانێ سەرچاوەی شوێن‌دانان‌و کردەوەی شۆڕشگێڕی بە واتای ڕاستەقینەی وشە بێ‌و لە ئاڵ‌گوڕی شۆڕشگێڕیی کۆمەڵدا ، بتوانێ دەوری هەبێ ، پێویستە خاوەنی سێ پەسن بێ

ئا ـ زانیاریی شوڕشگێڕی

ب ـ پەسنی شۆڕشگێڕی

ج ـ ئەزموونی شۆڕشگێڕی

ئێستا ئەم سێ خاڵە شی دەکەینەوە

زانیاریی شۆڕشگێڕی واتا زانیاری بە ئەندازەی پێویست‌و پڕبەپێست بۆ خەبات لە تیئۆریی گشتی‌و تیئۆریی گونجاوی شۆڕشگێڕی لەگەڵ هەل‌ومەرجدا • تیئۆریی گشتی شۆڕشگێڕی واتە [جیهان‌بینیی زانستی مارکسیست لینینیستی کە خۆی لە سێ باسی (١) فەلسەفە، (٢) ئابووری‌و (٣) کمۆنیزمی شۆڕشگێڕی ، پێك‌هاتووە[1]] بەڵام تیئۆری شۆڕشگێڕی گونجاو لەگەڵ هەل‌ومەرج ، بریتی‌یە لە ، لە بەرامبەردانان‌و

---

(١) ساڵی ١٩٩١ و ١٩٩٢ ، گەشتی کۆمەڵ بەرەو کمۆنیزم ، کەوتە ژێر نیشانەی پرسیارو دواڕۆژی ئەو باسە تادیارە • وەرگێڕانیش بە واتای بڕوا پێ‌هینان نی‌یە • وەرگێڕ •

ڕێکخستنیو تاکتیکی ڕێکخراو له هەلو مەرجێکی دیاریکراوی شۆڕشگێڕیو ڕوونکردنەوەی دروشمەکانو ڕێنوێنییەکانی کاری ڕێکخراوەییو ڕامیاری له هەلومەرجی کاتیو شوێنی دیاریکراودا • تێئوریی گشتی که وەرگیراوه له کۆی کردەوەی شۆڕشگێڕی له له کاتو شوێنی دیاریکراودا ، ڕوودەدەن ، نییه • مەگەر لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدارێك کەوێو بگونجێ •

تێئوریی گونجاوو سازگاریش بێ پاڵپشتدان لەسەر بناخەی نەقشدارو هەڵکەندراوی تێئوریی گشتی ، توانای ئەوەی نییه ، له چارەسەرکردنی دروستی ڕووداودا ، دەوری هەبێو له نێو خەروارەها بەڵگەو دیاردەی ڕەنگاوڕەنگی کۆمەڵایەتیدا به تەواوی دەتوانێ ، جارێك بەرەو چەپو کاتێك بەرەو ڕاست ملیڕێگا بگرێ •

بەڵام پەسنی شۆڕشگێڕی : به واتای بوونی چەند تایبەتمەندییپێویستی" ڕوحیو ئاکاری بۆ بەشداری له خەباتی دژوارو پڕگرێوگۆلی شۆڕشگێڕی کرێکاردا ، وەك نەترسان ، ئیرادەو پشوونەدانو ڕوحی بەربەرەکانیو دۆزینەوەی ڕێگاو لێهاتوویی ڕامیاریو شتی لەو چەشنەیه • مرۆڤ دەتوانێ ئەم تایبەتمەندییانه له کاتی خەباتو کردەوەی شۆڕشگێڕیدا یان له ڕێگای تازەکردنەوەی بارهێنانی خۆیەوه ، وەچنگ‌بێنێ بەڵام دیاره که زەمینەی ئەم تایبەتمەندییانه دەبێ له ڕوحی ئەو کەسەدا که خوازیاری بەشداری له خەباتی شۆڕشگێڕیدا هەبێ • واتا هەلومەرجی چینایەتیو مەڵبەندی پەروەردەکردن لەم بارەوه ، یارمەتیی دابێ •

ئەوەی که پێوەندیی به ئەزموونی شۆڕشگێڕییەوه هەیه ، تەنیا له ڕەوتی کردەوەی شۆڕشگێڕیو به لێکۆڵینەوەی ئەو ئەزموونانەی که بەرهەمی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕی نیشتمانی خۆیو ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی

ولاتانی تر له ڕێگای لێکۆڵینەوەو فێرکردنی مێژووی شۆڕشگێڕی‌یەوە وەچنگ‌دەکەوێ • ئەزموونی شۆڕشگێڕی چوارچێوەیەکی ڕێك‌وپێـــك لـــە ڕێـگـا چـارەکـــان دژکـردەوەکـان بـەرەوڕووبـوونەکـــان چارە دۆزینەوەکان له زەینی تاقەکەس‌دا کۆدەکاتەوەو ئەبێتە هۆی ئەوە ، کە کاری ئەو لە بەرانبەر ڕووداوەکان‌و کەسانی تردا ، هاسان‌بکا ، بێجگـە ئەوە دەبێتە هۆی زیادبوونی متمانەی دەروونیی تاقە کەس ، بە کردەوەو بە زیرەکی‌و لێوەشاوەیی خۆی ئەم متمانەیە لای کەسانی تر ، زیادتـــــــــر دەکـــــا •

مەبەستی ئێمە له وتنی ئەم وانانەدا ، فێرکردنی کورتی تێئوریــــــی گشتیی‌شۆڕشگێڕی بەتایبەت گرنگترین بەشی ئەو ، واتا فەلســـــەفەی مارکسیستی‌ـ‌لینینیستی‌یە • گومانی تێدا نی‌یە کە ئەم فێرکردنە ، خـــۆی لە خۆی‌دا بۆ ئەوەی ئێمە بکاتـە شۆڕشگێڕێکـــی ڕاستەقینە ، هـــۆی بەپێست نی‌یە ، بـەلام قوتب‌نوێنێکـی گـرنگ ئـەخاتـە چنگی ئێمـە بە شێوەیەك ئەگەر بـە باشی کەلکی لێوەربگرین ، دەتـوانین لـە باری بیروئاکارەوە ،سەرلە نۆی خۆمان بخولقێنین ،چونکە زانیاریی شۆڕشگێڕی ئەگەر بێ‌پسانەوەو لە ڕووی ڕاستی‌یەوە بێ ، دەتوانێ لە باری گۆڕینـــی کۆمەڵ‌و مرۆڤ‌دا ، دەورێکی کاریگەری هەبێ • هەر لەبەر ئەمەیە کـــە سەرمایەداری [ پەیڕەوانی شۆڕشی‌کۆمەلایەتیـــی پلـــەبەپلـــە ] واتـــا ( سـۆسـیال‌ڕێفۆرمیسم ) لـەسـەر دەوری ئیدئۆلۆژیی شـۆڕشگێڕی‌و جیهان‌بینیی شۆڕشگێڕی ، زانیاری هەیە • لە سڕینەوەی ئیدئۆلۆژی‌و بێ‌لایەنی «بارەت بە جیهان‌بینی» ، دەدوێن‌و دەیانەوێ بەم‌جۆرە ، تاکە کەسی شۆڕشگێڕ ، چەك‌بکەن‌و خەباتی کۆمەلایەتی لە نێوەڕۆکی‌جیددی‌و شێلگیرو ئاڵوگۆڕپێك‌هێنەر ، بەتاڵ‌و پووچەل‌بکەن •

پرسیارە کۆنترۆلی یەکـان

١ ـ زانیاریی شۆڕشگێڕی چییە ؟ ٢ ـ تیئوریی گشتیی شۆڕشگێڕی کامەیە ؟ ٣ ـ تێئوریی شۆڕشگێڕیی گونجاو لەگەڵ هەلومەرج ، بـە چ واتایەکـە ـ تێئوریی گونجاوی ئـەوتۆ چۆن لـەدایكدەبێ ٥ ـ چ پێوەندییەك لە نێوان ئەو دوو تێئوریەدا هەیـە ؟ ٦ ـ پەسنـی شۆڕشگێڕی بە چ واتایەکە ؟ ٧ ـ گرنگترین و پێویستترین پەسنـی شۆڕشگێڕی کامەیە ؟ ٨ ـ ئایـا دەتوانیـن پەسنـی شۆڕشگێـڕی وەدەستبێنین ؟ ٩ ـ چ پێوەندییەك لـە نێوان پەسنی شۆڕشگێڕیو بـەسـراوەبیی چینایـەتیی تاقـەکـەسـی شـۆڕشـگێڕ هـەیـە ؟ ١٠ ئـەزموونی شـۆشـگێڕی چییـەو چـلۆن وەچنگدەکـەوێ ١١ ـ فێرکردنی مێژووی ڕاپەڕینەکان بۆ پتەوکردنی باری ئەزموونـی شۆڕشگێڕی ، چ دەورێکی هەیە ؟ ١٢ ـ بۆ دەڵێین تێئوری پاڵێوراوی ئەزموونی جوولانەوە شۆڕشگێڕییەکانە ؟ ١٣ ـ زانیاریی شۆڕشگێڕی لـە گۆڕینی مروڤدا چ دەورێکی هـەیەو بۆچی ؟ ١٤ ـ بـۆ تێئوریی شۆڕشگێڕی ئەشوبهێنێ بە قوتبنوێنەوە ؟

## ٢ ـ زاراوەکانو بڕیارە زانستییەکـان

چلۆن دەبێ فێری تێئوریی شۆڕشگێڕی بین ؟ گشت زانستەکان لە دووبەش یان توخم ( عنصر )ی گرنگ ، پێكدێن

ئا ـ زاراوەکان ( مقولات یان کانەگۆرییەکان ) کە لە ڕاستیدا چەمكو زاراوەبنەرەتییەکانی ئەو زانستە پێكدێنن •

ب ـ بڕیارەکان یان یاساکان ، کە گرنگترینو تێكچڕژاوترین ئاکـام وەرگرتنەکانی زانست ڕادەگەیەنن •

هەر زاراوەیەکی زانستی خاوەنی ناساندنێکی دیاریکراوە کە گشت

نێوەندییەکانی ئەو زاراوەیە  لە ڕوانگەی ئەو زانستەوە کە ئێمە دەمانەوێ فێری بین ، بە شێوەی وەبەرگریی‌و لەمپەردانان ( جامع ومانع ) دادەگەیەنێ .

هەر بڕیار یان یاسای زانستی  خاوەنی سەلماندن‌و بەڵگەهێنانەوەیە کە دروست‌بوون‌و ڕاستی بوونی ئەم بڕیارە ، ئەکاتە خاوەن بەڵگەو ڕوونی‌دەکاتەوەو بڕیارە دژەکانی ، ڕەت‌دەکاتەوە .

بۆ ئەوەی زانستی مارکسیستی - لینینیستی وەك زانست ، فێربین ، پێویستە زاراوەکانی بە ناساندنی وردو دروستی ئەو زاراوانە ، بڕیارەکان‌و یاساکانیان بە بەڵگە هێنانەوەی دروست بە مەبەستی سەلماندنی ڕاست بوونیان ، فێربین .

( ئەگەر وا نەکەین ، لە ڕاستی‌دا فێری ئەو زانستە نەبووین . تەنیا چەند زاراوەو بڕیار بە شێوەکی نادیارو ناوردو سەرسەری ، فێربووین‌و زانیاریمان لەم زەمینەدا تاریك‌و نادیارو دابڕدابڕە . جاری وایە ئەم زانیارییە ناڕوون‌و دابڕدابڕە ، لە نەزانینی بێ ئەم‌لاو ئەولا ، خراپترە ، چونکە ئەبێتە هۆی‌جۆرەها پڕوپاگەندەو سەرچاوەی جۆرەها ڕێ‌لێ‌ون‌بوون‌و تێگەیشتن‌و بۆچوونی سروشتیش لێڵ‌دەکا . )

مەبەستی ئەم دەرسانە . ئەوەیە کە ئێوە لەگەل گرنگترین‌و زەق‌ترین زاراوەکانی فەلسەفەی مارکسیستی ، ناساندنەکانیان، گرنگترین بڕیارەکانی فەلسەفەی مارکسیتی ، بەڵگەهێنانەوەی خاوەن پێوەندی بەوانەوە ، ئاشنابکاو بە شێوەیەکی کورت‌و پوخت‌و تێك‌چڕژاو زانیاری پێویست بە ئێوە بدا .

ئێمە لە کۆتاییی هەر بەش‌دا ، چەندین پرسیار بۆ کۆنترۆل دادەنێین ، ئەگەر ئێوە توانیتان بە دروستی وەڵامی ئەم پرسیارانە ،بدەنەوە، دەتوانن

بەتێگەیشتنی خۆتان لە گەوهەری ئەو پاسانەی خراونەتە بەرلێدوان متمانەتان هەبێ •

فێرکردن ، تێگەیشتنو زانین،خۆی بە یارمەتی ئەم پرسیارانەی کۆنترۆل ، گرنگیی زۆری هەیەو ئێمە ڕادەسپێرن کە سەرنجی تایبەتی بەم خاڵانە بدەن •

**پرسیارە کۆنترۆلیەکان**

١ ـ زاراوە لە زانستدا واتای چیە ؟

٢ ـ ناساندنی زاراوەیەك واتای چیە ؟

٣ ـ بڕیارو بەڵگە هێنانەوەو بڕیار واتای چیە ؟

٤ ـ لەبەرچی دەبێ زاراوە لەگەڵ ناساندنەکانو بڕیارەکان بە بەڵگەهێنانەوە ، فێربین ؟

**٣ ـ جیهان بینی ، تیئوری ، فەلسەفە**

ئێمە بە کردەوە باسی «جیهان بینیی مارکسیستی ـ لینینیستی» دەکەین• جیهانبینی چیە ؟ جیهانبینی بریتیە لە کۆی بیروڕاکان ، چەمکەکانو بۆچوونەکانی تاقە کەس یان دەستەیەك لە مرۆڤ سەبارەت بە جیهانی دەوروبەر چ سروشت چ کۆمەڵ •

لە کۆمەڵی چینایەتیدا ، جیهانبینی چینایەتییە • مارکسیسم ـ لینینسم جیهانبینیی کرێکارانە ، بەڵام بیروڕافەلسەفیەکان ، ماکەی بنەڕەتیو ناوەندیی گشت جیهانبینیەکانە ، چونکە زەقو گرنگترین ئەو باسانەی پێوەندییان بە سروشتو کۆمەڵەوە هەیە ، گەلاڵە دەکاو وەڵامیاندەداتەوە• بە وتەیەکی تر فەلسەفەی مارکسیستی بناخەو کۆڵەکەی تیئوریکی جیهانبینیی مارکسیستیە •

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتەگۆڕێ کەوابوو تێئوری چی‌یە

تێئوری کۆی چوارچێوەی ناسینی گشتی پێدانی مرۆڤە کـە ئـەم یان ئەو لایەنی ڕاستەقینە، شی‌دەکاتەوە، نە گشت ڕاستەقینە • هەر بـۆیە تێئوری بەشێکە لە جیهان‌بینی • جیهان‌بینی‌یەك دەتوانێ لـە تێئوری‌یـە جۆراوجۆرەکان کە پێوەندی‌یان بە چەند مەسەلەی جۆراوجۆر هـەیـە ، تێکلاوبێ •

فێرکردنی مارکسیستی وەك جیهان‌بینیی کرێکاران لە سێ بـەشـی گرنگ پێك‌هاتووە فەلسەفە ، ئابووری ، کۆمۆنیزمی زانستی • هەروەك وتمان تایبەتە بە شی‌کردنەوەی کورتی فەلسەفەی مارکسیستی • هیوا وایـە لەداهاتوودا ،سەبارەت بە ئابووری کتێبێکی جیاواز ،بلاوبێتەوە •لەبەر ئەوە تێ گەیشتن لە ناوەڕۆکی باسە کۆمەلایەتی‌یەکان ، بۆ خەباتگێران ، گرنگیی رۆری هەیـە ، لـەم کتێبـەدا ، سـەبارەت بـە ماتریالیزمی مێژوویی ـ بـە تێروتەسەلی‌یەکی‌بە نیسبەت زۆرتر ، باس‌کراوە •

ئەم کتێبە لە دەرسنامە دەرەوەیی‌یە دیـاری کراوەکانـەوە وەرنـە گێڕدراوە، بە تایبەتی بۆ قۆتابیانی مارکسیسم ـ لینینیسم لە ولاتی ئێمەدا، دانراوە • لەبەر ئەوە لە هەمان کات‌دا کە کورتە باسی گرنگترین خاڵەکان لەودا لەبیرنەچووە وا وێ دەچێ لە باری فێرکردنی خۆمانەوە ، دیارە بۆ ئەو کەسانەی بە وردی پێویسـتو تەواو دەچنە قولاییی شتـەکانو لێکۆلینەوەدەکەن ، بەکەڵك‌بێ ، بـەلام وا باشترە ئـەگـەر بگونجێ لـە مامۆسـتا بۆ فێربوونی وردتـرو بێ‌خەوشتـری بابەتەکـانی ، یارمەتـی وەربگیردرێ ، چونکە لەبەر چاوگرتنی کورتی‌و تێك‌چڕژاویی باسـەکـان ، بێگومان بە ناچار پێویستی بە شی‌کردنەوەی زیادی لانی کەم لە هێندێـك بابەت‌دا ، هەیە • بێجگە لەوە تاقە کەس جاری وایە وا بیر دەکاتەوە کـە لە زاراوە(مقولە) یان یاسا یان بەشێك بە دروستی ، تێگەیشتووە ، کـەچی

تێگەیشتنی لەو بابەتە کورتەو کەم‌وکوورِیی هـەیەو سـەرنجی کـەلێن‌و قۆژبنەکان‌و وردەکاری‌یەکانی مەسەلەکە ، نادا •

مارکسیسم‌ـلنینیسم ئەگەر جارێك بە دروستی‌و بە گشتی بزاندرێ، دەتوانێ ببێتە سەرمایەیەکی گەورەی فیکری‌و رِوحی بۆ چەرخێکی خەباتی کۆمەلآیەتی‌و رِوناکایی‌یەکی ئەوتۆ تێرِوانینی مەسەلە سروشتی‌ومێژوویی‌یەکان. پێك‌دێنێ کە وەك لە دایك بووتێکی تازەو تەواوی کـەسایـەتی‌و رِوحی مرۆڤایەتی‌یە • مارکسیسم‌ـلنینیسم بریتی‌یە لە لووتکەی گەشەکردنی ناسینی مرۆڤ کە گەورەترین شێوەی شی‌کردنەوە لەم ناسینەیە گرێ‌و گۆلەکان لادەباو رِێگاچارەسەریی دەدۆزێتەوەو بەهێزە ، چونکە رِاستی‌یە".

**پرسیارە کۆنترۆلی‌یەکان**

١ ـ جیهان‌بینی چی‌یە ؟ ٢ ـ جیهان‌بینیی کرێکاران کامەیە ؟
٣ ـ بۆچی فەلسەفەی مارکسیستی بناخەو کۆلەکەی جیهان‌بینیی مارکســیستی‌یە ؟ ٥ ـ تیئوری چی‌یە ؟ ٦ ـ لـەبەرچی تیئوری بەشێکە لە جیهـان بینـی ؟ ٧ ـ چلۆن دەبێ ئــەم ئەم دەرسنامەیە فێربین ؟

**بەندی‌دووەم**

## ٢ـ فەلسەفە وفەلسەفەی مارکسیستی

### ١ ـ فەلسەفەی مارکسیستی‌و تایبەتمەندی‌یەکانی

فەلسەفەو یەك لەوان فەلسەفەی مارکسیستی ، بریتی‌یە (لە شێوازێکی تایبەتی لە شعور یان زانیاریی کۆمەلآیەتی کە گشتی تـریـن پێوەندی‌یـە یاسایی‌یەکانی جیهانی بوونەوەرو زانیاریی ئینسانی‌و پێوەندیی نێـــوان بوونەوەرو بیرکردنەوە،شی‌دەکاتەوە) • فەلسەفە گشتی‌ترین پێوەندی‌یەکانی نێوان ئەو شت‌و دیاردانە کە لە گشت جۆرەکان‌و بەشەکانی گۆرِەپانەکانی رِاستەقینەدا ، سەرهەلدەدەن ، ئەخاتە بەر لێکۆلینەوە • فەلسـەفە بــــە

نیسبەت زانستەکانی تر وەك ڕێوشوێن یان مێتۆدۆلۆژیی گشتی ئەوانە •
بابەتی فەلسەفەلە تێپەڕبوونی پلەکالی گەشەکردنی مێژوودا ، گۆڕاوە • لە سەرەتادا فەلسەفە وەك زانستی زانستەکـــانو وەبەرگریـــی گشـــت ناسینەکانی مرۆڤ بوو • پاشان بەرەبەرە زانستە سروشتی‌یەکان وەكفیزیكو شیمیو زانستە سروشتی‌یەکان (طبیعیات) و هی دیکە لەو جیا کرایەوە •

ئەو کات زانستە کۆمەلآیەتی‌یەکانیش هـــەر کامە وەك زانستێکـــی سەربەخۆو جیاواز ، لەو جیابووەتەوە •

(الوضعیون)
بەلآم بە پێچەوانەی لافی پۆزیتیویستەکان Positivists کە دەلێن ئیتر بۆ فەلسەفە جێگایەك نەماوەتەوەوئـەم هێلـە لە ناسـین پۆوچـە یان ئەوپەڕەکەی دەبێ خۆی بە باسە ژیرێژی‌یەکانـــی زمانی خەریكبکـــا ، فەلسەفە هەروەك وتمان وەك سەرەتای چەند ڕێوشوێن لەسەر زانستەکان ( چ زانستە سروشتی‌یەکان ، چ کۆمەلآیەتی‌یەکان ) ، خـاوەن جێگایەکـــی زۆر گرنگو بەرزەو پێویستە هەبێ • بێگومان ئەو فەلـسەفەیە کە لـــــە زانستەکانەوە ، سەرچاوەبگرێو یارمەتی بە زانستەکان بدا ، تەنیا فەلسەفەی مارکسیستی‌یە •

فەلسەفەی مارکسیستی ناوی « ماتریالیسمی دیالێکتیکە »و بە گشتی لە دوو بەش ماتریالیزمی فەلسەفیو ماتریالیزمی مێژوویی ، پێكهاتووە • لە ماتریالیزمی فەلسەفی‌دا ،(لە مادەو شعور یـــان هۆشیاری ، یاساکـــانو زاراوە دیالێکتیکی‌یەکان ، تیئوریی ناسینی باس‌دەکا)• لـــە ماتریالیـزمی مێژوویی‌دا ،(یاساکانی بەرەوپێش‌چوونو ئالوگۆڕی کومەلی ئینسانـــی باس‌دەکرێ)• ئەم دوو بەشە پێکەوە پێوەندی‌یان هەیەو زانستێکی فەلسەفی تاقانە ، پێك دێنن •

ماتریالیسمی دیالێکتیك یان فەلسەفەی مارکسیستی ، بەشـی هـــەرە بەرچاوو گرنگی مارکسیسم ـ لینینیسمو جیهان‌بینیی کرێکارو تایبەتمەندیی

شێلگیریی زانستی هەیە ، چونکە فەلسەفەی مارکسیستی لەگەڵ هەردووك هێڵی بنەڕەتی زانست چ زانستی سروشتی یان زانستە کۆمەڵایەتی‌یەکان پێوەندیی هەیە • لەم زانستانەو لەگەشەکردنیـــاندا ، شوێـــن دادەنـــێو بەش‌بەحاڵی خۆیو بە تۆرەی خۆی ، لەم زانستانەو گەشەکردنیان ، کەڵك وەردەگرێو شوێن هەڵدەگرێ •

فەلسەفەی مارکسیستی شێوەی دروستی بەرەوڕووبـوون لەگـــەڵ ڕاستەقینەو شی‌کردنەوە ، دەبەخشێو بە تۆرەی خۆی لەم زانستانـە بـــە مەبەستی دەوڵەمەندترکردنو وردترکردنی زاراوەکانو بڕیارەکانی خـۆی کەڵك‌وەردەگرێ •

فەلسەفەی مارکسیستی خاوەنی تایبەتمەندی پەسنی خولقێنەرە • واتا کۆیەك لەو بڕیارانە کە وەك ئایەت وان ، یان بێ ئەم لاوئەولان ، نـی‌یـــەو لەهەر هەنگاوێکی نوێی گەشەکردنی زانستەکانداو کردەوەی بەرهەم‌هێنانو جەرەیانی خەباتی چینایەتیو کۆمەڵایەتی‌دا ، چەمکەکانو مەسەلەکانی خۆی، بەرفراوان‌دەکا • ئەمە فەلسەفەیەکـــی شۆڕشـــگێڕی‌یـــە ، واتا بـــۆ ئاڵوگۆڕپێك‌هێنان لە جیهان کەڵکی لی‌وەردەگیردرێو فەلسـەفەیـەکـــە ڕەخنەگرە ، واتا بۆ لێدانو کوتانی بنکەو بنیاتەکانو چـــوارچێوەو بڕیـــارە هەڵوەشاوەکانو گومانی ژیربێژانە لە مەسەلەکان بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستی‌یە بەرەوپێش‌چووە بەرزەکانـــە •

هەرچەند ئەم فەلسەفە ، لایەنگرە ، واتا بەرەو ڕێبازێکی مێژوویـــی تایبەتی دەڕواو لە بەرانبەر سـەرمایەداردا پشتگری لـە کرێکار دەکـا لایەنگری ڕاستیی زانستی‌یە • ئەوە کە ئەم فەلسەفە لایەنگرە ، بە هیـــچ جۆرێك بە پێچەوانەی دیتنی ڕاستـــیو بڕوابەسەربەخۆیـــی دیاردەکانـــی دەرەوەی زەین ، نی‌یەو هەروەها لەبەر ئەم تایبەتمەندی‌یە ، نابێتە فەلسەفەی جیالـەچینـەکانو بـێ لایـەن • بـەرژەوەندی کرێکاران وەك چینێکـی

پێشکەوتووو شۆڕشگێڕی چەرخی ئیمە ، لەگەڵ ڕاستیدا ، دژایەتیی نی‌یە ، هەر بۆیە لە جیهان‌بینیی ئەودا ، بوونی پەسنی لایەنگری‌و دان‌نان بە ڕاستی‌یەکانی دەرەوەی زەین ، دەتوانن پێکەوە ، ملی ڕێگا بگرن •

فەلسەفەی مارکسیستی بۆ خاوەن بناخەکردنی ئیستراتیژی‌و تاکتیکی حیزبی مارکسیستی ـ لنینیستیی چینی کرێکارو بەئاکام گەیاندنی ئاڵو گۆڕی شۆڕشگێڕی لە ڕاستەقینەی مەوجوددا ، گرنگیی بژیوی هەیە • ئەم فەلسەفەیە بۆ پێك‌هاتنی جیهان‌بینیی زانستی ،بۆ پەروەردەکردن‌و سەرلەنوێ پەروەردەکردنی کۆمەلانی خەڵك ، گرنگی‌و پێویستیی حاشاهەڵنەگری هەیە •

## پرسیارە کونترولی‌یەکان

١ ـ فەلسەفە چی‌یە ؟ ٢ ـ بابەتی فەلسەفە چ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا هات‌و بۆچی ؟ ٣ ـ ناوی بەشەکانی فەلسەفەی مارکسیستی چی‌یە ؟ لە هەر کامە لە بەشە فەلسەفی‌یەکانی مارکسیستی‌دا ، چ باسێك وتووێ دەکرێ ؟ ٥ ـ بۆچی ماتریالیسمی دیالێکتیك‌بەشی گرنگی فەلسەفەی مارکسیستی‌یە ؟ ٦ ـ پێوەندیی فەلسەفەی مارکسیستی لەگەڵ زانستە تایبەتی یەکاندا ، چلۆنە ؟٧ـ بۆچی‌دەڵێین فەلسەفەی مارکسیستی خوڵقێنەر ڕەخنەگرو شۆڕشگێڕی‌یە ؟ ٨ ـ لەبەرچی فەلسەفەی مارکسیستی لایەنگرە ؟ ٩ ـ ئایا لایەنگری‌ئەو فەلسەفەیە لەگەڵ بڕوا بە جیهانی دەرەوەی زەین ، دژایەتی هەیە ؟ ١٠ ـ پێوەندیی ئەو فەلسەفەیەو ئیستراتیژیی و تاکتیکی حیزبی کرێکاران چلۆنە ؟

### ٢ ـ باسی بنەڕەتی‌فەلسەفە ـ ماتریالیسم ـ ئیدەئالیسم

باسی بنەڕەتی فەلسەفە پێوەندیی بیرو ئەندێشە (زەین) ، لەگەڵ بوونەوەر ( عەین ) ، بە وتەیەکی تر پێوەندیی هۆشیاری‌و شعوری ئینسانی لەگەڵ جیهانی مادی دەرەوەی زەین‌دا • ئەمە گەلاڵەی ئەنگلسە لە باسی بنەڕەتی فەلسەفەدا •

**ئـەم باسـە دوو لایەنی هەیە**

لایەنی یەکەم ، باسی وەپێش‌کەوتنی مادەو وەپاش کەوتنی هۆشیاری‌یە. ئەوانەی پێی‌یان وایە مادە پێش هۆشیاری هەبووەو هۆشـیاری ئاکـامی گەشەکردنی درێژخایەنی مادەیە ، پێی‌یان دەڵێن «ماتریالیست=یارانی مادە یان لایەنگرانی مادە » ، بەڵام ئەوانەی لەسەر ئەو بڕوایەن کە هۆشیاری بـە شێوەی ئاوەزو عەقڵی بێخەوش سەربەخۆو هەڵماڵراو لە مادە ، هەمیشـە بووەو ئەوە کـە خولقێنەری جیهانی مادی‌یە ، پییان دەڵێن « ئێدئالیسـت یارانی گومان یا پەیڕەوانی تەسەوور »

ماتریالیزم‌و ئێدەئالیزم ، دوو لایەنی گرنگی دژ بـەیەك لـە ڕێگای بەرەوپیش‌چوونی بیرو بۆچوونی فەلسەفین .

بەڵام لایەنی دووەمی باسی بنەڕەتی فەلسەفە بریتی‌یە لە ناسینی مرۆڤ. بەم واتایە ، کە ئایا زانست‌و تێگەیشتنی ئێمە لە جیهانی دەرەوەی زەین خاوەنی نرخ‌و بەهای ڕاستەقینەیە یان نا ؟ بە وتەیەکی تر ئایا شعور ئەندێشە یان ئاوەزی ئێمە دەتوانێ ، بگا بە ڕاستەقینەی جیهان ، بە دروستی لـــە ویژدانی‌دا ڕەنگ‌بداتەوە یان نا؟ ماتریالیستەکان یان لێرەدا دەتوانین بڵێین ڕێئالیستەکان ( یارانی ڕاستەقینەی دەرەوەیی ) لەسەر ئەو بڕوایەن ، کـە ناسینی ئێمە بریتی‌یە لەڕەنگدانەوەی جیهانی خارج ( لە زەینمان ) داو هەر بۆیـە خاوەنی نێوەڕوکی ڕاست‌و ڕاستەقینەیـە . بـەڵام گومانکەرەکان ( سپتیکەکان ) ئەوانەی دەڵێن نازانین ( ئاگنوستیکەکان ) لـەوە کـە هۆشیاریی مرۆڤ بتوانێ بە ڕاستەقینەی جیهان بگا ، دوودڵن .

هێندێك وەك (ئیمانوئێل‌کانت)پێیان وابوو عەقڵی ئێمە ناتوانێ زات‌و گەوهەری زاتی شتەکان یان (فنومنەکان) ،بپێکی‌و لێی تێ‌بگاو تەنیا دەتوانێ بە هەستەکانی خۆی لە ڕواڵەت‌و عوارضی (فنومنەکان)ی شتەکان بگات .

بۆ گەیشتن بە تێوەڕوکی شتەکان ، پێویستە پەنا بەرێتە بەر هێزەکانی سەرەوەی ژیریێژیو هۆشیاری •

هێندێکی تر وەك (ئێمپریوکریتیستەکان)،لەسەر ئەو بڕوایە بوون ، کە ناسینی ئێمە بریتییە لە کۆیەك لە هەستەکانمان بەلاَم ئەوە کە لەوپەڕی هەستپێکراوەکانی ئێمەوە ، ڕاستەقینە چییەو چلۆنە ئێمە ناتوانین بیپێکین و پێی بگەین •

فەلسەفەی مارکسیستی لە باری لایەنی یەکەمەوە ، فەلسەفەی بنەڕەتی ماتریالیستەو لەباری لایەنی دووەمەوە ، فەلسەفەی بنەڕەتی ڕیئالیستە •

ماتریالیسم لە شێوازە جۆراوجۆرەکانیدا لە مێژوودا،هەمیشە لەگەڵ زانستدا پێوەندیی هەبووەو ئێدەئالیسم لەگەڵ ئایین پێوەندیی نزیکی بووەو بەهێزی کردووەو بۆ بیروبڕوا ئایینی یەکان ، بەڵگەی ژیربێژیی دروستدەکرد •

**ئیدەئالیسم خاوەنی دوو ڕیشەیە :**

ئا ــ ڕیشەی ناسیاریی ئیدەئالیسمی بریتییە لە بەربلاَو( مطلق )کردنو پشوولێهەڵکێشان لە هێندێك خاڵی جیاوازی ناسینی ئینسانی • خودی ڕەوت و جەرەیانی ناسین ڕەوتێکە گرێو گۆلدارو لەودا بە ناچاری دەبێ گشتیکردنو هەڵماڵینی فراوان ، ئەنجامبدرێ •

ئەمکارەیەکەدەرەتانی تێپەڕبوون لە سنوور لەو چەمکە هەڵماڵراوانە داو گۆڕانیان بە ناوەندیان هۆشی قاڵو بێخەوشو وجوودی بالاَترو ئەوپەڕتر پێکدێنێ •

بە وتەیەکی تر ئیدەئالسیم ئاکامی شیکردنەوەی نادروستیی ئەم ڕاستییەیە کە شتەکانلە جیهانی دەرەوەی زەینو دەروونی ئێمەدا ، بە شێوە زەینی (ئیدەئال ) ، ڕەنگدەداتەوە • واتا ڕاستیی

دەرەوەیی بە ڕەنگدانەوە لە ئەندیشە یان هۆش و شعوری مرۆڤدا ، ئەبێتە بەشێك لە جیهانی زەینی ئەو ئیدەئالیستە زەینییانە ، کە لــە بنـــەڕەتدا ، نکوولی لە جیهانی عەینی دەرەوەیی دەکەن ، ئەم خاڵە «زەینیبـوون» بـــە بەربلاوی دەبینن و بەم ئاکامە دەگەن ، کــە لەوپەڕی ســــنووری ئێمەدا ، جیهانی ڕاستەقینەی دەرەوەیی نییەو هەرشتێك هەیە لە زەینی ئێمەدایە •

بـ ـ ڕیشەی کۆمەڵایەتیی ئیدەئالیسم بریتییە لە جیابـــوونەوەی کـــاری فیکری لە کاری جەستەیی • ئەو ڕووناکبیرانەی ، کە لە ژیانی مادی دوورو لە ڕووتکردنەوەی چەمکەکاندا ، نۆقمبوون ، هۆش و شعوری ڕووتکراوە لە مادەو هەڵماڵراو لە ژیانی مادەیانکردە « بناخەو بنەما » •

ئیدەئالیسم دوو بەشە عەینی و زەینی • ئیدەئالیسمی عەینی خاوەنبڕوا بە ڕاستەقینەن و جیهانی دەرەوەی زەینیان قبووڵە ، بەڵام وەك هیگل بـــە ئاکامی گەشەکردنی هۆشی بێخــەوشی دەزانــن کـــە تەنیا لــە گەشتی بەرەوخوارهاتنی خۆیدا بووەتە جیهانی مادی و کەوتووەتە قاپـــــووری مادەوە •

بەڵام ئیدەئالیستە زەینییەکان وەك بریکلی لە بنەڕەتدا لە جیهانـــی عەینی و مادی و دەرەوەیی زەین ، نکوولی دەکەن •

بریکلی دەیگوت وجود تەنیا پێکراو ( مدرکات )ە ئیدراکییەکانە •

پرســـیارە کۆنترۆڵیـــەکان

١ ـ باسی بنەڕەتی فەلسەفە چییــە ؟ ٢ ـ لایــەنی یــەکەمی باسی بنەڕەتی فەلسەفە کامەیە ؟ ٣ ـ لایەنی دووەمی باسی بنەڕەتی فەلسەفە کامەیە ؟ ٤ ـ پێوەندیی ماتریالیسم لەگەڵ زانســت و پێوەندیی ئیدەئالیسم لەگـــەڵ ئایین لـــە چ لایەنێکەوەیـــە ؟ ٥ ـ ڕیشەی ئیدەئالیسم لە باری ناسین و کۆمەڵایەتـــییەوە ، ڕابگەیەنن • ٦ ـ ئیدەئالیسمی عەینی و زەینی کامەن ؟

### ٢ – ڕێوشوێنناسی لە فەلسەفەدا چی‌یە ؟

ڕێوشوێن چی‌یە ؟ ڕێوشوێن واتا [تێئوریی زانیاری و لێکوڵینەوەو کردەوەی ئینسانی بۆ فێربوونی و تێگەیشتنی لە بابەتێکی دیاریکراو] •

لە فەلسەفەدا ، دوو ڕێوشوێن هەیە دیالێکتیکی‌و میتافیزیکی •

أ – ڕێوشوێنی دیالێکتیکی ، شتەکان‌و دیاردەکانی جیهان پێکەوە بە خاوەن‌پێوەندیی دەزانێ‌و ئەوان لە باری شوێن‌دانان لەسەر یەکتر یان شوێن‌دانانی دوولایەنەو لە ئاڵو گۆڕو گەشەکردنی هەمیشەیی‌دا ، لەبەر چاو دەگرێ •

ب – بەڵام ڕێوشوێنی میتافیزیکی ، پێی وایە جیهان تێکەڵاوێکە لە شتەکان‌و دیاردەکان کە پێکەوە پێوەندی‌یان نی‌یە شوێن لەسەر یەکتر داناتێن لەباری ڕاوەستان‌و بێ جموجوڵی‌دان ، یان ئاڵوگۆڕیان بریتی‌یە لە دووپاتبوونەوەی دووپاتکراوەکان‌و دەورلێدانە یەك‌جۆرەکان •

جاری وایە ئیدەئالیسم لەگەڵ ، ~~ماتریالیسم~~ دیالکتیك‌دا ، هاوڕێ‌یە (وەك‌هیگل)و جاری وایە ماتریالیزم بە شێوەی میتافیزیکی بیردەکاتەوە وەك ( ماتریالیستەکانی چەرخی ١٧ لە فەرانسەدا ) •

بەڵام مارکسیسم – لنینیسم لە نێوان دیالێکتیك‌و ماتریالیسم‌دا پێوەندیی دروست دەکاو بەم جۆرە ، بەرزترین جیهان‌بینی دەخوڵقێنێ •

جاری وایە ماتریالیسم گێلانە (نائیف) یە واتا [پاڵی بە زانستەوە نەداوە] • جاری وایە دیالێکتیك خۆی لەخۆی‌دایە واتا لەسەر بناخەی تێگەیشتنی زانیارانەی یاساکانی دیالێکتیکی گەشەکردنی سروشت‌و کۆمەڵ ، دانەنراوە •

لە فەلسەفەی کۆنی یۆنان‌دا ، هراکلیت گەورەترین نوێنەری ئەم جۆرە ئەندیشە دیالکتیکی‌یەیەو دێموکریت گەورەترین نوێنەری شێوازە سەرەتایی‌یەکانی ماتریالیسمە •

ماتریالیسم لە فەلسەفەی مارکسیستـــی زانستیو دیالێکتیـــكلەم فەلسەفەدا ، زانیاری‌یانەیە •

پرســیارە کۆنترۆلی‌یـەکان

١ ـ ڕێ‌وشوێن لە فەلسەفەدا چ واتایەکەو چەند جۆرە ؟

٢ ـ تایبەتمەندیی ڕێ‌وشوێنی دیالێکتیکی ، ڕابگەیەنن •

٣ ـ تایبەتمەندیی‌و پەسنی‌ڕێ‌وشوێنی میتافیزیکی ، ڕابگەیەنن •

٤ ـ ئایا دەکرێ ئیدەئالیسم دیالێکتیکی‌و ماتریالیسم ، میتافیزیکی بێ ؟

٥ ـ ماتریالیزمی گێلانە کامەیە ؟ ٦ ـ دیالێکتیکی خۆبەخـۆ کامەیـە

**٤ ـ کێشە لە نێوان‌ئیدەئالیسم‌و ماتریالیسم لە دەورەکانی پێش مارکس‌دا**

مێژووی فەلسەفە چی‌یە ؟ مێژووی فەلسەفە مێژووی ناسینی فەلسەفیی جیهانە ، کە لە ماوەی کێشەو بەربەرەکانیی نێوان ماتریالیسم‌و ئیدەئالیسـم‌و لە نێوان میتافیزیك‌و دیالێکتیك‌دا ، بەئەنجام‌گەییوە • بۆ ئەوەی دیمەنێکی کورتمان لەو کێشەیەوە بێ ئەتوانین سەرنجی مێژووی فەلسەفەو گرنگترین پلەکانی خەباتی دوو لایەنی‌و دوو ڕێ‌وشوێن لە فەلسەفەدا ، بدەین •

١ ـ لەکۆمەلی کوێلەتی‌دا ، بۆ یەکەم جـــار ، شێوازە سەرەتایی‌یەکانـــی جیهان‌بینیی فەلسەفی ، سەریان‌هەڵداوە • لەم دەورانەدا ، ماتریالیزم گێلانە بووە ،چونکە وەك وتمان لەسەر بناخەی زانست ،دانەنرابوو • دیالێکتیکیش لەم دەورانەدا ، خودبەخودی بوو ناوكو کاکلەکانـــی سەرەتاییـــی بیـــرو بۆچوونی فەلسەفی ( بێگومان بە تێکەڵبوون لەگەڵ جیهان‌بینیی ئاینـــی خەیاڵی‌دا )هەروەها ڕێ‌وشوێنەکانی دیالێکتیکی ، میتافیزیکی ( هەرچەنـد لە پەسنی خودبەخودی‌و نازانیاری‌یانەش‌دا ) ، لە سەرەتادا لە چـــوارچێوە نیوە فەلسەفی‌و نیوە ئایینی ولاتەکانی ڕۆژهـــەلات وەك ، چیـــن ، هیندو ئێران‌و پاشان لە یۆنانی‌کۆن‌و ڕۆم‌دا ، سەری‌هەڵدا •

له فەلسەفەی کۆنی یۆناندا ، لە نێوان ماتریالیسم و ئیدەئالیسمدا ململانێیەکی دژوار ، هاتەپێش و ڕێبازی [دێموکریت هەروەك وتسان واتا ماتریالیسم و ڕێبازی ئەفلاتوون واتا ئیدەئالیسم ، سەریانهەڵدا] . دەکرێ له پەیڕەوانی ڕێبازی دێموکریت له یۆنان ئیپیکۆرو لە رۆم لوکرسیۆس ، ناوبەرین . ئەرەستوو گەورەترین فیلسوفی جیهانی کۆن ، تێکوشا ئەم دوو بۆچوون و ڕێبازە ، لە سیستمی فەلسەفیی خۆیدا ، لێك گرێ بداو ئاشتیان بکاتەوە . له فەلسەفەی ئەرەستوودا ، چەند توخمی ماتریالیستیی جیددی هەن پاشان فەلسەفەی ئەرەستوو ، لەسەر هێندێك فیلسوفی چەرخەکانی نێوەڕاست و بەتایبەت گەورەترین فیلسوفی چەرخەکانی نێوە ڕاستی ئیمە واتا [ئیبنی سینا] ، شوێنی زۆری داناوە ، بەلام ئیبن ڕوشد فیلسوفی عەرەبی ( ئیسپانیایی ) ، بیرو بۆچوونەکانی ئەرەستووی خستە ژێر لێکولینەوەو زۆرتر وەدوای پێیوشوێنیان کەوت و بەرەو ماتریالیسم بردیانی .

٢ ـ له دەورانی فیئودالی و دەرەبەگایەتیدا فەلسەفەی سکولاستیکی چەرخەکانی نێوەڕاست له دایك بوو . لەم دەورانەدا ، « نومینالیسم »و « ڕیئالیسم » له ڕاستیدا وەك شێوازی ماتریالیستی و ئیدەئالیستی ، پێکەوە خەباتیان دەکرد . ئەویش هۆی ئەوەبوو ، کە لەم ڕۆژگارەدا باسێکی گەرم لەسەر چەمکە گشتی یەکان ( ئونیورسلەکان ) هاتبووە کایەوە ڕیئالیستەکان دەیانگوت: چەمکە گشتییەکان له جیهانی بەهۆش پێکراوەکان (معقولات)دا ، ڕووی ڕاستییان هەیە . (وەك ئیسکوت ئوریژان) . هێندێکی تر دەیانگوت ئەمچەمکە گشتییانە له جیهانی هەست پێیکراوەکاندا هەن . وەك ( سنت ئانسلم وسن توماس داکوئن ) . ئەوە کە بلێین چەمکە گشتییە هەلماڵراوەکان ، له دەرەوەی زەیندا هەن ، بێگومان بیروبۆچوونی ئیدەئالیستییە ، چونکە چەمکە گشتییەکان وەك وتمان بریتین له هەڵماڵینی

زەینی ئێمە لە چەمکە بەش‌و دیاریکراوەکان • بۆ نموونە مرۆڤی گشتی یان جەستەی گشتی ، نی‌یەو ئەم چەمکانە ڕووت‌کردنەوەو هەڵماڵراوین‌و ئەگەر کەسێك پێی وابێ چەمکی لەو چەشنە لە دەرەوەی زەین‌دا هەیە تووشی ڕێبازی نرخدان بە تەسەوورو گومان بووە ، بەڵام نومینالیستەکان، لە بوونی سەربەخۆیی‌و ڕاستەقینەی چەمکە گشتی‌یەکان ، نکوولی‌یان دەکردو دەیانگوت تەنیا بەش‌و لق‌وپۆپەکان هەن‌و ناوەکان ، تەنیا بریتین لە چەند دەنگ‌و چەمکە گشتی‌یەکان پاش « شت » لەدایك‌دەبن‌و بە یارمەتیی شت‌بوونی ، خۆیان دەسەلمێنن ( وەك پیرئابلا ) نومینالیستەکان، کە پێیان وابوو بەش‌بەش‌و شتەدیاریکراوەکان هەن‌و ڕاستین‌و چمکەکان نین ، لە ڕاستی‌دا ، لەو ڕۆژانەدا ، وەك نوێنەرانی ماتریالیسم بە حیساب‌دەهاتن •

لە فەلسەفەی چەرخەکانی نێوەڕاستی ئێمەدا باسی بناخەدان بە نێوەرۆك یان وجوودو بوونەوەر ، تا ئەندازەیەك وەك ئەم باسەیە ، بەڵام بە جۆرێکی تر •

٣ ـ لە چەرخەکانی هەڤدەو هەژدەهەمدا ، ماتریالیسم دەچێتە قوناغێکی نوێ • ڕیشە کۆمەڵایەتی‌و فەلسەفی‌یەکان لەم دەورانەدا بە شێوەی ڕێك‌وپێك بریتین لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵ بەرەو سەرمایەداری‌و بەرفراوان‌بوونی زانستە سروشتی‌یەکان لە بیرو بۆچوونی فیلسووفەکانی ئینگلیسی‌دا وەك فرانسیس بێکن‌و تۆماس‌هابس‌و جان‌لاك‌و فیلسوفی فەرانسەیی رنە دیکارت‌و فیلسوفی هۆلەندی سپینوزا • پاشان تێگەیشتنی ماتریالیستیی سروشتی لە فەلسەفەی ماتریالیستەکانی چەرخی هەژدەهەمی فەرانسە ( وەك دنی دیدەرۆ‌و‌دلباك ، دولامتری ، هلوسیوس‌و ئەوانی‌تر ) بە چەند پلەی جۆراوجۆر لە باری شێلگیریی ژیربێژی‌یەوە ، سەری‌هەڵدا • بەڵام بیرو بۆچوونی ئەم فیلسوفانە ، خاوەنی چوارچێوەی بەرتەسکی

مێژوویی بووو نەیدەتوانی لە چوارچێوەی دەرەتانی زانستیو کۆمەڵایەتیی سەردەمی خۆی بەرەو پێش‌تر بچێو ببێتە ماتریالیسمی شێلگیرو وەبەرگر • [لای ماتریالیستەکانی چەرخەکانی هەقدەو هەژدەش ، توخمەکانی دیالێکتیك هەبوون • ئەوان دژ بە ئیدەئالیسمو ئایین ، خەباتیان‌کرد • ]

لەم دەورانەدا ، نوێنەرانی ناسراوی ئیدەئالیسم لە ئینگلستاندا ، ئوسقوف بریکلیو دەیوید هیوم بوون • بریکلی نوێنەری باڵانوێنو پربەپێستی ئیدەئالیسمی زەینی‌یە • ئەو دەیگوت خوا وێنەی شتەکان لە زەینی ئێمە دادەنێو شتێك لە دەرەوەی زەین‌دا ،نی‌یە • دەیوید هیوم فیلسوفی تری ئیدەئالیستیش لە دەرەوەی هەست‌پێی کراوەکانی ئێمەدا ، بە بوونێکی سەربەخۆو دەرەوەیی ( عەینی ) ، بڕوای نەبوو •

لە چەرخی هەژدەهەمدا ،لە ڕوسیە زانای بەناوبانگ لۆمۆنۆسف و نووسەری بەناوبانگ ئەدیشۆف ، نوێنەرانی ماتریالیسمن •

٤ ــ فەلسەفەی کلاسیکی ئالمان لە چەرخی نۆزدەهەمدا ، یەکێك لە گرنگترین سەردێرو وەرزی گەشەکردنی بیرو بۆچوونی فەلسەفی لە ڕۆژئاوایە • ڕیشەی کۆمەڵایەتیی ئەو فەلسەفەیە کە هێزو بەرفراوانی‌یەکی جێی‌سەرسووڕمانی وەچنگ هێناو ( کانت ، فیتشە ، شلینگ ، هیگلو فویرباخ،نوێنەرانی ئەو فەلسەفەن ) ، بەرەوپێش‌چوونی تایبەتی بورژوازیی ئالمانە •

ڕیشەی زانیاریی ئەو فەلسەفەیە ، بریتی‌یە لە بەرەوپێش چوونی زانستە ئەزموونیو مەتماتیکی‌یەکانی چەرخو شوێنەواری فەلسەفەی فەرانسەو ئینگلیستان •

کانت بناخەدانەری فەلسەفەی ڕەخنەگرانەیەو دەیەویست ئیدەئالیسم لەگەل ماتریالیسم ، ئاشت‌بکاتەوە ولەم ڕوانگەوە فەلسەفەکەی پەسنی

ماندوویی ناسیو کەمتەرخەمیی ماتریالیستی هەبووو لە ئاکامیش داسەری کێشا لای (ئاگنوتیسیسم)و نەءکردن لە نرخی ڕاستەقینەی ناسینی ئینسانی یەوە چونکە ڕاستەقینەیبە بوونی ڕواڵەتەکانی بۆناسین ( فنومن )و زاتە نەناسێنراوەکان (نومن) ، دابەش دەکرد • کەچی ئەم دابەش کردنە بناخەیەکی دروستی نی یە •

هیگل گەورەترین نوێنەری فەلسەفەی ئاڵمانە• فەلسەفەکەی ئیدەئالیسمی عەینی یە • ئەم فەلسەفە خاوەنی تیوکێکی بە هۆش پێکراو کە بریتی یە لە تێگەیشتن لە جەرەیانو ڕەوتی دیالیکتیکی ئالوگۆڕی ڕاستەقینە• بەڵام هیگل بە ڕەوتی گەشەکردنی مادە ، ناودێری نەکرد بەڵکو ناوی ڕەوتی «ئیدەی بەربڵاو»ی لێ نا• ( کە لە خۆیەوە دەرچووەو جارێکی تر بەرەو خۆی دەگەڕێتەوە )•هەربۆیە لە فەلسەفەی هیگلدا ، لە نێوان ڕێوشوێنی دیالێکتیکی لە لایەکو نێوەڕوکی ئیدەئالیستی لە لایەکی تر ، دژایەتی یەك هەیە ، کە سەرەڕای پتەوبوونی هێندێك بیرو بۆچوون بەرەبەرە ، تووشی قەیرانی کردو لە نرخیخست یان بێ نرخی کرد •

لودویك فویرباخ ئیدەئالیسمی هیگلی لەگەڵ دیالێکتیکەکەدا، فڕێداو نەیتوانی ناوکی دیالێکتیکی ئەو لە پێستی ئیدەئالیستی یەکەیدا ، جێگا بکاتەوە • هەربۆیە ماتریالیزمی فویرباخ ، ماتریالیزمێکی میتافیزیکی یە ئەو دژ بە ئیدەئالیسمو ئایین،خەباتی کرد• فەلسەفەی کلاسیکی ئاڵمانی، یەکێك لە سەرچاوەکانی فەلسەفەی مارکسیسمە •

د ـ فەلسەفەی شۆڕشگێڕانی دێموکراتی ڕووس لە چەرخی نۆزدەهەم یەکێك لە بەندە زەقەکانی گەشەکردنی فەلسەفەی ماتریالیستی یە لە شوێنەوارو نووسراوەکانی بلینسکی ، ئەکاریوف ، کرتسن ، جرنیشوسکی دابروولیویف، نە تەنیا بیرو ئەندێشەی ماتریالیستی ، بەڵکو ڕێوشوێنی دیالێکتیکیش ، ڕەنگیداوەتەوە •

ئەم خاوەن بیرانە، دژ بە ئیدەئالیسم و شێوەی میتافیزیك و ئاگنوستیسیسم خەباتیان کردوە • ئەم شۆڕشگێڕە دیموکراتانە بێجگە لەوە کە (لە ڕوباری کۆمەڵایەتی دا)، بەسۆسیالیزمی خەیالی بڕوایان هەبوو ، بەڵام بیروڕای کۆمەڵایەتیی ئەوان ، لەباری زانستی بوونەوە شێلگیر نەبوو •

ئەوەندە هەیە ئەوان کۆمەڵ بە گشتی ، شێوازی هەڵماڵراوو ڕووت (مجرد) تایبەتمەندی یە گشتی و هەتاهەتایی یەکان و ئاڵوگۆر هەڵنەگری روحی مرۆف، کوتایی هەڵنەگرەکان و هەڵماڵراوی ئاکاریان ، ڕەتدەکردەوە ، بەڵام لە هەمان کات دا، دەوری ئیدەهۆشی یەکانیان لە گۆڕانی کۆمەڵدا ، بەرزدەکردەوەو هەرچەند گرنگیی دەورو نەقشی کۆمەڵانی خەڵك و ڕێك خستن و خەباتی ئەوان ، سەرنجی ئەوانی ڕادەکێشا ، بەڵام شێوازی دوایینی ئەویان دوزیبێوە•بەهەر جۆر بێت چوارچێوەی بیرو بۆچوونی ئەوان پێش سیستەمی مارکسیست ــ لنینیستی ، لە مێژووی ئەندێشەی فەلسەفی دا، گەیشتوەتە بەرزترین ڕادەی گەشەکردنی خۆی• گۆمانی تێدا نی یە کە ئەم گەشتە زۆر توندە ، ناتوانێ گشت ئەو مەسەلە زۆرو جۆراوجۆرو پڕ گرێ و گۆڵەی ، کە فەلسەفە لە درێژاییی مێژوودا گەڵاڵەی کردوون ، بخاتە بەر باس یان ئەوانە بە گشتی لە مەیدانی لێکۆڵنەوە ڕەنگ بدەنەوە ، هەروەها مەبەست ڕۆچوون لە باسەکانی مێژوویی فەلسەفە نی یە ، بەڵکو مەبەست ئاشنابوونی بە کورتی و پوختی لەگەڵ گرنگترین ناوەکانە • ئێمە لە کۆتاییی ئەم کتێبەدا ، کاتی ڕاگەیاندنی پێڕست و ڕیزی ناوەکاندا ، بە کورتی ئەو فیلسوفانەی ناومان بردن ، دەیانناسێنین و هێندێك زانیاریی نوێی مێژوویی بێجگە لەوە وتراوە ، لەو پێڕستەدا، ئەخەینە بەرباس •

پرسیارە کۆنترۆڵی یەکان

١ ــ لەبەرچی فێرکردنی گشتی خەباتی ماتریالیزم و ئیدەیالیزم لە مێژوودا ، پێویستە ؟ ٢ ــ سەرهەڵدانی ئەندێشەی فەلسەفی لە ڕۆژهەڵاتدا

بە چ شێوازێك‌بوو ؟ ٣ ـ شێوازە سەرەتاییەکانی ماتریالیزم چ کاتێك سەریان‌هەڵدا ؟ ٤ ـ لە فەلسەفەی یۆناندا چ ململانێیەك لە ئارادا بوو ؟ ٥ ـ بەباشی ئۆمینالیستەکان لـەچەرخەکانی ناوەڕاسـت شی‌بکەنەوە ٦ ـ نوێنەرە پایەبەرزەکانی فەلسەفەی ماتریالیسم‌و ئیدەئالیسم لە فەلسەفەی چەرخەکانی ١٧ و ١٨ چ کەسانێکن ؟ ٧ ـ فەلسـەفـەی کلاسیکـی ئاڵمان بناسێنن• ٨ ـ بیرو بۆ چوونی کـانت‌و سیستەمی هێگل پەسن‌بکەن ٩ ـ بیرو بۆچوونی فویرباخ،شی‌بکەنەوە• ١٠ ـ تایبەتمـەنـدی‌یەکانی بیروڕاکانی دێموکراتە شۆڕشگێرەکانی ڕووس ، شی‌بکەنەوەو نوێنـەرە پایەبەبەرزەکانیان، بناسێنن • ١١ لایەنی دروسـت‌و نا شێلگـیر لـە بیرو بۆچوونی فەلسەفی‌و کومەڵایەتیی دێموکراتە ڕووسەکان ، کامەیـە ؟

**٥ ـ سەرهەڵدانی فەلسەفەی مارکسیستی‌و پلەگرنگەکانی گەشەکردنی ئەو**

مارکسیسم لە دەورەکانی بەرەوپێش‌چوونی شۆڕشە بۆرژوازی‌یەکان لە کۆمەڵگا ئوروپایی‌یەکـاندا ( بـەتایبەت ئوروپـای ڕۆژئـاوا )و بەبەربڵاوبوونی ڕیزەکانـی کرێکـاری سـەنعەتـی‌و پێوەنـدی‌یـە سەرمایەداری‌یەکان‌و گەشـەکردنی توندی زانسـتە سـروشتی‌یەکان‌و تێکنیك ، سەری‌هەڵداوە • بەم جۆرە گشت هەل‌ومەرجێك چ کۆمەڵایەتی‌و چ ناسینی ، بۆ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینێکی چلۆنی گەورە ، لە گەشەکردنـی جیهان‌بینیی فەلسەفی‌دا ، ئامادە بووو مارکسیسم لەم هەل‌ومەرجە لەبـارە مادی‌و مەعنەویانە ، ئەوپەڕی کەڵکی وەرگرت •

ماتریالیسمی دیالێکتیك لە ڕەوتی سەرهەڵدان‌و لەدایك‌بوونی سەرەتاییی خۆی‌دا ، پاڵی بـە هێندێك کۆڵەکەی زانستی‌یەوەدا • بەتایبەت لە زانستە سروشتی‌یەکان‌داو لەوان دەبێ لە سێ دۆزینەوەی خولقێنەری دەورەکـان. واتا لە دۆزینەوەی ڕاگرتن‌و مانەوەی وزە ، لە دۆزینەوەی قەوارەی لەشی

یاختەیی[1] ( سلولی )، چوارچێوەی لـەش ( ئورگـانیزم )ی گیایـی‌و کیان‌لەبەری ، لە دۆزینەوەی تیئۆریی گەشەکردنی جۆرەکان (ئۆلۆشیون) Evolution • بە هۆی چارلس داروینەوە ، باس‌بکرێ •

سەرچاوەکانی "تیۆریی مارکسیسم" بریتین لە فەلسەفـەی کلاسیکـی ئاڵمانی ، کە باسمان‌کرد ، ئابووریـی ئینگلیسی ( بەتایبـەت بیـروڕاکانی ڕیکاردو ئادام‌ئیسمیت )و سۆسیالیزمی فەرانسەیی ( بەتایبەت بیروڕاکانی سن‌سیمون ، فوریە ، بابوف‌و هی تر ) کارل مارکس ( ١٨٨٣ ـ ١٨١٨ )و فریدریك ئەنگلس ( ١٨٩٥ ـ ١٨٢٠ ) ، دۆست‌و هاوکاری گەورەی ئەو بناخەدانەرانی مارکسیسمن • ولادیمیر ئیلیچ لینین ( ١٩٢٤ ـ ١٨٧٠ ) ئەو فەلسەفەی لە هەل‌ومەرجی نوێیی‌مێژوودا ، لەهەر بارێکەوە ، بەرفـراوان کرد • بە کارل مارکس‌و فردریك ئەنگلس‌و لنین دەڵێن : فیلسوفانی کلاسیکی مارکسیسم لنینسم •

فەلسەفەی مارکسیستی بەرەبەرە سەری‌هەڵداو شێوازی پەیداکرد • لە نووسراوە سەرەتایی‌یەکانی مارکس‌و ئەنگلس‌دا ( وەك‌ئیدئۆلۆژی ئاڵمان‌و بنەماڵەی‌پیرۆز ) سەرەتایی ترین پلەکانی ئـەم لەدایك‌بوون‌و پێك‌هاتنە دەبینـدرێ •

فەلسەفەی مارکسیستی نیسبەت بە ڕێبازە جـۆراوجۆرەکانـی پێش خۆی ، بریتی‌یە لە پلەیەکی نوێی چلۆنی‌و بـەرزترین پلە لــە ئەندێشەی فەلسەفیی مرۆڤ • مارکس‌و ئەنگلس تەنیا خەریکی ئەم کارە نەبوون ، کە بیرو بۆچوونەکان‌و ناوکە دروستەکان ، لێرەو لەوێ بە شێوەی هەڵبژاردن‌و تێکەڵکردن ، پەیدابکەن‌و لە لای یەکتریان دابنێن • ئەوان تێکەڵاوێکی بەرزو پێشکەوتوویان وەك (سەنتێز)لە دەسکەوتە بەکەڵکەکانی فەلسەفە ،

---

(١) گیانلەبەرێك کە لەشی ، یەك‌ئەندامی هەبێ ، بەعەرەبی جرثومە ، وەك ئامیب / فەرهەنگی‌عەمید •

زانستو کردەوەی شۆڕشگێڕیی چەرخی خۆیان پێکهێناو بەم جـۆرە بە شێوەی شۆڕشگێڕی وەرسـووڕانێکیان لە ئەندێشەی فـەلسەفیدا خوڵقاند • ئەمە فەلسەفەیەکە نە تەنیا جیهان شیدەکاتەوە ، بەڵکو ئامرازی مەعنەویی ئاڵوگۆڕی جیهانە • ئەمە فەلسەفەیەکە لـە باری زانستییەوە شێلگیرو خاوەنبارێکی ڕێکوپێکی جێیسەرسووڕمانی ژیریێژیی گونجاو لەگەڵ ڕاستەقینەیە •

پاش مارکسو ئەنگلس چەند کەس وەك دیتسکن ، ببل ، پلیلافارگ ، فرانتس مرینگ ، لابریولا ، بلاگیوف ، پلەخانوف ، هەر کامە بە نۆرەی خۆی لەبەر فراوانکردنی دواییی فـەلسـەفەی مارکسیستیدا ، دەورێکی سەرنجڕاکێشیان هەبوو ( سەبارەت بەم کەسانە لە پێڕەستی نێوەکانـدا ، زانیارییەکی کورت ، هاتووە ) •

لەپاش ئەوان ، دەورەکانی لینینی گەشەکردنی فەلسەفەی مارکسیستی ، سەرهەڵدەدا • لینین لە مارکسیسم لە بەرانبەر ، ڕویزیۆنیستی ڕاسـتو چەپەوە بەرگریی کردو ئـەوی لە هەلومەرجـی مێژوویی نوێدا ، لـە هەلومەرجی ئیمپریالیزمدا ، بە شێوەی خولقێنەر بەرفراوانکردو باسـە ماتریالیسمی دیالێکتیکیو ماتریالیسمی مێژوویییەکانی لەسەر بنـاخـەی گشتیکردنی کردەوەی کۆمەڵایەتیوشۆڕشگێڕیو دەسکەوتەکانیزانستـە سروشتییەکانی کاتی خۆی ، تەواوترو وردترکرد •

لێنین سەبارەت بە یەکگرتوویی فیلسوفە ماتریالیستەکانو ئەوانـەی سروشت ئەخەنە ئەزموونەوەو گرنگیی ماتریالیزمی بەربەرەکانیکەر بـۆ ململانێ دژ بە جیهانبینییە ئیدەئالیستیو ئایینییەکان ، بەجیددی پێداگرت • تێکۆشانی تێئوریکیو کردەوەی شۆڕشگێڕانەی لینین ، بە ئەندازەیـەك دەوڵەمەندو گرنگە ، کە ئێمە بە ڕاستی لە « پلەیلینینی » لە گەشەکردنی مارکسیسم ، قسەدەکەین • بەڕاستی لینین جێگای ، لە ڕیزی بناخە دانەرانی

مارکسیسم‌دایه بەشی ئەو لە دەوڵەمەندکردن‌و بەرفراوانکردنی فەلسەفەی مارکسیستی‌دا بەشێکی زیرەکانەیە •

پەس لینین گەشەکردنی دوایی مارکسیسم لینینیسم بە هۆی حیزبە کمۆنیستەکان‌و کۆمەڵگا نێونەتەوەیی‌یەکانی ئەم حیزبانەوەو هەروەها دانەرانی ئێدئولۆژی‌و دیاری کرانی ڕێبازەکان‌و تێئوریسی‌یەنە پایە بەرزەکانی حیزبەکان ، بەئەنجام گەیشت • مارکسیسم لینینیسم بە ڕاستی دەڕواو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هێزی گەورەی خولقێنەرودەوران خولقێنیی خویّ زیاتر ئەخاتە مەیدانی سەرهەڵدانەوەو دەوری خۆی بۆ ئاڵوگۆڕ پێك‌هێنان لە جیهانی هاوچەرخ ، سەرکەوتووکردنی کرێکاران‌و ئێدئولۆژی‌یەکەی واتا کمۆنیزم بە سەرکەوتنەوە ، بەئەنجام‌دەگەیەنیّ (1)

**پرسیارە کۆترۆلی‌یەکان**

١ لەچ هەلومەرجێکی مێژوویی‌دا مارکسیسم سەری هەڵدا ؟ ٢ ـ ئەو دۆزینەوانەی کە لە سەرهەڵدانی ماتریالیزمی دیالێکتیك‌دا شوێنیان هەبوو، کامەن ؟ ٣ ـ سەرچاوەکانی تێئوریی مارکسیسم کامەیە ؟ ٤ بناخەدانەرانی مارکسیسم چ کەسانێکن ؟ ٥ ـ دەوری لینین لە بەرفراوانکردنی مارکسیسم‌دا چی‌یە ؟ ٦ ـ سەرەتایی‌ترین پلەکانی خولقاندنی مارکسیسم لە کام شوێنەوارو نووسراوەکانی مارکس‌و ئەنگلس‌دا، بە ئەنجام‌گەیشت ؟ ٧ ـ بۆ دەڵێن‌فەلسەفەی مارکسیستی ئامرازی ئاڵوگۆڕپێك‌هێنانی جیهانە ؟ ٨ ـ پاش مارکس چەند تێئوریسی‌یەنی گرنگ لە گەشەکردنی مارکسیسم‌دا شوێنیان هەبوو ؟ ٩ ـ مەبەستی لینین لە

---

(1) ڕووداوەکانی ئەم دوایی‌یانەی یەکیەتیی سۆڤیەت‌و تێك‌ڕووخانی سۆسیالیزمی مەوجودو بیّ‌کەڵك‌بوونی ئابووریی بەناو سۆسیالیستی ئەو شورایە دروست‌و نادروست‌بوونی ئەم لافەی خستە ژێر نیشانەی پرسیاروجاریّ لەوە ناچیّ ئەم پروپاگەندە یان ئەم‌ڕاگەیاندنە پڕبەزارە کرياریّکی وای هەبیّ • وەرگێڕ •

یەك گرتوویی فیلسوفە مارکسیستەکانو ئەوانەی سروشت ئەخەنە بـــەر ئەزموونەوە چییە ؟ ١٠ – ماتریالیزمی خەباتگێڕ واتای چییە ؟ ١١ –پاش لینین گەشەکردنی مارکسیسم ، چلۆن بەئەنجام گەیشت ؟

# بـەندی سـێهـەم

# زاراوەو بڕیارەکانی ماتریالیسمی فەلسەفی

## ١ – مـــادەچـیـــە

وتمان لە چوارچێوەی بیری ماتریالیسمی دیالێکتیکەوە ، چارەسەرکردنی باسی بنەڕەتی فەلسەفە سەبارەت بە پێوەندیی بوونەوەری مادیو هـۆش ڕادەگەیەنێ کە مادە لە پێش هۆش یان شعوورە • واتا لە سەرەتادا مادەی بێ گیان هەبووو پاشان مادەی گیان لەبەرو لە ئاکامدابە هۆی گەشەکردنـی درێژخایەن ، مێشکی مرۆڤ کە ئامرازی هۆش یان شعوورە ، پەیدابـوو هەربۆیە ئەوە عەقڵو ئاوەز نییە کە خولقێنەری مادەیە ، بەڵکو ئـــەوە گەشەکردنی چەند میلیار ساڵەی مادەیـــە کە ســـەری کێشاوەتـــە لای سەرهەڵدانی شعوورو هۆشی ئینسانییەوە ، یان بە وتەیەکی تر میلیۆنهـــا میلیۆن ساڵ ، پێش ئەوەی مرۆڤو کۆمەڵەکەی پەیدابێ ، مادەی بێ گیـان هەبووەو زانستە سروشتییەکان تازە پەیدا بوونو لەدایكبوونی شـعوور یان هۆشو بێ سنوور بوونی مادەو کـــاتو شوێنیـــان ، بە ئـاشـــکرا نیشاندەدەن[١] بەڵام دەبێ بزانین خودی مادە چییە ؟ ناساندنـی زاراوەی « مادە » بۆ فەلسەفە گرنگیی جیددیی هــەیـە ، لـە ڕوانگـەی لینینەوە ناساندنی مادە کە لایەنی کلاسیکی هەیە ، بەم چەشنەیە

---

(١) هەرچەند نووسەر لەگەڵ فەلسەفەی ڕێئالیستیو ئیسلامی ئاشنایی هەیەو لە چەند لاپەڕەی لەمەوپێشیش بەو شێوە کە هەیە ، کێشـــەی لە پێشو لەپاشبوونی مادەو شعووری خستووەتە بەرباس ، بـــەڵام لێرەدا وەك(نووسەرانی فەلسەفەی ماتریالیسم باسەکەی خستووەتـە تاریکاییی زەینەوەو ڕووی ڕاستی نیشان نەداوە)! وەك لە کتێبی فەلسەفەو ←

ذات

ا ماده زاراوەیەکی فەلسەفی‌یە بۆ دیاری‌کردنی ئەو ڕاستەقینەی دەرەوەی زەین کە هەست‌پێ‌کراوەکانی مرۆڤ بە هـــۆی ئەوەوە ، هەوالی بوونـــی ڕادەگەیەنن‌و هەستەکانمان وێنەی لێ‌هەڵدەگرن ، ڕەسمی لێ‌دەکیشن‌و ئەوە لە زەینی مرۆڤدا ڕەنگ‌دەداتەوەو سەربەخۆ لە ئێمـە هەیە واتـا مـادە سەربەخۆ لە زەینی مرۆڤ هەیە • ]

گرنگیی ئەم ناساندنە فەلسەفی‌یەی لینین سەبارەت بە مادە لەوەدایە کەپێگەیشتن‌و زانیاریی ئێمە لە مادە ، لەگەڵ ناسینی تایبەتمەندی‌و لایەنـە دیاری‌کراوەکانی ئەو تێکەڵناکا • ئەمە ئەرکی زانستە جیاکان وەك فیزیك، شیمی ، بیۆلۆژی ، سیبرنەتیك‌و ئەوانی ترە کە ئەم لایەن‌و پەســــــنە دیاری کراوانە ڕوون بکەنەوە بۆ زانستە جۆراوجۆرەکان، ناســانـدنی فەلسەفی مادە خاوەنی گرنگی جیهان بینی‌یە ولـە بەرانبەرئیدە ئالیستـ‌و ئاگنوسسی سیستەکانەوە کە بـە کەڵك‌وەرگرتنی خـراپ لـە ناسانـدنی [ناتەواوو نافەلسەفیی مادە]، سەفسەتە ( نادروست لە جێگای دروست‌دانان) دەکەن‌و ئاکامی نادروست‌و بەهەڵەدابەر وەردەگرن • ناساندنی فەلسەفیی لینین لە مادە، چەکێکی ژیربێژانەیەو گرنگیی زۆری هەیە •

زانستە هاوچەرخەکان سەبارەت بە قەبارەو تایبەتمەندی‌یەکـــانـــی مادە دۆزینەوەی زۆریان وەچنگ‌هێناوەو ئەو دۆزینەوانەش هـەروا ، درێژەیان هەیەو جۆرەها بوونی مادی‌یان وەك جەستە ، مەیدان ، ئێنرژی یان وزە دۆزیوەتەوەو ڕوونیان‌کردووەتەوە کە لە گشت ئەم جۆرانەش‌دا

کومەڵدا وتم باسەکە ئاوایە جیهان بە گشتی لە دوو بەش پێك‌هاتووە: مادەو(شعووری بەربلاوی هێگل)(خوڵقێنەری مادەیە)و ئەوەش‌بە واتـای لە پێش یان لەپاش‌بوونی نی‌یە . لە پێش‌بوونی بـە پلەیەو بـوونەوەر بێ‌سەرەتایەو هەتاهەتاییشەو ناکرێ لەو زاراوانەدا بلێین ، ئەمـەیان لـە پێش ئەوەیانە بەهەرحاڵ بەرتەسك‌کردنەوەی شعووری بەربلاو ( مطلق ) ، لە شعووری مرۆڤ‌و لە گەشەکردنی مێشکی ئەودا، خۆلادان لەباسەکەیەو بۆ فێربوون زیانی هەیە . ( وەرگێڕ )

چەندین بەش‌و شێوازی جۆراوجۆر هەیە • هەربۆیە ڕوانگەو نموونـەی ئێمە لە مادە، لە ژێر سێبەری زانستەکاندا ، بەرەبەرە، تەواودەبێ • بەڵام وەك وتمان ئەم ناساندنە زانستی‌یانە کە بەرەوپێش‌چوونی زانستـەکـان وردتردەبن بە ناساندنی فەلسەفی‌یەوە کە لە هەر حاڵو باردا ، دروستیی خۆی دەپارێزێ ، پێوەندی‌یان نی‌یە نفی

ئامانجی ناساندنی فەلسەفی نە لێکردنی لافی ئیدەئالیستی‌یە کە لـە بوونی مادە وەك ڕاستی‌یەکی دەرەوەیی ، نکوولی‌دەکا •

( هیـچ کـــەس مـادەی نـەخۆلقاندووەو هیچ کات لە نێو ناچێ) • واتا بێ‌سەرەتاو هەتاهەتایی‌و هەرمانە • بە وتەی لۆکریتۆس فیلســـوفی ڕۆمی کۆن ، ئەگەر مادە هەتاهەتایی نەبایە ، ماوەیەك بوو جیهان دەبووە هیچ •(ژێربێژی)و(ئەزموونێك) سەرهەڵدانی مادە لە هیچ ، تەوجی ناکـاو بەتانەب فیلسوفە کۆنەکانیش بە کۆن‌بوونی جیهان بڕوایان هەبـووە تێکۆشانە ئیدەئالیستی‌یەکان بۆ سەلماندنی خۆلقاندن لەسەر بناخەی زانستە هاوچەرخەکان باری سەفسەتەو نادروست بە جێگای دروست‌دانانیـان هەبەو بێ‌بناخەن‌و زانست بوونی هیچ خوڵقاندنێك ناسەلمێنێ[1] •

لەوبارەوە کە جیهان لە مادە خولقاوە ! یەك گەوهەری هەیە • ئـــەم یەکبوونەی گەوهەری جیهان پێیدەڵێن «مونیسم» (یەك‌پەرستی)• مونیسمی ماتریالیستی بە پێچەوانەی مونیسمی ئیدەئالیستی‌و عیرفانی کە بۆ جیهان

(١) خولقاندن چەند واتای هەیە ١ــ خولقاندن لە هیچ ٢ــ خولقاندن لە شت بە شێوەی تێك‌خستنەوەو وەك بنەمادانان‌و گـەشـەپێدان ٣ــ دروست‌کردنی خانووو خۆشەکردنی پێستی خاو ئەوەی زانست نکوولی لێ‌دەکا ، خولقاندن لە هیچە بە بڕوای من گشـــت دیـاردەو شتەکان لە خۆلقاندنی هەمیشـەیی‌دان واتا بەرەبەرە ، قەبارەی نـوێی خولقاوی خۆیان نیشان‌دەدەن خۆدی نووسەریش لە خەتی دووەمی ئەم باسەدا دەڵێ جیهان لە مادە خۆلقاوە . (وەرگێڕ) •

بڕوای بە یەكگەوهەریی روحی هەیە ، جیهان بە خاوەنی یەكگەوهەریی مادی دەزانی • پلورالیستەكان (چەندپەرستی)پێیان وایە جیهان لە دوو یان چەند توخمی بنەڕەتی پێكهاتووە ، بۆ نموونە دوئالیستەكان ( دووپەرستی‌یەكان یان سەنەوی‌یەكان )پێیان وایە جیهان تێكەڵاوێكە لە(جەستەو روح)، یان هێندێكیان پێیان وایە جیهان تێكەڵاوێكە لە توخمە چوارینەكان • عیرفانی ئیرانیش بڕوای بە «یەكبوونی بوونەوەر ( وحدت‌وجود )» ( پانتەئیسم ) ، هەبوو ، بەڵام ئەم یەكبوونەی بە یەكبوونی مەعنەوی خودایی دەزانی ، هەر بۆیە مونیسمی عیرفانی لەگەڵ مونیسمی ماتریالیستی ، جیاوازیی هەیە • هەرچەند مونیسمی پانتەئیستی عیرفانیی چەرخەكانی نیوەڕاستی ئێمە ، لەو بڕوایانەی كە جیهانیان بە خودایی (لاهوت)و نەخودایی «ناسوتی» دابەش‌دەكردو پێیان وابوو یەكیان پێش ئەوی تریانە ، بە شێوەیەكی رێژەیی‌و مێژوویی ، هەنگاوێك بەرەوپێش بوو •

**پرسیارە كۆنترۆڵی‌یەكان**

١ ـ وەپێش‌كەوتنی مادە بەسەر شعووردا ، واتای چی‌یە ؟ ٢ـ ناساندنی فەلسەفیی مادە لە ڕوانگای لینینەوە چی‌یە ؟ ٣ ـ چ جیاوازی‌یەك لە نێوان ناساندنی فەلسەفیی مادەو ناساندنی ئەو لەباری ڕاگەیاندنی قەبارەو تایبەتمەندی‌یەكانی‌یەوە هەیە ؟ ٤ ـ چەندین لق‌وپۆپی جۆراوجۆری بوونی مادە لەباری فیزیكیی هاوچەرخەوە كامەن ؟ ٥ ـ ناساندنی فەلسەفیی مادە چ گرنگی‌یەكی هەیە ؟ ٦ ـ بۆچی دەڵێین مادە بێ‌سەرەتاو هەتاهەتایی‌یە ؟ ٧ ـ مونیسمی مادی چ واتایەكی هەیە ؟ ٨ ـ جیاوازیی مونیسمی مادی لەگەڵ مونیسمی عیرفانی كامەیە ؟ ٩ ـ پلورالیسم چی‌یە ؟

**٢ ـ شێوازەگرنگەو زەقەكانی بوونی مادە :**

ئەم شێوازانە بریتین لە : جموجوڵ ، كات ، شوێن •

ئا-ماده هەمیشه له جموجوڵدایەو ڕاوەستان بارێکه لەم جموجوڵـەو. جموجوڵ خۆی خاوەنی چەند شێوازی جۆراوجۆره •

بە پێی دابەش‌کردنی ئەنگلس له «دیالێکتیکی سـروشت»دا ئـەم شیوازانه بریتین له جموجوڵی میکانیکی ( ڕاگوێستن له شوێـن‌دا ) جموجۆڵی فیزیکی ( وەك گەرماو ڕووناکی یـــان نـوور ) جموجوڵی بی ( وەك لێك‌جیاکردنەوەو تێکەڵاوکردنی شیمیایی ) جموجـوی بیۆلۆژیکی ( وەك سەرهەڵدانو چرۆکردن ، میراتگــری ڕاکێشـــانو یان بیوەنان ) جموجوڵی کۆمەڵایەتی ( خەباتی چینایەتیی‌شۆڕشگێڕی )• بەم جۆرانه دەکرێ جموجوڵ له فیکرو ئەندێشەدا یان جموجوڵی وتووێژی ( لۆژیك )زیادبکرێ که لەهەر حاڵدا له بەشەکانی جموجوڵی کۆمەڵایەتی‌یه•

جموجوڵ پەسنی بنەڕەتی (ئاتربیوت)ی مادەیه ، واتا ماده بێ جموجوڵ ،کەوێته ئەندێشەو گومانەوە

ئێنیرژیستەکان ( وەك شیمیستی ئاڵمانی ئوستوالد ) ، پیبان وابوو که هەموو شتێك ئەبێته ئێنیرژی‌و ئێنرژی یان وزه، قاڵو بێ‌خەوش یان ڕووت‌و بێ‌مادەیه • لینین دەڵێ

وای‌دابنیین جموجوڵی تەنیا ، ئێنیرژیی بێ‌خەوش ، له ڕاستی‌دا هەیه• ئێستا ئەم پرسیاره دێته پێش ئەمه چی‌یه له جموجوڵدایه ؟ کاتێك ماده نەما لەم بارەی جموجوڵدا ، تەنیا جموجوڵی شعوور هەست‌پێ‌کـراوەکان‌و ،ەمکەکان‌و هی تری ئێمەیه لەگەڵ شتێك له جیهانـی ڕاســتەقینــەدا یەك‌ناگرێتەوەو ئەمەش دەبێته ئیدەئالیسمی زەینیی تایبەتی‌و بێ‌خەوش •

جموجوڵ بە هۆی دنەدەرێکی دەرەوەیی‌یەوە ، بەسەر مادەدا ناسەپێ. بەڵکو جموجوڵ یان شکاندنەوه (ئامپولس)، له دەروون ئەودا له دژایەتی‌یه نهێنی‌یەکانی خویەوە، سەر چاوەدەگرێ • هەربۆیه جموجوڵی ماده لــه جۆری خۆدنەدەری (ئۆتۆدینامیسم )ە •

حرکة ذاتية

ڕێ حەڵەوش / حالص

[ ئێمە هۆی بەڵگەی ئەم خۆدنەدەرییە لەباسی دژایەتیدا شی دەکەینەوە • ]

چەمکی جموجوڵ گشتجۆرەکانی ئاڵوگۆڕ دەگرێتەوەو هەروەك وەبیرمان هێنانەوە ، (جموجوڵ خۆی) بریتی‌یە لە یەکگرتوویی دوو شتی دژ بە یەکتر (واتا) ڕاوەستانو ئاڵوگۆڕ)• بێ ئەوە ، خودی ئەم شتانەو دیاری‌کردنی چلۆنایەتی ئەوان ، نەیدەتوانی هەبێ ، بەڵام ڕاوەستانی ڕێژدیی (نیسبی)و تێپەڕ بووو ناسەقامگیرەو ئەوە جموجوڵو ئاڵوگۆڕە کە بەربڵاو ( مطلق )و هەتاهەتایی‌و سەقامگیرە •

بیروڕای ئێمە سەبارەت بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی جموجوڵی مادە، بە هۆی دەسکەوتەکانی زانستە سروشتی‌یەکانەوە ، بەرەبەرە، دەوڵەمەندترو بەرفراوان ئەبێ‌و بەم هۆیە لەسەر بناخەی زانستە هاوچەرخەکان هێندێك کەس لەدابەش‌کردنی ئەنگلس‌دا ڕای خۆیان تازەدەکەنەوەو دووبارە پێدادەچنەوەو تەنیا سێ جۆر جموجوڵ میکانیکی ، گەرمایی ( ترمال )و سیبرنەتیك پەسنددەکەن‌و گشتجۆرەکانی تری جموجوڵ دێننەوە سەر ئەم جموجوڵانەو جیا لەوان نرخیان بۆدانانێن ، بەڵام ناساندنی کلاسیکیی ئەنگلس تا ئێستا نرخ‌و بەهای خۆی پاراستووەو لەگەڵ دۆزینەوەکانی زانستە هاوچەرخەکان ، دژایەتیی نی‌یە •

ب- کات‌و شوێن کات‌و شوێن شێوازی بوونی مادەن• شوێن (وقوعی) شتە مادی یەکان‌و پێکەوەبوونی‌و درێژایی‌و پانایی‌و قووڵایی شتەکان ، ڕادەگەیەنێ • کات ناوەبەدوای‌یەکداهاتنی‌بارەکان ( حالات )و چلۆنایەتی بەدوای یەك‌داهاتنی دیاردەکان‌و ماوەی بەردەوامیی دیاردەکان ، ڕادەگەیەنێ• واتا مادەی بێ‌جموجوڵ‌و بە ئاڵوگۆڕ،بێ‌کات‌و بێ‌شوێن، وجودی دەرەوەیی نی‌یەو ناشتوانی هەبێ• هەربۆیە ، مادە ، جموجوڵ ، کات‌و شوێن ، یەك ـــن‌و هەمیشە پێکەوەن‌و زانستە سروشتی‌یەکانی ئەوڕۆ ، ڕێژەیی بوونی

کات ( نسبیت‌زمان )و پێوەندیی لەگەڵ شوێن‌و جموجوڵ ، پێوەندیی ئێنرژی یان وزەو جەستە ( جسم )ی ، لەگەڵ جموجوڵ‌و کات‌و شوێن ، نیشان‌داوە ( تێوریی نیسبیەت‌ئینشتاین ) •

جیهان لە کات‌و شوێندا ، بێ‌سنوورەو خاوەن‌سنووربوونی کاتی‌و شوێنی مادە ، بناخەی زانستیی نی‌یە (شەپۆل‌وەرگر )ەکانی ڕادیو - ئیپتیکی هاوچەرخ ، ئەو دەرەتانەیان بە ئێمە داوە ، شوێنی کەیهانی یان ئاسمانی بە ڕادەی بەرامبەر لەگەڵ دووسەدهەزار ملیارد بەرامبەر مەودای زەوی لەگەڵ هەتاو ، ببینین • تەنیا بارستاییی ئەو کاکێشانەی کە زەویی ئێمە بەشێکە لەو ، سەدهەزار ساڵی نووری‌یە •

مادە لە باری توخمەکان‌و بەشەکان‌و تایبەتمەندی‌یەکانی خۆیەوە بێ‌سنوورەو خاوەن چەندین لایەنی بێ‌بن‌و بێ‌سنووری جۆراوجۆر لە پانایی‌و قوڵایی ، لە ڕابووردووو داهاتوودایە •

هەربۆیە جەریان‌و ڕەوتی ناسینی ئێمە سەبارەت بە مادە ، بریتی‌یە لە ڕەوتی گەشتی هەمیشەیی لە قوڵاییی ناوەڕۆکەکانی مادی‌دا • ئێمە سەبارەت بەو تایبەتمەندی‌یەی ڕەوتی ناسین ، لە داهاتوودا وتووێژ دەکەین •

پرسیارە کونترۆڵی‌یەکان

١ - شێوازە گرنگەکانی بوونی مادە کامەن ؟ ٢ - جموجوڵ چی‌یە؟ ٣ - شێوازەکانی جموجوڵ کامەن ؟ بۆ هەر شێوازێک دیاریکراو نموونەیەک ڕابگەیێنی ؟ ٥ خودی وەجموجوڵکەوتن تای چی‌یە ؟ ٦ - ڕاوەستان چی‌یە ؟ ٧ - لەبەرچی جموجوڵ بەربڵاوەو ڕاوەستان ڕێژەیی‌یە ؟ زانستە سروشتی‌یەکانی هاوچەرخ سەبارەت بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی مادە ، چ دەڵێن ؟ ٩ - کات‌و شوێن چین ؟ ١٠- لەبەرچی

جموجوڵ

بوونی مادەی خاوەن ئالو گۆر بێ‌کات‌و شوێن ناگونجی
١١ – ڕێژەیی‌بوونی کات بە چ واتایەکە ؟ ١٢ – بێ‌سنووریی مادە لە کات‌و شوێن‌دا بە چ واتایەکە ؟ ١٣ – لەبەرچی دەڵێن مادە کۆتایی پێ‌نایەت ؟
١٤ – ڕەوتی ناسین سەبارەت بە مادە چ جۆرە ڕەوتێکە ؟

## ٣ – شعورو سەرهەڵدانی

هەروەك وتمان ماتریالیسم پێی وایە مادەی بێ‌گیان لە پێش مادەی گیاندارە‌و مادەی بێ‌شعور ، پێش مادەی خاوەن‌شعور کەوتووە

شعور چی‌یە ؟ شعور تایبەتمەندیی مێشکی ئینسانی واتا تایبەتمەندیی ئەو مادەیەیەکە لەبەرزترین شێوازدا پێك‌هاتووە • شعور بەرزترین شێوازی ڕەنگدانەوەی ڕاستی‌و بەرهەمی گەشەکردنی درێژخایەنی کۆمەڵایەتی‌یە • یان بە وتەیەکی تر ، شعور شێوازی تایبەتی‌ئینسانی ڕەنگدانەوەی مەعنەوی‌و فێربوونی ڕاستی دەرەوەیی‌یە •

بۆ ئەوەی ساکارترین شێوازی ڕەنگ‌دانەوەی شتێك یان دیاردەیەك لە شت یان دیاردەیەکی تردا بە پلەی بەرزی شعوری ئینسانی بگا ، هەروەك لە ڕابووردوش‌دا باسمان کردوە ، ڕێگایەکی چەندین ملیۆن ساڵە تێ‌پەڕیوە• لەم ڕێگا درێژەدا ، مادە لە جیهانی نائۆرگانی واتا نارێك‌وپێك‌و چوارچێوە یان نا(ئالی) ، گەیشتووەتە هەرێمی جیهانی ئۆرگانیکی (ئالی)(١) •ئەم ڕاگوێستنە خۆی لە خۆی‌دا ، ڕاپەڕینێکی چلۆنیی گەورەبووە

لە دەروونی جیهانی ئۆرگانیك‌دا ، لە جیهانی بێ‌ژیانی‌یەوە (ئابیوژن)پێی ناوەتە نێو جیهانی خاوەن ژیانی‌یەوە (بیوژن)• ئەم ڕاگۆیستنەش خۆی لە خۆی‌دا ، ڕاپەڕینێکی گەورەبوو •

---

(١) ئالی هەر جەستەیەك کە خاوەنی چەند ئەندام بێ ، وەك گیانلەبەران نائالی ، ئەوەیە بەپێچەوانە بێ وەك ئاوو مادە کانکایی‌یەکان .

پاشان لە جیهانی خاوەنژیاندا، لە گەشەکردنی گیایی‌و گیانلەبەری‌یەوە، تێ پەڕیوەو گەیشتووەتە پلەی گەشەکردنی ئینسانی • ڕاگوێستن‌و جموجول‌و گەیشتن بە جیهانی ئینسانیش خۆیان لە خۆیاندا چەندین ڕاپەڕینی چلۆنی گەورە بوون •

لەبەر ئەوە شعور جۆرە ڕەنگدانەوەیەکە لێرەدا ، پێویستە لەگەڵ ئەم زاراوە زۆر گرنگەدا ڕەنگدانەوە » کە لینین دۆزیویەتەوە ئاشنابین[1] •

★★ [«ڕەنگدانەوە» تایبەتمەندی گشتیی مادەیە • لە پلە جۆراوجۆرەکانی گەشەکردنی مادەدا ، تایبەتمەندیی ڕەنگدانەوە گەشەکردنی چلۆنیی وەدەستهێناوە• ڕەنگدانەوە دەتوانێ بە شێوەی ڕەنگدانەوەی ساکاری وەك ڕەنگدانەوە لە ئاوێنەدا ، خۆبنوێنێ • دەتوانێ شێوازی ڕاکێشان (تروپیسم) پەیدابکا • وەك ڕاکِشانی گیاکان‌و ملکەچبوونیان بەرەو نوورو ڕووناکی ؛ مەیلی ئامیب بۆ خواردەمەنی یان بە شێوەی ڕەنگدانەوە(ریفلکس) خۆبنوێنێ وەك دژکردەوەی خودبەخودی گیانلەبەر ، لەبەرامبەر شوێنەواری دەرەودیی‌یەوە یان بە شێوەی غەریزە (ئەنستنکت) خۆدەنوێنێ کە جۆرە شعورێکی ساکارەو زانیاری سەبارەت بە خۆی نی‌یە یان لە خۆی ئاگادار نی‌یەو یەك جۆرە وەك غەریزەی پاراستنی بەرەو نەسڵ‌و بنەڕەت پاراستنی نەفس‌و زات لای گیانلەبەران یان بە شێوازی بەرزی واتا شعوری‌ئینسانی (زانیاری‌و لەخۆئاگاداربوون) ، خودەنۆینێ کە دەبێتە پلەی ڕاپەڕاندنی زانیارانەو خاوەن ئامانجی ڕەفتاری ئینسانی‌و تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەر •] ★

---

(۱) سەبارەت بە ڕەنگدانەوە لە بەشی تیئۆری‌ناسیندا جارێکی تری باس‌دەکەین •

★ چەند جا لایەنی تری ڕەنگدانەوە لە کتێبی «بواکیر الفلسفة قبل الیونان»ی دکتۆر (حسام الالوسی) باس کراوە .

شوێنهەڵگرتن لــە بەرانبــەر کاریگەری شسوێنی دەرەوەیی‌دا ، تایبەتمەندی بوونەوەری زیندووە • لــە ڕەوتی گەشەکردنی ئــۆرگانیسم یان چوارچێوەی لەشی گیانلەبەر بەرەبەرە ئەو شتانەی پێــوەندی‌یــان بە دەروون یان نەفسەوە هەیە (نفسانیات) یان تایبەتمەندی‌یە دەروونی‌یەکان (پی‌شیك)،سەرهەڵدەدەن • لە نێوان ئەوانەی پێوەندی‌یان بە نەفســەوە هەیەو ئەوەی دەڵێن لەش (شماتیك) پێوەندیی دوولایەنە لە ئارادایە • نیکۆشانی دەماری (عصبی) لــەسەرچاوەی ڕەفتاری‌گیانلەبەردا، چ‌مرۆڤ‌و چ گیانلەبەرانی تر ، هەیە • زانای بە ناوبانگی ڕووسی‌پاولوف ، یاساکانی نیکوشانی دەماریی لە تیئوری «ڕەنگدانەوەی بەمەرج» ، ڕاگەیاند •

هێندێك لە فیلسوفەکانی یۆنانی کۆن وەك ( ئانیسکی ماندر )یان هی چەرخەکانی نێوەڕاست وەك ( جیوردانو برونــو ) پێیــانوابوو کــە گیان‌لەبەربوون یان خاوەن‌ژیان بوون تایبەتمەندی جیهانی بوونــەوەرەو تەنیا مادەی بژیوی‌لەبوونەوەراندا،کەم ـ یان زۆر،دابەش‌کراوە • ئــەم بیروبۆچوونە کە پێی دەڵێن « هیلوزوئیسم »بە جیاوازیی چلۆنایەتیی نێوان جیهانی گیان‌لەبەرو بێ‌گیان ، ناگا • لەهەمان کات‌دا ، ئەگەر بە گرنگــی ئاڵوگۆڕی چلۆنی لە مادەی بێ گیانەوە ، بەگیان‌لەبەر نەزانین‌و بمانەوێ ئەوەی پیوەندیی بە دەروون‌و شعورەوە هەیە ، تەنیا بە شێوازی میکانیکی شی‌بکەینەوە ، تووشی هەڵە بووین • گشت‌رەمزی‌بوونی ژیان‌و شــــعور لەوەدایە کە ئەم دیاردانەی ئەوپەڕی گرێ‌وگــۆڵ وپنچ‌پنــچ‌ڕ، ئاکامــی گەشەکردنی زۆر درێژخایەنی بەگرێ وگوڵی سەرسوورهێنەری قەبــارەی مادە ، ڕاپەڕینە چلۆنایەیەتی‌یەکان کە بۆەتە هۆی پێك هێنانی چەند ڕێبازو بۆچوون سەبارەت بە گەوهەری پر لە نهێنی‌و خودایی شتێك بە نــــاوی روح •

زانستی هاوچەرخ‌و فەلسەفەی ماتریالیسی دیالێکتیك ، بوونی روح

وەك گەوهەرێکی سەربەخۆو جیا لە لەش ، لە سەرچاوەی خوایــــیـیەوە کرابێ بە لەش‌داو پاش تێك‌چوون یان نەمانی لەشـی مرۆڤ ، بـە ژیــانو تێ‌گەیشتنی خۆی درێژەبدا بە بۆچوونیکی منداڵانەو گێلانە ، دەزانێ بڕوا بە روح بەشێکە لە بیروبڕوا پووچەکانی جیهانی کۆنی مرۆڤایەتی‌و هەتا ئێستا ماوەتەوەو بە قسەی ئەنگلس «چاوپێ‌کەوتنی مردووەکان لە جیهانی خەون‌دا ، بووەتە هۆی پەیدابوونی ئەم گومانە پڕوپووچە .»

پرسـیارە کـۆنتـرۆلی‌یـەکـان

١ ـ شعور چی‌یەو لەبەرچی دەڵێن شێوازی تایبەتی ئینسانی ڕەنگدانەوەی مەعنەوی‌یە ؟

٢ ـ گەشەکردنی مادە لە چ گرێ‌وگۆلێکــی ڕاپەڕینی‌چلونــی‌یـەوە تێپەڕیــوە ؟

٣ ـ ڕەنگدانەوە چی‌یە ؟

٤ ـ شێوە جۆراوجۆرەکانی ڕەنگدانەوە ، شی‌بکەنەوە ؟

٥ ـ ڕەنگدانەوە لە بەرانبەر دنەدانی دەرەوەیی‌دا ئاکامی چی‌یە ؟

٦ ـ چ کەسێك دەوری تێکوشانی دەماری شی‌کردوەتەوەو تێئوری‌یەکەی ناوی چی‌یە ؟

٧ ـ هیلوزوئیسم بە چ واتایەکە ؟

٨ ـ لەبەرچی شی‌کردنەوەی میکانیکی تێکوشانی نەفسانیی دەروونــی هەڵەیە ؟

٩ ـ لەبەرچی بڕوا بە روح وەك گـەوهەری سەربەخـــۆو هەتاهەتایــی هەڵـەیـە ؟

## ٤ ـ ناوەڕۆکی شعورو پێوەندیی ئەو لەگەڵ زماندا

سەر ئەو بناخەیە کە جیهانی ئێمە لە مادەو شعور پێکهاتووە.
دەتوانین جیهان بە مادیو مەعنەوی ( ماتریالو ئیدەئال )دابەشبکەین •
جیهانی مەعنەوی ، ڕەنگدانەوەی جیهانی مادی‌یە لە شعوردا •

تێکوشانی بەرهەمهێنەرو پێوەندی‌یەکانی بەرهەمهێنان کە لە جیهانی گیانلەبەراندا خاوەنی پێشینە نەبووەو تیپێکی نوێی پیۆەندی‌یەکان بوو ، سەری کێشایە لای سەرهەڵدانی ئەم جۆرە ڕەنگدانەوەی جیهانی عەینی دەرەوەیی‌یەوە کە نموونەی لە جیهانی گیانلەبەران ، خاوەن پێشینە بووە • بۆ گیانلەبەرەکان ، شتەکان بریتین لە کۆیەك نیشانە بۆ دۆزینەوەی ئەم لاو ئەولای باری ژیانی ، بەڵام بۆ مرۆڤ بەشەکانی سیستەمێکی پێکەوە لکاوو خاوەن یاسایە • گیانلەبەرەکان خۆیان لە دەوروبەریان جیاناکەنەوەو خۆیان لە بەرانبەریاندا ، دانانێن • بەڵام مرۆڤ خۆی لە دەوروبەرو ئینسانەکانی تر جیادەکاتەوەو ئەو زانستەی هەیە کە خۆی شتێکی ترە • هەربۆیە تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەر وەك جیهانی شتەکانو دیاردەکانو تێگەیشتن لە خۆو جیاکردنەوەی خۆ ، لە کەسانی ترو هەروەها دانانی ئامانج بۆ تێکوشان ، ئەمەیە پەسنەکانو تایبەتمەندی‌یەکانی ئەو جۆرە ڕەنگدانەوە نوێ‌یە کە لای مرۆڤ سەری هەڵداوەو پێی دەڵێن «شعور» • سەرچاوەی شعور بریتی‌یە لە نیازی بەرهەمهێنانو ژیانی کۆمەڵایەتی • واتا بەرهەمی ئەو دوانەیەو بێ پێوەندی‌لەگەڵ بەرهەم هێنانو کۆمەڵدا ، نە دەتوانێ پەیدابێو نە دەتوانێ هەبێ • یەکێك لە گرنگترین هەلو مەرجی پێکهاتنی شعور لای هەر ئینسانێکی جیاواز ، زمانە • زمانو سەر هەڵدانو گەشەکردنی ، لەگەڵ روحی گەشەکردنی شعوری ئینسانی‌دا ، پێوەندیی نەپچڕاوی هەیە • لە ڕەوتی کاری بەرهەمهێنان‌دایە کە مرۆڤ بە ناچارناو بۆ شتەکانو دیاردەکانو جموجولەکان ، دادەنێو چەمکە تایبەت(کنکرت)و

رووت‌کراوه‌کان (ئابسراکت) پێك‌دێنێ‌و بەم جۆرە شعوری خۆی دەوڵەمەند دەکاو گەشەی پێ‌دەدا • زمان‌بە جەستەکردنی مادی شعورە بە وتەی‌مارکس‌و ئەنگلس، روح لەسەرەتاوە ئەم نیشانەی لەعنەتی‌یەی لەگەڵ خۆی هەیەکە باری مادە لە سەرشانی‌یە کە لێرەدابە شێوەی چەند توێژی خاوەن جموجوڵی هەوا، دەنگەکان، وشەکان واتا زمان، خۆدەنوێنێ، شعور تەنیا بە یارمەتیی ئەم توێژە مادی‌یەیە کە دەکرێ بۆ بەرەکانی دوایی راگوێزرێ[1]•

ئامرازی شعور ، هەروەك وتمان مێشکی ئینسانە ، بەڵام پێویستە بزاندرێ کە مرۆڤ بوونەوەرێکی سروشتی‌و بێولۆژیکیی بێ‌خەوش نی‌یە ، بەڵکو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی‌و سۆسیۆلۆژی‌یە• واتا لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونی مێژووی گشتیی مرۆڤ‌دا ، لە کۆمەڵ‌و چینێکی دیاری‌کراودا ژیان‌تێپەردەکا • هەر بۆیە تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی شعوری ئینسانی بێ‌تێگەیشتن لە ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ، نەگونجە • بەم هۆیە دەبێ بوترێ کە شعور لەباری ناوەڕوکی خۆیەوە ، کۆمەڵایەتی‌یە •

لایەنی تێکۆشانی شعور هەمیشە بەرەو جیهانە ، هەر بۆیە بە وتەی مارکس‌و ئەنگلس شعور هیچ کات ناتوانێ بێجگە لە بوونەوەری دەرك‌کراو، شتێکی تر بێ • شعور وەك لە پێشیش‌دا وتمان ، بە دوو شێوەی بنەڕەتی خۆی دەنوێنێ یەکەم دەرك‌کردنی جیهانی دەرەوە (ئاگاداربوون)و دووەم، تێگەیشتن لەبارە دەروونی‌یەکان‌و بوونی خۆی (ئاگاداربوون لە خۆی )• پێویستە ئەوە بزاندرێ کە شعور بە تەنیایی بریتی نی‌یە لە کردەوەی ئاگاداربوون لە خۆ ، یان تێگەیشتن لە خۆ ، بەڵکو هەردوو ڕەنگدانەوەی هەستی ( بەهەست‌پێ کراوەکان=محسوسات )و ڕەنگدانەوەی هۆش

---

(1) سەبارەت شعوور ، زمان‌و بیرکردنەوە لە داهاتوودا ، بە شێوەی جیاواز باس‌دەکەین •

( بەهۆش‌پێکراوەکانیش ) دەگرێتەوە • هەر بۆیە بەجێیە ئەگەر بڵێین شعور بریتی‌یە لە[کۆی کردەوە یان «فۆنکسیۆن»ی نەفسانی‌و دەروونی مرۆڤ چ بە هەست‌پی‌کراوەکان‌و چ بە هۆش‌پێکراوەکان]•

لە ئاکام‌دا دەبێ شعوری تاقە کەس ( ئاگاداری‌و ئاگاداربوون لە خۆدی تاقە کەس )و شعوری کۆمەڵایەتی ( ئاگاداربوون لە خۆئاگاداربوونی چینێك یان گشت کۆمەڵێك ) لێك‌جیابکرێتەوە •

شعوری کۆمەڵایەتی ، بە چەند شێوەی جۆراوجۆر خۆدەنوێنێ، وەك زانست ، هونەر فەلسەفە ، ئاکار( أخلاق )و شتی تر کە ناکرێ بیانکەین بە شعوری تاقە کەس ، چونکە خاوەن یاساو جموجوڵی سەربەخۆی خۆیانن‌و ئێمە لەم بارەوە لە باسی ماتریالیسمی مێژوویی‌دا باسی دەکەین •

پرسیارە کۆنترۆڵی‌یەکان

١ ـ مەعنەوی‌و مادی بە چ واتایەکە ؟

٢ ـ کاری بەرهەم‌هێنەری مرۆڤ‌و پێوەندی‌یەکانی بەرهەم‌هێنان لە سەرهەڵدان‌و گەشەکردنی شعوردا ، چ دەورێکی هەبووە ؟

٣ ـ زمان لە گەشەکردنی شعوردا ، چ دەورێکی هەبووە ؟

٤ ـ وتەی مارکس‌و ئەنگلس کە ڕوح لەسەرەتای‌سەرهەڵدان ، ئەم نیشانەی لەعنەتەی لەگەڵ بووە کە بارێك لە مادە لە سەرشانی بوو ، واتای چی‌یە ؟

٥ ـ لەبەرچی دەڵێین شعور لەباری ناوەڕوکی خۆیەوە ، کۆمەڵایەتی‌یە ؟

٦ ـ ئاگاهی‌و لە خۆئاگابوون چی‌یە ؟

٧ ـ بۆ دەڵێین شعور کۆی تێکۆشانی دەرونی مرۆڤە ؟

٨ - جیاوازیی نێوان شعوری کۆمەڵایەتیو تاقە کەس ، کامەیە ؟

٩ نموونەیەك لە شعوری کۆمەڵایەتی بناسێنن ؟

**٥ - دیمەنو قەبارەی جیهان**

ئەو وێنە زانستییەی کە ماتریالیسمی فەلسەفی لە جیهان ، ئەیخاتە چاو یتییە [لە راستییە کی مادی کە لە کاتو شوێنی بێسنوورو بێلێواردا وا لە ئاڵوگۆڕی هەمیشەییدا • ئەم جیهانە خاوەنی یەك گەوهەری مادییەو سەرەتاو بنەمایەکی نییەو هەتاهەتاییە • ]

زانستی مرۆڤایەتی بە هۆی بەڕێوەبردنی وەدەستهێنانی ئەزموونەکانو ڕێكوپێك کردنی تیئورییە زانستییەکان ، ئەم ڕاستییەی سەلماندووە • زانستە مێژووییەکان بە پێی پلەی گەشەکردنی خۆیان ، هەر ماوە جارێك، دیمەنێك لە جیهان ئەکێشنو قەبارەو نموونەیەك لە جیهان وەك شتێکی گشتی نیشاندەدەن •

تا چەرخەکانی ١٨ و ١٩ دیمەنی میکانیکی جیهان نیشاندەدرا کە شێوەی گشتی لەودا پەسنیجموجوڵی میکانیکیو ڕاگوێستنی شوێنی ( مکانی ) کورەکانو شوێنی هێزی ڕاکێشەی (جاذبه) لە سەدارە دیاریکراوەکاندا زاڵبوو •

لە کۆتاییی چەرخی ١٩و سەرەتای چەرخی بیستەم ، ئەم دیمەنە ، بە هۆی دیمەنی« ئەلکترۆمیغناتیسی »یەوە ، تەواو بوو • لە پلەی ئێستادا شۆڕشی زانستیو فەننیو هۆنەری ، دیمەنی « کوانتایی و هەستەییو ناوکی »ی جیهان بە هۆی فیزیکی کوانتاو فیزیکی ئەتۆمیكو ناوکی ، کەوتە بەرباسو زانستی ئەوڕۆ کەوتە تەقەلا بۆ دۆزینەوەی دیمەنێکی

گەشەگرتووتر کە بتوانێ« سەنتێز »[1]و تێکەڵاوێکی وەبەرگرتر لەسەر بناخە دۆزینەوەکانی زانست وەچنگ بێنێ •

بەم جۆرە زانستی ئەورۆ چەندین قەبارەو نموونە لە جیهانی ئێمە دەخولقێنێ • بۆ نموونە بە پێی پلانو قەبارەیەك ، لە جیهان ڕەوتی تێكقرژانو بڵاوبوونەوە ( انقباض و انبساط )ی یە هەوری یەکان وەك ڕاچڵەکانی دڵ )،بە ئەنجامدەگاو جیهانی ئێمە جیهانێکە ڕادەچڵەکێو لێ دەداو خاوەنی ئەم پەسنەیە • هێندێك پێیان وایە جیهان بە واتای کۆی قەبارە هەوری یەکان ( متاگاکتیك ) کورەیەکی ئەوپەڕی گەورەیە کە وەك هەر کورەو تۆپی خڕ ، دەتوانێ بێسنوورو بێلێوار (بێئەندازە) بێ واتا سەروبنی نەبێ • وەك جموجوڵی شتێك لەسەر ڕوومای تۆپی (کورەوی) بەربەستکراو کە دەتوانێ بە هەر لایەکدا ، بجمێو وەجوولەبکەوێ ، بێ ئەوەی لەگەڵ سنوور یان لەمپەرێك ، بەرەوڕووبێ •

هەر بۆیە بێجگە لەوە لەچەند بەش دروستکراوە ، ڕێكوپێككردنی دیمەنەکانیو قەبارە گشتییەکانی جیهانیش کاری زانستەو فەلسەفە لەم بارەوە ئیدیعایەکی نییە • ئیدیعای فەلسەفە تەنیا سەبارەت بە وجودو یەکبوونی مادیی جیهانی خاوەن جموجوڵە • لینین دەڵێ لە جیهاندا، بێجگە لە مادەی خاوەن جموجوڵ ، شتێك لە ئارادا نییەو مادەی خاوەن جموجوڵیش ناتوانێ وە جموجوڵ بکەوێ مەگەر ئەوە لە کاتو شوێندا بێ • ئەزموونی ئێمەو ناسینی ئێمە سەبارەت بە کاتو شوێنی ڕاستەقینە پتر لە جاران، بێکەو بەرەبەرە، ئەم ناسینو ئەزموونە، دەوڵەمەندتر دەبێو باشتر

---

(1) تێز ، ئانتیتێز ، سەنتێز ، سێ زاراوەی بەناوبانگی باسی گەشەکردنن. تێز واتا بابەت ئانتی تێز واتا دژی بابەتو سەنتێز واتا بەرهەمێك لە بەرەوڕووبوونی ئەم دوانە دانەیەك گەنم لە زەویدا تێزە پووچەڵبوونەوەی ، ئانتیتێزەو بەرهەمی ئەم کێشە واتا گوڵەگەنمەکەی، سەنتێزە . ( وەرگێر ) .

له زەینی ئێمەدا ، ڕەنگدەدەنەوە • یەكبوونی جـــەوهەری جیهان لـــە مادیبوونیدایە واتا وا لە وجودی ئەو شتانەدا كە سەربەخۆ لــە شعوری ئێمە ، هەن و لەم یەكجیهانەدا كە لەگەڵ دوو دیمەنی مـــادی ومەعنـــەوی ( مادەو شعور ) خۆ نیشاندەدا ، لە پێشدا بوون بە ماددەیەو شعور بەرهەمی گەشەكردنی مادەیە •

پرسیارە كۆنترۆڵییەكـان

١ – دیمەنی جیهان بە چ واتایەكە ؟ ٢ – لە زانستە هاوچەرخەكاندا دیمەنی جیهان چەند پلەی تێپەڕكردووە ؟ ٣ – قـەبارەی جیهـان بـە چ واتایەكەو چەند شێواز دەتوانن لە «مۆدیلی» جیهـان نیشـــان بـــدەن ؟ ٤ – یەكبوونی مادیی جیهان بە چ واتایەكە ؟

# بەندی چوارەم

# یاساكانی دیالێكتیك

١ – دیالێكتیك چییە ؟

هەروەك لەپێش دا وتمان ، شێوازی لێكۆڵینەوە . زانیاریو كردەوەی مرۆڤایەتی دەتوانێ ، میتافیزیكی بێ یان دیالێكتیك • هـەروەها وتـــمان ڕێوشوێن یان شێوازی فەلسەفی ماركسیستی دیالێكتیكی ئەویش پلەی بەرزی گەشەكردنی ئەم دیالێكتیكەیە كە ناوی « دیالێكتیكی ماتریالیستی ماركسیســتی »یە •

ئێستا بزانین دیالێكتیكی ماتریالیستی ماركسیستی چییە ؟

** دیالێكتیكی ماركسیستی ، بریتییە لە زانستی گشتیترین یاسـاكانی بەرەوپێشچوونی سروشت ، كۆمەڵو بیروفیكر • لەم زانستەدا، جیهانبینیی ماتریالیستیو شێوەی دیالێكتیكی پێكەوە ، تیكەڵاوبوونو گەیشـتوون بە یەكبوون ، بەم هۆیە لینین پێی وایە دیالێكتیك ، روحی ماركسیسمە •

به وته‌یه‌كی تر بریتی‌یه له سیسته‌می زانستی ئه‌و یاساو زاراوانه‌ی كه به گشتی ره‌وتی به‌ره‌وپێش‌چوون‌و گه‌شه‌كردن‌و ئالۆگۆڕی بێ پسانه‌وه‌ی جیهان له‌واندا ره‌نگ ده‌داته‌وه‌و سروشتی‌یه كه له هه‌ل‌و مه‌رجی جۆراوجوری گه‌شه‌كردنی كۆمه‌لایه‌تی ، یاساكانی دیالێكتیك‌دا ، خاوه‌نی چه‌ند تایبه‌تمه‌ندیی جۆراوجۆری كرده‌وه‌و كاریگه‌ری‌یه •

[ له دیالێكتیك‌دا چوار یاسای زه‌ق هه‌یه یاسای پێوه‌ندی‌و گه‌شه‌كردنی گشتی ، یاسای تێپه‌ڕبوون له ئالۆ گۆره چه‌ندی‌یه پله‌به‌پله‌و به‌ره‌به‌ره‌یی‌یه‌كان‌و گه‌یشتن به ئالۆگۆری چلۆنی له‌نه‌كاو ، یاسای یه‌كبوون‌و خه‌باتی دژه‌كان ، یاسای نه‌له‌نه لێكراو ( نفی له نفی ) • ]

له‌باسی دیالێكتیك‌دا ، زنجیره زاراوه‌یه‌ك ئه‌خرێته به‌ر لێكۆلینه‌وه وه‌ك تاك ( مفرد ) ، گشتی ( عام ) ، تایبه‌ت ( خاص ) ، هۆ ( علّت ) هۆگر ( معلول ) ، پێویست ( ضرورت ) ، هه‌لكه‌وت ( تصادف )،وێچوون ( أمكان ) ، راسته‌قینه ( واقعیت ) ، شێوازو ناوه‌رۆك (شكل ومضمون)، ناوه‌رۆك ( ماهیت )و دیارده ، ژیریێژیانه ( منطقی )و مێژوویی (تاریخی)•

یاساكان‌و زاراوه دیالێكتیكی‌یه‌كان ، بریتین له شێوازه‌كانی ره‌نگدانه‌وه‌ی جیهانی عه‌ینی پله‌كان‌وجێگا گرێ‌یه‌كانی ناسینی ئینسانی كه به‌نۆره‌ی خۆیان به‌رفراوان‌و قوولتر ده‌بن • یاساكان‌و زاراوه‌كانی دیالێكتیك ، له‌به‌ر ئه‌وه كه بریتین له پله‌كان‌و هه‌ورازه‌كانی گه‌شتی ناسینی مرۆڤایه‌تی‌و ئه‌م ناسینه به‌رفراوان‌و قوولتر ده‌كه‌ن ، خاوه‌نی گرنگیی ژیریێژین • هه‌ر بۆیه له دیالێكتیك‌دا ، ژیریێژی‌و تێئوریی ناسین وه‌ك یه‌ك دێنه‌وه • واتا «منطبق »ن •

دیالێكتیك دوو به‌شه دیالێكتیكی زه‌ینی • شی‌كردنه‌وه‌ی ئه‌م وته ئه‌وه‌یه كه له‌لایه‌ك گه‌شه‌كردنی جیهانی ده‌ره‌وه‌ی زه‌ین ، به شێوه‌ی عه‌ینی‌و ده‌ره‌وه‌یی سه‌ربه‌خۆ له ئێمه‌و به پێی یاساكان‌و زاراوه‌كانی دیالێكتیك ،

بەئەنجامدەگاو ئەم یاساو زاراوانە ، بە شێوەی عەینی هەن‌و لەلایەکی تر تێگەیشتن یان ناسینی ئێمە لەم جیهانە تەنیا ئەو کاتەکە لەم یاساو زاراوانە بگاو لەسەر ئەو بناخە گەشەکردنی عەینی جیهانی دەرەوە ، بخاتـە بـەر لێکۆڵینەوە دەتوانێ ناسینێکی بەرهەمهێنەرو سوودبەخش بێ • هـەر بۆیە هەرچەند دیالێکتیکی عەینی‌و زەینی لەباری ناوەرۆک‌و واتاوە یـەك سن بەڵام لە باری شێوازەوە ، سروشتی‌یە کە لەگـەڵ یەکتـر جیـاوازن ، مەیدانی تێکۆشانی دیالێکتیکی عەینی ، بریتی‌یە لـە ڕەوتە ڕاسـتەقینە سروشتی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و مەیدانی کردەوەی دیالێکتیکی زەینی، بریتی‌یە لـە ڕەوتی بیرکردنەوەی ژیریێژانە کە هونەرو شێوازی جموجوڵی ئـەم دیاردانە ، نیشاندەدا •

پرسـیارە کۆنترۆڵی‌یـەکان

١ـ شێوازی لێکۆڵینەوەو ناسین‌و کردەوە لەفەلسەفەی مارکسیسمدا، چلۆنەو لەبەرچی پێمان وایە بەرزترین شێوازی دیالێکتیکە ؟ ٢ـ دیالێکتیکی مارکسیستی بناسێنن ؟ ٣ ـ لەبەرچی دەڵێن ، دیالێکتیك بریتی‌یە لـــە چوارچێوەیەکی زانستی یاساکان‌و زاراوەکان ؟ ٤ ـ یاسا گرنگەکـــانی دیالێکتیك کامەن ؟ ٥ ـ زاراوە گرنگەکانی دیالێکتیك کامەن ؟ ٦ـ دەوری ژیریێژی‌و یاساکان‌و زاراوەکانی دیالێکتیك، شی‌بکەنەوە ٧ ـ لـەبەرچی دەڵێن لە دیالێکتیکدا ، ژیریێژی‌و تیئـوریی ناسـین ، یەکدەگرنەوە ؟ ٨ ـ دیالێکتیکی عەینی‌و زەینی چین ؟ ٩ ـ لەبەرچی دیالێکتیکی عەینی‌و زەینی لەباری ناوەڕۆکەوە ، یەکسان‌و لەباری شێوازەوە جیاوازن ؟

## ٢ ـ یاسای پێوەندو گەشەکردنی گشتی

دیالێکتیکی فێرکردن بریتی‌یە لە فێرکردنی پێوەندو کـاریگـەریـی دوولایەنەو بەستنەوەی بەهەڵو مەرجی دوولایەنەی شتەکان‌و دیاردەکان• پێوەند . شوێنەوارو هاوبەش‌بوونی دوو لایەنەی شتەکان‌و دیاردەکان ،

الحركة و النمو

یەك ڕەوت‌و جەریان‌و خاوەن‌یاســـــابوونی جمـــوجـوڵ‌و گەشەکردن نیشـــــان‌دەدا •

« یاسا چی‌یە ؟ یاسا بریتی‌یە لە ڕاگەیاندنی پێوەندیی بنەڕەتی‌و پێویستی‌و پێوەندیی‌یە سەقامگیرەکان، دووپات‌بوونەوەی ناوەرۆکی،نێوان دیاردەکانی سروشت‌و کۆمەڵ • چەمکی «یاسا» لەگەڵ چەمکی «ناوەڕۆك»دا کە ئەویش باسی پێوەندیی سەقامگیرو پێویســـتە دەروونی‌یەکـــانی شـــــتەکان‌و دیاردەکان‌دەکا ، خزمە • »

یاسا بە دوو بەشی گشتی‌و تایبەتی ، دابەش‌دەکەن یاسای گشـتی ئەوەیە کە لە گشت گۆڕەپانەکانی بوونی مادەدا کاردەکا ( وەك یاسـای مانەوەو گۆڕانی وزە ) ، بەڵام یاسای تایبەتی ئەوەیە کە لە گۆڕەپـاتێـکی دیاریکراو لە جموجوڵی مادەدا ، کاردەکا ( وەك یاسای پێویست‌بـوونـی هاوئاهەنگی پێوەندی‌یەکانی بەرهەم‌هێنان لەگەڵ هێزە بەرهەم‌هێنەرەکـان کە تەنیا لە کۆمەڵدا کاردەکاو بڕەوی هەیە) • یاسا دیالێکتیکی‌یـەکـان گشتی‌ترین‌و بەرزترین یاسای ڕاپەڕینی بەرەوگەشەکردن‌چووی مادین •

هێندێك لە فیلسوفە ئێدەئالیستی‌یەکان ( وەك کانت‌و ماخ ) لــــە دەرەوەیی‌و عەینی‌بوونی یاسا ، نکوولی‌دەکەن‌و پێیان وایە تەنیا بەرهەمی شعورەو ئامرازی ژیریێژیی ناسراو بە هۆی ئینسانەوەیەو لــە کــاتێك‌دا ئەو یاسایانەی کە لە ناسینی ئینسان‌دا ڕەنگیان داوەتەوە ، ڕەنگدانـەوەی ئەو یاسایانەن (واتا ڕەنگدانەوەی ئەو پێوەندی‌یە خاوەن ناوەڕۆك پێویست‌و دووپات‌بوونەوەن ) کە لە نێوان شتەکان‌و دیاردەکان‌دا ، وجودیان هەیە •

دۆزینەوەی ئەم یاسایانە ( چ سروشتی‌و چ کۆمەڵایەتـی ) خــۆی بریتی‌یە لە ڕەوتێکی پڕ گرێ‌و گۆڵی گەشت‌و تێپەڕبوون لە قوناخە بێ‌بناخەو بێ‌ناوەڕوکـەکـان‌و بـەهەڵەو ـەکانەوە بـەرەو قوناخی بـەناوەڕۆك‌و پێویست (!)

تێگەیشتن[1] لەم یاسایانە ، بناخەی پێش‌بینی زانستی‌یە هەروەك کلاسیکی‌یە مارکسیستی‌یەکان بە دۆزینەوەی یاساکانی سەرمایەداری ، بەناچاری تێكڕووخانی بۆ ئەملاو ئەولایی سەرکەوتوانەی سیستەمی نوێی سۆسیالیستی‌یان پێش‌بینی کردووە[2] .

پێش‌بینیی زانستی ( پرۆگنۆستیك ) لە گۆڕەپانی دیاردە سروشتی‌و کۆمەلایەتی‌یەکاندا گونجاوە ، ئەم گونجاوی‌یەش تەنیا کاتێك دەڕەخسێ کە تۆ یاسای دەروەیی گەشەکردنی سروشت‌و کۆمەڵ ، بناسی .

وتمان یاسای پێوەندی‌و هاوبەش‌بوونی دوولایەنەی شتەکان‌و دیاردەکان لە سروشت‌و کۆمەڵدا ڕەوتی بە خاوەن‌یاسابوونی جموجوڵ‌و گەشەکردن پیشاندەدا . ئێستا زانیمان خاوەن‌یاسابوون واتای چی‌یەو یاسا بە چ واتایەکە . کەوابوو جێی خۆیەتی کە لەگەڵ چەمکێکی گرنگی تردا ، واتا چەمکی « گەشەکردن » ئاشنا بین .

ئەم وشە لە زمانی فارسیدا ئەتوانێ بە « بەربڵاوبوون » و بەرەوپێش‌چوون » و سەرهەڵدانیش وەرگێڕدرێ . وتەی کردن خۆی لە خۆیدا ، ئەم هەڵەیە بەرهەم دێنێ کە گوایە ئەم بەربڵاوبوون‌و سەرهەڵدانە دەبێ ملی ڕێگای پێشەوە بگرن ، لە کاتێك مەبەست ئەوە نی یەو ئێمە واتای لە خوارەوە ڕوونتر دەبینین . دیالکتیکی مارکسیستی شیلگیرترین وەبەرگرترین وقووڵترین فێرکردن سەبارەت بە بەرەوپێش‌چوون یان گەشەکردنە .

بەرەوپێش‌چوون یان گەشەکردن چی‌یە ؟ ئەم زاراوە فەلسەفی‌یە ، تایبەتمەندیی ئەو ئاڵوگۆڕانەیە کە لە جیهان ، لە ڕاستەقینەی عەینی‌و دەرەوەیی‌دا ، ( چ لە سروشت‌و چ لە کۆمەڵدا ) ڕوودەدەن ، ڕادەگەیەنێ

---

(1) سەبارەت بە نێوەرۆك‌و دیاردەو پێویست‌و لەنەکاو لە باسی زاراوە دیالێکتیکی‌یەکاندا باس‌دەکەین

(2) تا ئێرە ئەم پێشبینی‌یە لانی کەم لەباری ئابووری‌و ئازادی‌یە دیموکراتی‌یەکانەوە دروستیی خۆی نیشان نەداوە .

بە وتەیەکی تر ، شتەکانو دیاردەکان ، بەسەرهاتو مێژوویێکیان هەیەو لێ تێپەڕبوون ، لە کاتی سەرهەلدانیانەوە تا ئەو کات کە نامینن لە چەند بارو پلەی جۆراوجۆر، تێ‌پەڕدەبن٠ چەمکی بەرەوپێش‌چوونیان گەشەکردن ڕەوتی ملدانەنواندن بۆ بەرەوپیش‌چوونی ئەم ئالو گۆرە یەك‌بەدوای‌یەکانەدا نیشان دەدا ٠ مل بۆبەرەوپێش‌چوون دانانوێنێ » بوچی ؟ چونکە هەردیاردە یان هەر شتێك کە لە مێژووی ژیانی خۆیدا ، لە پلەیەکەوە تێ‌پەڕی ئیتر ناچێتەوە سەر ئەو پلە ، چونکە کات تەنیا خاوەنی یەك لایەن و یەگ گەشتە ئەویش لەڕابوردووەوە بەرەو داهاتوو ٠ سەرهەلدانو بەرەوپێش‌چوون ، دەتوانێ لە دوو شێوازدا ، خۆبنوێنێ سەرهەڵدانێك ملی ڕێگای پێشەوەدەگرێ ( پرۆگرەسیف )و سەرهەڵدانێك شەوپاش دەڕوا ( پارگرەسیف ) لە زۆربەی دیاردەو شتەکاندا ئەم دوو مەیلە ، دەبیندرێن ، واتا مەیلی ئەو شتە کەوا لە حالی سەرهەڵدانو بەرەوباڵ دەرهێنانداو مەیلی ئەو شتەی کەوا لە حالی لەتێوچوونو سیس بوونیدا ٠

*

کۆمەڵی مرۆڤایەتی‌و مێژووەکەی بە گشتی ، خاوەنی جموجوڵی بەرەو پێش‌چوو ( پروگرەسیف )ە ئەمە مەبەستێکە کۆلەکەی ژیربێژی‌و گەش‌بینینی شۆڕشگێڕیی ئێمەیە ، بەلام لە کۆمەڵناسە بۆرژواکان ، ئەمە پەسندناکەنو پێیانوایە جموجوڵی کۆمەڵ لایەنێکی دیاری‌کراوی نی‌یە یان پێیان وایە تەنانەت خاوەنی گەشتی بەرەودوایەو پاشەوپاش دەڕوا ، شتێك کە ڕاستی‌یە مێژوویی‌یەکان ، ڕەتی‌دەکەنەوەو پەسندی‌ناکەن ٠

سەبارەت بە گشت سروشت ناکرێ تایبەتمەندی‌یەکی دیاری‌کراو دابندرێ لە هێندێك باردا ئێمە لەگەڵ بەرەوپێش‌چوونی دەرەوەیی بەرەوڕووین‌و سیکلێکی دیاری‌کراو ، لە دیاردەکان بێ‌پسانەوەو بێ‌ئالو گۆر دووپاتدەبێتەوە ، بەلام وەك وتمان مێژووی مرۆڤایەتی وا لە ڕچەی بەرەوپێش‌چووندا ٠

له ڕەوتی گەشەکردن یان بەرەوپێشچووندا کە نوێ بە شێوەی پێویست لە دایکدەبێ چلۆنایەتی‌یەکی نوێ‌یە کە پلەوبارێکی نوێ لەگەشەکردن دەخولقێنێ • چەمکی دیالێکتیکی نوێ لەگەڵ چەمکی ئاسایی ئەودا کە هەر شتێك لەباری کاتەوە لە پاشان سەری‌هەڵدا نوێ‌یە جیاوازە • دیالێکتیك دەوری نوێ لە ڕەوتی بەرەوپێشچووندا لە بەرچاودەگرێ‌و هەر بۆیە تەنیا بە واتای «چەند باری تازە لە ڕەوتی بەرەوپێشچوون» ئەیناسێنێ •

سەبارەت بە بەرەوپێشچوون یان گەشەکردن دوو جۆر بۆچوون هەیە یەك بۆچوونی نەخوێندەوارانەی بەرەوپێشچوون کە پێی دەڵێن «ئاڵوگۆڕی بەگرێ‌وگۆڵ»و ئەوی تر ، بۆچوونی زانستی‌و دیالێکتیکی•

بە پێی بۆچوونی نەخوێندەوارانە ، گۆیا گەشەکردن ڕێگایەکی یەکجۆرو بێ‌لەمپەرو ساف‌و بەرەوپێش تێپەڕدەکا • بە پێی بۆچوونی دیالێکتیکی ڕێگای گەشەکردن پڕە لە ڕاپەڕینی زۆر بەرەوپێش‌و بەرەوپاش (جم‌وجوڵ بەرەو هەردوك لایەن )،جم‌وجوڵ لە خەتی خوارو مارپێچی‌و لۆفەیی‌دا لەجێ‌مانەوەو چەمانەوەو جم‌وجوڵ لە ڕێگای ناڕێك‌و ڕاوازەو هەڵەوە ئەگەر ئێمە تێ‌گەیشتن‌و بۆچوونی دیالێکتیکی لە ڕێگای گەشەکردنمان نەبێ ، هەم لە تێگەیشتنی ڕاستەقینەی جم‌وجوڵی مێژووو هەم لە پێش‌بینیی ڕووداوەکاندا ، ڕێمان لێ‌ون ددبێ •

لەبەر ئەوە کە دیالێکتیك پێی وایە ،جم‌وجوڵ بەرەو گەشەکردنی پڕ گرێ‌وگۆڵی جیهان لە ڕێگای کات‌و شوێن‌دا ، مل‌کەچی یاسا گشتی‌و تایبەتی‌یەکانە ، داوادەکا لەگەڵ دیاردەکان بە شێوەی دیاری‌کراوی مێژوویی‌ بەرەوڕووبین ، چونکە بێ ئەم شێوە بەرەوڕووبوونە ، شتەکان‌و دیاردەکان لە باری تایبەتمەندی‌یە چلۆنایەتی‌یەکانەوە، پلەی مێژوویی‌و کاری تایبەتی ئەوان ،نازاندرێ‌و گشت شت‌و دیاردەکان دەشوبهێن بە یەکترەوەو کەسایەتی‌و تایبەتمەندیی خۆیان ، لەدەست‌دەدەن •

### پرسیارە کۆنترۆڵی‌یەکان

١ - یاسای پێوەندیی گشتیی گەشەکردن ، بناسێنن ؟ ٢ - یاسا چی‌یە ؟ ٣ - یاسای تایبەتی‌و گشتی چی‌یە ؟ ٤ - عەینی‌بوونی یاسا ، چ واتایەکی هەیە ؟ ٥ - گرنگیی دۆزینەوەو تێگەیشتن لەیاساکانی سروشت‌و کۆمەڵ ڕابگەیەنن • ٦ - سەر هەڵدان یان گەشەکردن واتای چی‌یە ؟

٧ - سەرهەڵدانی بەرەوپێش‌چووو بەرەوپاش‌چوو کامەن بەرەوپێش‌چوون لە کۆمەڵدا ، شێوازی چۆنە ؟ ٩ - نوێ چی‌یە

١٠- بۆچوونی نەخوێندەوارانەی بەرەوپێش چوون چییە

لێهەڵگێڕانی دیالێکتیکی بەرەوپێش چوونێك کامەیە

بەرەوڕووبوونی دیاریکراوی ڕووبی بەچ تایبەتێکەوە هۆی پێویستبوونەکە ، کامەیە ؟

### ٣ - سیستەم ، ستروکتور ، فۆنکسیۆن

بۆ ئەوەی لە یاسای پێوەندی‌و گەشەکردنی گشتی قووڵتر تێ‌بگەین. پێویستە لەگەڵ چەند زاراوەی خاوەن پێوەندی لەگەڵ ئەم یاسایەدا کە لە هێندێك لە هێڵەکانی زانستی ئەوڕۆدا ، ( وەك ژیان ناسین سیبەرنەتیك دەروونناسی ، کۆمەڵناسی ) ، گرنگی‌یەکی زۆری پەیداکردووە، ئاشنابین• ئەم زاراوانە بریتین لە دەزگا (سیستەم)توخم (عنصر=ئێلی‌مێنت) قەبارە (ستروکتور) کردەوە یان ئەنجامدان (فۆنکسیۆن) •

سیستەم چی‌یە ؟ سیستەم بریتی‌یە لە کۆی چەند توخم ( ئێلی مەنتەکان ) کە لە نێوان خۆیاندا ، بە شێوەیەکی دیاریکراو پێکەوە بەسراونەتەوە یان پێکەوە ، پێوەندی‌یان هەیەو جۆرە تاقانە گشتی‌یەك پێك‌دێنن • بەڵام بەم حاڵەش هەر سیستەمێکی گرێ‌وگۆڵدار (چ سروشتی یان کۆمەڵایەتی‌و چ تێکنیکی )ناتوانێ تەنیا بەرهەمی کۆکردنەوەیەکی مەتماتیکی بێ • دەوری بەرچاوو بەبرەو هی ئەو پێوەندی‌یەیە کە ئەبێتە هۆی ئەوە ئەم سیستەمە دیاریکراوە ، ببێتە یەك گشتی خاوەن‌چەند تایبەتمەندی‌و کردەوەی دیاریکراو •

توخم چی‌یه ؟ کاتێك دەڵێین توخم ( ئێلی مێنت )، مەبەست ئەو تاقانە هاوئاهەنگانە یان ناهاوئاهەنگانەیانەن کە سیستەمێکی دیاریکراو لەوان دروستبووە • لە سیستەمە گرێوگۆڵدارەکاندا توخمە ناهاوئاهەنگەکان ، هەن • لە خوارەوەترین پلەی توخم ، تایبەتمەندی‌یەکانی سیستەم لە نێودەچن‌و چەند تایبەتمەندی‌تر ، دەس‌پێ‌دەکەن ، چونکە هەر توخمێك بە تۆرەی خۆی سەبارەت بە ئەو توخمانەی پێکی‌دێنن وا لە حوکمی سیستەمێکی نوێدا ، ( واتا بەو جۆرە چاوی لێ‌دەکرێ ) •

هەروەك وتمان پەسن‌کردنی هێندێك توخم ، بۆ پەسن کردنی سیستەم، بەس نی‌یە • بۆ نموونە سیستەمی دەمارەکان لە چەند ڕەگی نازکی دەماری، پێك‌هاتووە ، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەوان بناسێنین ، بەو واتایەیە کە سیستەمی دەمارەکانمان ، پەسن‌کردوە ؟ لە هەر ڕەوت‌و جەریانێکی دیاریکراوی دەماری‌دا ، چەندین پێوەندیی تایبەتی لە نێوان ئەم ڕەگە نازکانەدا دادەمەزرێ کە دیاریکەری شێوە کردەوەی سیستەمن ئێستا ڕێوشوێنێك بە ناوی بەرەوڕووبوونی سیستەمی » پەیدابووە کە لە زانست‌و هونەر یان تێکنیك‌و ڕێکخراوەو هەڵسووڕانی کاروباردا ، مەیدانی کەڵك‌لێ‌وەرگرتن‌و پراوپڕ وەك‌یەك‌هاتنەوە ( انطباق )ی ، پەیداکردوە • بەرەوڕووبوونی سیستەمی ، واتا نە وەك گومانێکی گشتی،بەڵکو لە پێوانەی سەرانسەری سیستەمدا سەبارەت بە کارێکی دیاریکراو ، بۆ دیاریکردنی ئەرکەکانی ئەو سیستەمە هەبێ • بۆ نموونە بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری ئابووریی کارگەیەك ، پێویستە بەرەوڕووبوونی سیستەمیمان هەبێ • واتا لەسەرەتاوە کۆیەك لە پێوەندی‌یە ئابووری‌یەکان لەگشتی‌بوونی‌دا ، بخەینە ژێر لێکۆڵینەوەو جێگای ئەو کارگایە لە دەروونی سیستەم‌و ئەرکەکانی تری ئەودا ڕوونبکەینەوە •

بەڵام بینای ( ستروکتور ) بریتی‌یە لە شێوەی بە شێوازی‌ڕێژەیی سەقامگیرو بەردەوامی پێك‌هاتنی توخمەکانی یەك سیستەم • واتا ئەگەر

چەمکی سیستەم لایەنە بە تەواوی جۆراوجۆرەکانی ئەم یان ئەو گشتی
چ قەبارە تێکلاوی شێوەی بوونو چ شێوازی گەشەکردن )
دەگرێتەوە ستروکتور تەنیا مەسەلەیەك زەقدەکاتەوەو ئەویش مەسەلەی
بەردەوامیو مانەوەی ئەو سیستەمەیە کە لە سێبەری لوتفی ئەوەوە ،
چلۆنایەتیی خۆی لە جەریانو ڕەوتی ئالوگۆڕی هەلومەرجە دەرەوەییو
نێوخۆیییەکاندا ، وەك جاران ، دەپارێزی • واتا تا ئەو کات ستروکتوری
سیستەمێك دەمێنێتەوە ، خودی سیستەمەکەش دەمێنێتەوەو تێك ڕوخانی
ستروکتور یان ئالوگۆڕی ئەو ، سەرئەکێشێتە لای ئالو گۆڕە
بنەڕەتییەکان یان نەمانی ئەو سیستەمەوە •

ستروکتور واتا چوارچێوەی دەروونیی سیستەم ، ئەو چوارچێوە
بییانەی کە پێوەندیی بە بیناو تایبەتمەندییەکانی ئەوەوەهەیە •

بەلام کردەوە ( فۆنکسیۆن ) ،بریتییە لە شێوەی ڕەفتاری سیستەم•

ستروکتور واتا چوارچێوەی دەروونیی سیستەم ، ئەو چوارچێوە
چونکە ستروکتور بە نیسبەتی فۆنکسیۆنەوە، بناخەو بنەمای دەروونییە
کە ئەبێتە هۆی شێوەی کردەوەی تایبەتی سیستەمو بە نیسبەتی گشت
کردەوەکان ، پتەوتروبە دەوامترە• هەر بۆیە ستروکتور لەڕاستیدا،هەلگری
دەوە یان فۆنکسیۆنە • ئەگەر بۆ نموونە کردەوەی هێندێك لە
نوونەوەرە ژیانییەکان ، بگۆڕدرێت ، ئەم کارە سەرئەکێشێتە لای گۆڕانی
ستروکتورو بە پێچەوانە واتا هەر کردەوەیەکی دیاریکراو تایبەتە بە
ستروکتوری تایبەت بە ستروکتوری دیاریکراوو هەر ستروکتوری
دیاریکراو خاوەنی کردەوەی دیاریکراوە •

لەسەر بناخەی ئەم ڕاستییە ،دوو شێوە شیکردنەوە لە زانستی
ئەمڕۆدا بووەتە باو کە یەکیان پێیدەلێن شێوەی ستروکتورل ( واتا بە
دۆزینەوەی بینای دەروونیی سیستەم، ئێمە کردەوەی دیاری ئەو تەوجی

بکەین ) و ئەوی تر شێوی فۆنکسیۆنل ( واتا بەشی کردنەوەی ڕەفتارو کردەوەی سیستەم ، تێبکۆشین تا بینای دەروونیی ئەو بدۆزینەوە ) • بێگومان ئەم دوو شێوە ، تەواوکەری یەکترن ، بەڵام بەکردەوە ناسین لە «کردەوەوە» بەرەو «شێوە چنراوی‌و لێك‌گرێ‌دراوی» بینا دەڕوا، بەم حاڵەش نابێ هیچکام لەو دوو جۆرە شی‌کردنەوە ، بەربڵاوبکەینەوە •

پلە جۆراوجۆرەکانی پێك‌هاتنی مادە ( بەشە سەرەتایی‌یەکان ئەتۆم یان گەردیلە ، گەردیلەکان ، ملوکولەکان ، بلورەکان ، ڕیشە سەرەتایی‌یەکان، چنراودکان هەوری‌یەکان )وان لە حوکمی چەند خاڵی بنەڕەتی‌ی ند ڕاگوێستن لە سیستەمێکی دیاریکراو ، بە سیستەمێکی گرێ‌وگوڵدارتر • تێگەیشتن‌و دەرکی ئەوان ، ناسینێکی وەك ناسینی سیستەمی لە جیهان ( نەناسینی بڕەبڕەو بێ‌پێوەند ) قووڵتردەکاو ئێمە لەبیناو کردەوەی گشت بەشەکانی ئەم سیستەمە تێك‌قرژاوە کە خۆی بە سیستەمێکی خاوەن جم‌وجوڵی مادی‌پێك دێنێ ، ئاشناتر دەکا •

شارەزایی ئێمە لەگەڵ زاراوەکانی دەزگا توخم بیناو ـارەی کردەوە دەتوانێ یاریدەمان بدا تا یاسای پێوەندیی گشتی بەم شێوە رابگەیەنین جیهانی ئێمە تێکلاوێکە لە چەند دەزگا لەنێویەك‌و تێك‌خزاوو هەردەزگای کەمتر بە گرێ‌وگۆڵ وا لە حوکمی تاقانەو توخم‌دا • سیستەمە بەگرێ‌وگۆلە سروشتی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان ، خاوەنی قەبارەی تایبەتی خۆیانن کە لەوان کردەوەو ڕەفتاریان ، سەرچاوەدەگرێ • تەنیا

بەرەوڕووبوونی سیستەمە »و ناسینی سیستەمی »و دەرکی پێوەندیی‌دیالێکتیکی نێوان بیناو کردەوە ، دەتوانێ بەرەوڕووبوونێکی دیالێکتیکی هەبێ ، دەنا جیاکردنەوەی سیستەمەکان لە یەکتر، جیا کردنەوەی بینا یان قەبارە لە کردەوە ، بەرەوڕووبوونێکی میتافیزیکی‌یە •

پرسـیاره کۆنترۆلی‌یـه‌کان

١ ـ سیستەم چی‌یە ؟ ٢ ـ توخـم چی‌یە ؟ ٣ ـ پێوەندیـی سیستەم‌و توخم ، شی‌بکەنەوە • ـ بەرەورووبوونی سیستەمی،بە چ واتایەکە ؟ ٥ ـ بینا یان قەبارە چی‌یە ؟ ٦ ـ کردەوە چی‌یە ؟ ٧ ـ شی‌کردنەوەی بینایی یا ستروکتورل کامەیە ؟ ٨ ـ شی‌کردنەوەی کردەوەیی یان فۆنکسیۆن کامەیە ؟ ٩ ـ یاسـای پێوەندی لەسـەر بناخەی زاراوەکانی سیستەم‌و ستروکتور ، ڕابگەیەنن •

**٤ ـ یاسای تێپەڕبوون لە ئالوگۆڕە چەندی‌یەکان بەرەوئالوگۆڕە چلۆنی‌یەکان**

بۆ ئەوەی لەم یاسایە بگەین ، لەسەرەتادا ، پێویستە لەگەڵ چەنـد زاراوەی گرنگـک ، ئاشنابین • واتا زاراوەکانـی « چەندایەتـی » چلۆنایەتی »و « ئەندازە » •

چەندایەتی‌و چلۆنایەتی دیاریکەری شتەکان‌و دیاردەکان‌و لەبـاری دیالێکتیکی‌یەوە پێکەوە ، پێوەندی‌یان‌هەیە •

چلۆنایەتی چی‌یە ؟چلۆنایەتی کـۆی چـەنـد نیشانەو پەسـن‌و تایبەتمەندی‌یەك شت یان دیاردەیـەك کە لەبـاری بیناو ستروکتورەوە ، لێك‌جیانەکرابێتەوەو دیاری‌کردن‌و ناوەڕوکی ئەو شت یان دیاردەیە ، لـە خۆ تایبەتمەندی‌یەکی هەست‌پێکراوو دیاریکراوی ئەو نیشان‌دەداو لـە بوونەوەری ڕاستەقینەی خودی شت یان دیاردە ، جیا نی‌یەو لە سیستەمـی پێوەندی‌یەکانی ئەو شت‌و ئەودیاردانەدا ، لەگەڵ شت‌و دیاردەکانی تـر خۆی نیشـان‌دەدا •

بۆ نموونە گیانلەبەربوون ، ئینسان‌بوون ، خەباتگێـڕ بـوون ، بـە هێزبوون‌و شتی تر ، چەند چلۆنایەتین کە وتنیان سەبارەت بە چەند شـت یان دیاریکراو دروستە •

چەندایەتی چی‌یە ؟ چەندایەتیی تایبەتمەندی‌یەکانی کاتی‌و شوێنی شت یان دیاردەیە • ئەویش لە پێوەندی‌و هەڵسەنگاندن لەگەڵ شتەکانی تردا سەرهەڵدەداو قووڵایی‌و پانایی‌و درێژایی‌و ماوەو شێوەی جموجوڵ دەگرێتەوە • ( گەورە ، ئەستوور ، درێژ ، بەردەوام ، توند ، کەم ، جموجوڵ‌و شتی تر ) • تایبەتمەندی‌یەکانی چەندایەتیی شتەکان لە جەریانی ئەندازە گرتن‌دا ، پەیدادەبن‌و لەم بارەوە شتێك بۆ ئەندازە گرتنی ئەو شتەی هەڵدەسەنگێندرێ ( ئەتالۆن ) ، دادەندرێ • بۆ نموونە میتر ئەتالۆنی ئەندازەگرتنی درێژایی‌یە •

ئەندازە چی‌یە ؟ ئەندازە بریتی‌یە لە یەکبوونی تایبەتمەندی‌یە چەندی‌و چلۆنایەتی‌یەکان • بەم واتایە کە هەر چلۆنایەتی‌یەك ( کە تایبەتمەندی‌یەکانی شت یان دیاردە ، دیاری دەکاو ئەو لە شتەکان‌و دیاردەکانی تر ، جیادەکاتەوە ). خاوەنی هێندێك ناوەڕۆکی چەندی‌یە • ئەم ناوەڕۆکە چەندی‌یە ، نابێ لە ڕادەیەکی دیاریکراو تێپەڕبێ • ئەگەر لەو ئەندازە دیاریکراوە تێپەڕبێ ئەندازەکە تێك‌دەچێ‌و چلۆنایەتیی پێشوو ، ئەبێتە چلۆنایەتیی‌یەکی نوێ • ( نموونەی ساکاری ئاوە کە لە سیفرەوە تا ١٠٠ پلە ، ئەبێتە هەڵم سەهۆڵ بەستراوە ئاو تەڕو هەڵم ئاوە لە هەواوە واتا سێ چلۆنایەتیی جۆراوجۆرن • پلەکانی سیفرو ١٠٠ بریتین لە ئەندازەی نێوان ئەم چلۆنایەتی‌یانە • یان بە وتەیەکی تر بریتین لە چەند خاڵی بنەڕەتی کە بە تێپەڕبوون لەوانەوە باری چلۆنایەتی ، ئاڵوگۆڕی بەسەردادێ ) •

گشت ئاڵوگۆڕە شیمیایی‌یەکان ، لە توخمە شیمیایی‌یەکانەوە بگرە تا بەگرێ‌وگۆڵ‌ترین جەستە ئالی‌یەکان ، بێجگە لە ئاڵوگۆڕە چەندی‌یەکان ( ژمارەی ئەلەکترۆنەکان ، ئاتۆمەکان ، ملوکوولەکان ) کە لە ڕادەیەکی دیاریکراوە ، تێپەڕدەبن‌و ئاڵوگۆڕی چلۆنی پێك‌دێنن ، شتێکی تر نی‌یە •

زانسته سروشتیو کۆمەلاّیەتی‌یەکانی تریش ، ئەم دیمەنە ، بەگرێوگۆلێکی کەم یا زۆرەوە ، نیشاندەدەن • هەر بۆیە دەتوانین ، ئاکاموەربگرین کە ئاڵوگۆڕە چەندی‌یەکان لەوپەڕیسنووری ئەندازەکانەوە ئەبێنە ئاڵوگۆڕە چلۆنایەتی‌یەکان • هەروەها ئاڵوگۆڕە چلۆنایەتی‌یەکانیش بە نۆرەی خۆیان ، ئەبنە هۆی پێك هێنانی چەند ئاڵو گۆڕی چەندی دیاریکراو ، بە هۆی ئەم ڕاگویستنەوە ، لەڕەوتی گەشەکردندا ، دابڕان ، ڕوودەدا • ئەم دابرانو لێك گرێدانەوەیە کە لە کۆلەکەو بناخەی یەکبوونی جیهانو جۆراوجۆربوونی‌دا ، سەقامگیر بووە • کە وابوو لێكدابڕانو لێك گرێدانەوەو پێك گەیشتن ، ئاکامی مانەوە یان ئاڵوگۆڕی ئەندازەکانە •

جیهان جۆراوجۆرە ، چونکە بە هۆی تێپەڕبوون لە چلۆنایەتی‌یەکەوە بەردو چلۆنایەتی‌یەکی بە هۆی تێپەربوون لە سنووری ئەندازەکانەوە چەندین باری چلۆنیی نوێ پەیدادەبن • بەلاّم جیهان لە ناوەڕۆکی مادی خۆی‌دا ، تاقانەیە •

شێوەی گشتی تێپەڕبوون لە چلۆنایەتیی کۆنەوەو گەیشتن بە چلۆنایەتی نوێ ڕاپەڕینە • ڕاپەڕین شێوازی جۆراوجۆری هەیە • جاری وایە هێواشەو جاری وایە توندە ، جاری وایە بە شێوەی تۆقینەوەیە ، یان بە وتەیەکی تر بە شێوەی شۆڕش ( ڕۆلوسیۆن ) • جاری وایە بە شێوەی ئاڵوگۆڕی پلەبەپلە ( ئولوسیون ) ، بەئەنجامدەگا ، بەلاّم بە هەر شێوە چورتکەیەك دەگا کە چلۆنایەتیی نوێ لە جێی چلۆنایەتیی کۆن ، دادەنیشێ• وا تا لە هەر شیۆەدا ڕاپەڕین ، وەرسووڕانێکی بنەڕەتی لە گەشەکردنی شت یان دیاردەیە •

ئاڵوگۆڕی پلەبەپلە یان ئۆلۆسیۆن واتا جۆرە ئاڵوگۆڕێکی شت یان دیاردە کە تایبەتمەندی‌یەکانو یاسانابنەرەتی‌یەکانی ، ئاڵوگۆڕیان بەسەردادێ،

بەلاّم تایبەتمەندیو یاسا بنەڕەتیی‌یەکانی دەمێننەوە • لە شۆڕشدا ئـەم تایبەتمەندیو یاسابنەڕەتی یانەیە کە ، ئاڵوگۆڕیان بەسەردادێو ستروکتوری نوێ یان چوارچێوەیەکی یاسایی نوێ بە وجوددێ •

لە گەشەکردنی کۆمەڵدا ، هەردوك شێوەی ڕاکوێستنی‌شۆڕشگێڕیو ئاڵو گۆڕی هەن • ڕێفۆرمیستەکان ، شێـوەی تێپـەڕ بـوونو ڕەوتـی شۆڕشگێڕی پەسند ناکەنو پێیان وایە بە پێچەوانەی سروشتی داڕێـژراوی کۆمەڵە ئاواتوریستەکان ، بە پێچەوانە ، دژی دەورەکانی ئـاڵو گـۆڕی پلەبەپلەو لەسەرەخۆو شێوە جموجوڵی ئاشتی خوازانەی ، دیاردە یان کاری نوێنو پێیانوایە دەکرێ هەمیشەو هەر شتێك بە شێوەی شـۆڕشگێـڕی ، چارەسەربکرێ • لینین دەڵێ ئەوانەی پێیان وایە دەکرێ هەمیشە هەموو شتێك بە شێوەی‌شـۆڕشگێـڕی ، چـارە سـەربکـرێ ، ملـی خۆیـان لـە تەکووڵی‌کردندا دەشکێنن • هەروەها دەڵێ ژیانو گەشەکردنی سروشتـی هەم ئاڵوگۆڕی هێواشو هەم ڕاپەڕینی توند واتا لەگەڵ خۆیدا ، دابڕبوونی لـە جموجوڵی پلەبەپلەی هەیە •

لە هەلومەرجی سەقامگیربوونی کۆمەڵی سۆسیالیستی‌دا ، تێپەڕبوون لە چلۆنایەتیی کۆنو گەیشتن بە چلۆنایەتیی نوێ لە مەیدانەکانو هێـڵە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەلاّیەتی‌دا ، بێ‌شۆڕشی توند ، لـەسـەرەوەو بە شێوەی زانیارانەوە ، بە هۆی شۆڕشە پلەبەپلەکان ، بە ئەنجامدەگا[1] •

(١) لەم بوارەدا دیتمان ، شۆڕشی لەو چەشنە کە لە دەست دەسەلاّتدارانی ولاّتەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت‌دا بوو ، لەبەر ئەوە حیزبی دەسەلاّتدارو تاقانە ، لە خەلّك‌دابڕابوو خۆی جێگای سەرمایـەدارانی گـرتەوە پلەبەپلەش نەچووە پێشو لە ئاکامدا لەباری سـیاسیو ئـابـووریو کۆمەلاّیەتی‌یەوە ، تێك‌ڕووخا . بێجگە لەوە ئەوە چەشنە ەدسەلاّتداریەتی‌یە سەرئەکێشێتە لای خنکاندنی دێموکراسیو بۆ ڕێك‌خستنەوەی خەلّك لە هەلسووڕانی‌کاروباری کۆمەلاّیەتی‌دا ، خاوەنی شۆڕش ئـەوەیـە بەرهەم‌دێنێ یان کارەکەی ئاکامی وای‌دەبێو ئەوە دەبێ دەسەلاّتداربێو بەسەرچارەنووسی خۆیدا ، زاڵ‌بێ .

ئێمه سه‌بارەت به شۆڕشی کۆمەڵایەتی له باسی ، ماتریالیسمی مێژوویی‌دا ، وتوویژ دەکەین ،

پرسیاره کۆنترۆڵی‌یەکان

١ - چەندایەتی چی‌یه ؟ ٢ - چلۆنایەتی چی‌یه ؟ ٣ - ئەندازه چی‌یه ؟ ٤ - یاسای تێپەڕبوون له چەندایەتی‌یەوه ، بەرەوچلۆنایەتی ، واتای چی‌یه ؟ ٥ - ڕاپەڕین چی‌یه ؟ ٦ - ڕاپەڕین چەند بەشه ؟ ٧ - چ کەسانێك ئاڵوگۆڕی پلەبەپله له کۆمەڵدا ، بەربلاو دەبینن ؟ ٨ - لە بەرچی بەربلاوکردنی تێپەڕبوونی شۆڕشگێری له کۆمەڵدا هەڵەیەو لینین لەم بارەوه چی وتووه ؟ ٩ - تێپەڕبوون له چلۆنایەتیی کۆنو گەیشتن بە نوێ له سۆسیالیزم‌دا ، چلۆن به ئەنجام‌دەگا ؟

**٥ - یاسای یەکبوونو خەباتی دژەکان**

لینین یاسای یەکبوونو خەباتی دژەکان بە ناوەڕوكو مێشکی دیالێکتیك دادەنێو له ڕاستی‌دا لێ‌تێگەیشتن لەم یاسایەو کەڵك‌وەرگرتن لەو ، له جەرەیانو ڕەوتی بیرکردنەوەدا ، شێوه دیالێکتیکی ، بە دەرك‌نەکراوی دەمێنێتەوه .

بۆ ئەوەی له چەمکی دژایەتی تێبگەین ، لەسەرەتادا پێویسته لەگەڵ چەمکی دوولاینەو له بەرانبەریەکدابوون ئاشنابین چەمکی دوولاینه چی‌یه؟ ئەم چەمکه (تقابل) له دیالێکتیك‌دا ، واتا ئەو جۆره لایەنانه ، خاڵو تایبەتمەندی‌یەکانی شت یان گرۆو دەستەیەك له شتەکانو دیاردەکان یان دەستەیەك له دیاردەکان که به تەواوی پێکەوه لەباری ئەم یان ئەو نیشانەو تایبەتمەندی‌یەوه ، جیاوازی‌یان هەیه بەڵام بوونی یەکیان بێ ئەوی تر لەبەرچاو ناگیردرێ ( وەك شەوو ڕۆژ ، گەرمو سەرد ، خێرو شەڕ ، خوارو ژوور ، باشوورو باکوورو هی تر ) . ئەم لاینه دژبەیەك یان لەبەرانبەریەك‌دانراوانه ، نیسبەت به یەکتر ، بێ‌لایەن نینو شوێن لەسەر

یەکتر دادەنێن • ئەم شوێنە دوو لایەنە دانانەیان شوێن دانانی ئەم دوانە لەسەر یەکتر ، پێی دەڵێن دژایەتی ( تضاد )[1]•

دژایەتی چی‌یە ؟ دژایەتیی ئەندازە یان نیسبەتی نێوان لایەنەکان‌و مەیلە دوولایەنەکان‌و دژبەیەکەکانی یەك گشتی‌یە کە لە ڕەوتی ئەودا ، ئەوانە یەکتر دادەنێن‌و یەکتر بەمەرجەوە دەبەستنەوە یان لە یەکتر نەی‌دەکەن •

دژایەتی لەسروشت‌و کۆمەڵدا ، خاوەنی تایبەتمەندیی عەینی‌و گشتی‌یە• خەباتی لایەنە دژبە یەکەکان ، کارێکی بەربلاوە ، بەڵام یەکبوون‌و هاوکێشی لە نێوانیاندا ، مەسەلەیەکی نیسبی یان ڕێژەیی‌یە •

جەرەیانی گەشەکردن لە ڕاستی‌دا ، بریتی لە ڕەوتی سەرهەڵدان‌و جموجوڵ‌و چارەسەرکردنی دژایەتی‌یەکان لە جەریانی گەشەکردنی «تاقانە»دا ( واتا چلۆنایەتی‌یەك کە هێشتا دژایەتی لەودا سەری‌هەڵنەداوە ) ئەبێتە دوو شتی جیا لەیەکتر • واتا لە نێوان لایەنی نوێ‌و کۆنەدا لە نێوان ئەو لایەنانەی سەقامگیرو سابیتن و ئەو لایەنانەی کە خەریکن ئاڵو گۆڕیان بەسەردا بێ ، جیاوازی سەر هەڵدەدا • کەوابوو پاش پلەی یەکسانی‌و هاوکێشی سەرەتایی پلەی جیاوازی ، سەرهەڵدەدا • پاشان لە چلۆنایەتیی کۆندا ، دوو قوتب یان تەوەرە پەیدا دەبێ‌و بەم شێوە دوو قوتب دروستبوون یان ( پۆلاریزاسیۆن ) دێتە مەیدان • پاش ئەم ڕووداوە، دژایەتی‌پێ‌دەنێتە توندترین‌و بەرزترین پلەی خۆی کە بریتی لە بەرەوڕووبوون یان کێشە کە ناوی ( کۆنفلیکت )ە •

لینین دەڵێ : یەکبوون (بەرامبەربوون یەکسانبوون ، هاوکێشی)بوونی دوو دژ، شتێکی بە مەرج‌دانراو ( مشروط ) ، کاتی تێبەڕبوو ڕێژەیی‌یە• بەڵام

---

(١) سەبارەت بە زاراوەی دژایەتیی بنەڕەتی کە جارجار لە هێندێك نووسراوە فەلسەفی‌یەکاندا دەبیندرێ، دەکرێ بە دژایەتی‌یەك دابنرێ کە لە چورتەیەکی دیاریکراودا ، توندبووەو چارەسەرکردنی وا لە بەرنامەی کاردا ، چ بنەڕەتی‌و چ لق‌وپۆپی •

کێشەی دوو دژ کە نە لە یەکتر دەکەن ، شتێکی بەربڵاوە ، هەروەك نـوێو جموجوڵو گەشەکردن ، بەربڵاون •

لە ئاکامی لێکدانو کێشەدا ، دژایەتی چارەسەردەکرێ • نوێ بەســەر کۆنەدا زاڵ دەبێ ، چلۆنایەتیی نوێ سەرهەڵدەداو جێگای چلۆنـایەتیـی کۆنە دەگرێتەوە •

ئەو کات سەرنجی شتەکانو دیاردەکانی سروشتو کۆمەڵ دەدەیـن، دەبینین کە لە گشت ئەوانەدا ، دوو لایەنی لەبەرانبەریەکتردانراو ، هەیـــە کە پێکەوەنو دژ بە یەکن • وەك ژمارەی موسبەتو مەنفی لە مەتماتیكدا، باری موسبەتو مەنفی ئەلێکتریکی لە فیزیكو بەشبەشکردنو کردنــەوە لە شیمیدا ، ڕاکێشانو پاڵپێوەنان ، مرۆڤو میراتگری لـــە ژینناســـیدا «بیۆلۆژی» ، بۆرژوازیو پرۆلیتاریا (کرێکار) لە کۆمەڵی سەرەتـاییدا دێموکـراسیو سانترالیـزم لە بناخەکانی ڕێکخـراوەییدا ، پـەلامار یـا

ڕوز وشب رین هردو ضدو دشمنند لیکظهردو بکظ حقیقت می تنند
هر یکی خواهان دیکررا همچو خویش از پی تکمیل فعلو کار خویش

ماتەمینو شادیهێنەری بیروبڕوا • بە زاراوەی ئانیشتاین لەگەڵ گەشەکردنی زانستەکانو هونەرەکانو هیتر • شاعیری گەورەی ئێران مەولەوی لـەم شەڕە گشتییەی دژەکان بە شێوەیەك تێدەگەیشتو بێگومان لەسەر بناخەی بیروبۆچوونی عیرفانی خۆی شییدەکردەوە(۱)

کێشەی دەروونیی شتەکانو دیاردەکان ، ڕوونو ماکەی کـاریزاتیی

---

(۱) ئەو دەیگوت : این جهان جنگست چـون کل بنگـریذرەذرەهمچودین باکافری یان سەبارەت بە یەکبوونو شەڕی دژەکان دەیگوت
شب چنین با روز اندر اعتناق مختلف در صورت اما اتـفاق
روز وشب این هەردو ضدو دشمنند لیك هردو یك حقیقت میتنند
هر یکی خواهان دیکررا همچو خوش از پیتکمیلفعلو کار خویش
بڕوانەلابەری
ئەم جیهانە ئەگەر یەگشتی سەرنجی بدەی ، بەشبەش لەشەڕدایە.وەك شەڕی ئایین لەگەڵ کافریدا . بەم جۆرە شەو لەگەڵ ڕۆژدا دەستەوملانە. بە ڕوالەت جیا ، بەڵام یەکن . هەر کامەیان وەك خۆی خوازیاری ئەوی تریانە ، بۆ تەواوکردنی کردەوەی خۆی •

حەوجوڵو ئاڵوگۆڕیانە . ئەوە کە لە پێشوودا وتمان ، ڕاپەڕین خۆراپەڕینی‌یە ، لەبەر ئەوەیە کەمەکینەو ماتۆری ڕابەڕین وا لەدەرونی‌داو ئەویش بریتی‌یە لە کێشەی دژەکان . بێگومان دژایەتی تەنیا لە دەروونی شتەکانو دیاردەکان‌دا نی‌یە بەڵکو لە ڕیشەوە کێشەو ململانێ لە نێوان دیاردەو شتە جۆراوجۆرەکان‌دا ، هەیە . هەر بۆیە دەکرێ دژایەتی بە دوو بەشی دەروونی‌و دەرەوەیی دابەش بکرێ

دژایەتیی دەرەوەیی واتا دژایەتی لە نێوان زنجیرەیەك لە شتو دیاردەکان لەگەڵ شتو دیاردەکانی تردا . بەڵام دژایەتیی دەروونی ، واتا دژایەتیی نێوان دوو لایەنی لەبەرانبەر یەکدا هەبووی یەك شت یان یەك دیاردە کە لە دەروونی خودی شتەکە یان دیاردەکەوە ، لە جەرەیان دایە . سەبارەت بەدژایەتیی دەرەوەیی دەکرێ لە دژایەتیی کۆمەڵو سروشت باسی‌بکرێو سەبارەت بە دژایەتیی دەروونی دەکرێ لە دژایەتیی نێوان بەرهەم‌هێنانو کەڵك‌لێوەرگرتن لە دەروونی ڕەوتو جەرەیانی بەرهەم‌هێنانی نیعمەتە مادی‌یەکان‌دا ، نموونە بێنینەوە . دژایەتی‌یە دەروونی‌و دەرەوەیی‌یەکان ، بە نۆرەی خۆیان شوێن لەسەر یەکتر دادەنێن. سروشتو کۆمەڵ ، ئالی Organic و نائالی‌و هەر کامە خاوەنی چەند دژایەتیی تایبەتی خۆیانن .[ئالی = هەر لەشێك کە خاوەنی چەند ئامراز بێ ، وەك گیاو گیانلەبەر .]

لە کۆمەڵی ئینسانی‌دا بە کردەوە ، دژایەتیی بنەڕەتی لە دژایەتیی لقوپۆپی ، جیا دەکەنەوە . دژایەتیی بنەڕەتی ئەو کۆمەڵە دژایەتی‌یەیە کە ئاڵۆگۆڕەکانو سەرهەڵدانی دیاردە ، دیاری‌دەکاو بێ‌چارەسەر کردنی ئەو چلۆنایەتیی نوێ ، پەیدانابێ . دژایەتیی لقوپۆپی دژایەتی یەکە ، کە لە نێوان لاینەکانی تری کەم بەرچاوو نابنەڕەتی دیاردەدا ، هەیەو سەرهەڵدانی چلۆنایەتیی نوێ پێوەندیی بە چارەسەر کردنی ئەوەوە نی‌یە[1] .

---

(١) سەبارەت بە شعور زمان‌وبیر کردنەوە لە داهاتوودا ، بە شێوەی جیاواز ، باس‌دەکەین .

لەکۆمەڵی چینایەتـــیدا ، دژایەتـــی بە شێوەی ئاشتـــیهەڵگـــرو ئاشتیهەڵنەگر خۆدەنوێنێ • دژایەتیی ئاشتیهەڵگر ، بریتی لە دژایەتیی ئەو چینو توێژانەی کە قازانجی بنەڕەتی ئەوان پێکـــە وە یەکدەگـــرێتەوەو دەتوانن لە پلەیەکی کەم یان زۆر درێژخایەنی مێژوویی‌دا ، پێکەوە لەســەر بناخەی بەرنامەیەکی هاوبەش ، کاربکەن •

بەڵام دژایەتیی ئاشتیهەڵنەگر « ئانتاگۆنیستی »وا لەنێوان ئەو چینو توێژانەدا کە قازانجی کۆمەڵایەتییان لە ڕیشەوە لەگەڵ یەکتر لە کێشەدایەوو لە ئاکامدا دەبێ ئەو هێزانەی کە بەرەو ڕێگـــای گەشەکردنـــی مێـــژوو هەنگاوهەڵدەگرن ، بەسەر هێزەکانی تردا کە پێش‌بەم گەشە کردنەدەگرن، زاڵبن ( وەك دژایەتیی نێوان چەوساوەکانو چەوسێنەران ) •

لە کۆمەڵی سۆسیالیستی‌دا کە لەسەر بناخەی چینـــی لێك‌جیـاواز دانەنداراوە ، دژایەتی هەیە ( مەبەست ئارمانی سۆسیالیستی‌یە نەك ئەوەی کە بوو ) • ئەم دژایەتی‌یە کە بە گشتـــی وا لـــە نێوان ســـەر هەڵـــدانو بەرەوپێش‌چوونی توندیهێزە بەرهەمهێنەرەکان ، لە لایەكو پێوانەکـــانو ڕێکخراوە مەوجوودەکان کە کـــۆنـــەدەبـــنو دەوری دنـــەدەریو پێشکەوتنخوازانەی خۆیان لەدەست‌دەدەنو دەبنە لەمپەر ، لە لایەکی تـــر دژایەتی لە نێوان ڕوانگەی ڕێبەرایەتی کە کاروباری گشتی درێژخایەنـــی وڵات لەبەر چاودەگرێو ڕوانگەی کۆمەڵانی خەڵك کە سەرنجی گیروگرفتی دیاریکراوی کاروباری ژیان ، دەدەن ، لە چەند پلـەدا ، سەرهەڵـــدەدا • شێوەی چارەسەرکردنی ئەم دژایەتی‌یانە ، شۆڕشی‌توند نی‌یە ـ بەڵکو بریتی لەڕەخنەو ڕەخنەلەخۆگرتنو ڕاس‌وڕێس‌کردنو بەرەوپێش‌چوونی پلەبەپلە چونکە کۆمەڵ لەسەر بناخەی یەکبوونی مەعنەویی سیاسیی دەروونی خۆی،

دەتوانێو دەبێ بیشتوانێ ئەم دژایەتی یانە بێ ئەوەی پەنا بەرێتە بەر شێوازی توندی تێکهەڵچوونو کێشە ، چارەسەربکا[1] •

لە جیهانی ئەوڕودا ، لەنێوان دوو سیستەمی سەرمایەداریو سۆسیالیستی دژایەتی یەکە دژایەتی بنەڕەتی دەورەی ئێمەیەو ڕێگاچارەی بریتی یە لە ململانێی چینایەتی بۆ هەنگاونان بەرەو سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە سەرانسەری جیهاندا ،لە هەمان کاتدا پێوستە لە ئاشتیی جیهانی لایەنگری بکرێ • ( ئەم هەنگاوەشمان دیو دیتمان چلۆن شەڕەکە بوو بەوە کە سەرمایەداری ئەگەر خواردەمەنیی بە سۆسیالیستەکان نەدا بایە گشتیان دەستەوملانی مەرگ دەبوون ) •

پرسیارە کۆنترۆڵی یەکان

١ - لینین بۆ یاسای دژایەتی چ گرنگی یەك دادەنێو لەبەرچی ؟

٢ - دژایەتی چی یە ؟

٣ - لەبەرچی دژایەتی گشتیو بەربڵاوەو هاوکێیشی ڕێژەییو تێپەڕبوویە ؟

---

(١) ئەم بووچوونە کە لە زەیندابێ گرێوگۆڵەو لەسەر زاران خۆشەو سەرنجڕاکێشی گەنجو لاوانە ، ئەگەر چارەسەرکردنەکەشی لە گۆڕەپانی کردەوەشدا ئاوەها بێ گرێ بایەو بە ڕەخنەو مەخنەو بەدنەومنە نالەبار ، بکەوتبایە سەرباری خۆیو دەسەڵاتدارانو ڕێبەرایەتیی سیاسی گوێبیسی ئەو شێوە هەلوێستو کارانە بایان، خو جیهانی ئەوتۆ دەبووە بەهەشتی بڵحان
یەکەم نموونەشی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو کە لە ماوەی سێ چارەکە چەرخدا ، ڕێبەرایەتی بووە مێردەزمەو کڵاوی ڕەخنە بابردیو سکی برسی برسی تر بوو ئەو کۆشکە خەیاڵی یەی تێئوریچنەکان ڕووخا بۆچی ؟ چونکە بەو شێوە کە دیتمان ، کۆمەڵ لەسەر بناخەی یەکبوونی مەعنەوەیو سیاسیی دەروونی دانەندرابووو ئەوەش کە دەگۆترا هەیە دروشمێکی بێ نێوەڕۆکو پووچەڵ بوو پێوەندیی نەتەوەکان لەسەر زۆر دامەزرابوو یەکیەتیی داخوازانە نەبوو
- وەرگێڕ -

٤ ــ پلەکانی بەرەو ــ پێش‌چوونی دژایەتی شی‌بکەنەوە •

٥ ــ چەند نموونە لە لایەنەدژبەیەکەکان لە دیاردەکانی سروشت‌و کۆمەڵدا، شی‌بکەنەوە •

٦ ــ دژایەتی دەرەوەیی‌و دەروونی چی‌یە ؟

دژایەتیی بنەڕەتی‌و لق‌وپۆبی کامەن‌و چلۆن‌چارەسەردەکرێن ؟

٨ ــ دژایەتیی ئاشتی‌هەڵئەگر کامەیەو چلۆن چارەسەردەکرێ ؟ ٩ ــ ئایا کۆمەڵی سۆسیالیستی‌دا، دژایەتی هەیەو چارەسەر کردنی بە چ شێوەیەکە؟

١٠ــ دژایەتی بنەڕەتیی دەورەی ئێمە کامەیەو ڕێگای چارەسەرکردنی چی‌یە ؟

## ٦ ــ یاسای نەء لە نەء لێکراو

یاسای نەءلەنەء لێکراو ، یەکێکە لە یاسا بنەڕەتی‌و گرنگەکانی دیالیکتیکی مارکسیستی • نەء بە واتای گۆڕانی شت یان دیاردەیەك ، بەشت یان دیاردەیەکی ترە کە جێی ئەو بگرێتەوە • بەڵام نەفی دیالێکتیکی نەفیێکی وەهایە کە لەگەڵ ئەوەدا شت یان دیاردەی دیاریکراو وەك باوە کە دەڵێن «بەو جۆرە کە هەیە » ، لەنێودەبا ، بەڵام لە هەمان کاتدا ، مەیدان بۆ بەرەوپێش چوون‌و گەشەکردنی دوایی ئەو شتە یان ئەو دیاردە، ئاوەڵادەکا هەر بۆیە نەء ناو بەتاڵ‌و قۆڕۆڵ ، بێهودەو بەربڵاو نی‌یە بەڵکو نەی بەرەوگەشەچوون‌و نەی خوڵقێنەرە • بە وتەیەکی تر نەء چورتکە یان خاڵێکە کە پێوەندی ، درێژەدان ، میراتگری لە نێوان نوێ‌و کۆنەو لە نێوان بارە جۆرا وجۆرەکان‌و لە نێوان پلە جۆراوجۆرەکان ، لە ڕێگای گەشەکردن‌دا ، دادەمەزرێنێ • بە وتەیەکی تر ، نەء جۆرە پێوەندی‌یەکە لە نێوان نوێ‌و کۆنە لە جەرەیانی بەرەوپێش‌چوون‌دا کە نوێ لەسەر بناخەی کۆنەو لە ژێر کاریگەری‌و شوێنی ئەو دژایەتییانەدا کە زاتی ئەون،

سەرهەڵدەدا ، بەسەر کۆنەدا زاڵدەبێ ، بەڵام هێندێك لایەنی بەکەڵکی کۆنە تا ئەندازەیەك ، ڕادەگرێ ، مارکس دەڵێ

هەر بەرەوپێشچوونێك سەربەخۆ لە نێوەرۆکی ئەو ، دەکرێ وەك زنجیرە هۆیەکی جۆراوجۆر ، لەبەرچاوبگرین کە پێوەندیی ئەو زنجیرانە لە نێو خۆیاندا ، بە جۆرێکە کە یەکیان نەی ئەوی تریانە ( واتا یەکیان نەفی ئەوی تر دەکاتەوە ) •

بەڵام نەء لە نەءلێکراو ، نەء لەو بارەیە کە خۆی نەی‌لێکراوەو ئەم نەءلەنەءلێکراوەش بێ ئەملاوئەولا سەرئەکێشێتە لای سەلماندنەوە • وەك لە مەتماتیك‌دا

$$+1 \times -1 \times -1 = +1$$

کەوابوو نەءلەنەءلێکراو، بە واتای گەڕانەوە بۆ سەرەتا ، بەو وەی لێی ڕاپەڕیوە ، لێی‌هەستا وەتەوە ، بەڵام لە ڕەوتی گەشەکردن‌دا ئەم گەرانەوە بۆ سەرەتا ، گەڕانەوە بۆ ئەو جێگا دەستی‌پێکردووە ، لە پلەی بەرزتردا ، بە ئەنجام‌دەگا ، هەر بۆیە هەرچەند باری نەءلێکراو ، دووپات‌دەبێتەوە ، ئەم دووپات‌بوونەوە ، دووپات‌بوونەوەی عەینی نییە بەڵکو دووپات‌بوونەیەکی دەوڵەمەندتر ، تەواوکەرترو بەرزترە •

بۆ نموونە لە کۆمۆنی ژیانی هاوبەشی سەرەتایی‌دا ، خاوەن‌ملکایەتیی کۆمەڵایەتی ، خاوەن‌دەسەلات‌بوو • سەرهەڵدانی خاوەن‌ملکایەتیی تایبەتی، نەی‌لێکرد • سەقامگیربوونی سۆسیالیزم‌و کۆمۆنیزم ( خوابیانبەخشێ )، جارێکی تر لە خاوەن‌ملکایەتیی تایبەت ، نەءدەکاو دەگەڕێتەوە سەر باری خاون‌ملکایەتیی کۆمەڵایەتی‌ووا وێ‌دەچێ جارێکی تر ، خاوەن‌ملکایەتیی کۆمەڵایەتی ،دووپات‌دەبێتەوە ، بەڵام ئەم دووباتبوونەوەیە کە لە پلەیەکی بەرزترداءلە زانستەکان‌دا چەندین جار دیتراوە کە فەرزی‌یە یان‌وا وێ‌دەچێ

یەك ، کە سەرنجی هێندێك لایەنی دیـــاردە دەدا،نیشاندەدرێ ، پـاشان چەندین ئەزموون ، دێنەمەیدانو لایەنەکانی تری دیاردەکە دەکەوێتـە بەر لێکۆڵینەوەو فەرزی‌یەی سەرەتا ، نەی‌لێدەکرێ • لە ئاکامدا ، فەرزی‌یەیەکی سێهەم سەرهەڵدەدا کەنەء لە فەرزی‌یەی دووم ،دەکاو جۆرێك گەڕانـــەوە بەرەو وا وێدەچێ ( فرضیە )ی یەکەمە ، بەڵام دەولەمەندتر بووەو بــە وەدەستهێنانی ئەزموون ، لە پلەی نەءلێکراوە پەیدادەبێ • بۆ نموونـــە دەتوانین لە فیزیكدا لە تێئوریی ( ذەرەیی ) نوور یان ڕووناکایی ،باس‌بکەین کە تێئوریی شەپۆلی لەپاشان ، نەی‌لێکرد ، بەڵام پاشـــان ـ تێئوریـــی ذەرەیی ـ شەپۆلی‌نوور ، بە نۆرەی خۆی نەی لە تێئوریی شەپۆلی ، کـردە واتا تێئوریی ذەرەیی ، بەڵام لە ئاکام وەرگرتن یان سەنتێزێکی بەرزتردا ، دووپاتی ، کردەوە[1] •

جم‌وجوڵی بەرەوگەشەکردن لەسەر بناخەی نەءلەنەءلێکراو لـــــە ڕاستی‌دا ، گەشتێکی ماڕپێچی‌و خواروخێچ ( سپیرالوئید )،تێپەڕدەکـــاو لەچەند پلەی دیاریکراودا ، هێندێك لە تایبەتمەندی‌یەکانی ئەو پلانـەی کە لێیان تێپەڕبووە ، لەسەر بناخەی لەبەرچاوگرتنی باری چلۆنایەتی یان لـــە چوارچێوەی باری چلۆنایەتیەکی نۆی‌دا، دووپاتدەبێتەوە •

نەءلەنەءلێکراو بـە شێوەی نیسبی ، بریتیە لـــە کۆتـایی پێهێنـانی دەورەیەکی تایبەتی لە گەشەکردنو لێرەچەندبازنەی گەورەو بچووك کــە دیاریکەری چەند دەورەی « سیکلەکان » داڕێژراوی گەشەکردن نین ، وان لە دەروونو ناخی یەکترداو بەرەو پلەی بەرزتر ، دەڕۆن • ئەمە جم‌وجۆڵێکی ماڕپیچی‌و لووفەیی‌یەو لە هەمان کاتدا ، بەرەوپێش‌چوو کە هەر کات چەند چورتکەی دەوڵەمەندتر لە دەروونی خۆیاندا دەکەنە یەك (ئەنتگراسیۆن ) بارێکی جامع‌ترو بەگرێ‌وگۆڵتر لە بارە تێپەڕکراوەکان ، بە وجوددێنێ •

---

(١) لەمەوبەر لە پەراوێزدا ، باسی سەنتێزمان کردووە . وەرگێر

کاتێك ئێمە باسی «بەرەوپێشچوون» یا «پرۆگرس» دەکەین، بێجگە لەم پەسنەی جموجوڵی بەرەوپێشچوو ، لە خوارەوە بۆ سەرەوە ، لە ساکارەوە بەرەو گرێوگۆڵدارتر شتێکی تر نی‌یە •

لە فەلسەفەی کۆنی ئێمە لە دەورەکان «سیکلەکان» ، باس‌کراوە ، بەڵام ئەم دەورانە یان پێکەوە پێوەندی‌یان نی‌یەو یان بە شێوەی دووپات‌کردنەوەی دووپات‌کراوە ، بەئەنجام‌دەگەن ، تێگەیشتنی ورد لە یاسای نەلەنەءلێکراو کە مارکس بۆ شی‌کردنەوەی بەرفراوان‌کردنی کۆمەڵی سەرمایەداری ، کەڵکی لێوەرگرتووە ، بۆ تێگەیشتن لەڕەوتی گەشەکردن‌و هەروەها بۆ تیژتر کردنی‌ڕوانگەی ژیربێژیی ڕەوتی ناسینی مرۆڤ ، گرنگیی بەرچاوی هەیە •

پرسیارە کۆنترۆڵی‌یەکان

١ ـ نەء چی‌یە ؟ نەی بێهودە کامەیە ؟ ٢ ـ نەء لەنەءلێکراوچی‌یەو لەبەرچی ئەو جۆرەنەلەنەءلێکردنە سەلماندنە ؟ ٣ ـ لەبەرچی نەءلەنەءلێکراو گەڕانەوەیە بۆ جێگای سەرەتا ، بەڵام لە پلەیەکی بەرزترو دەوڵەمەندتردا ؟ ٤ ـ لەبەرچی جموجوڵی بەرەوگەشەکردن ، مارپێچی‌و بەرەو بلندایی‌چوونە ؟ ٥ ـ ئەنتگراسیۆن لەگەشەکردن‌دا ، واتای چی‌یە ؟ ٦ ـ چ جیاوازی‌یەك لە نێوان سیکلەکانی مێتافیزیکی‌و دیالێکتیکی‌دا ، هەیە ؟

# بەندی پێنجەم

# زاراوە بنەڕەتی‌یەکاتی دیالێکتیك

**١ ـ زاراوەی دیالێکتیکـی چی‌یـە ؟**

با لەسەرەتادا بزانین زاراوەی دیالێکتیکی  بە چ واتایەکە • زاراوە ...انە ئوروپای‌یەکاندا پێی‌دەڵێن  کاتەگۆری »کە لە وشەی یۆنانی بە واتای ڕاگەیاندنو ناساندن ، هاتووە • زاراوە گشتی‌ترین چەمکێکـە کە گرنگترین تایبەتمەندی‌یەکـانو چـوارچێوە یاسایی‌یە کانو دیـاردە عەینی‌کان  نیشاندەداو پەسنی بیرکردنەوەی زانستی ـ تێئوریکی چەرخ نیشاندەدا •

زاراوەکان لە ڕەوتی درێژخایەنی مێژوویـی گەشەکردنـی ناسینی ...انی  ئەبنە خاوەنشێوازو دروست دەبنو لەبەر ئەوە هەم ڕاستەقینـە لە ئاڵوگۆڕدایەو هەم ناسینی ئێمە وا لە ڕەوتـی بەرفـراوانبووندا زاراوەکـان نـاتـوانن ڕاوەسـتاوو ویشـك بمێننـەوەو لـە ڕاستی‌دا خاوەنجمۆجوڵو نەزمنو توانای هاوکێشیان هەیە •

لینین ئەم ناسینەی سە بارەت بە زاراوە ، ڕاگەیاندووە

ڕایلەیەك‌لە دیاردەکانـی سـروشت لـە بەرانبەر مـرۆڤدا ، خۆدەنوێنێ ••• زاراوەکان بریتین لە نەردیوانەکانو پلەکانی جیاکردنەوە ، واتا ناسینی جیهان ، خاڵەبنەڕەتی‌و گرنگەکان لەم ڕایلەدا ، بریتین لـــە دیاردەکان کە بە کاری ناسینو زاڵبوون بەسەری‌دا ، یارمەتـی دەدەن »•

زاراوە دیالێکتیکی‌یەکان لەگەڵ یاسا دیالێکتیکی‌یەکان ، پێوەندی‌یان هەیەو ناوەڕوكو ناوئاخنی عەینی‌و ڕاستەقینەیان هەیەو لەڕەوتی‌ناسیـن‌دا ، دەوری تایبەتیان هەیەو نیشانەی بەرزبوونەوەی بیرکردنەوەی مرۆڤ لـە دیاردە داڕێژراوەکان بە هۆی گشتـی کردنـەوە ڕووتەکـانو نیشـانەی هاوکێشی ڕەوتە مێژوویی‌یەکانی گەشەکردنی دیاردەکان لـەگـەڵ ڕەوتـی

ژیربێژیو تێگەیشتنو گشتیکردنن • ئێمە لە نێو زاراوە دیالێکتیکییەکاندا، هێندێك لە گرنگترینیانمان ، هەڵبژاردووەو لێرەدا بە کورتی سەبارەت بە هەر کامە لەوان شیکردنەوەیەکمان هەیە • پێویستە بۆ تێگەیشتن لەمزاراوانە سەرنجی تایبەتی بدەین، چونکە گرنگیی ئەوان لەبیرکردنەوەی ژیربێژیو ناسینی دەورو هاوشانی گرنگیی یاسا چوارینەکانی دیالێکتیکییە • ئەم زاراوانە لەبەر ئەوە ئاکامی دارنیینو داماڵینی قووڵن، هەر بۆیە جاری وایە تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئەوان ، دژوار دەنوێنێ لەبەر ئەوە دەبێ بە وردیو بە سەرنجدانی ژیرانە ، فێریان بین • ئێمە تێدەکۆشین لە هەر جێگایەك پێویستبێ ، چەند نموونەی دیاریکراو بێنینەوە کە ببێتە هۆی هاسان کردنی تێگەیشتن لە بابەتەکە •

پرسیارەکۆنترۆلییەکان

١ ـ زاراوە یان کاتەگۆری لە بنەڕەتدا بەچ واتایەکە ؟
٢ ـ زاراوە بناسێنن ٣ ـ ئەوە کەزاراوەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێو هاوکێشیدەکەن ، واتای چییە ؟ ٤ ـ ناسینی لینین سەبارەت بە زاراوە،ڕابگەیەنن ، لەبەرچی لینین لەسەر ڕایڵەی دیاردەکان گرێوگۆڵەکانی،باس‌دەکا ؟ ٥ ـ لەبەرچی دەڵێن زاراوە نیشاندەری بەرزبوونەوە لە داڕێژراو بەرەو ئابستراکتە ؟
٦ ـ لەبەرچی دەڵێن زاراوە ، یەکبوونی ژیربێژیی مێژوویییە ؟
٧ ـ فێرکردنی زاراوە دیالێکتیکییەکان ، گرنگیی چییە ؟

## ٢ ـ تاقانە (( مفرد )) ، گشتی ، تایبەتی

تاقانە ، گشتیو تایبەتی ، بریتین لەو چورتکانەو پلە «جۆراوجۆرانە»ی شتەکانی دەرەوەی زەین یان ڕاستەقینەو پلە جۆراوجۆرەکانی ژیربێژیناسین • ئەم زاراوانە ، شێوازە جۆراوجۆرەکانو پێوەندییەکانی

شتێك لەگەڵ شتەكانی تر ، دیاردەیەك لەگەڵ دیاردەكانی تر ، ڕادەگەیەنن دروست بۆ تێگەیشتن لە واتای دروستی ئەم زاراوانە ، پێویستە وردبین بین چونكە بابەتەكە هێندێك بەگری‌و گۆڵ‌و دژوارە •

كاتێك دەڵێین تەنیا ( مفرد ) واتا ئەو شتەی كە كەسایەتی‌و دیاریكراوی چلۆنی یەكشت ، تەنیابوون‌و خۆتایبەتمەندبوون ، دیاریكراوی شوێنی‌و كاتی ئەو ڕادەگەیەنێ • تەنیا بە هۆی هەڵسەنگاندنی دوو شت یان دوو دیاردە لەگەڵ یەكتر دەتوانین ، تەنیابوونی دیاردەیەك واتا خودبوونی خۆتایبەتمەندیی ئەو شتە ، دیاری بكەین ، چونكە « تەنیا » پەسنێكە لە شتێكدا یان دیاردەیەكدا هەیەو لە هی تردا نی‌یە •

بەڵام گشتی ( عام ) واتا ئەو شتەی كە نە تەنیا دیاردەو شتێكی دیاریكراو ، بەڵكو زنجیرە شتێك یان دیاردەیەك ، دەگرێتەوە ( واتا ئەوانیش ئەو تایبەتمەندییانەیان هەیە ) •

گشتی بە دوو بەش ، دابەش‌دەكەین گشتی هەڵماڵراو « انتزاعی »و گشتی دیاریكراو •

گشتی هەڵماڵراو ، هێندێك تایبەتمەندی دووپاتكراو لە گشت ئەو دیاردەو شتانەدا كە پێوەندی‌یان بە یەك پۆلی هاوئا هانگەوە هەیە ، ڕادەگەیەنێ[1] بە وتەیەكی تر گشتی هەڵماڵراوی گشت ئەو نیشانانەی بەو شت‌و دیاردانەی خاوەن پێوەندی بەو پۆلە هاوپەسنانەن ، گشتی دەكا ، بەربڵاوی دەكاو ڕایدەگەیەنێ •

---

(1) Classifcationarrayl واتا لە یەك ڕیزدادانانی ئەو شتانەی كە پەسنی وەكیەكیان هەیە بۆنموونە لە ڕێك‌وپێك‌كردنی گیانلەبەراندا ، ئەوانەی باڵدەگرنەوە لە پۆل یان ڕیزێكدا ، دادەندرێن • هەروەها ئەوانەی بە سك دەڕۆن ، ئەوانەی مەمكیان هەیە ، ئەوانەی خاوەن مورخەی پشتی‌و هی تر — وەرگێڕ —

گشتی دیاریکراو یان دارێژراو « کۆنکرێت » یاسای بوونو بەربڵاوکردنی گشت دیاردەکانی تەنیایە • گشتی هەڵماڵراویی ، ناوەڕۆکی شتێك دیاری ناکا ، بەڵکو تەنیا گشتی دیاریکراوە کە دەولەمەندیی تایبەتی تەنیا ئەکاتە جەستەو نیشانی دەدا • گشتی دیاریکراو ( مشخص ) لە شێوازی یاسادا خۆدەنوێنێ کە جۆراوجۆری لەجۆرە یەکبوونێکدا پێوەند دەداو ئەم یاسا ـ بوونەیەکە لە سیستەمی بەربڵاوی پێوەندی دوو لایەنەی شتەکانو دیاردەکاندا ، سەرهەڵدەدا •

پێوەندیی دوو شت یان دوو دیاردە کە لەودا « تەنیا » سەرهەڵدەدا، بریتی‌یە لە جورتکە یەك لەم سیستەمە بەربڵاوەی پێوەندیی دوو لایەنەی شتەکانو دیاردەکانو هەر بۆیە تەنیا ( مفرد ) شێوازی پێویستی‌بوونی گشتی‌یەو لەبەر ئەمە دەڵێن تەنیاو گشتی لەباری دیالێکتیکی‌یەوە ، پێکەوە ، پێوەندییان هەیە • لینین لەم زەمینەدا دەڵێ

شت یان دیاردەی جیاواز وجوودی نی‌یە مەگەر لەو پێوەندی‌یەدا کە سەرئەکێشێتە لای گشتی یەوە ••• هەر شتێکی جیاواز ، بە شێوەی ناتەواو دەچێتە ناخی گشتی‌یەوەو هی ترو هی تر • هەر شتێکی جیاواز بە هۆی هەزاران ڕیشەی تێپەڕبوون ، لەگەڵ جۆرێکی تر ، بە شێوەی جیاواز ( شتەکان ، دیاردەکان ، ڕەوتەکان )، پێوەندیی هەیەو هی تر •

پێش ئەوەی تایبەت (خاص) بناسێنین، تێبکوشین تا بە هۆی هێنانی چەند نموونە ، زاراوەکانی تەنیا ؛ گشتی ، ڕووت(مجرد)یان هەڵماڵراوو گشتی تایبەتو دیاریکراو ، ڕوونبکەینەوە • وای دابنێین ئێمە باری ژیانی زەحمەتکێشێك ئەخەینە بەر لێکۆڵینەوەو بەم ئاکامە ئەگەین کە ئاکامەکانی کاری ئەو، بە هۆی کەسێکی چەوسێنەرەوە تالاندەکرێو ئەو دەچەوسێتەوە • بەرهەمدان بە کەسێکی تر نیشانەو پەسنی دیاریکراوی ئەو کەسەیە • ئێمە لەسەر بناخەی چاوپێکەوتنی ئەم دیاردە تاقانەیەو دیاردەکانی تروەك ئەو

له کۆمەڵدا ، بە ئاکامێکی گشتی دەگەین و ئەویش ئەوەیە کە لە کۆمەڵێکدا کە بناخەی لەسەر چینە جۆراوجۆرە دژبەیەکەکان ، داڕێژراوە چەوساندنەوە هەیە • ئەم بڕیارە :« لە کۆمەڵی چینایەتی‌دا چەوسانەوەهەیە»، بڕیارێکی گشتی ڕووتە•ئێستا بەوە دەگەین کە «لە کۆمەڵی سەرمایەداری‌دا، تالآنکردنی بەرهەمی کاری کرێکاران لە لایەن سەرمایەدارانەوە ، شتێکی حاشاهەڵنەگرە » • ئەمە ئیتر گشتی دیاریکراوە •

ئێستا ئەم « گشتی‌یە دیاریکراوە »، لەسەر باری ژیانی تەنیا کەس ( ئەو تاقانە زەحمەتکێشانەی کە لێیان دەکۆڵینەوە ) لەسەریەک و لە بەرانبەر یەکەوە دادەنێین و هەلومەرجی تایبەتی و دیاریکراوی ژیان و چەوساوەیی کرێکاران ، لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا ، بۆ نموونە لە ئێران ، ڕووندەکەینەوە • واتا جارێکی تر ، لە گشتی‌یەوە بەرەو تایبەتی دەڕۆین یان بادەدەینەوە سەر تایبەتی ، بەڵام ئەم تایبەتە ئیتر تاقانەو تەنیا نی‌یە، بەڵکو بریتی لە ، لەبەرانبەریەکدانانی گشتی‌و ڕووت یان ( أنطباق )ی بەسەر تایبەت‌و دیاریکراودا • هەر بۆیە دەڵێین یەکبوونی تەنیا( مفرد ) لەگەڵ گشتی تایبەتی‌دا ، ڕاگەیەنەری تایبەتە • لەو پەسنانەدا « تەنیا » یان تەنیایی لەگەڵ چەندنیشانەو تایبەتمەندی گشتی‌دا ، تێکەڵبووەو پێوەندی پەیداکردووە • هەر بۆیە تایبەت بریتی‌یە لە گشتی‌یەک کە لە دیاردە تاقانەو تەنیاکاندا ، رەنگی داوەتەوە واتا خۆنواندنی یاسای گشتی لە تاقانەو تۆخمە جیاکاندا ، لەگەڵ هەلومەرج‌و شێوازە ڕاستەقینەکانیان •

یاسای ناسینی مرۆڤ بەم جۆرەیە کە لەسەرەتاوە ، لە لێکۆڵینەوەی « تەنیا یان تاقانە »وە ،دەست‌پێدەکاو بە گشتی ڕووت دەگا ، پاشان گشتی ڕووت دەستی بە گشتی تایبەتی دەگاو ئەو دەست‌پێدەکاو بە گشتی ڕووت دەگا ، پاشان‌گشتی ڕووت دەستی بە گشتی تایبەتی دەگاو ئەو کات لە گشتی تایبەتی‌یەوە ، دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتی‌و تەنیا ، لەم ڕێگایەوە ، دەتوانێ

شتەکان دیاردەکان لە جۆراوجۆربوونیاندا ، خاوەنچەندلایەنبوونیاندا ، بناسیو لێیان تێبگا •

پرسیارە کۆنترۆلی یەکان

١ ـ تەنیا چی یە ؟ ٢ ـ گشتی چەند بەشە ؟ ٣ ـ گشتی هەڵماڵراو چی یە ؟ ٤ ـ گشتی دیاریکراو کامەیە ؟ ٥ ـ جیاوازیی نێوان گشتی ڕووت یان هەڵماڵراوو گشتی دیاریکراو ، ڕابگەیەنن • ٦ ـ تایبەت چی یە ؟ ٧ ـ چ جیاوازی یەك لەنێوان تایبەتو تەنیادا هەیە ؟ ٨ ـ ڕەوتی ناسینی ئینسانی لەباری زاراوەکانی تەنیا ، گشتیو تایبەتەوە،چلۆنە؟ ٩ ـ بۆ تێگەیشتن لەدەوڵەمەندیی دیاردەکان ، ئەم گەشتە پێویستە ؟

## ٣ ـ هۆو هۆگر ( علّتو معلول )

هۆبوون پەسنێکە پێوەندیی گشتی دیاردەکانی ڕاستەقینەو دەرەوەی زەین،دیاری دەکاو ئەم پەسنە خاوەنی لایەنەگشتی یەکانە • واتا نە لە جیهانی خوارەوەتر ( جیهانی میکرۆبەکانو ڕیشە وردیلەکان )و نە لە جیهانی بالآترو بەرزتر ( واتا بەرزتر لە میکرۆبیو ڕیشەباریکەکان یان گیانلەبەرێك لەیەك لەو ڕیشۆلآنە خۆلقاوە ، وەك ئامیب ) ، جێگایەك نی یە کە یاسای هۆبوون یان ( علت ) لەودا کارنەکاو ئەم لافە کە هێندێك لە ئیدەئالیستەکانی هاوچەرخ ، گەلآڵەی دەکەن ، باسی ئەوە دەکا کە لە دەروونی ئاتۆمدا ، یاسای هۆبوون لە ئارادا نی یە ، یاسای نەبوونی دیاریکردن ( عدم تعین )بە واتای نەبوونی هۆبوون ، خاوەن دەسەلآتە ، لافێکی نادروستە • ئەوان بەڵگە دێننەوە کە ئەگەر ئێمە لە دۆخی سەرەتایی هێندێك « گەردیلەی سەرەتایی » دەروونی ئاتۆم ، ئاگاداربین ، دژوارە ڕەفتاری دوایی ، توندچوونی ئەوان ، دۆخو باری ئەوان ، دیاریبکەین •

هەر بۆیە یاسای هۆبوون لێرەدا لە نێودەچێو لە کاتێکدا لە ڕاستیدا بە هۆی کارگەریی چەند هۆ( وەك لێکدان لە گەردیلەی تـــر ، شوێنەواری مەیدانەکان شوێنەواری ئامرازەکانی ئەندازەگـــرتنو هی تر )،یاســـای هۆبوون لێرەدا پەسنی وێچوون ( احتمـال )و ســـەر ژماردن بەخـــۆوە دەگرێولەوبارە پێی لەسەرداگیراوە کە لـە جیهانـــی گەورەدا هـەیـــەو دەبیندرێو یاسای ( جبری نیوتن )ئەوەڕادەگەیەنی،دێتەدەر. هەر بۆیە لافی ئەوە کە هەبوون لە جیهانی وردیلەکاندا وجوودی نییە ، لافێکی باتـڵو بێهوودەیە . هەبوون چەمكو شتیکی زەینیو دەسکردی هۆشی ئێمە نییە، بەڵکو ڕاستیو دەرەوەییو گشتییە . هەر شتێكیانهەر دیاردەیەك شتو دیاردەکانی تر ،دەخۆلقێنێو لە کاتی نەمانی خۆیدا جێگای خۆی دەدا بـە شت یان دیاردە کانی تر .

هۆ ( علـّــت ) ئەو شت یان دیاردەیە کە شـــت یا دیاردەیەکی تـــر دەخۆلقێنێو هۆی لەدایك بوونیەتیو لەمبارەوە ، ئەو شتودیاردە،پێیدەڵێن هۆگر ( معلول ) ، بەڵام نابـێ لە پێوەندیـــی ئەم دووانـە لـە ڕوانگـــەی میتافیزیکەوە ، تێبگەینو یەکیانبکەینە هۆی بەربڵاو ( مطلق )و ئـەوی ، هۆگری بەربڵاو. هۆو هۆگر شوێـن لەسەر یەك دادەنێـــنو هـــەر هۆگرێك چەند هۆی جۆراوجۆری هەیەو زنجیرەیەکی بێ پسانەوە لـــە هۆیەکانو هۆگرەکان ، لەسەر یەکتر شوێن دادەنێن[1] .

---

(۱) ئەم بابەتە لە مێژە جێگای کێشەی ئەو دوو ڕێبازەیەو تەنانەت خودی میتافیزیسییەنەکانیش لەسەر قەبارەی هـــۆی بەربڵاو هـــۆگـری بەربڵاو ساغنەبوونەتەوە . ئەم باسە لە خوداناسیو خۆلقاندنی جیهاندا، گەرمە . هێندێك لە فیلسوفە ڕێئالیستەکان ، پێیـان وایـە ، جیهان خۆلقاوی هۆیەکی بەربڵاوەو ئەو هۆیە شـــوێن لە هیـــچ شتیك ، هەڵناگرێو جیهان هۆگری ئەوەو لە دەروونی خۆیدا یاسای هـۆر هۆگری بەو شێوەی کە باسکرا ، دادەبەزێو بەئەنجامدەگا

←

بۆ ئەوەی رووتر لەم بابەتە بگەین،وا باشە لەگەڵ دوو زاراوەی تـر لەم زەمینەدا ، واتا هۆی تەواوو هۆی تایبەتی ، ئاشنابین • هـۆی تـەواو بریتی لە کۆیەك لەچەند بـارو چلۆنایـەتی کـە لـەوانەوە بـە شـێوەی پێویستو دەبێ هۆگر ، بەرهەمبێ• بۆ نموونە کاتێك هاوئاهەنگی پێویست لەنێوان سەرهەڵدانی هێزەبەرهەمهێنەرەکـــان لەلایـــەكو پێوەندی‌یـــە هەبووەکانی بەرهەم هێنان یان پێوەندی‌یەکانی خاوەنملکایەتی لە لایەکی تر ، تێكبچێ، کۆمەڵ دەچێتە نێو دەورەکانی قەیرانی شۆڕشگێڕی‌یەوە • ئەم تێكچوونەی هاوئاهەنگی پێویستە ، هۆی تەواوە بۆ سەرهەڵدانـی قەیرانی شۆڕشگێڕی ، بەڵام بوونی هۆی تەواو هێشتا بە واتای لەدایكبوونی هۆگر واتا شۆڕشی کۆمەڵایەتی، نی‌یە • بۆ لەدایكبوونی هۆگر هـــۆی تایبەتیش پێویستە • کەوابوو ، هۆی تایبەتی هۆیەکی وەهایە کە سەرهەڵدانی بێ‌ئەملاو ئەولا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هۆگری عەینی، ئەویش بەو مەرجە کە هۆی تەواویش لەو کاتەدا هەبێ • بۆ نموونە لەوباســەدا کە هێمامان پێکرد بوونی هۆیە عەینی‌و زەینی‌یەکانی شۆڕش «هۆی تایبەتی»، بەرپابوونی شۆڕشە • واتا ئەگەر هۆی تـەواو ( ناهاوئاهەنگی نێـوان سەرهەڵدانی هێزەکانی بەرهەمهێنەرو پێوەندی‌یە مەوجوودەکانی بـــەرهەمهێنان ) ، وجوودی هەبێ ، ئەو کات بوونی هۆی عەینی شۆڕش (بارودۆخی شۆڕش)و

---

هێندێکی‌تـر وەك رێبازە عیرفانی‌یـەکانی ئـەو رێبـازە گشتی‌یـــە ( میتافیزیك ) یەك لەوان محی‌الدێن عەرەبی ، دەڵێ : ( علت‌و معلول ) شوێن لە سەر یەکتر دادەنێن هەردووکیان نیازیان بە یەکتر هەیە • ناوبراو جیهان بە یەك شت دەزانێ‌و لە هەمان کاتدا ، شتی جۆراوجۆری هەیە ، یەکبوونەکە تێكناچێ ( وحدت وجود ) ئەو پێی وایە خـــوا خۆلقێنەرەو ئەگەر خۆلقاو ( وەك مرۆڤ )دان بە خولقێنەردا نـەنێ ، خۆلقێنەری‌ی‌ئەو ، واتا هۆبوونەکەی ، دەرناکەوێ کەوابوو لێرەدا هۆ بۆسەلماندنی خۆی ، نیازی بەهۆگر هەیە بەم جۆرە کەسیان لـەویان بێ‌نیاز نی‌یەو واتای بەربڵاوبوونی هۆ ، نرخی نامێنێ • وەرگێڕ •

هۆی زەینی شۆڕش ( وجودی حیزبی یـان پارتی خاوەن نفـووزی چینی کرێکار ) ، بەسە کە شۆڕش ، بەئاکام بگەیەنێ •

مەسەلەی بوونی شوێنی دوولایەنەی نێوانھوو هۆگر کە دیالێکتیك ماوەیەکە ، دۆزیویەتەوە ، «سیبرنەتیك»ی هاوچەرخ لە زاراوەی پێوەندیی بەراوەژوودا ، ڕایگەیاندووە • ئەمە زاراوەیەکی زۆر گرنگی سیبرنەتیکە کە خاوەنی گرنگی فەلسەفییە • ئێمە سەبارەت بە سیبرنەتیك بە کورتیو بە شێوەی جیاواز ، باسدەکەین ، بەلام لێرەدا بەباشی دەزانین کـە ئـەم زاراوە لەبەر پێوەندیی ئەو بەباسەکەوە ، بخەینە بەر باس • بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئەم زاراوە ، دەکرێ نموونەیەکی پیشەیی بێنینەوە • ئێمـــە پێوەنددانی چاڵە سەهۆڵێك ( یخچال = چاڵەبەفر ) بە جەرەیانی کارەباوەو زیادکردنی گەرما لە دەروونی چاڵە سەهۆڵەکەدا ، دەزگای ڕێكوپێككەری بەرد (ترموگولاتو)ی چاڵە سەهۆلەکە ، وەگەڕدەخەینو بەم جۆرە دەزگای سەهۆڵخۆلقێنەری چاڵە سەهۆڵ، کارەکەی دەسپێدەکا ، بەلام کـــاری ئەم دەزگای سەهۆڵ دروستکەرە ، بە نۆرەی خۆی ، پلەی گەرما لە چاڵە سەهۆڵەکەدا ، ئەگەیەنێتە ئەندازەی پێویست • گەرما لە بەشی یەکـەمدا، هۆ بوو ، بەلام لەباری دووەمدا ، بوو بە هۆگر • یان نموونەیەکی تر کـە تێکنیکی زۆر سەرەتایی مرۆڤ وەرگیراوە ، بێنینەوە ئەو دۆلچەی لە ئاشدا گەنمبەرەو بەرد ئاشەکان دەبا ، بە هۆی ڕژاندنی بەرەبەرەی گەنم بۆ ژێر بەرداشەکان ئەو دەرەتانە بە بەردەکان دەدا کە گەنم بکەنە ئارد ، بەلام خودی بەردەکان ، لە کاتی وەرسووڕانی خۆیاندا ، ئەو چێوەی کە بە ناوك یان دولچەکەوە ، بەسراوەتەوە ، وەجموجوڵدەخاتو ئەبێتە هۆی ئەو جموجولی ڕێكوپێکی گەنم لە دولچەوە بەرەو نێو بەرداشەکان ، بە باشی ڕێبەریبکا • بەم جۆرە لە نێوان کاری ناوك یان دولچەو کـــــاری بەرداشەکان، جۆرە پێوەندییەکی بەرئاوەژوو هەیە • جۆرێك پێوەندی

دوولاینه دامەزراوە • نموونەیەکی تری ئەم پێوەندە بەرئاوەژووە لە لەشی ئینساندا ( بۆ نموونە لە پێوەندیی نێوان کاری مێشك‌و دڵدا ) دەتوانین دەس نیشان‌بکەین •

یاسای هەبوون لە سەرانسەری جیهانی ئالی (خاوەن‌ئەندام)و نائالی‌دا، کـار دەکـاو ئەبێتـە هـۆی ســـەرهەڵدانی بناخەی جبر ( دیترمینیسم )• لە سروشتدا ، جەبری کوێر خاوەن دەسەڵاتە • واتا توخمە سروشتی‌یەکان، ناتوانن خۆیان لە یاسای هۆبوون ، بگـــەن‌و لەودا دەســـت‌تێوەردانیان هەبێ • بەڵام شانۆگەری مەیدانی مێژوو مرۆڤێکە خوازیاری‌ناسین • ئەو دەتوانێ یاسای سروشت‌و کۆمەڵ بناسێ ، هۆیەکانی شتەکان‌و دیاردەکـان، دەدۆزێتەوەو ئەوان ئەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی بەم جۆرە یاسای جەبـر لـە مێژوودا بـە پێی گەشەکردنی ناسـینی ئینسان‌و شێوازپـەیداکردنی‌و پێك‌هاتنی ، بەرەبەرە زۆرتر،دەبێتە «اختیار»تا ئەو کات چەرخی«جبـر» لە مێژوودا سەرانسەری خۆی بە «اختیار»،دەداو مرۆڤ لە زنجیری سروشتی‌و ملکەچی کوێرکوێرانەو پالەپەستۆی کۆمەڵایەتی ، ئازاددەبێ •

بـوونی یاسای هـەبوون لـە سروشت‌و مێژوودا ، دەبێتـە هـۆی پێك‌هێنانی وێ‌چوون‌و ـ زەمینە بۆ ئەوەی هەنگاوەکان بەرەو ئامانـــج هەڵبگرێتەوە • ئەگەر لە سروشت‌و مێژوودا ، هـــەبوون‌و خاوەن‌یاســـا بوونێك ، نەبایە ، دیاریکردنی ئامانج ، بە هۆش نەپێکراوو بێهوودە دەبوو• بەڵام ئەم تێکوشانە خاوەن ئامانجە ، کە بەرەو ئەنجامدانی کردەوەیـەك ، دەچێتەپێش ، لەگەڵ ئـــەو شتەی کە لە فەلســـەفـــەی ئیدئالیســـتی‌دا پێی‌دەڵێن «ئاکامی=غائیت»، جیاوازە•ئاکامی واتا خۆلقێنەری جیهان بەپێی بەرنامەو ئیرادەی بێ‌سەرەتایی‌و پر لـە نهێنی خۆی ، بـۆ تێپـەڕبوونی کاروبارەکان چەند ئامانج‌و ئاکامی ، داناوەو هەموو شتێك بـە ناچار بـــە بێ فەلسەفەو زانایی ، خۆرایی ، بەرەو ئەو ئاکامە دیاریکراوانـە ، دەڕون‌و

لەبەر ئەمەیە کە لە جیهاندا ، هۆبوونو ڕێكوپێكی‌یەکی تایبەتی زاڵـــە ، بەڵام خاوەن‌ئامانج‌بوونی زانیارانەی مرۆڤ کە لەسەر بناخەی کەڵك‌وەرگرتن لە یاسای هە بوونو هۆگر ، دانراوە ، لەگـەڵ ئاکـــام‌بوونی دیاریکــراو لەپێش‌دا داڕێژراو ، جیاوازیی بنەڕەتی هەیە ، جیهان بەرەو ئاکام‌وەرگرتنێکی تایبەتی ، ناڕوا[1] •

پرسیارە کۆنترۆڵی‌یەکان

١ ـ هەبوون چی‌یە ؟ ٢ ـ ئایا لافی نەبوونی هەبوون لە جیهانی وردیلەکاندا ، ڕاستە ؟ ٣ ـ هۆ چی‌یە ؟ ٤ ـ هۆگر کامەیە ؟ ٥ ـ پێوەندیی دیالێکتیکی نێوان هۆو هۆگر چی‌یە ؟ ٦ ـ هۆی تەواو چی‌یە ؟ ٧ ـ هۆی تایبەتی کامەیـە ؟ ٨ ـ پێوەندیـــی بەراوەژوو ، واتای چی‌یە ؟ ٩ ـ جبر یان دترمینیسم چی‌یـــە ؟ ١٠ ـ چ جیاوازی‌یەك لە نێوان زۆرەملێ ( جبری )ســـروشتی‌و زۆرەملێی مێژوویی‌دا هەیە ؟ ١١ ـ ئامانـــج‌بوون کامەیـــە ؟ ١٢ ئـاکامی بـوون چی‌یـە ؟ ١٣ ـ لـەبـەرچـی ئاکـامی‌بـوون نادروستە ؟ ١٤ ـ چ جیاوازی‌یەك لەنێوان ئاکامی‌بـــــوونو خاوەن‌ئامانج‌بووندا ، هەیە ؟

## ٤ ـ پێویستو لەنەکاو ( ضرورت‌و تصادف )

پێوستو لەنەکاویش بریتین لە شێوازە گشتی‌یەکانی پێوەندیی نێوان شتەکانو دیاردەکان • پێوست چی‌یە ؟ پێویست بریتـی‌یە لە پێوەندیـــی

(١) سەبارەت بەوە کە ئاکام لەبەرچاوگرتنی خۆلقاندن چی‌یە ، بـاسێـکی زۆر لە چەرخەکانی نێوەڕاست کراوە، بە قسەی ئەنگلس بە کردەوە ، خۆلقاندنی جیهان بۆ سەلماندنی ئاکامو فەلسەفەی خۆلقاندنی خوایە ، بەڵام مەولەوی لە زمانی خواوە دەڵێ

من نکردم خلق تاسودی کنم بلکه تا بر بندگان جودی کنم

واتا من نەم خۆلقاندووە تا قازانجێکم دەسکەوێ ، بەڵکو لەبـەر ئەو خۆلقاندوومە تا بە خشتێك بە بەندەکانی خۆم بکەم

دەروونیو بە ناوەرۆکێك کە لە تایبەتمەندی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی شتەکانو دیاردەکانەوە سەرچاوەدەگرێ واتا ئەوەی بەناچارو لە چوارچێوەی خاوەن‌یاسابوونو هەبوونی دیاریکراودا ، دەبێ بێ ئەملاو ئەولا بەو جۆرەو نە بە جۆرێکی تر ، بێتەپێش • بۆ نموونە سیستەمی سەرمایەداری بە ناچارو بە شێوەی پێویست ئەبێتە هۆی چەوسانەوەی کرێکارانی حەقدەست‌وەرگرو وێناچێ ئەو سیستەمە بێ ئەو ڕەوشتە ، هەبێ • بەڵام لەنەکاو بە نیسبەتی پێویستەوە ( کە لە سیستەمی کۆنی چەند چلۆنی دیاریکراو ، سەرچاوەی گرتووە ) ، لایەنی دەرەوەیی هەیە یان ئەوە کە بە هۆی لاوەکیو لقوپۆپی‌یەوە کە لەگەڵ ناوەرۆکی دیاردەی دیاریکراو، نەبەسراوەتەوە ، پێوەندیی هەیەو ئەوە شتێکە کە لە هەلومەرجی ئێستادا ، دەتوانێ پێش‌بێ یان پێش‌نەیێ ، دەتوانێ بەم شێوە ، بێتەپێش یان بە شێوەیەکی تر ، سەرهەڵداو بێتەپێش •

لەنەکاو ، لە هەمان‌کات‌دا ، کە بۆ خۆی شێوازی سەرهەڵدانی پێویستە ، هەر دیاردەیەکی پێویست لەسەرەتادا ، بە شێوەی شتێکی لەنەکاو ، دێتەپێش • بێجگە لەوە کاری لەنەکاویی خۆی بەسراوەتەوە بە هۆوە • واتا لە نەکاوو بوونی بە واتای بێ‌هۆبوونی نی‌یە •

ئەگەر لە جیهان‌دا تەنیا لە نەکاوەکان هەبایانو دیاردە پێویستەکان نەبایان ، جیهان ئەبووە خاوەن تایبەتمەندی‌یەکی بێ سەرەوبەرەو نارێك‌وپێك‌و ( کائۆتیك )و لەو کاتەدا پێش‌بینی ڕووداوەکانی جیهان، نەدەگونجاو ئەم وتە بەناوبانگە کە « هیچ شتێك مەرجی هیچ‌شتێك‌نی‌یە دروستی خۆی نیشان دەدا •

بە پێچەوانەش ئەگەر لە جیهان‌داتەنیادیاردەپێویستەکان‌هەبا یان هەر ڕووداوێك بێ ئەملاو ئەولا بایە ، جیهان پەسنی لەپێش‌دادیا ریکراوو

( فاتاڵ )ی بە خۆوە دەگرتو تێکوشانی مرۆڤ ، بێ ئاکام دەبووو نەدەکرا لە ڕەوتی ڕووداوەکان ، هیچ ئاڵوگۆڕێك پێك بێ •

بەڵام لەڕاستیدا پێویستو لەنەکاو،پێکەوەنو یەك لەوان لە هۆی خاوەن ناناوەرۆكو گرنگەوە،سەرچاوەدەگرێو ئەوی ترلەهۆی لاوەکیو لقوپۆپیو ناناوەرۆکییەوە ، سەر چاوەدەگرێ • بۆ نموونە گـەردەلوول گژەبایەك سەرهەڵدەداو دارێکی خاوەن پەیکەرو گەورە ، دەشکێنێ • ژیانی دارەکە کۆتایی پێ دێ • ئەم گژەبایە لەوبارەوە کە بووتە هۆی نەمانی ئـەودارە ، تەنیا لەنەکاوە چونکە دارەکان بەپێی یاساکانی تر ، لەنێودەچنو بە پیویستو بێ ئەملاو ئەولا گژەبا هۆی نەمانیان نییە بەڵام ئایا گەردەلوولو گژەبـا شتێکی بێ هۆیە ؟نە ، لە دەزگای ئاڵوگۆرە هەوایی( جـــوی )یەکاندا ، ڕوودانی ئەم گەردەلوولەش بە نۆرەی خۆی ، شتێکی پێویست بوو • هەر بۆیە دەڵێین لە نەکاو بە نیسبەتی سیستەمی دیاریکراو ، لایەنی دەرەوەیـی هەیەو لەو هۆیانەی کـە بۆ سیستەمـــی دیاریکـــراو نابەناوەرۆکـــیو لقوپۆپییە ، سەرچاوەدەگرێ •

ڕووداوی لەنەکاو دیمەنێکی تایبەتیو دووپاتبووەوە ، بـە دیـاردە پێویستەکان ، دەداە بۆ نموونە گشت ئەو گیانلەبەرانەی مەمکیان هەیە ، بە شێوەی پێویست لەبارەی فیزیۆلۆژییەوە ، خاوەنی چـــەنـد پەسنی تایبەتین کە ئاکامی گشتی پێویستی گەشەکردنن ، بەڵام لەنێوان ئـەواندا چـەند ڕەنگ شـێواز ، ئـەندازە ، تایبـەتمـەندی ژیانیو ( ئیکۆلۆژیك )ی زۆر جۆراوجۆر هەیە کە هۆیە لەنەکاوەکان، خۆلقێنەری ئەوانەن ( واتا ئەوانە بەرهەمی ئەو هۆیەلەنەکاوانەن ) •

یـان بـۆ نموونە لـــە کۆمەڵدا ، گەشتو تێپەڕبوون لە چوارچێوە ـرماسیۆنە ئابووریە کۆمەلایەتییە دیاریکراوەکاندا ، چەندین شێواز بە نوندی جۆراوجۆربە خۆە دەگرنو توندو شلبوونی ئاڵوگـــۆڕیان، بـە

چەند هۆی لە نەکاوی جۆراوجۆرەوە ، پێوەندیی هەیە•چونکە لە نەکاو سازگارەکانو ناسازگارەکان لە توندبوونیان شلو هێواش بوونی گەشەکردنی کۆمەڵدا ، دەوری زۆریان هەیە •

ئەمە بە شێوەی پێویستی‌یەکە کۆمەڵێك لە شێوەبەرهەمهێنانێك ، بەرەو شێوەیەکی تری پێشکەوتووی بەرهەمهێنان ، هەنگاو هەڵبگرێ •
بەڵام لەوەدا کە « چلۆنو بە دەستی چ کەسانێك » پێویست نی‌یەو پێوەندیی بە چەند هۆی لە نەکاوەوە ، هەیە[1]

سەرهەڵدانی پێویست لە شێوازی لەنەکاودا ، خۆی وا لەسەرچاوەی بوونی وێچوونەکاندا • ئەگەر لەنەکاو بایە ، وێچوون نەدەبووو دەبوو بێ ئەملاو ئەو لا بڵێین فلانە ڕووداو بە فلانە شێواز لە فلانە کاتدا ، ڕوودەدا ، بەڵام دەوری لەنەکاوەکان ، جۆرە خوارو ژێر یان جۆرە ئەملاو ئەولاکردنێك ، لە سەرهەلدانی پێویستەکان ، پێكدێنێ کە پێویستە یاساکانی وێچووەکان سەبارەت بە پێش‌بینی ، کەڵکیان لێوەربگیردرێ•

لەبەر ئەمە یەکێك لە بناخەکانی زانستی پێش‌بینی(پرۆگنۆستیك) ئەوەیە کە خاوەن ناوەرۆك لە بێ ناوەڕوك ، پێویست لەنەکاوە بە دروستی جیابکرێتەوە ، تا پێش‌بینی بگونجێ •

هەر بەم هۆیەلە بنەڕەتدا ، یاسا پێویستەکان ، ڕێگای خۆیان لە ڕەوتی بەرەوپێش‌چوونی مێژوودا ، بەشێوەی لانی زۆری وێچووەکان ئاوەلادەکەنو شێوازی مەیلەوگرنگو بەرچاوو زاڵەکان پەیدادەکەن ( یان ئەبنە خاوەنی ئەو شێوازە ) •

---

(۱) بۆ تێگەیشتن لەم مەسەلە سەرنجی دەوری کەسایەتی لە مێژوودا لە بەشی خاوەن پێوەندی بە ماتریالیزمی دیالێکتیکەوە ، بدەن .

پرسیاره کۆنترۆڵی‌یەکان

١ ـ پێویســـــت چی‌یە ؟ ٢ ـ لـــەنەکاو چی‌یــەو شـێوازە جۆراوجۆرەکانی کامەن ؟ ٣ ـ هۆی بنەڕەتی‌و ئەوە ئەوەیی گرنگ‌و هۆی ئەوەئەوەیی ( ماهوی ) ناگرنگ‌و لق‌وپۆپی چلۆن‌لە سەرچاوەی پێویســـــت‌و لەنەکاون ؟ ٤ ـ دەوری لەنەکاو لە تایبەتمەندیی خودی شتەکان‌و دیاردەکان‌دا ، کامەیە؟ ٥ ـ لەنەکاو چلۆن لەسەرچاوەی وێ‌چوونەکانە ؟ ٦ ـ لەبەرچی یاساکان بە شێوەی لانی زۆری وێ‌چوونەکان دێنەدەر یـــان خۆدەنوێنن ؟ ٧ ـ مەرجی ( پرگنۆستیکی ) زانستی چی‌یە ؟

## ٥ ـ وێ‌چوون‌و ڕاســـتەقینە :

وێ‌چوون چورتگەیەکە ، پلەیەکــە لــە بەربلاوبوونی ڕاســتەقینەی دیاریکراو ، بریتی‌یە لە بەوجودهاتنی شتێــك کەوا لە حاڵــــی‌وێ‌چـــوون ( ئیمکان )دا • هەر بۆیە ڕاستەقینە لە پلەی پێویســت‌و عـەینی‌دا ، بریتی‌یە لەبەربلاوبوون‌و بەرین‌بوونەوەی هەر شتێك‌و هەر دیاردەیەك •

بــە وتەیەکی تر وێ‌چوون ئەو شتەیە کە لە چورتکەی ئێستادا هێشتا لەدایك‌نەبووەو لە دەرەوەی زەین‌دا نی‌یەو سەری هەڵنەداوە ، بەڵام لە ئاکامی کاریگەربوونی یاسا دەروونی‌یەکان ، ئەو شت یــان دیـــاردە ، دەتوانێ بقەومێ‌و سەرهەڵداو ببێتە ڕاستەقینە • بەڵام ڕاستەقینە ئەو شتەیە کە ئێستا سەری‌هەڵداوە ، لەدایك‌بووەو هەیە • هەر بۆیە وجود دەتوانـــێ « وجودی خاوەن وێ‌چوون ( ممکـــن )یان وجـــودی »ڕاســـــتەقینە بێ وجودی ( ممکن )وجودی شـــت یان دیاردەیەکە بارهەڵگرو جێگاکانـــی سەرهەڵدان‌و لەدایك‌بوونی لە سکی یاساکانی گەشەکردن‌دا ، هەن‌و کاتێك ئەم زەمینەو جێگایانە لە ئاکام‌دا سەریان کێشا لای سەرهەڵدانی ئەو وجودە

« ممكن »وه ، ئێمه لەگەڵ بوونی ڕاستەقینەی ئەو شتە یان ئەو دیـــاردە، بەرەو ڕووده‌بین • بۆ نموونـە لە دەورەکانی دوایــیدا ، سەرهەڵــدانو بەرەوپێشچوونی دەربەگایەتی ، بوو بە هۆی ئەوە ، سەرمایـەداری بــە شێوەی وێچوون لە سکی ئەودا ، پەیدابێ • کاتێك ئەم وێچوونانە لــە ڕێگای شۆڕشە بورژوازی‌یەکانەوە لەدایك‌بوون ، بــوون بەڕاستەقینـەو خۆیان‌نواند • هەر بۆیە واتای سەرهەڵدانو بەرین بوونەوەی هەر شتێـك لەراستی‌دا بریتی‌یە لە چەند چلۆنایەتی کە لە ئاکامدا ئــەو شتە دەکاتــە ڕاستەقینە کە لە پێشوودا لە سکی‌دا بە شێوەی وێچــوون هــەبووە • گەشەکردن خاوەنی چەندین ڕەوتی بێ سنوورو هەتاهەتایی لەدایك‌بوونــی وێچووەکان ، گۆڕینی ئەوان بە ڕاستەقینەکانە • خودی ڕاستەقینەش بــە نۆرەی خۆی ئاڵوگۆڕی بەسەردادێو توانای بەرین‌بوونو بەربڵاوبوونی هەیەو لە دەروونی خۆی‌دا چەندین وێچوونی تازە ، دەگرێتەوە ، بــەڵام لە کۆی وێچوونە جۆراوجۆرەکــان کە لــە ســکی ڕاستەقینەیەکــی دیاریکراودا ، شاردراونەتەوە ، تەنیا یەك وێچوون هەیە کە بــە شێــوەی داڕێژراو ( کۆنکرت )و دیاریکراو ، لەدایك‌دەبێ •

وێچوون سێ بەشە:وێچوونی ڕواڵەتی ، وێچوونی ڕووتکراوەیی‌و وێچوونی ڕاستەقینە•وێچوونی ڕواڵەتی یان وێچوونی هۆش • واتــا ئەو وێچوونەی کە لە باری ژیربێژی‌یەوە ، لەمپەرێك‌بۆ ڕوودانی ، نی‌یە ، بەڵام بوونی وێچوونی هۆش‌و ژیربێژی بۆ ئەوەی ئەو شتە لەدایك‌بێ ، مەرجی پێویستە نەك مەرجی‌تەواو • ئەگەر وێچوونی ڕواڵەتی لــەگــەڵ یاسا عەینی‌یەکان‌دا ، لە کێشەدا بێ ، دەڵێین ئەم کــارە ، نەگونجە ( وەك وێچوونی داکەوتنی مانگ بۆسەر زەوی ، دروســـتکـردنی دنەدەری هــەتاهەتایی Perpetaum mobile کەلــە چــەرخەکانی نێوەڕاست‌دا ، کۆیەك لە بیری دروســــتکـردنی‌دابوون ، یان ڕاگرتنی

هەتاهەتایی سیستەمی سەرمایەداری ، لەڕێگای لابردنی هەمیشەیی کەم وکوڕی یەکانیەوەو شتی لەو چەشنە ) •

وێچوونی ڕووتکراوەیی،وێچوونێکە کە تەنیا لەباری ژیربێژیی یەوە، دژایەتیی تێدا نی یەو نایگرێتەوە ، بەڵکو لەگەڵ یاسا عەینی یەکاندا سازگارە(واتا موافقه) • بەلام بە کردەوە هەلومەرجی تایبەتی سەرهەڵدانی، وجوودی نی یە • نموونە دانیشتن یان نیشتنەوە لەسەر کورەی مانگ چەند یەی پێش ئێستا ، بریتی بوو لە وێچوونێکی ڕووتکراوەیی ، بەلام چونکە هەلومەرجی تایبەتی ئەو ئامادە نەبوو ، لەدایك نەدەبوو ، بەلام ئێستا وێچوونێکی ڕووتکراوەیی نی یە • بە پێی ئەم دوو ناساندنە واتای وێچوونی ڕاستەقینە ڕووندەبێتەوە • وێچوونی ڕاستەقینە خاوەنی سێ مەرجە لەباری ژیربێژی یەوە هەڵگری دژایەتی نی یە ، لەباری یەکگرسەوە لەگەڵ یاسا عەینی یەکاندا ، ئەم یەکگرتنە هەیە ، بێجگە لەوە هەلومەرجی تایبەتی لەدایك بوونی ، ئامادەیە • لێرەدایە کە بێ ئەملاو ئەولا ، وێچوون دەبێتە ڕاستەقینە •

لە کۆمەڵی ئینسانی دا ، زانیاریی مرۆڤ لەسەر یاساکانی گەشەکردنی سروشت و کۆمەڵ و کەڵك وەرگرتنی دروست لەم یاسایانە ، دەتوانێ ڕەوتی گۆڕانی وێچوون بە ڕاستەقینە ، توند تر بکا ، بەلام سنووری دەوری هۆی زەینی بێ لێوار نی یەو لوتتاریستەکان ( یان پەیڕەوانی ئیرادە ) ، پێیان وایە دەوری هۆی زەینی ، بەربلاوەو لەو بڕوایەدان کە ئیرادەو ویستی قارەمانەکان یان پێشڕەوەکانی شۆڕش ، بۆ وەدی هاتنی ئەو شتەی کە لە حورتکەیەکی دیاریکراودا ، « وێچوونی ڕاستەقینە » نی یە ، بەسە • ئەوان دەوری هۆیە عەینی یەکان کە دەبێ زەمینەو هەلومەرجی لەبارو پێویستی وەدی هاتنی یەك وێچوون بخولقێنن و سەربەخۆ لە ئیرادەی پێشڕەوەکان و سەرکردەو وەپێشکەوتووەکان کاربکەن ، لەبەرچاو ناگرن یان نرخی کەمیان بۆ دادەنێن •

ئێمه له باسی زاراوەکانی پێویستو لەنەکاودا ، سەبارەت بەزاراوەی گونجاو (أحتمال)قسەمانکرد • لێرەشدا دەکرێ له کۆتایی باسی وێچوونو ڕاستەقینەدا ، لەم زاراوه بدوێین •

**وێچوون ، گونجاو ( احتمال ) چی‌یه ؟**

پلەی سەرهەڵدانو وپێگەیشتنی وێچوون ( أمکان )که نیشانـــەی نزیك‌بوونەوه له ڕاستەقینەیه ، پێیدەڵێن احتمال • کاتێك دەڵێن دەگونجێ (یان هەڵدەگرێ وابێو وا بچێ ) فلان ڕووبدا ، بەو واتایەیه که هەلومەرجی غەینی وەدی‌هاتنی ئەو شته ، به پلەیەکی دیاریکراو لەبەرەوپێش چـــوون، گەیشتووه • بەلاّم لانی زۆری‌وێچوون ، قەلەمندارەو خاڵی دیاریکــراوی گۆڕینی چلۆنی وێچوون ، بەڕاستەقینەیه • له سروشتدا ئەم ئاڵوگۆڕه چلونایەتی‌یه ، ڕەوتێکه له هۆی خۆی‌لەخۆی‌دایه ( خۆبەخۆیه )و تەنیـــا بەهەلومەرجی عەینی‌یەوه ، پێوەندی هەیه نەك به هۆی زەینی‌یەوه • بەلاّم له کۆمەڵدا وەدی‌هاتنی‌وێچوون وەك وتمان ، نه تەنیا به هەلومەرجـــی عەینی ، بەڵکو به هۆیه زەینی‌یەکان وەك تێکوشانو کردەوەی تاقه کەس چینەکانو ئەو حیزبانەی که مێژوو دەخۆلقێنن ، پێوەندیی هەیـه • لـــەم زەمینەدا دەتوانین شۆڕشی کۆمەلاّیەتی وەك نموونه بێنینەوه کـه ببێتـه هۆی سەرهەڵدانی سیستەمێکی نوێ که وێ چوونەکەی هەیەو گـۆڕانی بەڕاستەقینەو ئاکامی تێکوشانی خۆلقێنەری شۆڕشی‌خەڵك وئەو ڕێکخرا • شۆڕشگێرییانەیه که پێوەندی‌یان به خەڵقەوه هەیه •

پرســـیاره کۆنترۆلـی‌یـەکان

١ ـ وێچوون چی‌یه ؟ ٢ ـ ڕاستەقینه چی‌یه ؟ ٣ ـ وێچوون چەند بەشه ؟ ٤ ـ وێچوونی ڕواڵەتی‌یان هـۆشی چـی‌یـه ؟ ٥ ـ نەگونجاو کامەیه ؟ ٦ ـ وێچوونی ڕووتکراوەیی چی‌یه ؟ ٧ ـ وێچوونی ڕاستەقینه چی‌یه ؟ ٨ ـ لەبەرچی‌پێرەوی کردن

لە ئیرادە ، نادروستە ؟ ٩ ـ وێچوونو گونجاولانی زۆری ئەو چی‌یە ؟ ١٠ـ لەبەرچی هۆی زەینی لە گۆڕانی چلۆنی وێچوون بە ڕاستەقینە لە سروشتدا ، دەوری نی‌یە ؟

**٦ ـ شێوازو ناوەرۆك ( شكل ومضمون )**

ئێستا لەگەڵ دوو زاراوەی پێکەوە بەستراوی تری دیالێکتیکی واتا شێوازو ناوەڕۆك ئاشنا دەبین • ناوەرۆك یان ناوئاخن چی‌یە ؟ ناوەرۆك بریتی‌یە لە کۆی شوێندانانە دوولاینە جۆراوجۆرەکانو تایبەتمەندیی جۆراوجۆری شت یان دیاردەو کردەوەکان ( فۆنکسیۆنەکان )ی ئەو شتو دیاردە • لە لایەکی ترەوە شتو دیاردەکان بریتی نین لە کۆیەکی نارێكوپێك لە توخمەپێكهاتووەکانو تێکخزانی پەرێشانی پێش‌هاتوو یا ڕوودەرو قەوماو• ناوەرۆکی هەر شتێك یان هەردیاردەیەك ، بە شێوەیەکی دیاریکراو، ڕێكوپێككراوە• یان بە وتەیەکی تر هەر شت یان دیاردەیەك بە شێوەی ڕێژەیی لە کاتو شوێنی دیاریکراودا ، بە بوونی خۆی درێژەدەداو دەمێنێتەوەو خاوەنی قەبارە(ستروکتور)ێکی دیاریکراوە• ئەم قەبارەی بە نیسبەت بەردەوامەی شت یان دیاردەکە ڕواڵەتیشی پێدەدا ، شێواز دەس‌نیشان‌دەکا •

بۆ نموونە لە کۆمەڵی ئینسانی‌دا ، هێزە بەرهەم‌هێنەرەکان کە وا لە پلەی جۆراوجۆری بەرەوپێش‌چوون‌دا ، ناوەڕوکی ئەو کۆمەڵە بەوجوددێنن ، بەڵام پێوەندی‌یە بەرهەم‌هێنەری‌یەکان یان شێوازەکان خاوەن‌ملکایەتیی تایبەتیی ئەو کۆمەڵە ، دیاری‌دەکا • یان بۆ نموونە دەگونجێ ، ناوەڕۆکی ڕووداوێکی شۆڕشگێڕی ، لە شێوەی شیعرێکی هۆنراوەدا ، بنووسرێ یان بە شێوەی تابلۆیەکی نگارکێش ،ڕەنگ‌بداتێ وە یان لەسەر گۆڕەپانی شانۆ، نیشان‌بدرێ • لێرەدا شێوازی هونەری ( ئەدەبیات ، وێنەگەریو نگارکێشی شانۆ ) جۆراوجۆرە ، لە حالێکدا ، ناوەرۆك « ڕووداوێکی شۆڕشگێڕی » یە •

شێوازی بێ ناوەڕۆك‌و ناوەڕوكی بێ شێواز وجودی دەرەوەییی نی‌یە • بەرفراوانبوون لە گەشەکردنی هەر شتێك لەگەڵ ناوەرۆکی ئەو شتەدا ، دەس‌پێدەکا • ئاڵوگۆڕ لە ناوەڕۆكدا یە کە لەشێوازو جۆری جم‌وجوڵو لایەنی ئاڵوگوڕە دیاریکراوەکان ، بە مەرجەوە دەبەستێتەوە • بۆنسوونە ئاڵوگۆڕێك کە لە قەبارەی شێوازی (ستراکتور مۆرفۆلۆژیك)ی گیانلەبەرەکان ، لە تێپەڕکردنی گەشەکردنی درێژخایەنی جۆرەکان ، دێتەپێش ، ئاکامی ئاڵوگۆڕە ناوەڕوکی‌یەکانە ، واتا بەرهەمی ئاڵوگۆڕ لە فۆنکسیۆنەکان‌و ئەو کردەوانەی کە لە جەرەیانی سووتان‌و سازان‌و لێکەم‌بوونەوەو خۆڕاگریی گیانلەبەری دیاریکراودا بەئەنجام گەیشتووە کە خۆی‌بەرەو بەرهەمی چەندین یاسای سروشتی ترە•بەلاّم هەڵەیە ئەگەر وا بیربکەینەوە ، شێواز تەنیا پەیرەوێکی بێ‌دژکردەوە( منفعل )و پاسیفی ناوەرۆکە • شێواز خۆی لە ئاڵوگۆڕی خۆیدا خاوەنی سەربەخوییی ڕێژەیی‌یە • بەم واتایە کە شێواز بە نۆرەی خۆی، جەرەیان‌و ڕەوتی گەشەکردن ، توند یان شل‌دەکا ، ناوەرۆك لەباری ئاڵوگۆڕەوە ، لە شێواز توندتر ، نی‌یە •

لە ڕەوتی ئەو ململانێ‌یەدا ، کە لەنێوان شێوازو ناوەرۆكدا دێتەپێش دەتوانین ئەم بارانەی خوارەوە ، دەس‌نیشان‌بکەین

ئا ــ نێوان شێوازو ناوەرۆك هاوکێشیی‌هەیە •

بێ ــ کێشەو ناتەبایی لەنێوانیاندا ، پەیدادەبێ • ناوەرۆك دەچێتەپێش‌و شێواز ، وەدوادەکەوێ • شێواز هەوساری گەشەکردنی ناوەرۆك ڕادەگرێ‌وپێش بەو گەشەکردنەی دەگرێ •

جێ ــ ململانێی توند لەنێوان شێوازو ناوەرۆكدا ، ڕوودەداو بەرەبەرە ، شێوازێکی نوێی شیاوی‌ناوەرۆکی نوێ سەرهەڵدەدا •

جاری وایە ناوەرۆکی نوێ دەتوانن لە شێوازە کۆنەکان کەڵکوەربگرێ • وەك ئەوە کۆمەڵی سۆسیالیستی لە شێوازە کۆنە سیاسیو ئابووری‌یەکانی پاشماوەی دەورانی سەرمایەداری ( بێگومان بە ئاڵوگۆرپێك‌هێنان لەکردەوەی ناوەرۆکی ئەودا ) ، کەڵك وەردەگرێ • وەك کەڵکوەر گرتن لە بازاڕ ، بانگ ، نرخ ، قازانجو شتی لەو چەشنە •

شێوازو ناوەرۆك بەتایبەت لە هونەردا ، گرنگی‌یەکی زۆری هەیە • لێرەش‌دا ئەوەی لەپێشە ، نا وەرۆکە ، بەلام شێواز کە لە شێوەی ژانیرەکان، قوتابخانەکان یان سەبکەکاندا ، خۆدەنوێنێ ، بە نۆرەی خۆی گرنگەو جاری وایە گەشەکردنەکەی ، پەیڕەوی یاسا تایبەتی‌یەکانی خۆیەتی • بەم حاڵەش بەربلاوکردنی شێواز ، سەرئەکێشێتە لای شێوازپەرستی یان فۆرمالیسمەوە •

ڕیشەی نوێ‌هێنانی هونەری لە ناوەڕۆکدایە ، بەلام سروشتی‌یە نۆی‌هێنان لە ناوەڕۆکدا ، سەرئەکێشێتە لای نۆی‌هێنان لە شێوازیش‌دا ، واتا پێکەوەن •

## پرسیارە کۆنترۆڵی‌یەکان

١ - ناوەرۆك چی‌یە ؟ ٢ - شێواز چی‌یە ؟ ٣ - پێکەوەبەستراو شێوازو ناوەرۆكو لە پێش‌بوونی ناوەرۆك واتای چی‌یە ؟ ٤ - پێوەندیی شێوازو ناوەرۆك شی‌بکەنەوە • ٥ - ململانێی شێوازو ناوەرۆك لە چەند چلۆنایەتی تێپەڕدەبێ ؟ ٦ - ئایا ناوەرۆکی نوێ ، دەتوانێ لە شێوازە کۆنەکان ، کەڵکوەربگرێ ؟ ٧ - گرنگیی شێوازو ناوەرۆك لە هونەردا ، ڕابگەیەنن • ٨ - نوێ‌هێنان‌واتای چی‌یە ؟ ٩ - شێوازپەرستی یان فۆرمالیسم چی‌یە ؟

## ٧ ـ نـاوەرۆك ( ماهیت )و دیـاردە

ناوەرۆكو دیاردە دوو پەسـنی دیاریكەری گرنگی شتەكانو دیاردەكانن كە لەباری دیالێكتیكەوە ، پێكەوە پێوەندی‌یان هەیە • ماهیت چی‌یە ؟ ماهێت ڕاگەیێنەری یاسا تایبەتی‌یەكانی بابەتی دیاریكراوو پێوەندیی دەروونیی ئەوە كە لاینەجۆراو جۆرەكانی بە یەك شێوازءدەردێنێ • هەر بۆیە ماهیت تایبەتمەندی‌یە جۆراوجۆرەكانی بابەتی دیاریكراو ئاشكرا دەكا •

بەڵام دیاردە ، تایبەتمەندی‌و نیشانە دەرەوەیی‌یەكانی بابەتی دیاریكراوەكە ناسینی هەستی ئێمە ( واتا هەستكردن ، دەركی هەستی‌و ئەندێشەكان ، ) لەو تێدەگا • لە دیاردەدا ئەو یاسایانە سەرهەڵدەدەن كە ناوەرۆك ( ماهیت )ی بەشێكی دیاریكراو بەوجوددێنن •

لە مەسەلەی چلۆنایەتیی ماهیتو دیاردەو پێوەندیی ئەوان پێكەوە ، لە فەلسەفەدا باسێكی فراوان كراوە • هێندێك وەك كانت پێیان وایە كە ماهیت یان ( نومن ) ، ناناسرێو هۆشی ئینسانی ، تەنیا دەتوانێ بە دیاردە فنومن بگاو بیناسێ •

هێندێكی تر ( وەك ئەفلاتوون لە فەلسەفەی كۆنی یۆنانو هیگل ، لە فەلسەفەی كلاسیكی ئاڵمان ) ، پێیان وایە كە ماهیتەكان تەنیا لە هۆش دانو دیاردەكان لە شێوازی هەستپێكراوەكاندا ، خۆدەنوێننو دیمەنێكی پەستو بێ توانا لە گەوهەری رۆحانی‌و عەقڵانین •

هێندێكیش ( وەك فیلسوفی ئیدەئالیستی ئینگلیس ، ئوسقوف بركلی یان فیلسوفی ئەمپریو كریتیسیستی ئاڵمانی ، ماخ ) ، لە بنەرەتدا لە وجودی ماهی‌یەت بۆ شتەكان ، نكوولیانكردو وتیان شتەكان تەنیا كۆی هەستپێكراوەكانی ئێمەنو لەوپەڕی‌هەستپێكراوەكانی ئێمەوە ، شتێكی‌تر

نی‌یەو ئێمە سەبارەت بەم بیروڕایانە لــە ڕابوردووش‌دا ، بـە کــورتـی
وەبیرهێنانەوەیەکیشمان ، هەبوو •

بەڵام ماتریالیزمی دیالێکتیك ، دوو زاراوەی ماهی‌یەت‌و دیاردە بـە
ڕاستەقینەو عەینی دەزانێ• لینین دەڵێ ماهی‌یەت پەیدادەبێ، سەرهەڵدەداو
دیاردە خاوەنی ماهی‌یەتە• خاڵی گرنگ لێرەدایە کە دیاردە هەمیشە لەگەڵ
ماهی‌یەت‌دا ،یەکناگرێتەوەو دەتوانێ، بە شێوەیەکی لارێیانە ،ڕایبگەیەنێ•
بۆنەوە مارکس دەیوت: ئەگەر شێوازی سەرهەڵدان‌و خۆ نیشاندان یان
( دیاردە ) ، لەگـەڵ ماهی‌یەتەکـان‌دا ، یەکی‌بگرتبـایە ، زانســتەکان ،
زیادی‌دەبوون • چونکە ئەرکی زانست بریتی‌یە لە لێکۆڵینەوەو تێگەیشتن
لە ماهی‌یەتەکان لە پشتی پەردەی دیاردەکانەوە • یان‌بەو واتایە کــە لـە
فەلسەفەی کلاسیکی چەرخەکانی نێوەڕاستی ئێمەدا ، باوە، بریتی‌یە لــە
تێگەیشتن لەدەروونی کاروبارەکان لەپشتی ڕواڵەتەکانیانەوەو تێگەیشتن لە
پەسنە دەروونی‌یەکانیان لە پشت پەردەی شێوازو شێوەکانیانەوە • دیاردە
لە ماهی‌یەت جۆراوجۆرترە، چونکە تەنیا بریتی‌نی‌یە لە کۆیەك لە پێوەندی‌یە
بنەڕەتی‌یەکان، بەڵکو پێوەندیی لەنەکاوەکان‌و تاقانەش لەودا، ڕەنگدەداتەوە،
یان جێی‌خۆش‌دەکا • بێجگەلەوە، دیاردە جم‌وجوڵی لە ماهی‌یەت زیاترەو
ماهی‌یەت ، بەردەوامترو ڕەوتی بەرەوپێش‌چوونی توند ترو هێواش‌تر لـە
دیاردەیە • لە ڕێگای بیری‌ڕووتکراوەیی تێئوریکی، نــەك لــە ڕێگـای
هەستەکانەوە ، دەتوانین لە ماهی‌یەتەکان ، بگەین‌و لێشیان‌حاڵی‌بین •

ناسینی تێئوریکی،شت لە دۆخی تایبەتی مێـژوویی خـۆی‌دا وەك
سیستەمی بەگرێ‌وگۆڵی دیالێکتیکی یاساکان‌و پێوەندی بەپێویستەکـان،
نیشان‌دەداو بەم‌جۆرە ، ناوەرۆك‌و ماهی‌یەتی شت ، دەردەخا • ئێســـتا
بۆ ئەوە ڕوونتر لە ماهی‌یەت‌و دیاردەو ئەوە کە تێگەیشتن لە دیاردە هیـچ
جۆرێك بۆ تێگەیشتن لە ماهی‌یەت بەس نـی‌یە ، بگەیــن ، نمـــوونەیەك

دێنینەوە بۆ نموونە کاتێك بروسکەکارەبایەك لە دەروونی هەورەکاندا دەدرەوشێتەوە ، چاوی ئێمە تەنیا درەوشانەوەکە دەبینێ • ئەم درەوشانەوە ، بێجگە لە دیاردە شتێکی تر نی یە ، بەڵام ماهی یەتو ناوەڕۆکی ئەم دیاردە بریتی یە لە « بەتاڵ یان خالی کردنی جەرەقەو بروسکەی زیاد لە ئەندازە بەهێزی ئەلێکتیریکی لە هەورەکان »داتەنیا ئەندێشەی تێئوریکی لەسەر بناخەی ئەزموون ، دەتوانێ ئەم ماهی یەتە ، بدۆزێتەوەو دیاردەخۆی لە خۆیدا ، ڕاگەیێنەری ئەونی یە •

بەڵام بێگومان وەها نی یە کە لەنێوان دیاردەکانو ماهی یەتەکاندا پێوەندی نەبێ • لە هەر دیاردەو شێوەدا ، دیاردە داستانی ماهی یەت ، دەگێڕێتەوە • لینین دەڵێ لە جموجوڵی چۆمدا کەف لەسەر ئاو وەك دیاردەیەو ڕەوتی دەروونو قوڵایی ئاوەکە ، ماهی یەتە • لەم نموونەدا ، بە هەر شێوە ، کەف لەسەر ئاوەوە ڕاگەیێنەری ئەو قوڵایی یەیە • بە وتەیەکی تر ، دیاردە داستانبێژی ماهی یەتە •

خالێکی گرنگ کە سەبارەت بە پێوەندی یە ناسازگارەکانو جاری وایە پێوەندی یە بەراوەژووەکانی ماهی یەتو دیاردە، باسمانکرد، بە هێندێك نموونەهێنانەوە ، ڕوونی دەکەینەوە

دیاردەیەك کە دەبیندرێ ئەوەیە کە هەتاو بەدەوری زەویدا ،دەگەڕێ، بەڵام لێکۆڵینەوەی زانستیو تێئوریکی، نیشانیدا کە ڕووداوەکە بە پێچەوانەیەو ئەوە زەوی یە کە بە دەوری هەتاودا دەسووڕێ •

یان بۆ نموونە لە ڕواڵەتدا وا دەبیندرێ کە کۆمەڵ لە ئاکامی کردەوەی تاقە کەسانەوە، ئاڵوگۆڕی بەسەردادێو کردەوەی ئەوان ئاکامی ئەندیشەی ئەوانە • هەر بۆیە دەتوانین ئاوا ئاکاموەربگرین کەبیروڕای ئینسانەکان، ماکەی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵە • ئەمە بەڕاستی ئەو هەڵەیە کە زۆر لە خاوەنبیرەکان کە تێکۆشان لە خودی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵبگەن ،

تووشی بوون ، یەك لەوان زانای ئێرانی کەسرەوی پێی وابوو پاكوخاوێن کردنەوەی مێشك لە «خراپ فێربوونەکان»مەرجی بـــە وجـــوودهێنانـــی ئاڵوگۆڕی بەرەوپێش چوو لە کۆمەڵدایـــە ، چـونـــکە پێی وابوو بیر سەرچاوەی کردەوەو سەرچاوەی ئاڵوگۆڕە •

بەڵام ماهیەت بەو جۆرە نیە • لەڕاستیدا هۆی ئاڵوگۆڕ بریتیە لە شێوەی بەرهەم هێنانو نیعمەتە مادیەکانو گەشەکردنی خۆبەخـۆی هێزە بەرهەمهێنەرەکان کە دەبێتە هـــۆی گـــۆڕانی پێوەندیـــەکانی بەرهەمهێنانو لەئاکامدا هۆی گۆڕانی ژیانی مەعنەوی کۆمەڵ• هەر بۆیە ئاڵوگۆڕپێكهاتن لە بیردا ، ئاکـــامی ئاڵوگۆڕی عـــەینـــی کومەڵەو نەبە پێچەوانەکەی • واتا نە بەو جۆرە کە ئالوگۆڕی کۆمەڵ ئاکامی ئاڵوگۆڕی بیـــر بـــێ •

ئەم نموونانە نیشان دەدەن کە جاری وایە دیاردەکانو ڕوالەتەکان هەڵفریوێنەرنو تەنیا بە هۆی لێکولینەوەو شـــیکردنەوەی دیالێکتیـــکی، دەتوانین بە ماهیەتی ڕاستەقینە بگەینو واتای قوولی قسەی مارکس کە دەیگوت :ئەگەر دیاردەکان لەگەڵ ، ماهیەتەکاندا یەکیان بگرتبـایـە زانست بێ بابەت دەمایەوە ، ئا لێرەدایە •

هەر لە نموونەی ڕواڵەتو پەسنە دەروونیەکانیشدا کە سەبـارەت بە تایبەتمەندیە ئاکاریەکانی ئینسانەکان باسدەکـرێ ، ئەم مەبەســـتە ڕاستە•شێوازی ڕواڵەتی دیمەنێکی لەبارو پەسند یان نالەبارو ناپەسند ، هۆ بۆپەسنی دەروونیی شیاوو هاوکێشو سازگار لەگەڵ ئەودانیە • پەسنی دەروونی یا تایبەتمەندیی ڕاستەقینەی تاقە کەسێك تەنیا لە ڕێگای ئەزموونی درێژخایەنەوە ، دەناسرێو جاری وایە پێشدێ کە شێوازی ڕواڵـــەتـــی لەگەڵ پەسنی دەروونی کەسەکاندا ، یەکناگرێتەوە• مەبەستی ئێمە لـــە ڕواڵەت لێرەدا ، ڕەفتاری ڕواڵەتیە ، نەكدەمو چاو و دیمەنو قەلاڤەت •

## پرسیاره کۆنترۆلی‌یەکان

١ ـ ماهی‌یەت بناسێنن • ٢ ـ دیاردە بناسێنن • ٣ ـ چ باسێك لە فەلسەفەدا سەبارەت بەماهی‌یەتو دیاردە هەیە ؟ ٤ ـ یەکنەگرتنەوەی ماهی‌یەتو دیاردە واتای چی‌یە ؟ لەم بارەوە چەند نموونە بێننەوە • ٥ ـ دەوری بیرکردنەوەی تێئوریك چی‌یە ؟ ٦ ـ لەبەرچی دیاردە لە ماهی‌یەت دەولەمەند ترە ؟ ٧ ـ لەنێوان مەسەلەی ڕواڵەتو پەسنی دەروونی لە کەسەکاندا و مەسەلەی دیاردەو ماهی‌یەت ، چ پێوەندی‌یەك هەیە ؟

## ٨ ـ ژیربێژیو مێژوویی

مێژوو واتا ڕەوتی ڕاستەقینەی سەرهەڵدانو پێکهاتنی شت یان دیاردەی دیارکراو• ژیربێژی واتا پێوەندی‌یەکان ، یاساکانی پێوەندی‌یەکانو کارگەریی دوولایەنەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو شت یان دیاردە ، کە وا لەباری گەشەکردندا •

پێوەندیی مێژوویی لەگەڵ ژیربێژیدا وەك پێوەندی ڕەوتی سەرهەڵدانو گەشەکردنە ، سەبارەت بە ئاکامەکەی لە تێپەڕکردنیدا ، بەو پێوەندی‌یانەی کە لە شێوازی شێلگیرو درێژەدان لە ڕەوتی گەشەکردندا، وەدی‌هاتوون • بە وتەی ئەنگلس « بە سەرهەڵدانی تەواو شێوازی کلاسیکی خۆیان » گەیشتوون •

ژیربێژیو مێژوویی وان لەیەکبوونی دیالێکتیکی‌داو لە هەمان کاتدا دژبەیەکن • یەکبوونی لێرەدایە کە

١ ـ مێژوویی بەو ئەندازە کە لە ڕەوتی گەشەکردنی خۆیدا خاوەن‌یاسابوونی تایبەتی خۆی بۆ ئەوەی بە ئاکامە دیاریکراوەکان بگا ، دەگرێتەوە ، بەو ئەندازەش باری ژیربێژی دەگرێتەوە •

٢ - یەکبوونی مێژوویی‌و ژیربێژی لەوەدایە کە پێوەندی‌یەکانو پێکەوەبەسراوەیی یەکانی لایەنەکانی گشتی‌یەکی دیاریکراو ، مێژووی سەرهەڵدانی ئەو گشتی‌یەو پێك‌هاتنی ( ستروکتور )ی تایبەتی ئەو رادەگەیەنێ • ئاکامی ژیربێژی لەڕاستی‌دا بە شێوازێکی دوور لەبەشەکانو کاکڵەکراوو سیی‌کراوە،ڕەوتی لەدایك‌بوونی گشتی ، دەگرێتەوە • لەم ئاکامانەدا گشت لارووێری‌و پێچوخواری‌یێکی گەشەکردنی جەرەیان ( پروسە )و گشت کاروبارە لە نەکاو تێپەڕیوەکان ، لادەبرێن • هەر بۆیە بەکگرتوویی ژیربێژی لەگەڵ مێژوویی‌دا ، تەواو نی‌یەو ڕێژەیی‌یە • بە وتەی ئەنگلس «ژیربێژی بریتی‌یە لەمێژوویەکی کاکڵەکراوو ڕاس‌وڕێس‌کراو »• بەڵام خودی ئەم کاکڵەکردنو ڕاس‌وڕێس کردنە، بەپێی یاساکانی ڕاستەقینەی عەینی ، بەئەنجامدەگا ، نەك بە شێوازی دڵخوازو لەخۆڕا • هەربۆیە شێوەی رەنگدانەوەی یەك ڕاستەقینە لە شعوری ئێمەدا لەباری مێژوویی‌یەوە جۆرێکەو لەباری ژیربێژی‌یەوە ، کە ئاکامە کاکڵەکراوو بێ‌خەوشە مێژوویی‌یەکان ڕادەگەیەنێ ، جۆرێکی‌ترە • لێرەدایە کە شێوازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەگەڵ شێوەی لێکۆڵینەوەی ژیربێژی، جیاوازییان هەیە•ئەرکی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بریتی‌یە لە دۆزینەوەی هەلومەرجەکانو زەمینەدیاریکراوەکانی ئەم یان ئەو دیاردە لەوەدوای‌یەکداهاتن‌و پلەمێژوویی‌یەکانی‌دا•بەڵام ئەرکی لێکۆڵینەوەی ژیربێژی بریتی‌یە لە دۆزینەوەی ئەو دەورو ئەرکەی کەتوخمە جۆراوجۆرەکانی سیستەمێکی دیاریکراو، لە پێك‌هێنانو تێکەڵاوکردنی گشتی خۆیاندا ، ئەیگێڕن • بەڵام لەبەرئەوە هەر گشتی‌یەك خاوەنی گەشتێکی تایبەتی دیاریکراوە ، لێکۆڵینەوەو شی‌کردنەوەی مێژوویی کە بۆ (کردنەوەی) گرێ‌وگۆڵی لێکۆڵینەوەو شی‌کردنەوەی ژیربێژی‌و بە قسەی مارکس «شی‌کردنەوەی لەشی مەیموون ، کلیلی شی‌کردنەوەی لەشی ئینسانە »•

مەسەلەی یەکبوونو جیاوازیی ژیربێژیو مێژوویی‌و دوو شـێوازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی‌و لێکۆڵینەوەی ژیربێژی کە لەو سەرچاوەدەگرێ، بۆ بیرکردنەوەی ژیربێژی گرنگیی زۆری‌هەیەو فێردەکا کە بۆ تێگەیشتن لە یاسا ژیربێژی‌یەکانی گەشەکردنی یەك شت یان دیاردە ، دەکرێ لـــە لێکۆڵینەوەی مێژووی گەشەکردنی ئەو شـــت یـــان دیاردە ، یارمـەتی وەربگیردرێو بە نۆرەی خۆی دۆزینەوەی پەســـنو تـایبەتمەنـدی‌یە ژیربێژی‌یەکانی گەشەکردنی ئەو شت یان دیاردە ، ئەو توانایی‌یە بە ئێمـە دەدا کە باری لێکۆڵینەوەی مێژوویان قووڵتربکەین •

پرسیارەکۆنترۆڵی‌یەکان

١ - مێژوو چی‌یە ؟ ٢ - ژیری‌بێژی چی‌یە ؟ ٣ - یەکبوونی ژیربێژیو مێژوویی لەکوێ دایە ؟ ٤ - جیاوازیی ژیربێژیو مێژوویی لەکوێ‌دایە ؟ ٥ - تایبەتمەندی‌یەکانی لێکۆڵینەوەی ژیربێژی چی‌یە ؟ ٦ - تایبەتمەندی‌یەکـانی لێـــکۆڵینەوەی مێژوویی چی‌یە ؟ ٧ - یەکبـــوونو جیـــاوازیی ژیربێژیو مێژوویی ، چ فێردەکا ؟

# بەندی شەشەم

# ڕێگای دیالێکتیکی ناسینی ڕاستەقینەی عەینی

### ١ - تیئۆری‌ناسین ( گنۆسئۆلۆژی ) چی‌یە ؟

تیئۆری‌ناسین یا گنۆسئۆلـۆژی بەشی گـــرنگ لـــە فەلســـەفەی مارکسیستی‌یە گنۆسئۆلۆژی بریتی‌یە لەفێرکردنی ناوەرۆك «ماهی‌یەت»و خاوەنقانوونبوونی ڕەوتی‌ناسین •

ناسین بریتی‌یە لە ئاشنا یان شارەزابوونی ئینسان لە ڕەوتی کـــاری بەرهەمهێنەر یان لە ڕەوتی شی‌کردنەوەی ئەزموونی زانستی لـــەگـەڵ ڕاستەقینەی جیهانی دەرەوەو ڕەنگدانەوەی ئەم ڕاستەقینەیە لە زەین‌دا •

مەسەلە گرنگەکانی تیئۆریی ناسین بریتین لە بابەتو سەرچاوەی ناسینی مرۆڤ کامەیە ؟ چ شتێك لە بنچینەی ناسینی ئێمەدا هەیە ؟ چ دنەدەرێکدەبێتە هۆی جموجوڵو بەرەوپێشچوونی ؟ ڕەوتی ناسین لە چەند پلەوە تێپەڕدەبێ ؟ ڕێوڕەسمو شێوازە جۆراوجۆرەکانی ناسین کامەن ؟ ڕاستی چییە ؟ چ پێوەندییەك لەنێوان تێکۆشانە ناسینییەکانی ئینسانو کردەوەی ئەودا هەیە ؟

هەروەك لە ڕابوردووشدا باسمانکرد ، باسی ناسین ( کە لە فەلسەفەی سکولاستیك )ی چەرخەکانی نێوەڕاست لە وڵاتی ئێمەدا ، ناوی « باسی وەدەستهێنانی زانستە »، بە چەند شێوەی جۆراوجۆر کەوتووەتە بەرباس• فیلسوفە ئیدئالیستەکان کە پێیان وایە ڕوح وا لە پێش مادەدا ، بە ناچاری لەسەر ئەو بڕوایەن کە ناسین جۆرە « تێشکدانەوەیەکە ، جۆرە فڕێدانی ڕووسکەیە و بەرەو جێگای وەر گرتنی ناسین• پێیان وابوو زانست لە لایەن سەرچاوەی خواییەوە دێتەروحو ویژدانی مرۆڤەوە • برێکلی پێیوابوو دانانی » وێنەکانە لە روحی مرۆڤدا کە لە لایەن دانەری گشتییەوە واتا خوا بەئەنجامدەگا •

فیلسوفانی ئەگنۆستیك وەك کانت ، پێیان وابوو ناگونجێ مرۆڤ لە زاتی شتەکان تێبگاو چوارچێوەی هۆشی ناسینخوازی ئێمەیان ، بەرتەسكدەکردەوە• سانوالیستەکان ( هەستپەرستان )،پێیان وابوو تەنیا هەستپێکراوەکان ، بناخەیان هەیەو مرۆڤ ناتوانێ لەوپەڕی سنووری ئەوانەوە لە شت بگا•ئێمە وتمان کە ئەم سەفسەتە ئیدئالیستیانە ( ناڕاست لە جێگای ڕاستدانان ـ سەفسەتە )کە گشتیان لەسەر بناخەی هەڵەیەکی بنەڕەتی دانروان ، واتا لێرەوە سەرچاوەدەگرن پێیان وایە شعوور لەپێش مادەدایە بێبنو بێ بناخەیەو جیهان مادیو ڕاستەقینەو عەینییەو بۆ ناسین دەبێ •

ماتریالیستەکان ( لە دیموکریتەوە بگرە تا فویرباخ )،لە درێژایی مێژوودا لەم هەڵە بنەرەتی‌یە ، ئازادبوون‌و تووشی‌نەبوون‌و هەر بۆیە وا تێدەگەیشتن کە زانست‌و ناسینی ئینسانـــی ، بێجگە لە ڕەنگـــدانەوەی ڕاستـەقینەی دەرەوەیی لە مێشکی ئێمەدا ، ناتوانێ شتێکی تر بێ • بەڵام بیروبۆچوونـی ناسین لای ئەوان « میتافیزیکی »یە• واتا ئەوان پێیان وایە ئەم ڕەنگدانەوە، ڕەنگدانەوەیەکی پاسیف‌و بێ‌دژکردەوە وەك ڕەنگدانەوە لە ئاوێنەدا وایەو لە دەوری‌کردەوە،دەوری پێوەندیی ئینسانی‌ناسین‌خواز لەگەڵ گەشەکردنی مێژوویی‌و دەوری خاوەن دژایەتی‌و پێچەوانەی یەکتری ، ڕەوتی ناســـین نەدەگەیشتن • سەبارەت بە گشت ئەم خاڵانە کـە نیشانـدەری تێئوریـی دیالێکتیکی‌ناسینن ، لەم باسەدا ، چەند شی‌کردنەوەمان دەبێ •

مارکسیسم پیێ‌وایە کە مرۆڤی دۆزێنەرەوەی‌ناسین ، کەسێکی تـــاق‌و تەنیا نی‌یە ، بەڵکو لە کۆمەڵدا دەژی• بوونەوەرێکی بیۆلۆژیکی نی‌یە کـە وەك گیا یان گیانلەبەری تر ، خۆی بە شێوازی بێ‌دژکردەوەو پاسیف لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا ، سازگار بکا ، بەڵکو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی‌یە کـە بە شێوەی تێکۆشەرانەو چالاك ، لەسەر جیهانی دەوروبەر ، شوێن دادەنێ‌و لە ڕەوتی تێکوشانی خۆی‌دا ، ئاڵوگۆڕ بەسـەر جیهـانـدا دێنێ • شـتـە مادی‌یەکان‌و دیاردە سروشتی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان، تا ئەو جێگا دەبنە بابەتـی ناسینی مرۆڤ کە دێنە نێو جەغزو دایرەی تێکۆشانی کۆمەڵایەتی ئـەوەوەو مرۆڤ ئەم شت‌و دیاردانە تا ئەو سنووره دەناسێ کە بتوانێ ئەوان بکاتـــە بابەت‌و ئامرازی تێکۆشانی خۆی•هەر بۆیە ناسینـــی مرۆڤ لە کـــردەوەوە سەرچاوەدەگرێ • کردەوە لە جۆرەها شێوازی ئەودا بناخەو ماکەو هێـزی دنەدەرو پێوانەی ڕاستی‌یە • ناسین بریتی‌یە لە جەرەیانی تێکـۆشەرانـــەو خولقێنەری خاوەن بناخە کردنی تێئوریکی چالاکی کردەوەی ئینسانی‌و لەبەر ئەوە کە شتەکان‌و دیاردەکان ، وان لە ئاڵوگۆڕی بێ‌پسانەوەدا ، جەرەیان‌و ڕەوتی ناسینیش ، کۆتایی پێنایەت •

ناسینی مرۆڤ شێوازی گرێوگۆڵدارو بەرزیی ڕەنگدانەوەیەو ئێمە جارێکی تر ئەم زاراوە گرنگە ، شیدەکەینەوە •

پرسیارە کۆنترۆلی‌یەکان

١ ـ گنۆسئۆلۆژی چی‌یە ؟ ٢ ـ مەسەلە گرنگەکانی گنۆسئۆلۆژی کامەن ؟ ٣ ـ ئیسکۆلاستیکی ئێمە باسی زانستی،چلۆن چارەسەرکرد ؟ ٤ ـ ئیدەئالیستەکان سەبارەت بە ناسین ، چی دەڵێن ؟ ٥ ـ ئاگنۆستیکەکان چ دەڵێن ؟ هەڵەی ماتریالیستە میتافیزیسی‌یەنەکان لەم بارەوە چی‌یە

٧ ـ ماتریالیزمی دیالێکتیك چلۆن لە ڕەوتی ناسین تێدەگا ؟

٨ ـ چالاك‌و خۆلقێنەربوونی مرۆڤ لە جەرەیانی ناسین دا،واتای چی‌یە؟ ٩ ـ دەوری ناسین لە ڕەوتی کردەوەدا ، چی‌یەو لەبەرچی دەڵێن خاوەن‌بناخەکردنی تێئوریکی تێکۆشانی کردەوەی ئینسانی ؟

## ٢ ـ ڕەنگدانەوە چی‌یە ؟

ئێمە سەبارەت بە ڕەنگدانەوە لە ڕابوردوودا ( لە باسی مادەو شعوردا)، قسەمان‌کردوە • ئێستا دەمانەوێ ، بە هۆی دەوری ناوەندیی ڕەنگدانەوە لە ڕەوتی ناسین‌دا ، جارێکی تر وەبیری‌بێنینەوەو مەبەستەکانی ڕابوردوو ، تەواوبکەین •

ڕەنگدانەوە ، پەسنی گشتیی مادەیەو بریتی‌یە لە لێوەشاوەیی جەستەکان یان سیستەمە مادی‌یەکان کە بە هۆی ئاڵوگۆڕی دەروونیی خۆیانەوە ، تایبەتمەندی‌یەکانی ئەو جەستە یان سیستمانەی کە لەگەڵ ئەواندا ، کردەوەی دوولاینەیان هەیە ، بەشێوەیەکی تر بیان‌خولقێنن • بۆ نموونە مێشکی مرۆڤ سیستەمێکی مادی‌یە کە دەتوانێ بە هۆی ئاڵوگۆڕ پێك‌هێنانێکی دیاریکراوی فیزیکو شیمیایی‌یەوە لە چەندین ملیاردی نورونی پێك هێنەری خۆیدا.گشت

ئەو جەستە یان سیستەمانەی کە مرۆڤ لەگەڵیان بەرەوڕوو دەبێ ، لە شێوازی وێنەخۆلقاندنەکان ( تصورات )،چەمکەکان ( مفاهیم )، بڕیارەکان ( احکام )، ئاکام وەرگرتنە هەڵماڵراوەکان، ( استناجات أنتزاعی )،لە دەروونی خۆیدا دووبارە بخولقێنێو لەبەر ئەوە ئەم دووبارە خۆلقاندنەوە بە شێوازی مەعنەویو بە هۆیزاراوە ژێربێژییەکانەوە بەئەنجامدەگا ، ئێمە لەو ناساندنەدا کە سەبارەت بە ڕەنگدانەوە ڕامانگەیاند ، ئاشکرامانکرد کە بە شێوازێکی تر »ئەو لە شانە یان ئەو سیستەمە مادییانە ، دووبارە دەخۆلقێنێ • واتا نە بەو شێوازە مادییە کە لە دەرەوەی زەینی ئێمەدا بوون، بەڵکو بە شێوەی مەعنەویو ئیدەئال •

تایبەتمەندیی ڕەنگدانەوە ، بە نیسبەتی پلەی گرێوگوڵو پلەی پێکهاتنی ئەو شتو دیاردانەی کە شوێن لەسەر یەکتر دادەنێن ، بە چەند شێوەی جۆراو جۆر ، سەرهەڵدەدا •

شێوازو جۆرە سەرەتاییەکانی ڕەنگدانەوە ، لە سروشتی بێگیانیشدا دەبیندرێ • ( وەك شوێنەواری بەرد لەسەر زەوی یان شوێنەواری گیاکانو گیانلەبەرە ونبووەکان کە بە شێوەی بەرد ماونەتەوە ، لەسەر خەڵووزی بەردو هی تر )•ئەم ڕەنگدانەوە لەڕاستیدا بە شێوەی « شوێنەوار » خۆدەنوێنێ • بەڵام لە چوارچێوەی لەشی زیندوودا ( ئورگانیسمی گیانلەبەر )، ڕەنگدانەوە چلۆنایەتییەکی نوێی وەدەستهێناوە کە دەکرێ لە چەمکی دنەدان ، دژکردەوە نیشاندان یان ڕەنگدانەوە ( ریفلکس )دا کورتبکرێتەوەو ئێمە سەبارەت بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی لە تروپیسمەوە بگرە تا «غەریزە» قسەمانکردووە کە بە هۆی سەرهەڵدانی جەستەوە لە ڕاستیدا یان ( پیسیشیك ) ، لەدایكدەبێو شتو دیاردەکان دیمەنی خۆیان، نیشاندەدەن ، وەك ئەوە کە لە ئاوێنەیەکی خاوێندا ، وێنە نیشاندەدەن •

ئەوەندە هەیە ڕەنگدانەوەی ئەم وێنانە لەگەڵ دیمەنەکان لە دەروونی گیانلەبەراندا ، بە شێوەیەکی دیاریکراوی هەستی‌یە • تەنیا ئەو شتانەو تایبەتمەندی‌یەکانیان ، ڕەنگ دەدەنەوە کەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ، لەگەڵ ڕازی‌کردنی نیازە ژیانی‌یەکانی ئەو گیانلەبەرانە ، پێوەندیی هەیە • نموونە دەنگ‌و دیتنی شت بۆ سەگ تەنیا لەو چوارچێوەدا ، دەخرێتە بەرچاوو گرنگیی هەیە کە لەگەڵ هۆی ئێش یان هۆی خواردەمەنی‌و هۆیەکانی ژیانی وەك ئەوان ، پێوەندیی هەیە •

بەلاّم سەرهەڵدانی زنجیرەیی دەمارەکان‌و تێکوشانی بەرزی دەمارەکان کە لە گیانلەبەرانی پێش سەرهەڵدانی ئینساندا ، بە ئەندازەی گەشەکردنێکی زۆر بەرز دەگا ، زەمینە بۆ سەرهەڵدانی شعور کە سەبارەت بەو لەپێش‌دا باسمان‌کردووە ،ئامادەدەکا • هەروەك وتمان کاری بەرهەم‌هێنەرو زمان ، دوو هۆن کە لە سەرهەڵدان‌و بەرفراوان‌کردنی شعووری ئینسانی‌دا، شوێنی کاریگەریان هەیەو لەگەڵ ئەواندا ، بیرکردنەوەی ڕووتی (تفکرتجریدی) پەیدادەبێ •

واتای بیرکردنەوەی ڕووتی ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێ بە پێچەوانەی گیانلەبەری تر ، بێ‌دەست‌لێدان یان دیتنی شتەکان ، بە یارمەتی‌وەرگرتن لە چەمکەکان ، کاربکا • لێرەدا ڕەنگدانەوە لە پلەی پاسیف‌و بێ‌دژکردەوە، دێتەدەرو خودی «چەمکەکان» ( کە بەری ڕەنگدانەوەن ) ، ئەبنە هۆی ئاڵ‌وگۆڕ لە دەوروبەردا • واتا چالاك (ئاکتیف)دەبن‌و بەم پێی‌یە لە تەنیشتی جیهانی مادی‌دا ، جیهانێکی مەعنەوی لەدایك‌دەبێ •

چالاك‌بوونی بیرکردنەوەی وێ‌چوون «ئامانج‌دانان» ، «پێش‌بینیی زانستی»، ئامادەدەکا • لە هەردووکیان‌دا ، «ڕەنگدانەوەی پێشوو»یان «ڕەنگدانەوەی پێش‌پێگر» بەئەنجام‌دەگا• واتا جیهانی ئیدەئال بە ئینسان

یارمەتی دەکا کە جیهانی (ماتریال)بەپێی‌و دەقاودەقی ویست‌و نیازی خۆی بــگۆڕێ •

پرسیارە کۆنترۆڵی‌یەکان

١ ـ ڕەنگدانەوە بناسێنن• ٢ گەشەکردنی ڕەوتی ڕەنگدانــەوە لە سروشت‌و لەکۆمەڵدا ، ڕابگەیەنن • ٣ ـ ڕەنگدانەوەی بێ‌دژکردەوە ( پاسیف )و ڕەنگدانەوەی چالاك (ئاکتیف)واتایان چی‌یە ؟ ٤ ـ دەوری ڕەنگدانەوەی چالاك چی‌یە ؟ ٥ ـ ئامانج‌دیاریکردن‌و پێش‌بینیی‌زانستی چــی‌یـــە ؟

**٣ ـ پلــەکانی ناســین کامەن ؟**

ڕەوتــی ناســـــین ، خاوەن‌تایبەتمەندی‌یەکی دیالێکتیکی‌یەو لایەنی «هەستی»و لایەنی «هۆشی»ناسین کە لە خوارەوە باســـــیان دەکەین لەم‌جەرەیان‌و ڕەوتەدا پێکەوەن‌و یەکبوونیان هەیە • هــەر بـۆیە هـەم هەست پەرستی یان(سانسوالیسم) کە پێی وایە تەنیا هەست سەرچاوەی ناسینی مرۆڤەو هەم «هۆش‌پەرستی» یان «ڕاسیونالیسم»کە نرخێکی ئەوتۆ بۆ ناسینی هەستی‌و ئەزموونی دانانێ‌و پێی وایە تەنیا هــۆش تــوانایــی تێگەیشتنی لە ڕاســـــتی‌یەکان هـــەیـە ، یەك‌لایەن بە زیانی لایەنی تر بەربلاو(مطلق)دەکەن ، لە هەڵەدان •

هەروەك وتمان ، ناسین لە دووپلەی گرنگەوە ، تێپەڕدەبێ کە یەکیــان ناسینی هەستی یان «ئەزموونی‌و ئامپیریك»و دووهەمیان ناسینی هۆش یان « عقلی »یان « ژیربێژی‌و لۆژیك »ە •

شێوەکانی ناسینی هەستی یان ئامپیریك بریتین لە هەست‌کــردن دەرککردنی هەست‌و وێنەگرتن یان تصو ر •

١ ـ هەست‌کردن ، لـە جەرەیانی هەســـتکردن‌دا ، شـــتەکان تایبەتمەندی‌یەکانیان لە سەر «ئاپارات»ی دەروەی ئورگانە هەستی‌یەکــان

واتا چوارچێوەڵەشی‌یەکانی هەست ( کە لە زانستدا پێی دەڵێن لیزاتور )، شوێن‌دادەنێن‌و وزەی دنەدانی دەرەوەیی لە ڕێگای دەمارەکانەوە ، بە مێشك دەگاو لەوێ‌دا جەرەیان‌و ڕەوتێکی دەروونی دیاریکراو ، ڕوودەدا کە سەرەتایی‌ترین‌و ساکارترینی پێی دەڵێن « هەستکردن ـ أحساس » •

٢ ـ تێگەیشتن یان ( ئیدراکی هەست )،بریتی‌یە لە وێنەی داڕێژراو ( کونکرت )ی هەستی شتەکان‌و دیاردە ڕاستەقینەکان لەو کاتەدا کە لەسەر ئورگان یان دەزگاهەستی‌یەکانی ئێمە ، شوێن‌دادەنێن‌و لە مێشکدا ، ڕەنگدەدەنەوەو بەم جۆرە ئیدراکی هەست ، بەئەنجام‌دەگا • لە کاتێکدا لە پلەی هەستکردن‌دا ، نیشانەو تایبەتمەندی‌یە جۆراوجۆرەکانی شت وەك گەرماو سەرماو زبری‌و نەرمی‌ودرشتی‌و بچووکی‌و هی تر ، ڕەنگدەدەنەوە لەم پلەدا ، وێنەی تەواوی ئەو شتە ، ڕەنگدەداتەوە •

٣ ـ وێنەگرتن (تصوّر)، دووبارەبوونەوەی لەدایك‌بوونی داڕێژراوو تایبەتی‌و وەبەرگریی شتەکان‌و ئەو دیاردانە کە لەپێش‌دا لە زەین‌دا ، هەستیان‌پێکراوەو تێگەیشتنە هەستی‌یەکان ، تەنیا ئەو کات ڕوودەدەن کە شت یان دیاردە ، ڕاستەوخۆ لەسەر هەستەکانمان ، شوێن دابنێن • وێنەگرتنەوە یان (تصوّری) ئێمە پاش ئەوە دنەدەری دەرەوەیی وەگەڕکەوت، خۆدەنوێنێ• بۆ نموونە ئێمە بەدەست‌پێوەدان لە شتێکی داخ ، هەست بە سووتان دەکەین ، بەڵام لە پلەی تەسەووردا ، دەتوانین بێ‌ئەوەی ئەندامی لەشمان بگات بە شتە گەرمەکە ، لە دەروونی خۆمان‌دا ، لە ئێش‌وسووتان، ڕگەین • هەر بۆیە لە پلەی هەستی‌دا لە سێ پلەی جیاوازدا ، تێپەڕدەبین هەستکردن بە شت یان دیاردە بە هۆی ئەندامە هەستی‌یەکانمانەوە ، تێگەیشتن‌و دەرکی ئەم هەستکردنەو هەڵگرتنی وێنەیەکی ڕووناك لەو لە زەینمان‌دا ، تەسەووری ئەو شتە یان ئەو دیاردە ، بە شێوەی دیاریکراوو تایبەتی لە کاتێکدا ئیتر هەستکردنێك لەو شت یان دیاردەیە لە ئارادا نی‌یە

( وەك ئەوە وێنەیەك لە فۆتویەكی ویژدانی خۆمان ، دەردێنین و جارێكی تر سەرنجی دەدەین ) •

گشت ئەم ڕەوتانە ، وان لە پلەی هەستی ـ ئەزموونی‌دا هێشتانەچوونەتە گۆڕەپانی پلەی ژیربێژی •

پلەی هۆشی ژیربێژیش خۆی لە سێ پلە پێك‌هاتووە چەمك ( مفهوم ) ، بڕیار ( حكم )و ئاكام‌وەرگرتن ( استنتاج ) •

١ ـ چەمك ـ چەمك یەكێكە لە یەكە یان كۆڵەكە بنەڕەتی‌یەكانی بیرو هۆشی ئینسان • چەمك شێوازێكی ژیربێژی‌یەكە بە هۆی ئەوەوە ئێمە شێوازەكانی تری ژیربێژی وەك بڕیارو ئاكام وەرگرتن ، دەخولقێنین‌و ئەو دەرەتانە بە ئێمە دەداكە ڕاستەقینە ، قووڵتر لە هەست‌كردن‌و دەرك‌كردنی هەستی‌و تەسەوور ، بناسین • پێك‌هاتنی چەمك تەنیا لە ڕێگای هەڵماڵین (أنتزاع)و گشتی‌كردنەوە ، بەئەنجام‌دەگا ، هەربۆیە ڕاگوێستن لە پلەی هەستەوە ، بە یەكەمین پلەی هۆش كە بریتی بێ لەچەمك ، خۆی ڕاگوێستنێكی ڕاپەرینی‌یەو لێرەدا بە كردەوە چلۆنایەتی ناسین،ئاڵ‌وگۆڕی بەسەردا دێ‌وچلۆنایەتی‌یەكی نوێ، واتا چلۆنایەتیی ژیربێژی ـ هۆش پەیدادەكا(نەك هەستی‌ـئەزموونی)• ئێمە لە تەسەووورە وەك یەكەكاندا كە هەستەكان‌و ئەزموونی ئێمە ئەوانەیان وەدەست‌هێناوە ، لە ڕێگای گشتی‌كردن یان هەڵماڵینەوە چەمك دروست‌دەكەین•وەك چەمكەكانی مرۆڤ، كێو ، دار دادگەری ، ڕامیاری ، گەشەكردن‌و هی تر• چەمك دەتوانێ دیاریكراو ( یان ناوی زات )یان ڕووت‌و هەڵماڵراو بێ ( ناوی مەعنا بێ )، هەر كام لەم چەمكانە كۆكراوەی كۆیەك لە چەند وێنەی وەك‌یەكن كە لە ڕێگای ئەزموونی هەستی‌و ڕەوتی‌كردەوە (پراتیك)ەوە، وەدەستمان‌هێناون•

٢ ـ بڕیار ـ ئەو بیرەیە سەبارەت بە شتەكان یان دیاردەكان كە خاوەنی لایەنی ئەرێ‌و نەء بێ ( منفی‌و مثبت )•وەك : چینی كرێكار چینێكی

پێشڕەوە یان سەرمایەداریی خاوەنی سیستەمێکی ستەمکارانەیە یـــان ژانست لەگەڵ پڕوپووچدا ، سازگار نییە • یان سەقامگیربوونی ئاشتی لـە هەلومەرجـی باری سەرمایـەداریدا نەگـونجە[1]•ئـەم بڕیارانـە لـە هێندێکچەمکی ڕووتو دیاریکـراو ، پێـکهاتـوونو پەسندکـردن یـان نکوولیکردن لە بیرێکی دیاریکراو دەگرنەوە •

کـــەوابوو ، بڕیـــار لە ئاکامی لەسەریەکخستنەوەی چەمکـــەکان پێکهـاتـووە •

٣ ـ ئاکاموەرگرتن ـ ئاکاموەرگرتن یەکێك لە بنەڕەتیترین شێوازەکانی بیری ژیربێژییە • لە جەرەیانو ڕەوتی ئاکاموەرگرتندا ، ئێمە لەیەك یـان چەند بڕیار کە پێیان دەڵێن «مقدمات» ، زانستی نوێمان وەدەستدەکەوێ•

بۆ نسوونە گشت گیانلەبەرە دڕندەکان ، گۆشـت دەخـۆن• بەبـر •• گیانلەبەرێکی گۆشتخۆرە، کەوابوو بەبر ، گیانلەبەرێکی دڕندەیە یان «گشت ئینسانەکان هێزی ئاخاوتن (قسەکردن)یان هەیە • حەسەن ئینسانە• کەوابوو ، حەسەن خاوەنی هێزی قسەکردنە •

هەر بۆیە ڕووندەبێتەوە کە ئێمە لە پلەی هەستی ـ ئەزموونی دا،هەست بە شتێكدەکەین، هەستکردنی خۆمـــان بە شـــێوازی وێنەی ئەو شـــتە

---

(١) یان سکی برسی ئاگای لە سکی تێر نییە ، کونەپەرستان ، مافی ئینسانیو نەتەوایەتیی گــەلان نادەن ، دەمارگیریو خـــۆبەزلزانی ، هـــۆی بەربەستکردنی ئازادین ، شۆرشگێڕیو خۆپەرستی، یەکـناگرنەوە ، ئەوانەی لافی ئازادیخوازی لێدەدەن ئەگەر بەرژەوەنـدی خۆیان لـــە ئارادا تەبێ گوی لە خنکانـدنی گــەلان نادەن ڕەخنـە قبوولنـاکا خۆبەزلزان وەڵامی ڕەخنە بە کۆپال دەداتەوە نووشتەنووس، نووشتە بۆ خوی نانووسێ ! مافخۆران مافئەستێن نین.خەباتگێڕ کاری دوور لە وێژدان ناکا . دزیو تاوانو چاوچنۆکی ، لەگەڵ باری شۆڕشگێڕیدا، یەکناگرنەوە . ـ وەرگێڕ ـ .

دەرکدەکەین‌و هەر کات پێویست بێ ، لە زەینماندا،ئەو وێنە جارێکی تر ، دەخولقێنـــین •

لە پلەی ژیربێژی ـ هۆش‌دا ، لـــە وێنەوەلکیەکەکـــان ، چەمـــك دروست‌دەکەین ، لە پێکەوەلکـــان‌و تیکلاوکردنـــی چەمکـــە خـــاوەن پێوەندی‌یەکان لە ڕاستەقینەدا ، بڕیارە ئەرێ‌و نەرێ‌یەکان ، دەخۆلقێنین • لە تێکلاوکردنی بڕیارە خاوەن پێوەندی‌یەکان لە ڕاستەقینەدا ، ئاکامی نوێ، زانستی نوێ وەدەست‌دێنین‌و دێینە مەیدانی بەلگەهێنانەوەو ئاکام‌وەرگرتن•

بەم جۆرەیە دوو نەر دیوان وشەش پلەی بنـەڕەتی ڕەوتـی ناسـین ژیربێژی ناسراو بە « ژیربێژیی ڕواڵەتی (صوری)» گشت شێوازو بڕیـارو ئاکام‌وەر گرتنەکان، دەخاتە بەر لێکۆڵینەوەی وردو شێوازە دروستەکانـی ئاکام‌وەرگرتن فێردەکـاو لەم بـارەوە ، فێربوونـی ئـەم ژیربێژی‌یـە بـۆ بیرکردنەوەی دروست زۆر پێویستە • ئەرەسـتوو فیلسـوفی گـەورەی یۆنانیی کۆن بناخە دانەری‌ئەم‌ژیربێژی‌یەیە •

پـرسـیارە کۆنتـرۆلـی‌یەکان

١ ـ دوو پلەی گرنگی ناسین کامـەن ؟ ٢ ـ پلـــەی هەستی‌ـ ئەزموونی لە چ پلەیەك پێك‌هاتووە ؟ ٣ ـ هەستکردن واتای چی‌یە ؟ ٤ ـ ئیدراکی هەستی واتای چی‌یە ؟ ٥ ـ وێنەگرتنەوە یان تەسەوور ، واتـــای چی‌یە ؟ ٦ ـ پلەی هۆش ـ ژیربێژی لەچەند پلە پێك‌هاتووە ؟ ٧ ـ چەمك واتای چی‌یە ؟ ٨ ـ بڕیار واتای چی‌یە ؟ ٩ ـ ئـــاکـــام‌وەرگرتـن بـە چ واتایەکـــە ؟ ١٠ ـ لەبەرچی ڕاگوێستن لە پلەی هەستی ، ئەزموونی‌یەوە ، بۆ پلەی هۆشی ـ ئەزموونـــی بریتی‌یە لە ڕاپەرینێکی چلۆنـــی ؟

## ٤ ـ کردەوە ( پـراتیك ) چی‌یـە ؟

زاراوەی پراتیك یان کردەوە لە گرنگترین زاراوە فەلسەفی‌یەکانـە ، بەتایبەت لە گنۆسئۆلۆژی مارکسیستی‌دا • کردەوە چی‌یە ؟ کردەوە ئـەو تێکۆشانەی مرۆڤە کە بەرەو ئاڵوگۆڕپێك‌هێنان لە سروشت‌و کۆمەڵدا ، ڕوودەدا وەك خەباتی کۆمەڵایەتی‌و لێکۆڵینەوەو ئەزموونـــی زانســتی‌و هی تر •

کردەوە سەرچاوەی تێئۆری‌یە • لە جـــەرەیان‌و ڕەوتی کـــردەوەی بەرهەم‌هێناندایە کە مرۆڤ لەگەڵ سروشت‌دا ، پێوەندی دەگرێ • بە پێی خاوەن‌نیازبوونی کردەوەیە کە مرۆڤ نهێنی‌یەکانی سروشت ، دەدۆزێتەوەو پەردە لەسەریان هەڵدەداتەوە • کاری بەرهەم‌هێنەری ، مرۆڤ لە جیهانـی گیانلەبەران ، جیادەکاتەوەو پلەی هۆش ـ ژیربێژی ناسین بە وجوددێنی‌و بەم‌جۆرە چلۆنایەتیی پلەی هەستی ـ ئەزموونیش تووشی گۆڕان‌دەکـــا • بێجگە لەوە ئامانجی ناسین ئەوەیە کە مرۆڤ لە کردەوەی کۆمەڵایەتیـــی خۆی‌دا ، زانیارانەتر ، کاربکاو شارەزایانە تر هەنگاوهەڵبگرێ •

هەر بۆیە مارکسیسم پێی وایە کردەوە سەرەتا ، پێوانەو کۆتایـــی ناسینە •

سەرتای ناسینە ، چونکە لەکردەوەی‌کۆمەڵایەتی‌دا ، ناسینی جیهانی دەوروبەر ، دەس‌پێدەکا • هیچ ناسینێکی نوێ ، بێ کاری بەرهەم‌هێنەر یان خەباتی کۆمەڵایەتی یان لێکۆڵینەوەی زانستی ، وەدەس‌ناکەوێ •

پێوانەی ناسینە ، چونکە تەنیا ئەو ناسینەی کە لە کردەوەدا، بەرهەمدان‌و کارلێهاتوویی خۆی نیشان‌بدا ، لەگەڵ ڕاستەقینەدا، دەقاودەق دێتەوەو هەر بۆیە ڕاستیشە• بۆ هەڵسەنگاندنی دروستی‌و نادروستیی هەر ناسینێـك ، هیچ ترازووو ئەزموونێك بێجگەلە کردەوە ، لە ئارادا نی‌یە •

کۆتایی ناسینە ، چونکە ئامانجی ئێمە لە ناسین بریتی‌یە لە گەیشتن بە یاساکانی سروشت‌و کۆمەڵ ، تا کردەوەی کۆمەڵایەتیی خۆمان ، کاریگەرتر بکەین ، دەنا ناسین بە زاتی خۆی ئامانج‌و ئاکام نی‌یە• چینە خاوەن دەسەڵات‌و خۆش‌بژیوەکان ، بە کردەوە ، بۆ دەوری پراتیك لە بەرانبەر تێئوری‌دا ، نرخی کەم دادەنێن• بەلام مارکسیسم پێی وایە تێئوری‌و کردەوە یەکن‌و لەو بڕوایەدایە تێئوری‌و کردەوە ، یەکتر دەوڵەمەند دەکەن‌و یەکیان بێ ئەوی تر ، ناتەواوو نەزۆکە •

لەبەر ئەوە لە هەر چەند دەوری مێژوویی‌دا ، کردەوەی مرۆڤایەتی خاوەن سنوورە ، کردەوەی ئینسانی لایەنی ڕێژەیی ( نسبی ) هەیەو ناسینێك لەم کردەوە ڕێژەیی‌یەوە سەرچاوەدەگرێ ، ناچار ناسینێکی ڕێژەیی‌یە •

بەلام سەرانسەری کردەوەی ئینسانی کە پەیتاپەیتا وا لە حالی بەرفراوان‌بوون‌و گەشەکردن‌دا ، « بەربڵاوە »و ئەو ناسینەی کە لە پراتیکی بەربڵاوەوە ، سەرچاوەدەگرێ ، ناسینی بەربڵاوە •

پرسیارە کۆنترۆڵی‌یەکان

١ ــ کردەوە بناسێنن • ٢ ــ بۆچی کردەوە ، سەرەتای ناسینە ؟ ٣ ــ لەبەرچی کردەوە پێوانەی ناسینە ؟ ٤ ــ لەبەرچی کردەوە، کوتایی ناسینە ؟ ٥ ــ یەکبوونی تێئوری‌و پراتیك ، واتای چی‌یە ؟ ٦ ــ کردەوەی ڕێژەیی چی‌یە ؟ ٧ ــ کردەوەی بەربڵاو چی‌یە ؟

**٥ ــ یەکبوونی ناسینی هەستی‌و هۆش :**

مارکس دەلێ

« چاوەکانی مرۆڤ بە جۆرێکی تر تێدەگاو تام‌وچیش وەردەگرێ‌و لەگەڵ چاوەکانی گیانلەبەرانی تر جیاوازە • گۆی‌یەکانی

مرۆڤ لەگەڵ گوێی گەشەنەکردووو زەلامو گەورەو بێقەبارە یەك نییە »•

واتای ئەم وتە ئەوەیە کە مرۆڤ خاوەنی بیرکردنەوەی هۆشییەو بیرکردنەوە هۆشی بە نۆرەی خۆی شوێنی خۆی لەسەر هەستکردن ، دەهێڵێتەوە • یان بە وتەیەکی تر ، هەستیو هۆشی لە مرۆڤدا ، تێکەڵبوون •

بێگومان کاتێك بوو کە لای پێشینانی ئینسان ، تەنیا تێگەیشتنی هەستی ، هەبووو بە گشتی لەباری کاتەوە ، ناسینی هەستی لە پێش ناسینی هۆشییەوە بووە ، بەڵامپاش ئەوەی هۆش سەریهەڵدا ، ئیتر ئەم دوو جۆرە ناسینە لێكجیاواز نین • بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا، ئێوە لەپێشدا بە هۆی زنجیرەیەکی پلەی سەرتایی (مقدمات)ی ژیربێژیو زانستی ، دەچنە گۆڕەپانی ئەزموونو دیتنی دیاردەکانەوە • لێرەدا تەنانەت ناسینی هۆش ، لەپێش ناسینی هەستیدایە •

هەر ئەندازەناسینی هۆش زۆر تر بێ،بەو ئەندازە ناسینی هەستی زیاترە ،یان بە وتەیەکی تر مرۆڤ هەرچەند زۆرتر بزانێ ، باشتر دەبینێ ، باشتر ورد دەبێتەوە ، باشتر هەستپێدەکاو پاشان بۆ بیرکردنەوەو قسەکردن • مرۆڤ دەبێ بتوانێ ببینێ ، لەگەڵ شت پێوەندی بگرێ بە لەش تێبگا ، ببیستێو بچێژێو هی ترەهەر بۆیە ،ناسین خاوەنی تایبەتمەندیو پەسنی گرێوگوڵداری دیالکتیکییەو لەودا توخمە هەستی ئەزموونیو هۆشی۔ژیربێژی یەکان، شوێن لەسەر یەکتر دادەنێن•بەم بۆنەوەیە کە بیروڕاو ڕێبازی بەربڵاوکردنی ناسینی هەستی (سانسوالیسم) یان ناسینی هۆش ( ڕاسیونالیسم )، هەروەكلە ڕابوردوودا ڕامانگەیاند ، هەڵەیە •

ئەزموونو بیرکردنەوەو هۆشوەگەڕخەر ، بە وتەی گرتسن فیلسووفی ماتریالیستی ڕووس ، وەك دوونیو کورەی «ماکدەبووگ» وان

که کاتێك پێك‌دەکەن وا لێك‌دەهاڵێن ، ئەو ئەسپانەی که دەست‌و پێیان ئاسنینه ، ناتوانن ، لێکیان‌جیابکەنەوه •

باشترین ڕێـــگای گەیشتن بە ناسین ، بریتی‌یە لـــە تێکلاوکردنـی دیالێکتیکی ئەزموون‌و بیرکردنەوه •

پرسـیارە کۆنترۆلی‌یەکان

١ ـ مەبەست لە یەکبوونی ناسینی هەستی‌و هۆشی چی‌یە ؟ ٢ ـ ئایـا ناسینی هەستی لە باری کاتەوه ، لەپێش ناسینی هۆشی‌دایە ،چ کاتێك لـە چ هەلومەرجێك‌دا ؟ ٣ ـ شوێنەواری دیالێکتیکی ناسینی هەســـتی‌و ناسینی هۆشی، ڕابگەیەنن ٤ ـ وتەی گرتسن سەبارەت بە پێـوەنـدی ئەزموون‌و بیرکردنەوه ، شی‌بکەنەوه •

## ٦ ـ تیئۆری مارکسیستی ڕاستەقینە ( حقیقت )

ڕاستەقینە چی‌یە؟ دەقاودەق وەك یەك‌هاتنەوەی ڕاستەقینەی دەرەوەی زەین لەگەڵ ئەو وێنانەی کـە لەزەینی ئێمەدا ، دەکێشـرێن ، پێی‌دەڵێـن ڕاستەقینـــە « حقیقـت » •

بە وتەیەکی تر هەرکات هەستکردن‌و ئیدراکی هەست‌و وێنەکێشانەوەکان ن وێنەهەڵگرتنەوەکان (تصورات)و ئـەو چەمـــکانەی کـــە لـەوانەوە سەرچاوەدەگرن ، لەگەڵ بابەتی ناسین‌دا ، دەقاودەق بێنەوه، واتا بەشێوازی مەعنەوی ، تایبەتمەندی‌و پەسنەکانی بابەتی ناسین‌و ناوەڕۆکی دیاریکراوی ئەو نیشان بدەن ، ئێمە لەگەڵ ڕاستەقینە بەرەوڕووین • ئەگەر ئـەوانـــە بسڕێنەوەو بە نادروستی ڕەنگ‌بدەنەوه ، ئێمە ڕێمان لێ‌ون‌بووه •

لەم تیئۆری مارکسیستی ڕاستەقینەدا ، پێویستە لەچەنـد زاراوەی گرنگ ئاگادارببین ئا ـ ڕاستەقینەی عەینی ، ڕاستەقینەی دەرەوەیی یان عەینی ناوەڕۆکی ئەو وێنە هەستی‌و هۆشیانەیە کەلە زەینی ئێمەدایەو لەگەڵ

بابەتی لێکۆڵینەوە یەکدەگرێتەوەو بەوەوە بەسراوەتەوەو بە هۆی ئەوەوە،دەناسرێ • بۆ نموونە کاتێك دەڵێن لینین بناخەدانەری حکوومەتی یەکیەتیی سوقیەت‌و حیزبی بلشویکەکانە ، ڕاستەقینەیەکی عەینیمان ڕاگەیاندووە • خاڵی بەرانبەرو دژ بە ڕاستەقینەی عەینی ، درۆیە • بۆ نموونە ئەگەر بڵێین «ئیمپریالیسم دەتوانێ دادگەریی کۆمەڵایەتی دامەزرێنێ ئەو بڕیارەی کە داومانە ، لەگەڵ ڕاستەقینەی عەینیدا دەقاودەق یەکناگرێتەوەو بە پێچەوانەی ڕاستی‌یەو درۆیە •

بۆ ئەوەی بڕیارێك « ڕاستەقینەی عەینی »بێ ، ئەوە بەس نی‌یە کە لەباری ژیربێژیی ڕواڵەتی‌یەوە ) ( منطــق صــوری ) ، بەشەکان‌و توخمەکانی پێکەوە سازگاربن‌و خاوەنی ڕێك‌و پێکیی دەروونی ژیربێژی بن ، بەڵکو ئەم بڕیارە پێویستە لەگەڵ ئەو شتەی‌دا کە نیشانی دەداو دەبێ ڕەنگبداتەوە، دەقاودەق یەك‌بگرێتەوە ، چونکە ناوەڕۆك‌و دەروونی ڕاستەقینە بە ئینسان‌و بیری ئەوەوە ، نەبەسراوەتەوە، بەڵکو بە ڕاستەقینەی سەربەخۆ لە ئینسان، بەسراوەتەوە• ڕێك‌وپێکیی ژیربێژی یان (گوهرانس) بێگومان یەکێك لە نیشانە گرنگەکانی ڕاست‌بوون‌و ڕاستەقینەبوونی ناوەڕۆکە (مضمون)و مەرجی پێویستی‌یەتی ، بەڵام مەرجی بەس‌و کافی نی‌یە• دەگونجێ چەند سیستەمی تێکلاو لەگەڵ سەفسەتەو بناخەدانراو لەسەر هەڵماڵراوە بووچەڵەکان ، لەباری ڕێك‌وپێکیی ژیربێژی‌یەوە ، سازگارو لەبار بێ ، بەڵام لەگەڵ ڕاستەقینەدا دژوارو نەگونجاو بێ • لە فەلسەفەی سکولاستیك‌دا ، بە زۆربەیی باسەکان ڕێکی‌وپێکیی ژیربێژییان هەبوو ، بەڵام لەبەر ئەوە لە سەربناخەی هێندێك زاراوەو بڕیاری پووچ‌و نادروست دانرابوون ، ڕاستەقینەی عەینی نەبوون •

بێ‌ـڕاستەقینەی بەربڵاوو ڕاستەقینەی ڕێژەیی‌ـمەبەست لەڕاستەقینەی بەربڵاو واتا ناسینی تەواوپڕاوپڕو وەبەرگر ، سەبارەت بە باسێکی دیاریکراو

که تەنیا لە ڕەوتی بێ سنوورو کۆتایی‌پێنەهاتووی جم‌وجوڵی بیرکردنەوەدا، دەکرێ وەچنگ بکەوێ •

مەبەست لە ڕاستەقینەی ڕێژەیی (نسبی)، واتا ناسینی ناتەواوو کەم (واتا بەشێك لە گشتی) کە دەبێ لە داهاتوودا وردتر، تەواوترو قووڵتر بێ • بێگومان ڕاستەقینەی ڕێژە ییش ڕاستەقینەیەو ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی عەینی‌یە، بەڵام ڕەنگدانەوەی تەواوپڕاوپڕی گشت بەشەکان‌و توخمەکانی ڕاستەقینەی عەینی نی‌یە •

هەرچەند ناسینی ئێمە بە گشتی ڕێژەیی‌یە، بەڵام لەودا چەند توخمە کە لە داهاتوودا، نکوولییان لێ‌ناکرێ‌و ڕەت‌نابنەوەو هەروەها لەو دۆخەو توانایەدا دەمێننەوە، وجوودیان هەیە • بەم توخمە جیاوازانەش دەڵێن «ڕاستەقینە» • (بۆ نموونە ئەم بڕیارە کە مادە لە کات‌و شوێن‌دا هەیە)•

لینین سەبارەت بە جم‌وجوڵی دیالێکتیکی بیرکردنەوەی ئێمە بۆ تێگەیشتن لە ڕاستەقینە بۆچوونی خۆی ئاوەها دەردەبڕێ

«ناسین بریتی‌یە لە ڕەنگدانەوەی سروشت لە شعووری ئێمەدا، بەڵام ئەم ڕەنگدانەوە ڕەنگدانەوەیەکی ساکار، بێ ئامرازو تەواو نی‌یە، بەڵکو بریتی‌یە لە زنجیرەیەك لە هەڵماڵینەکان‌و پێك‌هێنانی چەمکەکان‌و یاساکان‌و هی ترو ئەم یاساو چەمکانە، بە شێوەی بەسراوەیی‌و نیسبی خاوەن‌یاسابوونی گشتیی سروشتی هەمیشە لە حاڵی جم‌وجوڵ‌و ڕووەك‌و سەرهەڵدان‌و بەرەوپێش‌چوون‌دا بوون، دەگرێتەوە •

مرۆڤ ناتوانێ گشت سروشت بە تەواوی‌و لە گشتی‌بوونی بێ‌ئامرازیی ئەودا گەمارۆبداو لە زەینی‌دا ڕەنگ‌بداتەوە، بەڵکو تەنیا دەتوانێ بە شێوەی هەمیشەیی لێی‌نزیك بێتەوە، هەڵماڵراوەکان، چەمکەکان، یاساکان‌و دیمەنی جیهان‌و هی تر، بخۆلقێنێ» •

ئەم قووڵبوونەی هەمیشەیی‌ناسینی ئێمەو ڕاگوێستن لە ناسینی ڕوومایی‌و ڕێژەیی ترەوە، بەرەو ناسینی ورد ترو قووڵتر ، بریتی‌یە لە ڕاگوێستن لە ماهی‌یەتە سەرەتایی‌یەکانەوە ، بەرەو ماهی‌یەتە دووهەمەکانو هەتا دوایی‌و تێپەڕبوونە لە پێستی سەرەوە ، بەرەوپێستی ژێرەوە کە پلەبەپلە بەئەنجام‌دەگا ، وا لە حوکمی تێكخزانی ناوەرۆکەکانی ڕاستەقینە ڕێژەیی‌یەکاندا • هەر ئەندازەناسینی ئێمە ورد تر بێ ، یان ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ، گشت ئەو شتانەی کە خاوەن نرخن واتا بە ناوەڕۆکەکانی ناسینی بەربڵاوە ، پێوەندییان هەیە ، لەگەشەکردنی دوایی زانستدا وەك میراتێکی بە نرخ ، دەمێنێتەوە • ئەم بناخە میراتگری‌یەو درێژەدان لە ناسین‌دا، خاونی گرنگی‌یەکی گەورەیەو ئەو داستانە ئەگێڕێتەوە ، کە هیچ تێئورێکی نوێ ناتوانێ ، لەگەڵ نەءلێکردنی پووچ‌و بەربڵاوی بیروڕاکانی ڕابوردوو لەدایك‌بێ بەم جۆرەیە دیالێکتیکی ڕاستەقینەی بەربڵاوو ڕاستەقینەی ڕێژەیی •

ج – ڕاستەقینەی دیاریکراو ، بریتی‌یە لە ڕاستەقینەی ڕووتکراوەیی، دیاریکراوە واتا ڕاستەقینە لە چورتکە دیاریکراوەکانی جم‌وجوڵدا ، لە چوارچێوەی کات‌و شوێنی ئەودا ، دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە • ڕاستەقینەی دیاریکراو ، ڕاستەقینەیەکە ئەو هەل‌ومەرجە تایبەتی‌یەی کە بابەتی ناسینی ئێمە لەودایەو هەروەها ئەم خاڵە کە ئەم بابەتەی ناسین وا لە باری ...و گۆڕدا لەبەرچاودەگرێ •

لینین دەڵێ

ئەگەر کۆمۆنیست بێتە سەر ئەو بارەو مێشکی وەجم‌وجوڵ‌کەوێ‌و بە کۆمۆنیستبوونی خۆی لەسەر ئەم بناخە، شانازی بکا کە چەندین بڕیارو ئاکامی ئامادەی هەیەو هەوڵ‌نەدا لە کاری تازەی پڕزەحمەت‌و تێکۆشانی گەورەدا ، تێبکۆشێ‌و نموونەو فاکتەکان ( کە لەسەر

شانی‌یە ڕەخنەگرانە لەگەڵیان بەرەورووبێ )، نەخاتە بەر لێکۆڵینەوە.
کۆمۆنستێکی ئاوەها ، بوونەوەرێکی بچووکەو ڕێورەسمێکی وەها
ڕووماییی ، بێگومان دەبێتە هۆی تێداچوون ».

لە جێدانانی چەند بڕیارو ئاکامی هەتاهەتایی بۆ لێکولینەوە لە ڕاستەقینەی تایبەت‌و دیاریکراودا ، سەرئەکێشێتە لای دۆگماتیسم( جەزم‌پەرستی ) یــەوە .

لــەهەمان کات‌دا ئەگەر کەســێك ڕێژەیی‌بوونی ڕاستەقینەکان ، بەربڵاوبکاو سەرنجی لایەنی سەقامگیرو بەردەوام‌و ناوکەکانی بەربڵاوبوون (مطلقیّت) لە ڕاستەقینەکان‌دا ، نەداو پێی وا بێ کە هیچ شتێکی بەردەوام لە ناسینی مرۆڤ‌دا وجودی نی‌یە ، تووشی رلاتیویسم (نیـبی‌پەرستی) . بووە . کەسێکی ئاوەها بەناچاری تووشی گـومــان‌و ســەرگەردانی‌و بێ‌بڕوایی ، دەبـێ .

دوگماتیســـم‌و رلاتیویسم ، هەردووکیان هــەڵــەی جیددی بیرن‌و پێویستە بە توندی لەوانە دووری‌بکەین‌و ســـنوورێکی دروســـت لەبەرەورووبون لە بناخەکانی ڕەخنەگرتن لـــە ڕەوتی ناســـین لـــە بەرچاوبگیردرێ .

پرسیارە کۆنترۆلی‌یەکان

١ ـ ڕاستەقینەو ڕێ‌لێ‌ون‌بوون بناسێنن. ٢ ـ ڕاستەقینەی عەینی چی‌یە ؟ ٣ ـ درۆ یانی چی ؟ ٤ ـ ڕاستەقینەی بەربڵاو چی‌یەو چەند بەشە؟ ٥ ـ ڕاستەقینەی ڕێژەیـی چی‌یـە ؟ ٦ ـ دیالێکتیکی ڕاستەقینەی ڕێژەیی ڕابگەیێنن ٧ـ ڕاستەقینەی دیـــاریکراو چی‌یە ؟ ٨ ـ دوگماتیسم‌و رلاتیویسم لەبـاری تێئوریی ڕاستەقینەوە ، ڕابگەیێنن .

## ٧ ـ زمانو بیرکردنەوە :

بۆ ئەوەی لە باسی تیئوریی ناسیندا ، بابەتو مەبەستەکە قوولتر دەرك بکەین ، بێجگە لەوەی گوتراوە ، جێی خۆیەتی لەگەڵ دووزاراوەی گرنگدا واتا «زمان»و «بیرکردنەوە»و پێوەندیی ئەو دوانە پێکەوە کە لە مەسەلە گرنگەکانی فەلسەفییەو بەتایبەت لە ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفەی هاوچەرخی بۆرژوازی ( پوزیتیویسمی ژیر بێژی)و «سمانتیك‌و هی تر »سەبارەت بەو کتێبێکی زۆریان نووسیوە ، ئاشنابین •

زمان چییە ؟ سیستەمی نیشانەکانە کە وەك ئامرازی وەدەستهێنانی ناسین‌و هەڵس‌وکەوت‌و تێکلاوی‌کردنی کۆمەڵایەتی‌و لێك‌جیابوونی کەسەکان ، کەلکی لێوەردەگیردرێ‌و لە ڕەوتی کارو تێکۆشانی ئینسانی‌دا، سەری‌هەڵداوە • بەم واتایە کە لە جەرەیانی ئامادەکردنی ئامرازی کارداو کەلك‌لێ‌وەرگرتنیاندا ، تێکۆشانی هاوبەش‌و هاوئاهەنگی ئەو کەسانەی پێکەوە پێوەندییان بوو ، پێویستبووە • لەبەر ئەمە لە پلەکانی سەرەتاییی سەرهەڵدانی کۆمەڵو بە پێی بەفراوانبون‌و گرێ‌وگۆڵداربوونی تێکۆشانی مرۆڤ ، شعوریان گەشەی کردووەو وتە یان ئاخاوتن ( واتا ئەو دەنگانەی کە خاوەنی چەند بەشی دەنگی دیاریکراوی خاوەن پێوەندی‌و خاوەن واتان )، سەری‌هەڵداوە • مرۆڤ توانی بە یارمەتی وەرگرتن لە وتە ، ئەزموون ، فێرکراوەکان ، بیرەکان ، سۆزەکان‌و بارە روحییەکان ، ئاڵ‌وگۆڕ بکا یان بیانگۆڕێتەوە ( واتا گۆڕینەوەی بیروڕابکا )و تێکۆشانی خۆی لە کاری بەرهەمهێنان‌و ژیاندا ، جێ‌بەجێ‌بکا • بەرەبەرە زمان نە تەنیا لە کۆمەڵدا ، نە تەنیا لە کارکردندا ، بەڵکو لە گشت گۆڕەپانەکانی ژیاندا، بوو بە گرنگترین ئامرازی پێوەندی‌گرتن‌و تێکلاوکردنی ئەندامەکانی کۆمەڵ• بێ زمان تێکۆشانی ناسینی مرۆڤ نەگونجەو بەم بۆنەوە زمان لەگەڵ بیرکردنەوە ، پێوەندیی نەپساوەییی هەیە •

بیرکردنەوە ( ئەندێشەکردن ) چی‌یە ؟ بیرکردنەوە لێوەشاوەییی خولقێنەری مرۆڤە لەگەڵ جەرەیانی کارو تێکۆشانی ئەودا ، پێکهاتووەو گەشەی‌کردووەو وەك بەرزترین شێوازی شعوور ، خۆی نیشانداوە • بیرکردنەوە بریتی‌یە لە ڕەنگدانەوەی ناوەرۆك ( ماهیت )ی شتەکان یان دیاردەکان‌و ئەو جەرەیانانەی کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا ، تێپەڕدەبن ، لە مێشکی ئێمەدا ، ئەویش بە یارمەتی‌وەرگرتن لە چەمکەکان ، بڕیارەکان‌و ئاکام وەرگرتنەکان •

بیرکردنەوە پەسنی مادەیە کە بە ناوی مێشك کەخاوەنی بیناو قەبارەیەکی زۆر بە گرێ وگۆڵەو لە چەندین ملیارد نورون ( سلول یان ڕیشەی باریکی مێشکی )، پێکهاتووە[1] بۆ تێگەیشتن لە تایبەتمەندی‌یەکانی بیرکردنەوە (تفکر)• دۆزینەوەی زانای بەناوبانگی ڕووس پاولوف سەبارەت بە « نیشانە سەرەتایی‌یەکان »و « نیشانە دووهەمینەکان» کە ( هەر ئەو زمانەیە )و مەسەلەی « پێوەندیی بەرئاوەژوو »کە سیبرنەتیکی هاوچەرخ ، باسی دەکا ، خاوەنی گرنگی‌یەکی زۆرە• لەسەرەتاوە بیرکردنەوە بە توندی لەگەڵ کردەوە ، تێکەڵ بوو ، بەڵام بەرەبەرە وابە جیابوونەوەی کاری لەش لە کاری فیکری ، بیرکردنەوەش ، سەربەخۆیی خۆی وەدەستدێنێ • بەڵام بەم حاڵەش بیرکردنەوە وا لە پێوەندیی هەمیشەیی‌و نزیك لەگەڵ کۆی تێکوشانەکانی کۆمەڵدا • بیرکردنەوە دوو بەشە

بیرکردنەوەی ئاسایی‌و بیرکردنەوەی زانستی ، بیرکردنەوەی ئاسایی بێ ئامرازو بوونی پردەباز لەگەڵ کردەوەو ڕەفتارو جم‌وجوڵەکانی کارو

---

(١) ڕیشە یان یاختە=سلول بە عەرەبی جرثومە گیانلەبەرێك کە لەشی لەیەك سلول پێك بێ،پێی‌دەڵێن یەك‌یاختە ،یەك‌جرثومە وەك ئامیب لەپێشیش‌دا هێمای پێکراوە . — وەرگێڕ —

بەرهەمهێنانی ئینسانیدا ، تێکەڵەو یارمەتیی مرۆڤ دەدا کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا ، لایەنی ( دیاریکراوی )بدۆزێتەوە • ئامانجی بیرکردنەوەی انستی دۆزینەوەو تێگەیشتنی تیئوریکی لە ناوەرۆك ( ماهیت )ی شتەکانو دیاردەکانو ڕەوت یان جەرەیانەکانە •

هەروەك وتمان بیرکردنەوە لە زمان جیا نییە • بیری مرۆڤ هەمیشە خاوەنی شێوازی زمانییەو تەنانەت کاتێك مرۆڤ لای خۆی بیردەکاتەوە ، بە هۆی ( زمانی دەروونی )کە نابیندرێو نابیسرێ ، وتوویژدەکا • زمان پێستی مادیو لەباری هەستی ( بیستن )،خاوەنی دەرکی بیرکردنەوەیە •

نیشانەکانی زمان لە جێگای شتە ڕاستەقینەکان ، دادەندرێنو هەر بۆیە مرۆڤ لەڕەوتی بیرکردنەوەدا ، نە لەگەڵ شتەکانو دیاردەکانو ڕەوتەکان بەڵکو لەگەڵ نیشانە دانانی زمانیی ئەواندا، سەروکارو پێوەندیی هەیە • زاراوە یان وشەکان لە زماندا ، ئاکامی کردەوەی گشتی کردنی مێشکی ئینسانین • لینین دەڵێ هەر وشە یان وتەیەك خۆی ـسی کردنە بە یارمەتی زمان کۆکراوە فەرهەنگییەکانی هەر بەرەو نەسڵێك بەنەسڵو جیلێکیتر دەگا یان دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی هەموانو ئەم کارەیە کە گەشتی هەمیشەییو بێپسانەوەی بیرکردنەوەی ناسینخوازی ئینسانی ، دابیندەکا •

زمان دوو بەشە زمانی سروشتی، زمانی دەسکرد • زمانی سروشتی بە هۆی ئەوەوە ، وتوویژدەکەین • زمانی دەسکرد بریتییە لە کۆی چەند نیشانەو کۆڵەکە بۆ مەبەستێکی تایبەتی ، دروستیاندەکەین ، وەك زمانی سەمبۆلیك »کە لە ماتماتیك ، شیمی ، یانکودە Code ڕەمزی یەکانی بروسکەو ژمێرەرە ئەلێکترۆنییەکاندا ، کەڵکی لێوەردگیردرێ • زمانی دەسکرد ناتوانێ جێگای زمانی سروشتی بگرێتەوە بەلام یارمەتییەکی گرنگ بە بیرکردنەوەو ناسیندەکا •

پرسیارە کۆنترۆڵییەکان

١ ـ زمان چی‌یە ؟ ٢ ـ لەبەرچی زمان پەیدابوو ؟
٣ ـ بیرکردنەوە چی‌یە ؟ ٤ ـ بیرکردنەوە چەند بەشە ؟
٥ ـ پێوەندیی زمان‌و بیر چی‌یە ؟ ٦ ـ وتە یان زاراوە چی‌یە ؟
٧ ـ گەشتی بێ‌پسانەوەی ناسین واتای چی‌یە ؟ ٨ ـ زمان چەند بەشەو دەوری هەر کامە لەوان ڕابگەیەنن •

## ٨ ـ وتەیەك سەبارەت بە سیبرنەتیك

لە کۆتاییی باس لە یاساکان‌و زاراوە دیالێکتیکی‌یەکان‌و تیئوری‌ناسین‌دا ، جێی خۆیەتی سەبارەت بە زانستی سیبرنەتیك کە زاراوەکانی لەگەڵ زاراوە فەلسەفی‌یەباسکراوەکان ، پێوەندییان هەیە ، بە کورتی باس‌بکەین ، تا خوێنەری ئەم کتێبە سەبارەت بەو ، وێنەخوڵقاندنێك (تصور)ێکی هەر ئەندازە ساکارو کورت ، وەدەست‌بێنێ •

سیبرنەتیك کە دەکرێ بە ئیدارەکردن‌و هەڵسووڕان واتای لێ‌بدەینەوە وەرگێڕاوی یۆنانی • «کیبرنەتیك»ە بە واتای هونەری بەڕێوەبردن‌و ڕێبەرایەتی هاتووە •

سیبرنەتیك چی‌یە ؟ سیبرنەتیك زانستی هەڵسووڕانی سیستەمە-بەگرێ‌وگۆڵەکانی دینامیکە • کاتێك لە ساڵی ١٩٤٨ زانای ئەمریکایی «وینر»کتێبی خۆی لە ژێر سەردێڕی «سیبرنەتیك»یان هەڵسووڕان‌و پێوەندی لەگیانلەبەران‌و مەکینەکاندا ، بڵاوکردەوە ، ئەم زانستە بۆ یەکەم جار ، سەری‌هەڵدا • خودی سەردێڕ یان ناوی کتێبەکەی «وینر» بە ڕاشکاوی تەواوەو تایبەتمەندی یەکانی زانستی سیبرنەتیك نیشان‌دەدا • ئەم زانستە ، خەریکی شی‌کردنەوەی تایبەتی‌و دیاریکراو (ڕێبەرایەتی‌کراو)-نابێ بەڵکو لە قەڵەمندارەو خاڵێکی زۆر گشتی‌یەوە ، سەرنجیان‌دەداتێ •

واتا بۆ نموونە سەرنجی جیاوازیی نێوان مەکینەو لەشی گیانلەبەری زیندوو (ئورگانیسم)، نادا • بەڵکو تەنیا سەرنجی یەکێك لە لایەنەکانیان دەداو ئەویش بریتی‌یە لە ئەرکی هەڵسووڕانو هەڵسووڕاندن کە هەم لە ماشین ..ن نە مەکینەداو هەم لە لەشی گیانلەبەردا، بەئەنجامدەگا• بۆ ڕوونکردنەوەی ..بەست دەتوانین هەندەسە وەك نموونە باس بکەین • هەندەسەش کاری بە سروشتی تایبەتی جەستە ڕاستەقینەکانەوە ، نی‌یەو سەرنجی هێندێك تایبەتمەندی چەندیی جەستەکانو درێژاییو پانایی‌و قووڵایی ئەوان، ئـــەدات •

جەرەیان یان ڕەوتی هەڵسووران ( یان ئیدارەکردن )بە تـایبـەت لەگەڵ جەرەیانی زانیاری (ئەنفرماسـیـۆن)دا پێوەنـدیی هـەیـە وشەی (ئەنفرماسیۆن)یان زانیاری لە زاراوە گرنگەکانی سیبرنەتیکەو مەبەست لەو ئەوەیە کە لە دەزگای ڕێبەرایەتی‌کەرەوە ، هێندێك فەرمان، دەستوورو نیشانە کە پێی‌دەڵێن «زانیـــاری هەڵســـووڕێنەر»بەو دەزگایانەی کـــە هەڵسووڕاونو ئیدارەکراون ، بگا • بە پێچەوانە لە دەزگا هەڵسووراوە-کانیشەوە ، پێویستە هەواڵەکان ، نموونەکان (فاکتەکان) ، سـەبارەت بـە دۆخی ئەو چلۆنایەتی‌یەو ڕەوتی بەئەنجام گەیاندنی زانیاری هەڵسووڕێنەر، بە دەزگا هەڵسووڕێنەرەکان بگا ، واتا پێویستە ئەو هەواڵانەی کە پێی دەڵێن زانیـــاری‌یە بەراوەژووەکان(دوولاینـــە)، بگەن بـــە دەزگـــا هەڵسووڕێنەرەکان •

ئەم زانیاری‌یە بەراوەژووانە کە لە دەزگاهە ڵسووراوەکانەوە ، بـــە دەزگا هەڵسووڕێنەکان دەگەن ، بە هۆی دەزگای هەڵسووڕێنەوەوە ، بە بارمەتی‌وەرگرتن لەو زانیارایانە کە لە خودی ئەم دەزگایانەوە ڕاگیراونو پێی‌دەڵێن «بەرنامە»،دەستیان تێوەردەدرێو شێوازیان دەگۆڕدرێو جێگای خۆیان لەگەڵ چەند زانیاریی فەرماندەری‌نوێ ، دەگۆڕنەوە • بەم جۆرە ناوەرۆکی ڕەوتی ڕێبەرایەتی‌کردن یان ئیدارە بریتی‌یە لە ڕەوتی ڕاگوێستنو

ئاڵوگۆڕی شێوازی زانیاری‌یەکان (ئەنفرماسیۆن)و لەبەر ئەمە ئەتوانین سیبرنەتیك وەك زانستی ڕاگویستنو ئاڵوگۆڕی شێوازی زانیاری‌یەکانیش، بناسێنین •

لە جموجوڵو ڕەوتی زانیاری‌دا پلەی ناوەندی کە بە جەرەیسانی شێوازی گۆڕانی ئەوانەوە ، پێوەندیی هەیە بە پێی بەرنامەیەك کە پێی دەڵێن «ئالگوریتم»، بەئەنجامدەگا • ئالگوریتم بە گشتی یەکێك لە زاراوە زۆر گرنگەکانی ژیربێژی مەتماتیکە • ئالگوریتم واتا فەرمانەکان یان ئەو بەرەوازانینە وردانەی کە سەبارەت بەجێ‌بەجێ‌کردن یان ئەنجامدانی کارێك کە بە شێوەی ڕێك‌وپێکی‌یەکی دیاریکراو ، دەدرێنو مەبەست لەو ڕێنوێنیانە، چارەسەرکردنی گشت ئەو ئەرکو مەسەلانەیە کە پێوەندی‌یان بەم زنجیرەکردەوەو هەنگاوهەڵگرتنانەوە هەیە • نموونەی زۆر ساکاری ئالگوریتم بریتی‌یە لە چوارکردەوەی بنەڕەتی لە مەتماتیك‌دا (کۆکردنەوە جیاکردنەوە ، لێکدانو دابەش‌کردن ) کە ئێمە بە یارمەتی‌وەرگرتن لەوان زنجیرە مەسەلەیەك شی‌دەکەینەوە • لەم ڕوانگەیەوە سیبرنەتیك زانستێکە کە ئالگۆریتمە گشتی‌یەکانی شێوازی گۆڕینو دەستێوەردان لە زانیاری‌یەکان ، ئەخاتە بەر لێکۆڵینەوەو لەم ڕێگایەوەیە کە زانستە ، بووەتە بناخەی تێئوریکی دەزگا خۆکارو ژمێرەرە ئەلێکترۆنیکی‌یەکانو دەتوانێ ئەو مەسەلە وەرگیراوانەو گۆڕانی زانیاری‌یەکان ، چارەسەربکا •

سیبرنەتیك خاوەن گرنگی‌یەکی فەلسەفی گەورەیە ، چونکە لایەنێکی نوێ لە جیهانی ڕاستەقینەکە پێوەندیی بە جەرەیانە زانیاری‌یەکانەوەیە ، دەدۆزێتەوە • فیزیكو شیمیو ژیاناسی ، جەرەیانی ئاڵوگۆڕو گەشەکردنی شتەکانو وزەکان ، ئەخەنە بەر لێکۆڵینەوە • سیبرنەتیك بابەتێکی نوێ‌یە کە ئەویش لە جیهانی راستەقینەدا ، گرنگییەکی گەورەی هەیە ، واتا بابەتی گۆڕینەوەی زانیاری ، بابەتی هەڵسووڕانی

بەرهەمی ئەم ئاڵو گۆڕە زانیارییە ، لە سیستەمە بەگرێو گۆڵو دینامیکییە خاوەنژیانو دوور لە ژیانەکاندا ئەخاتە بەر لێکۆڵینەوە • ئەمە باسێکی نوێو زۆر گرنگ بوو کە سیبرنەتیك ، گەلاڵەی کرد •

یەکێك لەو ئاکامە فەلسەفییە گرنگانەی کە دەکرێ لە سیبرنەتیـك ، وەری بگرین ، دۆزینەوەی بەڵگەیەکی نوێو لـەسەریـەکبوونی جیهانی بێگیانو گیاندارە کە لەوان جەرەیانی زانیارییەکـان ، ڕاگوێستنیـان ، دەستێوەردانو ئاڵوگۆڕیان ، جەرەیانی بەڕیوەبردن هەڵسووڕان ، پێکەوەدو بەشێوەی هاوبەش ، هەیە • سیبرنەتیـك پـەردەی شـاراوەو نهێنیـی ئیدەئالیستی لەسەر چەند زاراوەی وەك « ئامانج »،« هەڵسـووڕان » ، « شعور »،« هۆش »و هی تر ، هەڵدەداتەوەو چلۆنایەتیی تایبەتیی ئـەوان لەباری ڕاگوێستنیبەراوەژوو( متعاکس )ی زانیاری ، نیشاندەدا •

سیبرنەتیك ئەو دەرەتانەیداوە کە ئەرکەکانی بیرکردنەوەی ئینسانی لە قاپۆڕیژمێرەرە ئەلێکترۆنییەکان یان مێشکە ئەلێکترۆنییەکـاندا ، وێنەیان لێهەڵبگیردرێ » یان مودێلیان لێدروستبکەن • ئەمژمێرەرانە هێندێك لە ئەرکە بەگرێوگولەکانی میشك کە بریتین لە وەرگرتنو ئـاڵو گۆڕ پێکهێنان لە شێوازی زانیاری کە بە پێی بەرنامەدیاریکراوەکـــان دەچێتەپێش ، بەئەنجامئەگەینو بەم جۆرە تایبەتمەندی مادی بیرکردنەوە بەکردەوە ، دەسەلمێنن •

مێشکی ئینسانیش بریتییە لـە ماشین یـان مەکینەیەکی یـەکجـار بەگـرێوگـۆلی سیبرنەتیك لە مۆدێلە میکانیکییە مەوجوودەکان ، زۆر ساکارو سەرەتاییەکانی ئەوان • بەلاّم بە هەر جۆر بێ ئەم مۆدێلە ساکارانە بناخەو شێوەی کاری مێشکی ئینسان ، روونده‌کەنەوە •

پرسیارە کۆنترۆلییەکان

١ ـ ناساندنە جۆراوجۆرەکانی سیبرنەتیكو سەرهەڵدانی ڕابگەیەنن• ٣ ـ زانیاری چییەو گرنگی ئەو لـە تەنیشـت

زاراوەی «شت» و «وزە»ڕابگەیەنن • ٣ – هەڵســـــووڕان چییەو بە چ شێوازێك بەئەنجامدەگا ؟ ٤ – بەرنامە چی‌یــە ؟ ٥ – ئالگۆریتم چی‌یە ؟ ٦ – مۆدیل چی‌یە ؟ ٧ – گرنگــی فەلسەفەی سیبرنەتیك کامەیە ؟ ٨ – ســیبرنەتیك بناخــەی تیئۆری چ جۆرەتێکنیکێکە ؟

# بــەندی حــەوتەم

## ٧ـ ماتریالیسمی مێژوویی ـ بڕیارەکان‌و زاراوەکانی

### ١ – ماتریالیسمی مێژوویی‌وەك زانست

ماتریالیســمی مێژوویی چی‌یــە ؟ ماتریالیسمی مێژوویی بریتی‌یە لــە دەقاودەق هاتنەوەی بناخەکانی ماتریالیزمی فەلسەفی لەگــەڵ جەرەیــانــی گەشەکردنی مێژووی کۆمەڵی ئینسانی • ماتریالیزمی مێژوویی یاســــا گشتی‌یەکان‌و هێزە دنەدەرەکانی بەرەوپێش‌چوون‌و بەربڵاوبوونی کۆمەڵ لە گشتی بوونی‌دا، ئەخاتە بەرلێکۆڵینەوە • ئەوە کــە دەڵێــن لە گشتی بوونی‌دا لەبەر ئەوەیە کە زانستە ئینسانی‌یەکان کە ئەم یان ئەو لایەنــی گەشەکردنی کۆمەڵ ئەخەنە بەر توێژینەوە ( وەك مێژووە یاساکان (حقوق)، ئابووری ، زمانناسی‌و هی تر ) ، کەم نین • ماتریالیزمی مێژوویی زانستی فەلسەفی کۆمەڵناسی‌یەو تیئوری گشتی‌و ڕێ‌و ڕەسمە گشتی‌یەکانی ڤاسین بۆ گشت زانستە کۆمەڵایەتی‌یەکانی تر ، ئامادەدەکا • بەم واتایە کە خودی ماتریالیزمی مێژوویی بەو ڕاستەقینانەو زانیاریانەی کە زانستە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی‌یەکان وەدەستی‌دێنن ، پاڵدەداتەوەو لەوان بۆ شی‌کردنــەوەی گشتی خۆی ، کەڵك وەردەگــرێ‌و بەتۆرەی خــۆی بــە نیشاندانــــی یاساگشتی‌یەکانی جم‌وجوڵی کۆمەڵ ، لە کاری لێکۆڵینەوەو شی‌کردنەوەی گۆڕەپانە دیاریکراوەکان‌دا ، بەم زانستانە ، یارمەتی‌دەدا •

ماتریالیزمی فەلسەفی‌و ماتریالیزمی مێژوویی ، پێکـــەوە پێوەندیی ئۆرگانیکیان هەیەو لە کۆی خۆیاندا ، «فەلسەفەی مارکسیستی» پێك‌دێنن، چونکە بێ‌تێگەیشتن لە مێژووی کۆمەڵ لەباری مادی‌یەوە ، دەرکی مـادی جیهان تەواونابێ‌و ئەمەش کارێکە کە بـە هۆی مارکس‌و ئـەنگلسەوە ، بەئەنجام گەیشت‌و ماتریالیزمی شێلگیر سەری هەڵدا • پێش مـارکس‌و ئەنگلس تەنانەت ، ماتریالیستەکان لە شی‌کردنەوەی کۆمەڵایەتی مێژوویی‌دا، ئیدئالیست بوون‌و زەین‌پەرست ووا بیریان دەکردەوە ئەوە بیرو ئیـرادەی پیاوانی گەورەو هەڵبژێردراوانی کۆمەڵایەتی یان بیروڕای گشتی‌یە کـــە مێژوو هەڵدەسووڕێنن • واتا بە کردەوە شعورو زانیاریی کومـەڵیان بـە حۆلقێنەری‌بوونی مادی‌و ئابووری کۆمــەڵ دادەنا نـەبەپێچەوانـە • ماتریالیزم لە ماتریالیزمی مێژوویی‌دا ، بەو شێوە خۆ دەنوێنێ کە لێرەش‌دا بەرهەم‌هێنانی مادی‌یەکە دەوری دیاریکەر لـە گـەشەکردنی کـۆمەڵدا ، داری‌دەکا ، نەك ژیانی مەعنەوی کە خۆی لایەنی لق‌وپۆپی‌و دابڕاوی هەیە• هەر بۆیە بناخەی لەپێش‌بوونی مادەو لەپاش‌بوونی شـــعور کـە بناخەی وەندیی کۆڵەکەی بنەڕەتی ماتریالیزمە لەگـەڵ مەیدانەکـانی مێـژووی کۆمەڵدا ، دەقاودەق دێتەوە •

بەم بۆنەوە سەرهەڵدانی ماتریالیزمی مێژوویی بریتی‌یە لە وەرسووڕانێکی گرنگی شۆڕشگێڕی ، گۆڕانێکی گەورەی چلۆنی لە تێگەیشتنی ئێمە لە ناوەرۆك ( ماهێت )ی یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵ •

مارکس‌و ئەنگلس نیشانیان دا کە بەرفراوان‌بوون‌و گەشەکردن لـــە مەیدانەکانی مێژووی کۆمەڵایەتیش‌دا وەك مەیدانەکانی مێژووی سروشت، جەرەیانێکی مێژوویی-سروشتی‌یە • واتا بەو جۆرە کە لە مێژووی سروشت، جەرەیانێکی مێژوویی-سروشتی‌یە•واتا بەو جۆرە کە لە مێژووی سروشت‌دا، شتەکان‌و دیاردەکان بەپێی یاسا تایبەتی‌یەکانی خۆیان‌و بێ‌خۆ تێهەڵقورتانی «مشیت أزلی» گەشەکردنی خۆیان لە کات‌دا ، تێپەڕکردووە ، هەر بەو جۆرە

کۆمەڵی ئینسانیش سەربەخۆ لە ئیرادەو زانیاریی تاقە کەسەکان بە پێی یاسا زاتی‌یەکانی خۆیان ، بە ناچاری ئاڵو گۆڕیان بەسەردادێو لەم بارەوە. جیاوازی‌یەکیان لە گەڵ تانو پۆ ، یان کەسمو بیچمی سروشتدا ، نی‌یە • ئەوەندە هەیە لەم مەیدانەدا ، شعور سەرهەڵدەداو دەوری زانیاریی مرۆڤو زەینی ئەویش ، دەورێکی بێ دژکردەوەو پاسیف نی‌یە •

ماتریالیزمی مێژوویی، زانستێکی لاینگرو شۆڕشگێری‌یەو ئامرای کرێکاران بۆ گۆڕینی کۆمەڵە• خزمەتە مێژووی‌یەکانی مارکسو ئەنگلسو پاشان لنین کە فێرکردنی ئەوانی لەم زەمینسەشدا لە هەلومەرجی نوێی مێژوویی‌دا، دەولەمەندتر کرد ، لەوەدایە کە ئەم ئامرازە بەهێزە زانستیانەیان بە وجود هێناو دایان بەدەست کرێکارانەوە •

ماتریالیزمی مێژوویی وەك زانستو ئاڵوگۆڕی گەشەکردن لەسەر بناخەی کردەوەی شۆڕشگێری لەسەر بناخەی لێکۆلینەوەی زانستیو لەسەر بناخەی ئەزموون ، ئاڵوگۆڕێکی بەرەو پێشچوون ، تێپەڕدەکا • ئەمە دیمەنێکی ویشك نی‌یە کە بەسەر زانستە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا داسەپێندرابێ ، بەڵکو تەنیا تێئوری‌و ڕێ‌وڕەسمەکانی ناسینی کۆمەڵو ئاڵوگۆڕپێك‌هێنان لەودایەو بە گەشەکردنی زانستەکان پەیتاپەیتا، دەولەمەندتر دەبێ •

ماتریالیزمی مێژوویی‌یش وەك گشت زانستەکان بە زنجیرەیەك لە یاساو زاراوەکان ، تەیارکراوە کە لە درێژایی گەشەکردنی ئەم زانستەدا ، بە تۆرەی خۆیان دەولەمەندترو وردتر دەبن • ئێمە لەمباسەکورتەدا لەگەڵ گرنگترین زاراوەو یاسای ئەم زانستە ، ئاشنا دەبین • ئەم ئاشنایی‌و شارەزایی‌یە ، بۆ چوونی ئێمە سەبارەت بە دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکان کە زۆر بەگرێو گۆلن ، بەهێزتر دەکاو ئەو توانایی‌یە بە ئێمە دەدا کە کەسموبیچمی بەگرێوگۆلی ڕووداوەکانو دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکان ،

شیبکەینەوە ، لە سروشتیان تێبگەین ، لـەوان ئاکامی دروست وەربگرین کارێك کە بۆ خەبات‌و ڕێبەرایەتیی دروستی ئەو ، گرنگیی ژیانی‌هەیە •

پرسیارە کۆنترۆڵی‌یەکان

١ ـ ماتریالیزمی مێژوویی بناسێنـن• ٢ ـ جیـاوازیـی ماتریالیزمی مێژوویی لەگەڵ زانستە کـۆمەلایەتی‌یەکانی تـرـ لـەچی‌دایـە ؟ ٣ ـ پێوەندیی ماتریالیسمی مێژوویی‌و ماتریالیسمی فەلسەفی، ڕابگەیەنن • ٤ ـ لەبەرچی سەرهەڵدانی ماتریالیزمی مێژوویی بریتی‌یە لە ئاڵ‌وگۆڕێکی چلۆنی لە کـۆمەڵناسی‌دا ؟ ٥ ـ جیاوازیی کۆمەڵناسی ماتریالیستی‌و غەیرە ماتـریالیستـی ، لەچی‌دایە ؟ ٦ ـ لەبەرچی دەڵێن ماتریالیزمی مێژوویی لایەنگرە؟ ٧ ـ لەبەر چی دەڵێن ، ماتریالیزمی مێژوویی دیمەنێکی ویشـك نی‌یە کە داسەپێندرێ بـەسەر کـۆمەڵناسی‌دا ؟ ٨ ـ خـاوەن قازانج‌بوونی ماتریالیزمی مێژوویی ، ڕابگـەیەنن •

## ٢ ـ سـروشت‌و کـۆمـەڵ

سروشت چی‌یە؟سروشت کۆی چەند جەرەیان یان ڕەوتە کە شێوازی سروشتی واتا بێ بوونی شوێنەواری تێکوشانی مرۆڤ ، جەرەیانی هەیە • وەك پروسەو ڕەوتی ژئۆفیزیك، ناوچەیی ، فیزیکۆ ـ شیمیك ، ژیانی‌و هی تر • ئەم ڕەوتانە ماوەیەکـی زۆر پێش سەرهەڵدانی مرۆڤ، بوون‌و بـێ سنوورو بێ سەرەتاو هەتاهەتایین‌و سەرانسەری کاکێشان یان جیهان بـە گشتی‌و یەك لەوان سروشتی خـاوەن سنووری ـ ئەستیرەی ئێمەش ، دەگرنەوە •

جیاوازیی مرۆڤ لەگەڵ بوونەوەرە بێ‌گیان‌و گیاندارە سروشتی‌یەکان لەوەدایە کە مرۆڤ تەنیا پەیڕەوی بێ ئەملاوئەولای سروشت نی‌یە ، بەڵکو

سروشت دەگۆڕێ ، ئەیخاتە ژێر فەرمانی ئامانجەکانی خۆی‌و لە تەنیشت‌شت‌و دیاردە سروشتی‌یەکانەوە ، شت‌و دیاردە دەسکردەکـــان ، دەخۆلقێنـــێ٠ سروشت بەو ئەندازە کە فەرمان لە مرۆڤ دەباو کەڵکی لێوەردەگـــرێ ، چلۆنایەتی‌یەکی نوێ وەدەست دێنێ‌و دەبێتە ئینسانی »٠ ئەو مەڵبەنـدە سروشتی‌یەی ئینسان ئەیخاتە ژێر دەسەلاتی خۆی بۆ خزمەتکردن خـۆی بە وتەی مارکس ، ئەبێتە « پەیکەری نائورگانیك »ی مرۆڤ‌و بەشێك لـە لەشی ئەو ٠ مرۆڤ بە کاری بەرهەمهێنەری خۆی «سروشتێکی دووهەم»کە پێی دەڵێن « فەرهەنگی ئینسانی ، بەوجوددێنێ کە شتەکان‌و دیاردەکانـی دەروونی ئەو ، خودی سروشت بەکەڵك‌وەرگرتن لە گەشتی خۆی لە خۆی‌دا، ناتوانێ‌بە وجودی نبینێ ٠

ئەمە بەو واتایە نی‌یـە کـە بناخـــەی لـــە پێش بـوونی سـروشـت بەنیسبەت‌ئینسان ، لەنێودەچێ ، چونکە یەکەم سروشت پێش مرۆڤ هەبووەو دووەم مرۆڤ تەنیاو تەنیا لە چوارچێوەی یاساکانی خودی ســــروشت‌دا ، دەتوانێ شوێن لەسەر سروشت دابنێ ٠ مارکس دەڵێ

مرۆڤ لە ڕەوتی کارکردن‌دا لە تایبەتمەندیی میکانیکی ، فیزیکـی، شیمیایی‌یەکانی شتەکان ، کەڵك‌وەردەگرێ تا بە پێی ئامانجـەکانی خـۆی لەوان وەك ئامرازی شوێن‌دانان لەسەر شتەکانی تر ، کەڵك‌وەربگرێ »٠

نیشانەی پێوەندی‌یە دیالێکتیکی‌یەکانی سروشت‌و کۆمەڵی ئینسانی، لەوەدایە کە ئەندازەی شوێن‌دانانی مرۆڤ لە ئاڵ‌و گۆڕپێك‌هێنان بەســەر سروشت‌داو خستنە ژێرفەرمانی بە هۆی ئیرادەی خۆیەوە ، بەرەبەرە زیاد دەبێ‌و گۆڕەپانێکی بەفراوانترێك لە جیهان‌و کەیهان دێتەنێو شوێن‌دانانـی مرۆڤ‌و کۆمەڵی ئینسانی‌یەوە ٠ ئەمە ڕەوتێکی هـەتاهەتایی‌یە ٠ ئـەوڕۆ ئەستێرەی ئێمە ( زەوی )لە گشت مەیدانەکانی‌دا ، هەوا ( فضا )ویشکی‌و دەریا ئێمە بە کردەوە کەلکمان لێوەرگرتووە ،ئێمـە ئیتر هـەنگاومان

ناوەتە ئەوبەر زەوی‌و چووینەتە مەیدانەکانی کەیهان واتا جیهانی ئەوپەڕی زەوی •

ئەوە کە سروشت بە هۆی ئینسانەوە ملی دانواندووە ، تەنیا مەسەلەیەکی تیکنیکی‌یەو خاوەن پێوەندیی بەهێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە نی‌یە،بەڵکو لە هەمان کاتدا ، جۆرەها مەسەلەی نوێی کۆمەلآیەتی ، بەوجوددێنێ• ڕادەی دەسیوەردان لە سروشت بەسراوەتەوە بە پلەی گەشەکردنی هێزەبەرهەم-هێنەرەکان ، بە پلەی گەشەکردنی پێوەندی‌یەکانی بەرهەمهینان‌و ئەندازەی ناسینی زانستی مرۆڤەوە •

پرسیارە کۆنترۆلی‌یەکان

١ – سروشت بناسێنن• ٢ – لەبەرچی دەلێن ، سروشت پێشەکی پێویست بۆ سەرهەلدانی مرۆڤ‌و کۆمەلی ئینسانی‌یە؟ ٣ – پێوەندیی مرۆڤ‌و سروشت چلۆنە ؟ ٤ – چلۆن سروشت دەبێتە ئینسانی‌و سروشتی دووەم ، چی‌یە ؟ ٥ – وتەی مارکس سەبارەت بە شێوەی کەلکوەرگرتنی مرۆڤ لە سروشت بگێرنەوەو شی‌بکەنەوە • ٦ – پێوەندی‌یەکانی ئینسان‌و سروشت چی‌یە ؟ دەستێوەردانی سروشت ، پێوەندیی بە چهۆیەکەوە هەیە ؟

**٣ – خولقاندنی ئینسانی‌و خولقاندنی کۆمەلآیەتی (ئانتروبوژنزوسوسیوژنز)**

ئێمە زاراوەکانی خولقاندنی ئینسانی و «خولقاندنی کۆمەلآیەتی»مان یەك‌لە دوای‌یەك بۆ هاوکێشەکانی ئورووپایی‌ئانتروپوژنز Anthropogenese و سوسیوژنز Cociogenese ، هەلبژاردووە• ئەم دوو زاراوە لە کۆمەلناسیی مارکسیستی‌دا ، گرنگی‌یەکی زۆریان هەیە • «خولقاندنی ئینسانی» واتا گەشتی خولقاندنی ئینسانی ئێستا لە مەیموونە شێوازە ئینسانی‌یەکانەوە (ئانتروپوئید)کە خاوەنی لووتێکی نازك بوون‌و

نیشتمانیان ئاسیاو باکووری ئافریقا بوو ، ناساندووه • لێکۆلینەوە فیزیولۆژیکیو ژیانییەکانو هەڵسەنگاندنە شیکراوەیەکانو لێکۆلینەوە مێژووییەکان ، نیشاندەدەن کە چلۆن لە دەورە سەرەتاییەکانی «بەردی کۆن»دا، ئاڵوگۆڕێکی چلۆنی گەورە ڕوودەداو گاڕانە مەیموونەکان کە لێوەشاوەیی ئەمئاڵوگۆرەیان تێدابووە، بوون بە «گاڕانە ئینسانە سەرەتاییەکان» ( پێش سەرهەڵدانی مرۆڤی نەئەندەرتالو مرۆڤی ئێستاکەو Homosapiens ی پێدەڵێن )چلۆن لەدەورەکانی ( بەردی نێوەڕاست )دا ، جارێکی تر ئاڵوگۆڕێکی چلۆنی ، ڕوودەداو ئینسانە نەئەندرەتاڵەکانو پاشان لە دەورەکانی ( بەردی نوێ )دا ، ئینسانەکانی ئەورۆ ، سەرهەڵدەدەن • تێئوریەکانی ڕێنوێنی شیکەرەوانە لە مەسەلەی خولقاندنی ئینسانیدا ( ئانتروپوژنز )،پێوەندییان بە چارلز داروینو ئەنگلسەوە ، هەیە•داروین ئەم ئاڵوگوڕە تەنیا لەسەر بناخەی لێکۆڵینەوەکانی گیانلەبەرناسیو شیکردنەوەی ، دەسەلمێنێو تەنیا هۆیە سروشتییەکان ، بە کاریگەر دەزانێ • ئەنگلس لە نووسراوەی خۆیدا ، بە ناوی « دەوری کار لە سەرهەڵدانی مرۆڤ »دا ، نیشاندەدا کە ئاڵوگۆڕی چلۆنی لە وەك ئینسانەکانەوە بەرەو ئینسانە تەواوترەکان، بۆ کارو کەڵكوەرگرتن لە ئامراز ، بەئەنجام نەدەگەیشتو نە گونجدەبوو ، بەتایبەت کارو کەڵكوەرگرتن لە ئامرازەکانە کە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی گیانلەبەرناسی ( فیزیۆلۆژی )و شیکردنەوەیی ، بە چەندین پلە، توند تر دەکەنو بە ئەنجامدانی ڕاپەڕینێکی چلۆنی، بوو بە هۆی بە وجوودهێنانی ئینسانی نوێ کە باڵاو قەڵافەتی ڕاستەو مێشکی بەرەوپێشچووی هەیەو لە دەستەکانی ئازادانە کەڵكوەردەگرێو چەنەی سووکەو زمانی جموجولیهەیەو ئازادە•

وتەیەکی تر لە سکی « گشتی خولقاندنی ئینسانی »دا ، «ڕەوتی گەشتی» خولقاندنی کۆمەڵایەتی » دەسپێدەکا ، چونکە کارو بەرهەم هێنان

دیاردەیەکی کۆمەڵایەتین • کارو کەڵك‌وەرگرتن لە ئامراز، بە سەرهەڵدانی شعوری تاکەکەسی‌و کۆمەڵایەتی‌و سەرهەڵدانی زمان ، یارمەتییان‌کردووەو هەر بۆیە لەو کاتەدا کە « گارانە ئینسانی‌یەکان »ئەبوونە سەرەتایی‌ترین سیستەمی تایفە یان عەشیرەتی‌و هۆزی‌و « خولقاندنی کۆمەڵایەتی »دەستی پێدەکرد مرۆڤ پلە درێژەکانی گەشەکردنی ، بەجێ‌هێشتبوو • لە خولقاندنی کۆمەڵایەتی »دا ، چەند هۆی تر وەك بەرەوپێش چوونی هێزە بەرهەم‌هێنەرەکان‌و ئاڵوگۆڕ لە پێوەندی‌یە بەرهەم‌هێنەری‌یەکان‌داو کاریگەریی دوولایەنەی ژێرخان‌و سەرخان کە سەبارەت بەوان باس‌دەکەین، دەوری گرنگ‌و بنەڕەتییان هەیەو دەوری هۆیە سروشتی‌و ناوچەیی‌یەکان‌و ئاڵوگۆڕە فیزیۆلۆژی یان گیانلەبەرناسی‌یەکان‌و[1] شی‌کردنەوەیی‌یەکان کە لە دەورەکانی «خولقاندنی ئینسانی »گرنگ‌بوون، ئێستا ئیتر لایەنی لاوەکی‌و لق‌وپۆپییان هەیە • بەسەرهەڵدانی « خولقاندنی کۆمەڵایەتی » ، مێژووی مرۆڤ دەس‌پێدەکا• مارکس پێی‌وایە ئەم ڕێکەوتە تا سەقامگیربوونی تەواوی کۆمۆنیسم ( واتا کوتایی پێهاتنی دەورەکانی زۆرەملێی کۆمەڵایەتی‌و دەس‌پێکردنی دەورەکانی ئیختیارو خاوەن دەسەلاتی کۆمەڵایەتی ) گشتی پێوەندیی بە « پێش‌مێژوو »وە هەیە • واتای وتەی قوولی مارکس ڕوونە مرۆڤ کاتێك بە ئینسان‌بوونی بەرەوپێش‌چووی خۆی واتا بە شعووری کۆمەڵایەتیی تەواو ، دەگا کە بەسەر زۆرەملێی یاسا کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا زاڵ‌بووبێ‌و گەشەکردنی کۆمەڵ بکاتە پەیڕەوو فەرمانبەری ئیرادەو گەلاڵەی هاوبەش‌و خاوەن ئامانجی خۆی• بەم حاڵەش دەبێ بگوترێ کە بە کردەوە سەرەتای « خولقاندنی کۆمەڵایەتی »، لەگەڵ سەرەتای مێژووی ئینسان‌دا ، هاوکات دادەنێن •

---

(1) Phyciologie زانستی ئەرکەکانی ئەندامەکانی لەشی گیانلەبەران
وەرگێر

پرســـیارە کۆنتـــرۆلـی‌یەکان

١ ـ خولّقاندنی مرۆڤ چی‌یە ؟ ٢ ـ چ کەسانێك تیئوری‌یەکەیان ڕێكوپێـك کـردووە ؟ ٣ ـ خولّقاندنـی ئینسـانی لـەچـەند پلەوە تێپەڕبووە ؟ ٤ ـ لە چ دەورانێكدا ، خولّقاندنی ئینسانی دەس‌پێدەکاو چلۆن ؟ ٥ ـ خولّقاندنی کۆمەڵایەتی چی‌یەو چ جیاوازی‌یەکی لەگەڵ خولّقاندنی ئینسانی‌دا هەیە ؟ ٦ ـ مێژووو پێش‌مێژوو ، واتای چی‌یە ؟

**٤ـ ناوەڕۆك ( ماهیت )ی مرۆڤو مەسەلەی نامۆیی ئەو ( ئالیناسیۆن )**

سەبارەت بە ناوەڕۆکی مرۆڤ بیروبۆچوونی مارکسیسمو ماتریالیزمی مێژوویی لەگەڵ بیروبۆچوونی باو لە فەلسەفەی بورژوازی‌دا ، جیاوازیی بنەڕەتی هەیە • فەلسەفەی بۆرژوازی پێی وایە ناوەروکی ئینسان بریتی‌یـە لە کۆیەك لە تایبەتمەندی‌یە دەروونی‌یەکانو ڕاوەستاو بێ‌ئاڵو گۆڕەکانو ناوئاخنی‌مێژووو کۆمەڵ شتێك بێجگە لە ڕوالەتە ڕەنگاو ڕەنگەکانی ئـــەم تایبەتمەندی‌یە دەروونی‌و غەریزەکان( غەریزە پاراستنی خـۆی ، غەریزەی خاوەن ملکایەتی ، غەریزەی جەنگو دەسدرێژی ، غەریـزەی مەرگـــو هی تر )،نی‌یە •

مارکس ئەم ناساندنەی سەبارەت بە ناوەرۆکی مرۆڤ، ڕاگەیاندووە.

« ناوەرۆکی مرۆڤ شتێکی ڕووت نی‌یە کە تایبەتی تاقە کەسێکی دیاریکراوی ئینسانی بێ • ناوەرۆکی ئینسانی لەڕاستی‌دا بریتی‌یـە لە کۆی گشتی پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان »•

واتای ئەم ناسینە ئەوەیە کە مرۆڤ تەنیا مـەوجوودێکی سروشتی‌و یەکی(واحد) بێولۆژیکی نی‌یە • ڕوونە کە ئینسان لەباری سەرهەڵـدانی خۆیەوە هەروەك لە بەندی پێش‌دا شیمان‌کردەوەو لەباری تایبەتمەندی‌یەکانی فیزیۆلۆژیکی‌ـشی‌کردنەوەو خاوەن یاسابوونی‌ئیدئۆلۆژیکی ئەندامەکانـــی

خۆی ، لەگەڵ سروشتدا ، پێوەندیی هەیەو بەرزترین بەرهەمی گەشەکردنی سروشتییە ، بەڵام سروشت هیچکام لەو تایبەتمەندیانەی کە ئێمە پێی دەڵێین «تایبەتمەندیی ئینسانی» لە سەرەتای سەرهەڵدانی لەدایك بوونیەوە، بە ئینسانی نەداوە ( وەك شعور ، زمان ، سۆزەکانو هەستەکانو تەنانەت دەرەتانی ڕاستڕێگاچوون کە منداڵ بە یارمەتیی بنەماڵەو کۆمەڵ فێردەبێ ) • لە هەمان کاتدا کە مرۆڤ گشت زەمینە پێویستەکانی بۆ وەدەست هێنانی ئەم تایبەتمەندیانە لە پێشینیانی خۆی ، بە میراتبردووە • مرۆڤ لەوبەری کۆمەڵەوە ناتوانێ ببێتە ئینسانو ئەم کارە هۆی هێندێك ڕووداوی بەدەگمەن کە جاری وابووە منداڵی مرۆڤ لە نێو گیانلەبەراندا گەورەبووە ، لەباری زانستییەوە ، سەلمێندراوە • هەربۆیە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو ئینسانبوونی لە کومەڵایەتی ، جیاوازی نییەو لەبەر ئەوە «ئینسانبوون» ناوەڕوکی ئەوە، واتای وتەی مارکس ڕوونە کەدەڵێ: «ناوەرۆك یان ماهییەتی مرۆڤ بریتی لە کۆی گشت پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی »کە بە گشت تایبەتمەندییە دەروونی زانستییەکانی ئەو ، شێوازدەبەخشێ • تەنانەت تایبەتمەندییە بەتەواوی فیزیۆلۆژیکی-یەکانی ئینسان، وەك دیتن ، بیستن ، خواردن ، خەوتنو هی تر، بە وردی وان لە ژێر شوێنەواری کاریگەریی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەوداو چەندین تایبەتمەندیو پەسنی نوێ وەدەستدێنن •

لەو کۆمەڵانەدا کە بناخەیان لەسەر چینە دژ بەیەکەکان دامەزراوە ڕەوتی شێواز گرتنی ناوەرۆکی مرۆڤ ناتوانێ تەواو وەبەرگرو هەمەلایەنە بێ،بەڵکو یەك لایەنەو ڕەنگ پەڕیوە ، بە شێوەی هێزێکی مەرموزو نامۆ،بەسەریدا زاڵدەبێ ، شتێك کە لە فەلسەفەدا ناوی «نامۆبوون»یان ئالیناسیۆن Alienostion ی لەسەردانراوە • لەبەر ئەوە ئەم زاراوە لە فەلسەفەی هاوچەرخدا ، گرنگییەکی زۆری وەدەستهێناوە جێی خۆیەتی بە کورتی لە ناوئاخنو ناوەرۆکی، ئاگاداربین •

نامۆبوون چی‌یه؟ نامۆبوون گۆڕینه‌وه‌ی به‌رهه‌مه‌کانی تێکوشانی ئینسانی(کاری به‌رهه‌مهێنه‌ر ،پێوه‌ندی‌یه کۆمه‌لایه‌تی وسیاسی‌یه‌کان پێوانه‌ئاکاری‌یه‌کان ، تیئوری‌یه زانستی‌یه‌کان ، شێوازه‌کانی شعوری کۆمه‌لایه‌تی )و هه‌روه‌ها تایبه‌تمه‌ندی‌و لێوه‌شاوه‌یی‌یه ئینسانی‌یه‌کان ، به‌شێکی سه‌ربه‌خۆ له مرۆڤ ، نامۆ له ئینسان‌و زاڵه به‌سه‌ری‌دا• نامۆبوون ره‌وت یان به‌رهه‌یا نێکی کاتی له مێژوودایه • هه‌ر جۆرێك له تێکوشان) چ کاری به‌رهه‌مهێنان ، زانست ، هونه‌ر ، هه‌ڵسووڕاندنی کاروباره‌کان)، ئه‌م هه‌ڵو مه‌رجه‌داده‌که‌وێته ژێرده‌سه‌لات‌و گه‌مارۆی ده‌سته‌یه‌ك له ئه‌ندامه‌کانی کۆمه‌ڵ‌و بۆیه بۆگشت ئه‌ندامه‌کانی تری کۆمه‌ل ، ده‌بێته شتێکی نامۆو له‌ئاکام‌دا تێکۆشانی کۆمه‌ڵ‌و به‌رهه‌مه‌کانی به نیسبه‌تی چه‌ند ئه‌ندامی کۆمه‌ڵ یان گرۆو ده‌سته کۆمه‌لایه‌تی‌یه‌کان ، جیاوازو نامۆده‌بێ •

له‌مه‌یدانه‌کانی ئابووری‌دا ، نامۆبوون به شێوه‌ی زاڵبوونی خاوه‌ن‌ملکایه‌تی خۆده‌نوینێ• واتا به‌رهه‌می کار به که‌سێکه‌وه پێوه‌ندی نی‌یه که به‌رهه‌می دێنێ‌و خودی کاری به‌رهه‌مهێنه‌ر به شێوه‌ی کارێکی زۆره‌ملێ‌که له ده‌ره‌وه ، داسه‌پێندراوه ، خۆده‌نوینێ‌و پێوه‌ندی‌یه‌کانی نێوان چینه جۆرا وجۆره‌کان ، لایه‌نی دوژمنانه ، په‌یداده‌که‌ن •

له ژیانی کۆمه‌لایه‌تی ــ سیاسی‌دا ، نامۆبوون له قاپۆڕی په‌سنی خودبه‌خودی گه‌شه‌کردنی کۆمه‌ڵ‌و بێ توانایی مرۆڤ له‌به‌رانبه‌ر هێزه کۆمه‌لایه‌تی‌یه‌کانه‌وه که خۆی پێکی‌هێناون ( حکومه‌ت جه‌نگ و قه‌یران )، خۆده‌نوێنێ • مرۆڤ ناتوانێ دیاری بکا که چی‌ده‌وێ به‌ڵکوو په‌یڕه‌وی ئه‌و هێزانه‌یه که نین له ژێر ده‌سه‌لاتداو به‌سه‌ر کۆمه‌ڵدا زاڵن‌و هه‌ر بۆیه وا ده‌بیندرێ که پێوانه‌کان‌و شێوازه‌کانی ژیانی کۆمه‌لایه‌تی ، به هۆی ئیراده‌ی ئه‌وو ئه‌ندامه‌کانی کۆمه‌ڵه‌وه ، دیاری‌نه‌کراون ، به‌ڵکو هێزه‌کانی سه‌ره‌وه‌ی هێزی ئینسانی ، ئه‌وانه‌یان داناون‌و به زۆر به‌سه‌ر ئینسان‌دا ،

سەپاندوویانن . لە مەیدانی شعوری کۆمەڵایەتیش‌دا ئەم ڕەنگ لەدەس‌دان‌و نامۆیی‌یە، دێتەپێش کە نموونەی زەقی ئەو ، مەزهەبە ، چونکە لە شعوری ئایینی‌دا ، هێزە کۆمەلایەتی‌یەکان کە خودی ئینسان پێکی‌هێناون ، ڕەنگی هێزە ئاسمانی‌و لاهوتی‌یەکان بە خۆوە دەگرن‌و گۆمان‌و خەیاڵی مرۆڤ ، بەسەر شعووری‌دا زاڵ‌دەبن[1] .

بۆ ئەوەی لە نامۆبوونی ناوەرۆکی مرۆڤ پێشگیری بکرێ‌و مرۆڤ بگەڕێتەوە سەر بیچم‌و تان‌وپۆی خۆی‌و خۆی وەك خوڵقێنەری چارەنووسی خۆی ببینێ . ڕێگایەکی تر بێجگە لە پێك‌هێنانی کۆمەڵێکی ڕزگاربوو لە کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان ، نابینرێ . لەم بارەوە ، لە بەندەکانی تردا ، بە درێژی زیاتر باس‌دەکەین .

پرسیارە کۆنترۆلی‌یەکان

١ فیلسوفە بۆرژواکان ، چلۆن ماهی‌یەتی مرۆڤیان دەناساند ؟

٢ ـ ناساندنی مارکس سەبارەت بە ماهی‌یەتی مرۆڤ چی‌یەو واتای چی‌یە ؟ ٣ ـ لەبەرچی « ئینسان‌بوونی » مرۆڤ لە

---

(١) لێرەدا مەبەست «ئایینە»و ڕووی‌وتەش لە ئایینی مەسیحی‌یە کە مارکسیستەکان لەگەڵی بەشەڕهاتوون‌و پێیان وایە «هۆش‌ڕفێنە» لە ئیسلام‌دا بڕوا بە هێزەکانی سەرەوەی سروشت هەیەو هەروەها بەوەش بڕوا هەیە کە خوا ئاڵ‌وگۆڕ لە ژیانی گەل‌و کومەڵێك‌دا ، پێك‌ناهێنێ ، مەگەر ئەوە خۆیان بۆ پێك‌هێنانی ئەو ئاڵ‌وگۆڕە ، هەنگاوهەڵبگرن هەروەها پێی وایە تا مرۆڤ تێنەکۆشی بەرهەمی وەدەست ناکەوێ ، ئەوەی وەدەستی‌دێنێ ، هی ئەوە بە گوێرەی ، کاری حەقدەست وەردەگرێ‌و هێزی کاری هەموو کەسیش وەك یەك نی‌یە کەوابوو بەو شێوە بەربڵاو کردنەوە ، باسی ئایین‌کردن ، ناڕەوایە بە تایبەت نووسەر خۆی پاش ئەوە ٥٠ساڵ لاینگرو دانەری ئەو خەتە فیکری‌یە بوو ، لەم دوایی‌یانەدا ، ڕەتی کردەوەو ڕایگەیاند ، تەنیا ڕێگای ڕزگاری مرۆڤ ، خۆبەستنەوە بە ئیسلامە . ـ وەرگیر ـ

کۆمەڵایەتیبوونی دایە ؟ ٤ - ڕەنگدانەوەی ناوەرۆکی مرۆڤ چلۆنەو لەبەرچی وای لێدێ ؟ ٥ - نامۆبوون چی‌یە ؟ ٦ - لەبەرچی بەرهەمی کارو شعورو ئیرادەی مرۆڤ ، لەو نامۆ دەبێ ؟ ٧ - شێوازەکانی نامۆبوون ، شی‌بکەنەوە .

٨ - ڕێگای چارەی لابردنو سڕینەوەی نامۆبوونی کۆمەڵایەتیو گەڕانەوەی ناوەرۆکی ئینسان بۆ لای خۆی ، چی‌یە ؟

**٥ - بەرهەمهێنانی مادی- پلەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی :**

مێژووی کۆمەڵناسی لە باری ناوەرۆکو ناوئاخنەوە ، خۆی بریتی‌یە لە بەدوای‌یەکداهاتنی زنجیرەیی شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئابووری کۆمەڵایەتی کە پێی‌دەڵێن « فرماسیۆن یان خاوەن شێوازبوون » . ئێمە سەبارەت بە جۆرە جیاوازەکانی شێوازپەیداکردن یان خاوەن شێوازبوونە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان لە کۆمەڵی خۆماندا ، باس‌دەکەین . ئیستا دەمانەوێ ئەم خاڵە وەبیربێنینەوە کە پلەی ئابووریی هەر فرماسیۆنێك بریتی‌یە لە شێوەی بەرهەمهێنانو دووبارەکردنەوەی بەرهەمهێنانی ژیانی کۆمەڵایەتی .

شێوەی بەرهەمهێنان بریتی‌یە لە زاراوەیەکی گرنگی ماتریالیزمی مێژوویی کە خۆی لە دوولق پێکهاتووە

١ - هێزە بەرهەمهێنەرەکان .

٢ - پێوەندی‌یەکانی بەرهەمهێنان .

أ - هیزەکانی بەرهەمهێنەر کامەن ؟ هێزە بەرهەمهێنەرەکان پێوەندیی مرۆڤ لەگەڵ سروشت ، ڕادەگەیەننو ئەو هێزانەن کە لە بەرهەمهێنانی نیعمەتە مادی‌یەکاندا بەشدارن ، وەك ئامرازی بەرهەمهێنان ( کەرەستەکان ، بنکەوبنیاتە بەرهەمهێنەری‌یەکان ، ڕێگاکان ، ئامرازی

هەڵگرتن‌و ڕاگوێستن )و ئەو ئینسانانەی کە لە جەرەیانی بەرهەمهێناندا ، لەوان کەڵك وەردەگرن‌و وەگەڕیان‌دەخەن‌و تەواویان‌دەکەن ( وەك کرێکارە سەنعەتی‌یەکان ، جووتیارە کان ، ئەندازیارەکان‌و ئەو زانایانەی کە لەگەڵ بەفراوان‌کردنی تێکنیکی بەرهەمهێنان سەروکاریان هەیەو خەریکن ) •

ئەوە کە مرۆڤ لەگەڵ چ جۆرە ئامرازێکی بەرهەمهێنان لەگەڵ چلۆن‌تێکنیکێکدا ، خەریکە ، باشترین نیشاندەری پێوەندیی ئینسان لەگەل سروشت ، پلەی زاڵبوونی بەسەر سروشت‌دایە ئامرازی کار پلەی مادی ـ تێکنیکی کۆمەڵەو لەبەرئەمانە بێ بوونی ئینسان ، مردووو بێ‌شوێنەوارن ، توخمی دیاریکەر وا لە هێزە بەرهەمهێنەرەکان‌داو هێزی بنەرەتی بەرهەمهێنان ، خودی مرۆڤە •

٢ پێوەندی‌یەکانی بەرهەمهێنان کامەن ؟ ئەم پێوەندیانە ئەوانەن کە ئینسانەکان لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی نیعمەتە مادی‌یەکان‌دا ، خۆتێدەخزێنن‌و ئەو سیستەمە بەگرێ‌وگۆڵە ، جۆراوجۆرترین پێوەندی‌یەکانی نێوان‌ئینسانەکانە کە شێوازی خاوەن ملکایەتی ، دۆخی چینەکان‌و توێژە کۆمەڵایەتی‌یەکان ، لە شێوەی بەرهەمهێنانی دیاریکراودا ، دەگرێتەوە •

وەك پێوەندیی ئینسانەکان لە جەرەیانی خاوەن‌ملکایەتی ، ئاڵوویر دابەشکردن ، پێوەندیی بەرهەمهێنەرەکان پێکەوە، مەسەلەی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی • مارکس وەبیردێنێتەوە کە هەر بەرهەمهێنانێك بریتی‌یە لە دروستکردنی نیعمەتە سروشتی‌یەکان ،بە هۆی ئەندامانی کۆمەڵەوە لە دەروونی شێوازی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی‌و بەهۆی ئەم شێوازە دیاریکراوە کۆمەلایەتی‌یەوە بەڵام ئەم پێوەندی‌یە بەرهەمهێنەری‌یە ، دەتوانێ بە دوو بەش دابەش‌بکرێ

١ ـ پێوەندی‌یەکانی هاریکاری‌و یارمەتی‌دان• ٢ـ پێوەندیەکانی

ئاغایەتی‌و پەیڕەوی لێ‌کردن. ئەم دوو پەسنە بەسراونەتەوە بە پێوەندی‌یەکانی ئینسانەکان لەگەڵ ئامرازو کەرەستەی بەرهەمهێنان . ئەگەر ئینسانەکان بە شێوەی گشتی (کۆلکتیف)خاوەن ملکی ئامرازی بەرهەمهێنان بن. ( وەك یەکیەتیی سۆڤیەتی‌پیشوو ) وەك بنەماڵەیەکی هاوبەش ژیان بێپەڕبکەن ، خاوەن‌پێوەندی‌یەکانیان ، ئەبێتە پێوەندی‌یەکانی هاوکاری‌و یارمەتی بەیەکتردان ، بەڵام ئەگەر بەشێك لە کۆمەڵ خاوەن‌ملکی ئامرازی بەرهەمهێنان بێ‌و بەشێکی تری نەی‌بێ ، بە ناچاری ئەو بەشەی یەکەم بەشی دووەم ئەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی‌و مل‌کەچی دەکاو بەسەری‌دا داوای ئاغایەتی دەکا. ئینسانەکان بۆ پێك‌هێنانی هەل‌و مەرجی بوونی خۆیان بە ناچاری،ئەچنە نێو چەند پێوەندی‌یەوە کە بە ئیرادەی ئەوانەوە نەبەسراوەتەوە ، بەڵکو بەوەوە پێوەندییان هەیە ، کە چلۆن هێزێکی بەرهەمهێنەر وا لە ژێر دەسەلاتی ئەواندا .

پێوەندیی دیالکتیکی لە نێوان هێزە بەرهەمهێنەرەکان‌و پێوەندی‌یەکانی بەرهەمهینان ،وا لەم خاڵە گرنگەی‌دواییەدا .پێوەندی‌یەکانی بەرهەمهێنان‌و هێزەکانی بەرهەمهێنان ، دەبێ پێکەوە ، هاوئاهەنگ‌بن . هەر کات ئەم پێوەندییانە ، ببنە لەمپەری گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان ، تا ئەو کات هەماهەنگی دادەمەزرێ ، کۆمەڵ ئەکەوێتە نێو دەورە درێژخایەنەکانی قەیرانەوە .

پرسیارە کۆنترۆڵی‌یەکان

١ ـ شێوەی بەرهەمهێنان چی‌یە ؟ ٢ ـ هێزە بەرهەمهێنەرەکان کامەن‌و چەند توخم پێك‌دێنن ؟ ٣ ـ لەبەرچی مرۆڤ هۆی گرنگە لە نێو هێزە بەرهەمهێنەرەکان‌دا ؟ ٤ ـ پێوەندی‌یەکانی بەرهەمهێنان چی‌یە؟ ٥ ـ دوو شێوازی بنەڕەتی پێوەندی‌یەکانی بەرهەمهێنان کامەن ؟ ٦ ـ دیالێکتیکی هێزە بەرهەمهێنەرەکان‌و پێوەندی‌یەکانی بەرهەمهێنان ،

شی بکەنەوە• ٧ ـ یاسای دەقاودەقی بێ ئەملاوئەولای هێـــزە بـەرهەم‌هێنەرەکان‌و پێوەندی‌یەکانی بەرهەم‌هێنان کامەیە ؟ •

## ٦ ـ سـەرخان‌و ژێـرخان :

پاش ئەوەی لەگەڵ چەند زاراوەی گرنگی ماتریالیزمی مێژوویی واتا «شێوەی بەرهەم‌هینان» ، و «هێزە بەرهەم‌هێنەرەکان» و «پێوەندی‌یەکانی بەرهەم‌هێنان» بە کورتی ئاشنابووین ، کاتی ئەوە هاتووە ، کە لەگەڵ دوو زاراوەی زۆر گرنگی‌تر واتا «سەرخان» و« ژێرخان » ئاشنابین •

ئەم زاراوە پێنجینە ، لەگەڵ زاراوەی فرماسیۆنی کۆمەڵایـەتی ـ ئابووری » کە لەگەڵی‌دا بەدرێژە،ئاشنابووین ، لە کۆمەڵناسی مارکس‌دا لە زاراوە کلیلی‌یەکانن •

ژێرخان چی‌یە ؟ ناوەرۆك‌و ماهی‌یەتی هەر کۆمەڵێك کە لە شێوازی زنجیرە فرماسیۆنێکی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی‌دا ، خۆدەنوێنێ ، بەتایبـەت لەوەدایە کە چلۆن پێوەندی‌یە بەرهەم‌هێنەری‌یەکان لـــەو کـــۆمەڵـەدا ، دەسەڵاتداری‌دەکەن • جیاوازیی نێوان کۆمەڵگا مرۆڤایەتی‌یەکان ، لـــەم خاڵەدایە • ژێرخان بریتی‌یە لەم پێوەندی‌یە بەرهەم‌هێنەریانەو هەر بۆیـە لە نێوان چەمك یان ناسینی ژێرخان‌و ناسینی پێوەندی‌یە بەرهەم‌هێنەری‌یەکان‌دا ، جیاوازی‌یەك نی‌یە• ئەگەر جیاوازی‌یەك هەبێ لەو بارەوەیە کـە پێوەندی‌یە بەرهەم‌هێنەرەکان ،لە تەنیشت «هێزە بــــەرهەم‌هێنەرەکان» ، دادەنێین‌و فۆنکسیۆنی کۆمەڵایەتیی ئەم دوو زاراوە ، پێوەندیی دیالێکتیکی ئەوان هەروەك لەبەندی پێش‌دا باسمانکرد ، پێکەوە هەڵدەســـەنگێنین ، بەڵام لێرەدا ژێرخان لەتەنیشت سەرخان دادەنێین‌و پێوەندیی ئـەو دوانـە پێکەوە ، ئەخەینە بەر لێکوڵینەوە •

هەر بۆیە ژێرخان شتێکە کە سەرخانی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەوەوە ، دانراوە • کەوابوو دەبینین ژێرخان چی‌یە ؟ سەرخان لە هەر فرماسیۆنێکی

کۆمەڵایەتی‌دا ، هەیە ، بەڵام لە هەر فرماسیۆن‌دا لە شێوازێکی تایبەتی‌دا ، سەرهەڵدەدا • تێکلاویی سەرخان زۆر گرێ‌وگۆڵدارە • ئەم تێکلاوی‌یەش بریتی‌یە لـــە

ئا ـ ئیدئۆلۆژی واتا کۆی ئەو ئیـدەو بڕوایانـەی کـە پێوەندی‌یـە کۆمەڵایەتی‌یە دیاریکراوەکان ، لەودا ڕەنگ‌دەدەنەوە •

ب‌ـبیروڕاکـــان ، هەستکـردنەکـان ، بارەکـان ، گـومانەکـان ، داب‌وکردەوەو سەلیقەو شعوری هەر کۆمەڵێکی دیاریکراو کە پێی‌دەڵێـن دەروونی ئەو کۆمەڵە •

ج‌ـبیروڕا سیاسی‌یەکان ، یاسایی ، ئاکـــاری‌و ئەخلاقـــی ، ئایینی‌و ئەستەتیکی کۆمەڵی دیاریکراو •

دـڕێکخراوە کۆمەڵایەتی‌یەکانی وەك حکوومەت ، دادگا ، حیزبەکان، یەکیەتی‌یە کان ، مزگەوتەکان ، کلیساو کنیشتەکان، هۆڵ‌و دام‌ودەزگـــا وەرزشی‌یەکان‌و هی تر •

جیاوازیی نێوان دەروون یان پسیکۆلۆژیی کۆمەڵ لەگەڵ بیروڕاکان یان ئیدۆئۆلۆژیی کۆمەڵ ،لەوەدایە کە یەکەمیان بە شێوەیەکی زەق ئاگای لە خۆی نی‌یەو دووەمیان لە خۆی ئاگایە• سروشتی‌یە کە لە نێوان ئەم دوو بەشەدا کردەوەو دژکردەوەی دەروونی بەهێز، هەیە •

هەروەك پێویستە وردبینەوە کـە پێویسـت نی‌یـە گشت شـێوازە شعوری‌یەکانی کۆمەڵایەتی ، هەروەها گشت ژیانی مەعنەویی کۆمەڵ بـــە بەشێك لە سەرخان دابندرێن ، بەڵکوو سەرخان ئەو بەشەی لە ژیانـــــی مەعنەویی کۆمەڵایەتی‌یە کە لەگەڵ ئاڵ‌وگۆڕ لە ژێرخـانـدا ، ئاڵ‌وگـــۆڕی بەسەردا دێ• بۆ نموونە زانست یان فەرهەنگ یان زمان ، باری سەرخانیان، نی‌یە • لەگەڵ‌ئەوەدا ، بە هۆی ئاڵ‌وگۆڕی ژێرخانی مادی ، بەشەکانـــــی سەرخانی مەعنەوی ، هێندیك لە دەورانی کـــورت‌و هێندێـك بەرەبەرە ،

ئاڵو گۆڕیان بەسەردێو ئەم حاڵە ڕاگە یێنەری لەپێش بوونی مادی بە نیسبەت هەبوونی مەعنەوی یەوەیە ، بەو حاڵەش دەبێ بزاندرێ سەرخان شـــتێکی بێدژکردەوەو پاسیف نی یە • ئیدئۆلۆژی ، بنکەوبنیاتەکان ، ڕێکخـــراوە کۆمەڵایەتی یەکانو دەروونی کۆمەڵ، بە نۆرەی خۆیـــان لـە ئاڵوگـــۆڕ پێکهێنان لە پێوەندیی بەرهەمهێناندا ، دەوری گەورە ، دەگێڕن • ئـــەوە بەسە کە دەوری ئیدئۆلۆژی شـــۆڕشـــگێڕی ، دەوری حکومـــەت ، دەوری حیزبو هی تر ، لە بەرچاوبگرین کە دەتوانین لە پێکهێنانی پلـەی مادی ـ تێکنیـکی کۆمەڵی نوێدا، دەوری گەورەبگێڕن •

بە کورتی دەتوانین بڵێین شێوەی بەرهەمهێنان پلەی مادی ـ ئابووری شێوەگرتن یان فرماسیۆنی کۆمەڵایەتی ، دیاریکراوە• ژێرخان سیستەمـی ئابووری و سەرخان سیستەمی روحی دەروونیو ڕامیاری ـ کۆمەڵایەتـــی ئەو سیستەمەیە • ئەم زاراوانـە توخمـە تانو پۆیەکـان ( ســتروکتور )ی کۆمەڵ، ڕوون دەکەنەوە •

پرســـیارە کۆنتـــرۆڵـــی یەکان

١ ـ ژێرخان چی یە ؟ ٢ چ جیاوازی یەك لە نێوان ژێرخـــانو پێوەندی یە بەرهەمهێنەری یەکاندا هەیە ؟ ٣ ـ ســـەرخان چی یـە ؟ ٤ ـ ئەو توخمانەی سەرخانیان پێکهێناوە ، کامەن ؟ ٥ ـ ئایا گشت شێوازەکانی شعوری کۆمەڵایەتی بەشێکن لە سەرخان؟ ٦ ـ پێوەندی یەکانی سەرخانو ژێرخان کامەن ٧ ـ پلەی مادی ـ ئابووریی کۆمەڵایەتی چی یە ؟ ٨ سیستەمی ئابووریی کـۆمەڵ چی یە ؟ ٩ ـ دیمەنی دەروونیو روحی کۆمەڵ کامەیە ؟

**٧ ـ ماهی یەتو سەرچاوەی چین :**

ســـەبارەت بـە بوونی چینەکانو خەباتی چینایەتی پێش مارکسیش، چەندین بیرو بۆچوون هەبووە• مارکس خۆی ســـنوورو ســـەراوەردی

دۆزینەوەی خۆی سەبارەت بە چینە کۆمەڵایەتی‌یەکان ، لەنامەی خۆی‌دا بۆ ویدەمایر (٥ی مارسی ١٨٥٢)،بەم جۆرە ڕادەگەیەنێ

« ئەوەی پێوەندی بە منەوە هەیە ، ئەم خزمەتکردنە هی من نی‌یە کە چینەکان لە کۆمەڵی هاوچەرخ یان خەباتی چینایەتیی نێوان ئەوانم دۆزیوەتەوە بابەتی نوێ لە بیرو بۆچوونی من‌دا ، بریتی‌یە لە سەلماندنی ئەم خاڵانەی خوارەوە ١ ـ ئەم چینانەی کە هەن تەنیا بە پلە دیاریکراوەکانی گەشەکردنی بەرهەم‌هێنانەوە پێوەندی‌یان هەیە • ٢ ـ خەباتی چینایەتی بە ناچاری سەرئەکێشێتە لای دیکتاتۆریی کرێکاری‌یەوە • ٣ ـ ئەم دیکتاتۆریەخۆی بریتی‌یە لە ڕاگوێستن بەرەو لە نێوبردنی گشت چینەکان‌و پێك‌هێنانی کۆمەڵێکی بێ‌بوونی چینەکان یان کۆمەڵێکی بێ‌چین » •

بیروڕای مارکسیستی‌بوونی چینەکان لە کۆمەڵگا ئینسانی‌یەکان‌داو خەباتی چینایەتیی ئاشتی هەڵنەگر ( ئانتاگۆنیستی ) لە بەرانبەر بیروڕای بۆرژوازی‌دایە کە پێی وایە کۆمەڵ تێکلاوێکە لە تاقە کەسەکان‌و ئەندامە هاوئاهەنگ‌و وەك‌یەکەکان ، یان ئەوان بە چەند توێژ کە تەنیا لەباری کاروپیشەوە لێك‌جیاوازن ، دابەش‌دەکا •

لینین ناساندنی کلاسیکی مارکسیستی چینی ڕاگەیاندووەو ئەڵێ « چینەکان بریتین لە چەند دەستە ئینسان کە لەباری پلەی خۆیانەوە لە سیستەمێکی دیاریکراوی بەرهەم‌هێنانی کۆمەلایەتی‌دا ، لەباری پێوەندی‌یان لەگەڵ ئامرازی بەرهەم‌هێنان ( کە بە زۆربەیی لە یاسادا پتەوو ڕێك‌وپێك کراوە ) ، لەباری دەوریانەوە لەو ڕێکخراوە کۆمەلایەتی‌یەی کە وا لە ژێر دەسەلاتیان‌دا ، لەگەڵ یەکتر،جیاوازن• چینەکان ئەو دەستانە لە خەڵکن کە لەوان یەکیان دەتوانێ بە هۆی جیاوازیی پلەو پێگە لە سیستەمی دیاریکراوی ئابووری-کۆمەلایەتی، کاری کەسێکی تر بکاتە کاری خۆی »•

ئەمە ناساندنێکی وەبەرگرو خاوەن لەمپەرە (جامع و مانع) ، لەو چینە کە خاوەنی ناوئاخنی قووڵی زانستی‌یە • هۆی بێ‌ێوبژیی دابەشکردنی کۆمەڵ بە چەند چین ، دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی‌و سەرهەڵدانی خاوەن ملکایەتی تایبەتی‌یە• دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی بۆ نموونە وەك جیابوونی شوانی لەکاری کشتوکالی ، جیاوازیی پیشەسازی لە جووتیری، بازرگانی لە پیشەسازی‌و هی تر کە لەدەورەکانی راماڵینی کۆمەڵی سەرەتایی‌دا، هاتەپێش، چەند چینی جۆراوجۆری وەك جووتیاران،شوانەکان، پیشەسازەکان‌و بازرگانەکان ، پێك‌هێنا • بەڵام سەرهەڵدانی خاوەن ملکایەتیی تایبەتی ، کۆمەڵی بە هەژارو دەولەمەند ، چەوسێنەرو چەوساوە، دابەشکردو تێکەڵ‌بوونی ئەم دووهۆیە ، ستروکتوری چینایەتیی بە وجودهێنا • هەر بۆیە سەرهەڵدانی چینەکان خاوەنی بناخەی ئابووری‌یە ئەوانەی پێیان وایە ئەم دیاردە،تەنیا ئاکامی بوونی کەڵك‌وەر گرتن لەزۆرەملی‌و زاڵ‌بوونە ( بێ ئەوەی مارکسیسم لە کەڵك‌وەرگرتن لە زۆرەملی‌و زاڵ‌بوون وەك جەنگەکان لە دابەشکردنی کۆمەڵ بە چینەکان‌و لەوان سەرهەڵدانی کوێلەتی ، نکوولی‌بکا ) ، هەڵەدەکەن • ئەنگلس لە نووسراوەی بەناوبانگی خۆی‌دا «ئانتی دۆورینگ»، ئەم بۆچوونەی دۆورینگی رەت‌کردەوە• هەر کامە لە کۆمەڵگا بەسراوەکان بە شێوە جۆراوجۆرەکانی بەرهەم‌هێنانەوە ، خاوەنی تێکلاوی‌چینایەتیی تایبەتی خۆیانن • چینە زەقە ئاشتی‌هەڵنەگرەکان هەر کامە لە شێوە دارێژراوە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا ، بەم جۆرەن:

١ ـ کوێلەو خاوەن کوێلەکان لە کۆمەڵی کوێلەداری‌دا •

٢ ـ دەرەبەگەکان‌و جووتیارەکان ( ئاغاو رەعی‌یەت )لە کۆمەڵی فیئودالی‌دا •

٣ ـ بۆرژواکان یان سەرمایەدارەکان‌و کرێکارەکان لە کۆمەڵی هاوچەرخی سەرمایەداری‌دا• بێگومان لەنێوان ئەم چینە بنەڕەتییانەدا کە

چەوسێنەرو چەوساوە گرنگ‌و زەقەکانی هەر دەورانێك نیشان‌دەدەن ، چەند چینی تێوبژی هەن• بە کردەوە ، قەبارەی چینایەتیی کۆمەڵ زۆر بەگرێ‌وگۆڵە • بۆ نموونە لە کۆمەڵی هاوچەرخی بۆرژوازی‌دا ، بێجگە لە سەرمایەدارەکان کە خاوەنی ئامرازی بەرهەمهێنانن ، بەڵام خۆیان لە بەرهەمهێنان‌دا بەشداری‌ناکەن‌و کرێکارانی سەنعەتی کە خاوەنی ئامرازی بەرهەمهێنان نین ، بەڵام بەرهەم هێنان بە هۆی ئەوانەوە ، بەئەنجام‌دەگا ، چینی وردە بۆرژوازی‌یە ، کە لە لایەك هێندێك ئامرازی بەرهەمهێنانی خاوەن سنووری لەدەست‌دایەو دەچەوسێنێتەوە ، بەڵام لە لایەکی تر خۆی لە جەرەیانی بەرهەمهێنان‌دا ، بەشداری‌دەکاو لە لایەن سەرمایەدارە گەورەکانیشەوە ، دەچەوسێتەوە •

یەکێك لە دۆزینەوە گرنگەکانی مارکسیسم ، بریتی‌یە لە دۆزینەوەی خاوەن یاسابوونی خەباتی چینایەتی لەو کۆمەڵەدا ، کە لە چینە ئاشتی هەڵنەگرەکان ( چەوسێنەرو چەوساوە )، پێك‌هاتووە • مارکسیسم سەلماندی، قازانجی چەوسێنەران‌و چەوساوەکان ، بە پێچەوانەی خوازیارانی وێچوونی دابین کردنی «یەکبلونی نەتەوەیی » ، پێکەوە سازگاری‌یان نی‌یە • هەر بۆیە خەباتی چینایەتی لەم کۆمەڵەدا، دیاردەیەکی لەنەکاو نی‌یە ، بەڵکوو یاسای گەشەکردنەو سەرناکێشێتە لای ئاشتی‌یەوە، بەڵکو سەرئەکێشێتە لای هەڵوەشاندنەوەی باری چەوساندنەوەو سیستەمی چینایەتی‌یەوە •

لینین دەڵێ « بە پێی فێرکردنی سۆسیالیزم واتا مارکسیسم ، دنەدەری ڕاستەقینەی مێژوو ، بریتی‌یە لە خەباتی شۆڕشگێڕی چینایەتی • لە ڕاستی‌دا کۆمەڵی ئینسانی تەنیا لە جەرەیانی خەباتی چینەکان‌دا، پلەو هەوارگەکانی تێپەڕکردووە ، سەرکەوتووە ، لە سیستەمێکی ئابووری بەوە بەرەو سیستەمێکی ئابووری بەرزتر ، هەنگاوی هەڵگرتووە • مارکس وەبیردێنێتەوە کە خەباتی چینایەتی لە گەشەکردنی هێزە بەرهەم هێنەری‌یە

کانیش‌دا ، شوێنی هەیە • بۆ نموونە بۆ سەرمایەدار هاسان ترە کە قازانجی خۆی لەسەر حیسابی درێژکردنەوەی ماوەی کاری کرێکار، زیادبکا، بەڵام خەباتی چینایەتیی کرێکاران ، پێش بەم کارە دەگرێ، وا دەکا سەرمایەدار بۆ تەواوکردنی ئامرازی بەرهەمهێنان‌و شێوەکاری مەکینەو ماشینەکان‌و تێکنیکی نوێ، هەنگاو هەڵبگرێ •

بێ خەباتی چینایەتی سەرکەوتن لە کۆمەڵ‌و لە گۆڕەپانی ڕامیاری یان سیاسەت‌دا ، ناگونجێ • خەباتی چینایەتی یەکێك لە سەرچاوەکانی ناسینی ئێمەیە سەبارەت بە یاسا تایبە تی‌یەکانی گەشەکردنی کۆمەڵ •

لە کۆمەڵی هاوچەرخی سەرمایەداری‌دا، کرێکاری سەنعەتی لەباری کۆمەڵایەتی ئابووری‌یەوە ، خۆی پێشڕەوی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشە لە خەباتی ئەوان دژ بە چەوساندنەوە • ئەرکی مێژوویی کرێکاران بریتی‌یە لە لەنێوبردنی پێوەندی‌یەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری‌و دروستکردنی سۆسیالیزم •

خەباتی چینایەتیی کرێکاران خاوەنی سێ شێوازی بنەڕەتی‌یە

ئا- خەباتی ئابووری ( وەك خەباتی پیشەیی‌و داوخوازە سەندیکایی‌یەکان ) •

بێ- خەباتی سیاسی ( وەك خەباتی سیاسی حیزبی چینی کرێکار )،

ج- خەباتی ئیدئۆلۆژیکی ( وەك خەباتی حیزبی کرێکار لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی ئەندیشە مارکسیستی‌یەکانەوە دژ بە نەیارانی کۆمۆنیسم )• بۆ خەباتی چینایەتی لە جیهانی ئێستادا ، دەکرێ ناوی سێ تایبەتمەندیی گرنگ وەبیربێنینەوە

١ گرنگترین تایبەتمەندیی خەباتی چینایەتی لە جیهانی ئیستادا، نەتەنیا خەباتی چینە ئاشتی هەڵنەگرو چەوسێنەرو چەوساوانە لە جیهانی

سەرمارەداری‌دا ، بەڵکو هەروەها کێشەی سیستەمی جیهانی سۆسیالیستی‌و سەرمایەداری‌یە کە لە سەرانسەری گەشت‌و بەرەوپێش‌چوونی جیهاندا ، شوێن دادەنێ • سۆسیالیسم بەرەبەرە زۆرتر دەبێتە هۆی بۆ ئەملاو ئەولاو خاوەن برەوی ئاڵوگۆڕ لە مێژوودا •

٢ ـ تایبەتمەندی‌یەکی تری ئەم خەباتە بریتی‌یە لە زیادکردنی ژمارە ، شێوازو زانیاریی کرێکاران لە ولاتانی سەرمایەداری‌دا • کۆمۆنیسم‌و کۆمۆنیستەکان، نفووزی خۆیان زیاتر دەکەن‌و ئەم کارەش سەرەڕای تێکوشانی پڕ لە باوو دژکردەوەی دڕندانەی ئەمپریالیسم بە ئەنجام‌دەگا •

٣ ـ تایبەتمەندی‌یەکی تری خەباتی چینایەتی لە دەورەکانی ئێمەدا ، بریتی‌یە لە سەرهەڵدانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیادبوونی خەباتی دژ بە پاوانخوازی‌یەکان ، خەباتی دیموکراتیك لە ولاتە سەرمایەداری‌یەکاندا، خەبات بە قازانجی دێموکراسی‌و ئاشتی لەگەڵ خەبات بۆ پێك‌هێنانی سیستەمی سۆسیالیستی ، بێ‌وچان ، زۆرتر تێکەڵ دەبێ[1] کۆمۆنیستەکان خوازیاری یەکگرتنی گشت هێزە دژ بە ئیمپریالیستەکان‌و بەم بۆنەوە هەر هەنگاوێك کە لەو ڕیزەدا بۆی جیاوازیی لیۆەبێ ، هەنگاوێکی بەرەو پاشەو بە قازانجی ئیمپریالیسمە • لە دەورەکانی ئێمەدا، ڕێ‌وڕەسمی بەرەو لەت‌لەتکردنی لایەنگرانی مائـو ( گوایا لایەنگرانی لینین قەت لەت‌لەت‌نەبوون) ، لەم بارەوە زیانێکی گرنگ بە کۆبوونەوەی هێزدژ بە ئیمپریالیستەکان ، دەگەیەنێ‌و بە کردەوە ئەو دەرەتانە ، بە ئیمپریالیسم دەدا کە تەمەنی پڕ لە زیانی ، زیاتر بکاو بەم بۆنەوە نیکسن سەرۆك‌کۆماری

(١) لەم دوایی‌یانەدا خەباتی یەکەم‌و دووهەم ، نرخی خۆیان لەدەست‌دا ، بەڵام شێوە خەباتی سێهەم‌و جم‌وجوڵ بەرەو ئامانجە سۆسیالیستی‌یەکان واتا لابردنی باری چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ‌و پێك‌هێنانی سیستەمی دێموکراتیك‌و دادپەروەرانەی پڕ لە ئاشتی‌و ئازادی‌و بەرەوپێش‌چوون ، هەر درێژەی هەیەو ئەو گەشتە ، ئامانجی بندەستان‌و ماف‌خوراوانە • وەرگێڕ

ئامریکا ، به ڕاشکاوی وتوویەتی ، که کێشەی مسکۆو پێکەن ، دەرفەتێکی به نرخی بۆ ئێمه ڕەخساندووه •

شۆرشی سۆسیالیستی دەورەکانی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕیی کۆمەڵ سەرمایەداری‌یەوە بەرەو سۆسیالیسم ، دەس‌پێدەکا • لەم دەورانەدا له خەباتی چینایەتی‌دا ئاڵوگۆڕی جیددی دێتەپێش ( بەڕاستی هاتەپێش ) • له پلەی تێبەڕبوونی سەرەتایی له پلەی سەرمایەداری بەرەو سۆسیالیزم، کێشەی چینایەتیی توندو تیژی‌یەکی بێ‌پێشینه وەدەست‌دێنیو دووباره خۆڕێکخستنی چینایەتیی کۆمەڵو گۆڕانی دیمەنی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش له چینه بێ بەشەکانو ژێردەستکراوەکان ،به هۆی چینه بەدەستەڵاتەکانی هەر کومەڵەوە ،به توندیو هێزێکی زۆرەوە ،بەئەنجام‌دەگا• به لەنێوچوونی خاوەن ملکایەتیی تایبەتی ،بەسەر ئامرازی بەرهەمهێنان‌دا، چینه چەوسێنەرەکان ، له نێوەدەچنو هۆیەکانو زەمینەکانی چەوساندنەوە له کۆمەڵدا ، سروسیپالیان ، تێکەوەدەپێچن • گشت ئەمانه پێشەکی‌یه پێویستەکانی لاچوونی جیاوازی له نێوان کاری فیکریو کاری دەستی گوندو شار ئامادەدەکا ، له کۆمەڵی بێ‌چینی کۆمۆنیستی‌دا ( خەوێکی خۆشه خوا به خێری بگێڕی ) ، ئەم جیاوازی‌یه نامێنیو چینەکان وەك زاراوەیەکی کۆمەڵایەتی ، له لاپەڕی مێژوودا ، بۆ هەمیشه له نێودەچن ( بابچن ) •

شی‌کردنەوەی چینایەتیی کۆمەڵو دۆزینەوەی ناوەرۆکی چینایەتیی دروشمەکان ،ڕێ وشوێنەکان ، سیاسەتەکان ، یەکێك له گرنگترین ڕێوشوێنه شۆڕشگێڕی‌یەکانه که سروشتی ڕووداوه کۆمەڵایەتی‌یەکان ، له قاودەداو ئەیێتە لەمپەر،بۆ ئەوەی که ڕواڵەتی ئەم ڕووداوانه ئێمه هەڵفریوێنێ • بەم بۆنەوە لینین دەڵێ ئەم بەشه له ئەندامانی کۆمەڵ که گێلو نەزانن ، ئەگەر له پشت دروشمەکانو ڕێوڕسمەکانو سیاستەکانەوە،

ناوەڕۆکی چینایەتیو پێوەندیی ئەوان نەدۆزنەوە ، بـــەرەوپێش ناچـنو بیریان گەشەناکا • پیویستە لەنێوان ئەندامبوونی کەسێکدا لـە چینێکداو ئەو ناوەرۆکە سیاسی یەی کە ئەو وەدوای دەکەوێ ، جیـاوازی دابنـرێو دادگەریی بێسە سەبارەت بە هەڵوێستی چینایەتیی ئەندامەکان ، لەسەربناخەو ناوەرۆکی ئەو سیاسەتەوە دانراوە ، کە ئەوان ڕایدەگـەیەنو بەڕێـوەی دەبــەن •

## پرســیارە کۆنترۆڵی یەکان

١ ـ دۆزینەوەی مارکس سەبارەت بە چینو خەباتی چینایـەتی لە چەند مەسەلەدایە ؟ ٢ ـ ناساندنی چین چییە ، ناوەڕۆکی ئەم ناساندنە ، شـی بکەنەوە • ٣ ـ هـۆی دابەشـکردنی کۆمەڵ بە چینەکان، کامەیە ؟ ٤ ـ چینە گرنگەکـانی شـێوە بنەڕەتی یەکانی کۆمەڵگا مرۆڤایەتی یە کــان ، ڕابـــگەیەنن• ٥ـدەوری خەباتی چینایەتی لە مێژووی کۆمەڵگا ئینسانی یەکان، چ دەورێــکە ؟ ٦ ـ ئــەم خەباتە لە گەشەکــردنـی هێزە بەرهەمهێنەری یــەکان لە کۆمەڵی ســەرمایە داری دا ، چ دەورێك دەگێــڕی ؟ ٧ ـ ئــەرکی مێژوویی کرێــکاران چی یـە ؟ ٨ ـ شێوازەکانـی خەباتی کرێـــکاران کامەیە ؟ ٩ ـ ســێ تایبەتمەندیی گرنگی خـەباتـی چینایەتی لە دەورانی ئێمـەدا ، نیشان بدەن ؟ ١٠ـ پاش شۆڕشی سـۆسیالیستی ، چینەکان چ شێوازێك پەیدادەکەنو چلۆن لەنێودەچن ؟ ١١ـ گرنگیی شی کردنەوەی چینایەتیی کۆمەڵ لەچی دایە ؟ ١٢ـ هـەڵوێستی چینایەتیی تاقە کەسێك ، چلۆن دیاری دەکەین ؟

### ٨ ـ سەرچاوەو ناوەرۆك یان ماهیەتو كردەوەی كێشوەرە چەوسێنەرەكان:

ڕێورەسمی ماركسیستی شیكردنەوەی چینایەتی ، دەرەتانی ئەوەی داوە ناوەرۆكو سروشتی بنكەو بنیاتێكی گرنگی كۆمەلایەتی كە پێی دەڵێن «دەولەت»،بدۆزینەوە • زۆر لە خاوەن ڕا بۆرژواكان، تێكۆشاونو تێدەكۆشن ، وا بناسێنن كە حكومەت بنكەیەكە لەسەرەوەی چینەكانو جێی سەرهەلدانی یەكبوونی نەتەوەییو ڕاگەیێنەری بەرژەوندی بەرزی كۆمەلە • خزمەتەكانی ماركسیسم لەوەدایە كە ئەم سەرپۆشەی پەرهێزگاری درۆزنانە ، لەسەرو ڕوومەتی حكوومەتە چەوسێنەرەكان هەلبگرێو ناوەرۆكی ڕاستەقینەی ئەوان ، نیشانبدا •

حكوومەت لەنێوان ڕێكخراوە سیاسییەكاندا ، خاوەنی گرنگیی قورساییو هێزی مادییە • چونكە چەوسینەران بە یارمەتیوەرگرتن لەو، زۆربەی چەوساوەكان ، لە ژێر ڕكێفی بەندایەتیی خۆیاندا ، ڕادەگرن •

حكوومەت لە كۆمەڵی چینایەتیدا ، ئامرازی بنەڕەتی دەسەلاتی سیاسییە، واتا ئەو چینەی كە لەباری ئابوورییەوە ، زاڵە ، لەم ئامرازە بۆ دابینكردنی دەسەلاتی سیاسی خۆی، كەڵكوەردەگرێ •

سەرچاوەی حكوومەت لە كوێ دایە ؟ لە كۆمەڵیهاوبەشی سەرەتاییدا. دامودەزگای حكوومەت ، نەبووو بەرزترین ئورگانی دەسەلاتدار ، بریتیبوو لە كۆی ڕیشسپییەكانی هۆز • لەم چوارچێوەدا ، دەستە تایبەتییە چەكدارەكانیش ، نەبوون • گشت بەتەمەنەكانی هۆز چەكدار بوون • بەلام سیستەمی چینایەتیی كۆیلەتی ، نەیدەتوانی بە یارمەتیی دابو ڕێورەسمەكانو بیروبڕوای گشتی كە سەرچاوەی ئیرادەی كۆمەڵبوونو بە یارمەتیوەرگرتن لە ڕێكخراوی گشتیی چەكداری كۆمەڵ، خۆیڕابگرێ• ئەم سیستەمە بە كۆیلەو خاوەن كۆیلە یان كۆیلەدار دابەش كرابووو كەمایەتیی خاوەن كۆیلە، دەیتوانی زۆربەی خەڵك تەنیا بە زۆرو

لەژێر ڕکێفی خۆیدا، ڕابگرێ وبۆئەممەبەستە دامودەزگایەکی تایبەتی زۆرەملێو بەسەراسەپاندنیان بەوجوودهێنا کە ناوی «دەوڵەت »ی لەسەردانرا • لینین بەم شێوە دەوڵەت دەناسێنێ :«مەکینەو ماشینێك بۆ پاراستنی ئاغایەتیی یەك چین ، بەسەر چینێکی تردا »•

بینای مەکینەی حکوومەت تێکلاوێکە لە

١ ـ دامودەزگای بورۆکراتیك(کارگێران) •

٢ ـ دەستە تایبەتە چەکدارەکان کە یارمەتی بە دەزگای کارگێڕاندەکا، تا بتوانێ یاساو بەندوباو بە قازانجی چەوسێنەران ، دابنێو بەڕێوەی بەرێ• ئەم دەستە تایبەتی‌یە چەکدارانە بریتین لە

لەشکر ، پۆلیس ، جەندەرمە ڕێکخراوی جاسووسی ساواكو ئەمنو هی تر •

٣ ـ بەشی تری حکوومەت بریتی‌یە لە دادگاکان ، دادوەرگری ( دادستان )یدامو دەزگای سزادەری وەك بەندیخانە ، ئۆردووگای بەندی‌یەکانو هی تر •

ئەم میکانیزمە دۆزەخی‌یەی حکوومەتی چەوسێنەر لە ڕێگای وەرگرتنی باجو پیتاکەوەو لەسەر حیسابی خەڵك ، ژیان تێپەڕدەکاو لە سەرەوەی کۆمەڵ خۆی دادنێو هێزێك لەسەرەوەی کۆمەڵ ، پێكدێنێ کە لەژێر تەوژمی دەزگا داسەپاوەکانو دەزگا دەرەتانبڕەکانی خۆیدا ، مل بە کۆمەڵ دادەنوێنێ •

تیپ یان جۆری مێژووی حکوومەت بە پێی ئەوە کامە چین دەسەڵاتدارەتیی لە دەستدایە ، دیاریدەکرێ •

تیپی مێژووی حکوومەت چوار جۆرە :

١ - تیپی دەوڵەتی کــۆیلەتی ، ٢ - تیپــی دەوڵەتــی فێئــوداڵی ، ٣ - تیپی دەوڵەتی سەرمایەداری ٤ - تیپی دەوڵەتی ســۆسیالیستی • سێ جۆری یەکەم لەسەر بناخەی خاوەن ملکایەتیی تایبەتی چەوساندنەوە دانراون جۆری چوارەم وەك دەسەلاتدارەتیی زۆربەی خەڵك بەســەر کەمایەتیی چەوسێنەردا ، خۆدەنوێنێ •

بێجگە لە تیپ پێویستە سەبارەت بە شێوازە ئیداری‌یەکانی حکوومەت ، باس بکرێ شێوازە هەڵسووڕێنەری‌یەکانی دەوڵەت بریتین لە بینا =قەبارە، شێوەی پێك‌هاتن‌و دەسەلاتەکانی بەرزترین خاوەن‌پلەحکوومەتی‌یەکان • لە حکوومەتە سەرمایەداری‌یەکاندا، گرنگترین شێوازەکان بریتین لە کۆماری‌و پاشایەتی(کە خۆیان چەند جۆرن) •

بێجگە لە تیپ یان جۆرو شێوازی کارگێڕی ، پێویستە واتای ڕێژیمی سیاسیش ڕابگەیەنین • ڕێژیمی سیاسی بریتی‌یە لە کۆی ڕێ‌وڕەسمەکان‌و شێوەکانی ئەنجامدانەکانی کاروباریی دیکتاتۆریی چینی خاوەن‌دەسەلات لە هەڵومەرجی تایبەتی مێژوویی‌دا •

لینین لەم بارەوە دەنووسێ

«بۆرژوازی لە هەر وڵاتێـکدا بـــە نـــاچـــاری دوو سیستەمــی کارگێڕیی ،دوو شێوەوڕێ‌وڕەسم بۆ وەچنگ‌خستنی قازانج‌و پاراستنی دەسەلاتی خۆی ،ڕێك‌وپێك‌دەکاو ئەم دوو سیستەمە جاری وایە یەکیــان لە جێی ئەوی تر دادەنیشێ‌و جاری وایە بە پێوانــەی جۆراوجۆر پێکــەوە تێکەڵ‌دەبن • ئەم ڕێ‌ورەسمانە لەسەرەتاوە بریتین لە شێوەی بەکاربردنــی زەبروزەنگ‌و خۆپاراستن لە هەر شێوە چاوپۆشی بە نیسبەت شۆڕشــی کرێکاری‌یەوە ، شێوەی پاراستنی گشت بنکەو بنیاتە رەنگ پەڕیوەکان، شێوەی نکوولی‌کردن‌و نەئلێکردنی بەربلاوی ئەندازیاری‌یە کۆمەلایەتی‌یەکان ( ڕێفۆرمەکان )•دووهــەم بریتــی‌یە لـــە شێوەکانــی لیبرالیســم

« ئازادیخوازی » چەند هەنگاو بەرەو بەفراوانکردنی مافی ڕامیاری لەباری ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیو پاشەکشەو هی تـر » •

بەڵام مەیلی گشتی حکوومەتە بۆرژوازی‌یەکان ، بەرەو نەءکـــردن لە دێموکراسیو تێپەڕبوون بەرەو توندکردنـی شێوەکانــی هەڕەشــەو هەڕەشەلێکردن کە فاشیسم ڕواڵەتی سەرەوەیی‌و تەواویەتی • دێموکراسیی بۆرژوایی تەنانەت لە باشترین باری خۆی‌دا بریتی‌یە لە دیکتاتۆریـــی بۆرژوازی‌و بورژوازی کێشـــەی زارەکـــی لەنێو ڕێکخـــراوەکـــانو گوڤارەکان‌داو لە ئەنجوومەن‌و پارلەمان‌دا ، تا ئەو جێگا دادەسەپێنێ کـــە قازانجی بنەڕەتی‌و خاوەن ملکایەتیی تایبەتی ئەو ، نەکەوێتە مەترسی‌یەوە • بەڵام ئەزموونی مێژوویی نیشانی‌داوە کە بۆرژوازی لە کاتێك‌دا ، هەست بە مەترسی بکا ، لەوپەڕی کەمتەرخەمی‌یەوە ، چوارچێوەی دێموکراســی بۆرژوازی لێك‌هەڵدەوەشێنێتەوە • تەنانەت لە هەل‌ومەرجی دامەزراندنــی دێموکراسیی بـۆرژوازیش‌دا، لـە دەروونی بنکـەو بنیاتـە ئیداری‌و سەنعەتی‌یەکان‌دا ، دیکتاتۆری‌و زۆرە ملێ بەڕێوەبەران‌و سەرۆکەکـــان زاڵەو دێموکراسی لەبەر درگای کارگەدا ، نامێنـێ‌و بە گشتی لایـەنـــی ڕواڵەتی‌و ڕوومایی هەیە • بەم حاڵەش یەکێك لە ئەرکەکانی پرۆلیتاریـــا ( کرێکاران ) ئەوەیە کە بە خەبات بۆ بەرفراوانکردنی ئازادی‌یەکان‌و مافـە دێموکراتیکەکان ، درێژەبدا چونکە دێموکراسی لەبارترین هـەل‌ومەرجـی بەربڵاوکردنی خەباتی ئەو ، ئامادەدەکا •

ئێستا کە ناوەڕۆکی حکوومەت ، سـەرچاوەی ئەو ، جۆرەکـــان‌و شێوازەکانی‌و واتای ڕێژیمی سیاسیمان ناسی ، با بزانیـن ، کردەوە یـــان فۆنکسێونی دەوڵەتەکان کامەن ؟

ئەرك‌و کردەوەی ئەم حکوومەتانە لە گۆڕەپانی سیاسی‌دا ، بریتی‌یـــە لە پاراستنی ئیمتیازە چینایەتی‌یەکانی خاوەن‌دەسەڵاتان‌و سەرکوتکردنــی

خۆراگری نەیاریی چینایەتی• ئەمە ئەرکی گرنگ‌و بنەڕەتی حکوومەتی چەوسێنەرە •

دەوڵەتی چەوسێنەر بۆ خۆی ئەرکی ئێدئولۆژیك‌و فەرهەنگی بۆ فریودان‌و ڕێ‌لەکۆمەڵ ون‌کردنی کۆمەڵ بە قازانجی چەوسێنەران ، دەخاتە سەر شانی • لە دەورەی ئیمپریالیزم‌دا ، حکوومەت دەوری ئابووریی خۆی توندده‌کاو لێبڕاوانە لە ئابووری‌دا بە قازانجی ئۆلیگارشی مالی ( حکوومەتی هێندێك خاوەن‌دەسەڵات )،خۆتێهەڵدەقورتێنێ •

لە دەوڵەتی جۆراوجۆردا ، وتمان دوایین جۆری ، کە جیاوازیی‌چلۆنیی لەگەڵ سێ جۆری هەوەڵ هەیە ، دەوڵەتی سۆسیالیستی‌یە • کرێکار نەیەکبوون لەگەڵ کۆمەڵانی زەحمەتکێشی غەیرەکرێکار ، لە ڕێگای شۆڕشی سۆسیالیستی‌یەوە ، دام‌ودەزگای حکوومەتی سەرمایەداری ، تێك دەشکێنێ ، بەڵام خۆی بۆ پێك‌هێنانی دەسەلاتدارەتیی تایبەتیی خۆی کە ناوەرۆکی « دیکتاتۆری پرۆلیتاریا »یە ، بۆ تێك‌ڕووخانی خۆراگریی چینە چەوسێنەرەکان‌و دروست‌کردنی کۆمەڵێکی نوێ ، نیازی هەیە • لینین دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بەم جۆرە دەناسێنێ

« دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ئەگەر ئەم ڕستە لاتینی زانستی مێژوویی – فەلسەفی‌یە ، بە زمانێکی ساکارتر وەرگێڕین ، واتای بەم جۆرەیە تەنیا چینێکی دیاریکراو واتا کرێکارە سەنعەتی‌یەکانی فابریك‌و کارگەکانی دانیشتووی شار ، دەتوانن گشت کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش‌و چەوساوە ، لە خەبات بۆ سەرەونخون‌کردنی کۆتی سەرمایەو لە ڕەوتی خودی ئەم سەرەونخوون‌کردنەداو لە خەبات بۆ پاراستن‌و پتەو کردنی سەرکەوتنی وەدەست‌هاتووو لە کاری پێك‌هێنانی چوارچێوەیەکی نوێی سۆسیالیستی‌داو لە سەرانسەری خەبات بۆ لابردنی چینەکان ، ڕێبەرایەتی بکەن »

لینین هەروەها لە ناساندنی ئەم دیکتاتۆری‌یەدا دەنووسێ

دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بریتی‌یە لە شێوازێکی تایبەتی یەکگرتووی چینایەتی لەنێوان کرێکاران ••• و توێـــژە زۆر زەحـــمەتکێشەکانـــی ئاکرێکار ••• یان زۆربەی ئەوان • ئەمە یە کبوونێکە دژ بە سەرمایـــــە ؛ یەکبوونێکە بە مەبەستی سەرەونخون‌کردنـــــی تـــەواوی سەرمایـــــەو سەرکوتکردنی تەواوی خۆڕاگریی بـۆرژوازی‌و تێکوشانی بۆ زینـــدوو کردنەوەی خۆی ، یەکبوونێکە بـە مەبەستی پێـــك‌هێنان‌و پتەوکردنـــی بێ‌ئەملاو ئەولای سۆسیالیسم » •

هەر بۆیە ئامانجـــی حکوومەتـــی سۆسیالیستـــی بریتی‌یە لـــــە تەفروتووناکردنی پێوەندی‌یەکانی خاوەن‌ملکایەتی تایبەتی‌و ڕێبەرایەتیـــی کارەکان بە پێی پلان‌و نەقشەبۆپێك‌هێنانی خاوەن ملکایەتیی گشتی کــــە لەودا هەر شێوە چەوساندنەوەی تا قەکەس ، بە هۆی تاقە کەسی تـــرەوە ئامێنێ • ئەمە حکوومەتێکە بە شێوەی دیکتاتۆریی نوێ( چونکە دژ بـــە کەمایەتی‌یە )و بە شێوەی نوێ ، دیموکراتیکە( چونکە بە قازانجی زۆربەی خەڵکە ) • دێموکراسی سۆسیالیستی هەر چەند بریتی‌یە لە گەشەکردنـــی چلۆنیی شێوەکانی دێموکراسی پێشـــوو ، بــــەلام دووپات‌بوونـــەوەی دەقاودەقی ئەم شێوازانەنی‌یەو لـــەگـــەڵ دێموکراســـیی بــۆرژوازی‌دا جیاوازیی بنەڕەتی هەیە • مەبەســـت لە دێموکراسیی سـۆسیالیستـــی ڕێك‌وپێك‌کردنی کۆمەلانی خەلکی زەحمەتکێش ، بەشداریی ئەوان لـــــە هەلسووڕاندنی کاروباری دەولەت‌و بەرزکردنەوەی پلــــەی تێگەیشتن‌و زانیاریی ڕامیاری‌و کۆمەلایەتی‌و ئابووریی ئەوانــــە بۆ ئـــەوەی دەوری خولقێنەرو کاریگەریان لــــە ڕەوتی ئـــەم هەلسووڕاندنانـــەدا هەبێ • دێموکراســیی سۆسـیالیستی جـەرەیانێکی درێژخایـەنی سـەرهـەڵدان‌و پێك‌هاتنی ، تێپـەڕ دەکـا •

حکوومەتی سۆسیالیستی بە پاڵپشتدان بە زانیاریی سۆسیالیستی یەوە بۆ ڕەخساندنی هەل ومەرجێکی وەها خەبات‌دەکا کە لە ئاکامی ئەودا هەم چینەکانو هەم حکوومەت ، لە نێوبچنو جێگای خۆیان بە خۆبەڕێوەبەریی کۆمەلآیەتیی کۆمۆنیستی، بدەن •

لاچوونی دەوڵەت تەنیا لەم ڕێگایەوە ناگونجێ ، بۆ چوونی ئانارسنیستەکان کەپێیان وایە ئەکرێ حکوومەت هەڵوەشێنرێتەوە بۆچوونێکی نازانستیو زیانهێنەرە کە لە دەروونی هێرشبەری وردە بۆرژوازی‌یەوە هەڵدەقوڵێو پاڵی بە تێگەیشتنی قووڵی کومەلآیەتی یەوە نەداوە •

بە پێی هەلومەرجی مێژوویی ، دیکتاتۆریی کرێکاران، دەتوانێ‌ببێتە خاوەن چەند شێوازی جۆراوجۆر • هێزی ڕێکخەرو ڕێنوینی کۆمەلآنی خەڵکی زەحمەتکێش،بەرەو دروستکردنی کۆشکی سۆسیالیزمو کۆمۆنیزم، هەنگاوهەڵدەگرێ • حیزبی کۆمۆنیستیش،بە پاڵیشت‌دان بە ئورگانەکانی دەولەتی سۆسیالیستیو هەم بە پاڵیشتدان بە ڕێکخراوە خەڵکیو کۆمەلآیەتی‌یەکان ، کاری خوڵقاندنی کۆشکی سۆسیالیزم بەرەپێش دەبا • پتەوکردنی هەمەلایەنەی ڕێبەرایەتیی حیزبی چینی کرێکار ، بەسەر گشت ڕێکخراوەکانی حکوومەتیو کۆمەلآیەتیی کۆمەڵێ سۆسیالیستی‌دا ، یەکێك لە هەلو مەرجەکانی پتەوکردنی چوارچێوەی نوێ‌کۆمەلآیەتی‌یە [١] •

---

(١) ئەم گشت پێداهەلگوتنە ، بە هۆی هەڵوەشانی یەکیەتیی‌سوڤیەتو بەرەوپیری چوونی ولآتانی پێك‌هێنەری ئەو خوالێخۆش‌بووە ، بەرەو بازاڕی ئازادو پشت‌کردن لە خاوەن‌ملکایەتی گشتی حکوومەتی ، بووە بە بلقی‌سەرئاو ! چونکە بە کردەوە ، دەرکەوت هەم بەناو بناخەدانەرانی حکوومەتی سۆسیالیستیو هەم پەسن‌وێژانی ئەو کۆشکە ، لە دەریای دروشمی پڕناوەرۆك‌دا ، دەخنکانو لەنێوان تێئۆریی زانستیو ئامانجە سۆسیالیستی‌یەکانو کردوەی ئەواندا ، سەدان ساڵ مەودا،هەبوو ! سۆسیالیزم وەك ئامانج ، لە جێی خۆیەتیو سۆسیالیستی خوهەڵکێش، تێك‌شکاوە • وەرگێر •

## پرسیارە کۆنترۆڵی‌یەکان

١ - لەسەر بناخەی کامە ڕێوشوێن سروشتو ناوەڕۆکی حکوومەت لە کۆمەڵی چەوسێنەردا دەدۆزرێتەوە ؟

٢ - حکوومەت لە کۆمەڵی چەوسێنەردا، واتای چی‌یە ؟

٣ سەرچاوەی‌حکوومەت لە کوێ‌یە ؟ ٤ - میکانیسم‌یان ماشینی حکوومەت لە چەند ئەندام پێك‌هاتووە ؟ ٥ - تیپ یان جۆری حکوومەت چی‌یەو چەند تیپی حکوومەت هەیە ؟

٦ - شێوازەکانی هەڵسووڕاندنی دەوڵەت کامەن ؟ ٧ - ڕێژیمی سیاسی چی‌یە ؟ ٨ - حکوومەتە سەرمایەداری‌یەکان ، خاوەنی چ ئەرك‌و فۆنکسێونهایەکن ؟ ٩ - دەوڵەتی سۆسیالیستی چی‌یە ؟ ١٠ - ئەو ناساندنەی کە لینین سەبارەت بە کرێکاران ناسی کردووە،ڕایانبگەیێن‌و دێموکراسیی سۆسیالیستی،بناسێنن.

١١ - چلۆن حکومەت لەنێودەچێ ؟ ١٢ - خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی ، واتای چی‌یە ؟ ١٣- لەبەرچی دەڵێن دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ، دەتوانێ چەند شێوازی جۆراوجۆری هەبێ ؟

١٤- دەوری حیزبی کۆمۆنیست لە حکوومەتی سۆسیالیستی‌دا چی‌یە ؟ ١٥- پتەوکردنی - ڕێبەرایەتیی حیزب لە کۆمەڵی سۆسیالیستی‌دا ، چەند گرنگیی هەیە ؟

## ٩ ـ شێوازە مێژوویی‌یەکانی کۆبوونەوەی خەڵك

لە کۆمەڵدا ، بێجگە لەبەرفراوانبوونی باری ئابووری ـ کۆمەڵایەتی، جورێك سەر هەڵدان یان بەرەوپێشچوونی « ئەتنیك » دەبیندرێ ، واتا کۆمەڵی ئینسان لە قاپۆڕی تایفەو عەشیرەو هۆزەکان دەبنە قەومەکانو ئەبنە نەتەوەکانو لە ئاکامدا ، لە شێوازی ئێونەتەوەیی‌یەکی گەورەی ئینسانی‌دا ، خۆدەنوێنێ . تایفە یان هۆز ، عەشیرە ، قەوم ، نەتەوە ـ ئەمانە ئەتنیکەکانن ( لە وشەی یۆنانی ئەتنیکۆس واتا قەومی ، وەرگیراوە ) ، کە لەواندا جۆرە هاوبەشی‌یەك دەبیندرێ . ئەم هاوبەشی‌یە ، سەرەڕای بوونی کێشەی چینو توێژەکان، لەنێوان گشت ئەندامەکانی ئەو، کۆی دیاریکراو، وجودی هەیە . وەك هاوبەشیی زمان ، سەرزەوی ، ژیانی ئابووری، دابو نەریت،فەرهەنگو هی تر . بێگومان ئەم لایەنە هاوبەشانە لە ڕەوتی مێژوودا ، سەرسەختیو خۆڕاگری‌یەکی دیاریکراو نیشاندەدەن، بەلام لە مێژوودا خۆیان هۆی دیاریکەرنین . سەرهەڵدانی هێزە بەرهەمهێنەرەکانو ئاڵوگۆڕی پێوەندی‌یەکانی بەرهەمهێنانو گۆڕانی شێوەکانی بەرهەمهێنان، شێوازێکی «ئەتنیك» لە جیاتیی شێوازیکی تری «ئەتنیك»دادەنێو چەند ئاڵوگۆڕی قووڵ لە زمان ، سەرزەوی ، بارە دەروونی‌یەکان ، دابو نەریتو ڕێو ڕەسمەکانو فەرهەنگو پێوەندی‌یە ئابووری‌یەکانی کۆی دیاریکراو، بە وجووددێنێ . واتا سەرهەڵدانو بەرفراوانبوونی «ئەتنیك»ی کۆمەڵ پێڕەوی بەرەوپێشچوونی باری ئابووری ـ کۆمەڵایەتیی کۆمەڵە .

ئێمە سەربارەت بە سێ‌جۆر کۆی سەرەتایی واتا هۆز ، عەشیرەو قەوم ، بە کورتی باس دەکەینو لەبەر ئەوە کە زاراوەی « نەتەوە » گرنگی‌یەکی تایبەتی‌هەیە ، ئەو زاراوە لە بەندێکی تایبەتی‌دا ، دەخەینە بەر لێکۆڵینەوە .

یەکەم شێوازی کۆبوونەوەی مێژوویی کۆمەڵی ئینسانی ، تایفە یان

هۆز ( له ئێرانی پێش‌ئیسلام=ویتس)و قەبیلەکان (له ئێرانی پێش‌ئیسلام= زەنتو)یه • تایفەکانو قەبیلەکان ، هێشتا له ولاتی ئێمەدا هـەن ، بـەلام بێگومان ناوەرۆکی کۆمەلایەتی-ئابووری ئەوان لـه ڕەوتـی مێژوودا ، ئالوگۆڕێکی چلۆنیی زۆریان تێپەڕکردووه •

پەسنی گرنگی کۆبوونەوه هۆزیو عەشیرەتی‌یەکان لەوەدایه که لەنێـوان ئەندامەکانیاندا ، پێوەندیی گیانلەبەری‌یه خوێنی‌یەکان - خزمایەتی ، هەیه• لەسەرەتای بوونی هۆزو قەبیلەکاندا ، پێوەندی‌یه جینسیو تەمەنی‌یەکان ، پێگەو جێگای یەکەمیان هەبوو ، بەم بۆنەوه له کۆمەلی دایـك‌سـالاریو باوك‌سالاری‌دا ، ( ماتریار کارو پاتریارکار )و کۆنه سالاری ( دەسـەلاتی پیرەکان=ژیرونتۆکراسی )، هەبوو • واتا جینس یان تەمەن ، پێوانه بوو، نەك پێوانه ئابووری‌یەکان که لەپاشان جێگای یەکەمیان داگیرکرد •

هۆز یان تایفه بریتی‌بوو له چەند بنەمالەی پێکەوه بەسراوو خـزمو یەکگرتنی تایفه یان هۆزەکان ، قەبیلەی پێك‌هێناو یەکگرتنی قەبیلـەکان ، عەشیره یان ئیلی ، که له یۆنانی کۆن‌دا پێیان‌دەگوت « فراتری»، خولقاند •

لەگەل بەرەوپێش‌چوونو بەرفراوانبوونی دابەشکردنی کارو ئالوویرو سەرهەلدانی خاوەن ملکایەتی تایبەتیو چینەکـان ، پێوەنـدیی خۆێنیی خزمایەتی ، گرنگیی پێشووی خۆی لەدەستدا • له پێوەندیی ئیلو عەشیره جۆراوجۆرو نزیك بـه یەکترەکاندا « قـەوم » ، پێك‌هات • ئـەوه نیازه ئابووری‌یەکان بوو که بوون به هۆی تێکلاوبوونی قەبیلەکانو یەکبوونی سەرزەوی‌یەکانی ئەوانو سەرهەلدانی قەوم لەگەل خاکی هاوبەش‌دا• جاری وابوو، سەرکەوتنەکانیش به نزیك‌بوونەوەی ئیلو هۆزەکانو سەرهەلدانی قەومەکان ، یارمەتیان‌دەدا • له قەوم‌دا ، یەکبوونی زمان ، فەرهەنگو خاك هەیەو لەم نێوەدا هۆی بێ‌ئەملاو ئەولا تەنیا له یەکبوونی خاکه • پێوەندی‌یه هۆزیو خزمایەتی‌یه کۆنەکان ، بەرەبەره لەنێودەچنو لەبیردەچنەوه •

هەر بۆیە قەوم بریتی‌یە لە پێکهاتنێکی « ئەتنیک »ی تایبەتی کۆمەڵگا ئاشتی هەڵنەگرەکانی دەورەکانی پێش سەرمایەداری ( کۆیلەتی‌و فیئودالیسم ) •

لە جیهانی ئەوڕۆدا چەند جۆرو شێوازی ئەتنیک »ی‌پێش سەرمایەداری بەتایبەت لە ئاسیاو ئەفریقادا ، هەیە ، بەڵام لەبەر ئەوە کە شێوازی ئەتنیکی «نەتەوە» باشتر دەتوانێ لەگەڵ بارودۆخی تەواوی چەرخی ئێمەدا ، دەقاودەق بێتەوە ، شێوازە کۆنەکان بەرەو نەمان دەچن‌و لە گشت جێگایەکدا کۆبوونەوەی نەتەوەیی پێکدێ •

بەم حاڵەش هێشتا پاشماوەی ژیانی هۆزایەتی (تریبالیسم‌و دابی باوک‌و پاشایی (پاتریارکالیسم)لە کۆمەڵگا پاشکەوتووەکانی ئاسیاو ئەفریقادا، بە هێزن‌و لە شی‌کردنەوەی باری کۆمەڵایەتیی ئەم وڵاتانەدا ، ناکرێ ئەم پاشماوانە ، نەبینەئەژمارەوەو ناکرێ چاوپۆشییان لێبکرێ •

پرسیارە کۆنترۆلی‌یەکان

١ ـ گەشەکردنی ئەتنیکی کۆمەڵ واتای چی‌یە ؟

٢ ـ کۆبوونەوەی ئەتنیک ، پاڵی‌بە چەند لایەنی هاوبەشەوە داوەتەوە ؟ ٣ ـ تایفە چی‌یە ؟ ٤ ـ قەبیلە یان هۆز چی‌یە ؟ ٥ ـ یەکگرتنی هۆزەکان چلۆنە ؟ ٦ ـ پەسنی گرنگیی کۆبوونەوە تایفەیی‌یەکان کامەیە ؟ ٧ ـ قەوم چی‌یە ؟ ٨ ـ قەوم چلۆن‌و لەبەرچی سەری‌هەڵدا ؟ ٩ ـ پەسنی ئەتنیکی کۆمەڵی مروڤایەتی لە دەورەکانی ئێستادا چی‌یە ؟ ١٠ـ تریبالیسم‌و پاتریارکالیسم کامەن ؟

## ١٠ـ نەتــەوە چی‌یــە ؟

ئێمە لێرەدا وەدووی پێ‌وشوێنی ئەو باسەی دەکەوین کە لە بەندی٩دا دەستان‌پێکرد بووو دەمانهــەوێ لەگــەڵ یەکێك لەزاراوە گرنگەکانــی کۆبوونەوەی مێژوویی مرۆڤ کە لە دەورانی سەرمایەداری‌دا، پەیدادەبێ‌و پێی دەڵێن « نەتەوە » ئاشنابین •

« نەتەوە » بۆدەورانی سەرمایەداری‌و هەروەها دەورانی سۆسیالیزم ، شێوازی گرنگی کۆبوونەوەی « ئەتنیك »ە • بەم جیاوازی‌یــە کــە لــە نەتەوەدا ، سەرمایەداری دیمەنی هــاوبەش‌و کۆبوونــەوەی نەتەوەیــی بۆرژوازی‌یەو لە نەتەوەی سۆسیالیستی‌دا ، کرێکاران دیمەنن[1] •

نەتەوە چی‌یە ؟ نەتەوە دەستەیەکی گەورە لە ئەندامانی کۆمەڵە کــە جێگای سەرهەڵدانی ( مظهر )و رواڵەتی هاوبەشی درێژخایەنی ژیانــــی ئابووری ، سەرزەوی ، زمانی ئەدەبی ، تێگەیشتووی بە بەسراوەیــــــی ئەتنیکەوە ، تایبەتمەندی‌یە دەروونی‌یەکان‌و سوونەت‌و داب‌ونەریتەکانە • لینین لە نێو ئەم نیشانانەدا ، نیشانەی ئابووریی زەق‌دەکاتەوە ، چونکــە ئەوە یەکبوونی ئابووری‌یە کە نیشانــدەری نەتــەوەو جیاکەرەویــە لــە جۆرەکانی تری کۆبوونەوەی ئەتنیکی پێش سەرمایەداری • لینین دەڵێ ئەم پێوەندییانە لە دەروونی نەتەوەدا ، بناخەیــان لەسەر هاوبەشی دەوری ئابووری ، دانراوە نەك لە قازانجەکانی خاوەن‌پێوەندی بە زەوی‌و پیشەیــی‌و ئایینی‌و هی تر •

---

(١) لە یەکیەتیی‌سۆڤیەتی پێشوودا ، وانیشان‌دەدرا ، کرێکاران دیمــەنــن کەجی بەو شێوە کە دەبوو هەبێ نەبوو ونەتەوەکان لە ژێرســتەمی دەسەڵاتدارەتی دەوڵەتی‌دا ، پشتیان چەمابوو ! بەڵگەش ئەوەیە پاش رزکاربوون لــە زنجیری حیزبی کــۆمۆنیست ، بــۆ رزگاریی خــۆیان لەبن‌دەستی راپەڕین • ــ وەرگێــر •

بۆ ئەوەی قەوم تا ئەنـــدازەی نەتەوەیەکـــی بەرەوپێش چـــوو ، ئاڵوگۆڕی بەسەردابێ ، دروستکردنی سەنعەت ، ناوەندە فەرهەنگیەکان، پێکهێنانی دەستە نەتەوەیی‌یەکانـــی چینی کرێکـــاران‌و ڕووناکبیران ، پێویستە • نەتەوە بێ چینی کرێکار ، ناتوانێ هەبێ[1] • بەرهەمهێنانـــی گەورە وەك یوورەیەکە کـــە لـــەودا گشـــت سنـــوورو لەمپـــەرە تایفەیـــی‌و قەومی‌یەکان ، دەتوێتەوەو دەڕووخێ‌و لەنێودەچێ ، هەر بۆیە نەتەوە پاشکۆو درێژەی ساکاری قەوم نی‌یە •

زمان نیشانەی گرنگ‌و درێژخایەنی یەکبوونی نەتەوەیی‌یە کە لـــە ئاڵوگۆڕو پێوەندیی لەهجە خزمەکانـــەوە، بە شێوەی زمانێکـــی ڕەسمی‌و ئەدەبی ، پەیدادەبێ •

ڕەوت یان جەرەیانی شوێن‌دانانی دوولایەنەی نەتەوەکان، لەسەر یەکتر، لەدەورەکانی سەرهەڵدانی نەتەوەکان‌دا، پتر لە جاران ، توندتر دەبێ • واتا نەتەوەکان لەباری گۆشەگرتنی نەتەوەیی ، دێنەدەرو لەگەڵ یەکتر پێوەندیی بەربلاو، دادەمەزرێنن‌و هەر بۆیە لە تەلیشت شێوازپەیداکردنی نەتەوەیـــی ، ڕەوتی شوێن‌دانانی دوولایەنەی نەتەوەکان لەسەر یەکترو نزیکبوونەوەشیان لە یەکتر ، دێتە پێش • لەبەر ئەمە لە دەورەی ئێمەدا دوو مەیل دەبیندرێن ، مەیل بەرەو ڕێك‌وپێك‌کردنی توێژی ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە چەند قـــەوم پێکهاتوون ، بە شێوەی نەتەوە جۆراوجۆرەکان‌و جۆراوجۆربوونی دیمەنی ئەتنیك‌و مەیل بەرەو نزیك‌کردنەوەی نەتەوەکان‌و نێونەتەوەیی کردنی زیاتر لەپێش ژیانی مادی‌و مەعنەویی مرۆڤ‌و تێکلاویی نەتەوەکان •

لەنێوان ناساندنی مارکسیستی ـ لینینستی نەتەوە یان ناساندنـــی بۆرژوازیی کە پێی وایە نەتەوە شتێکی هەتاهەتاییی‌یەو جۆرە زاراوەیەکـــی پڕلەنهێنی مێژوویی‌یە ، جیاوازیی بنەڕەتی‌و ناوەرۆکی هەیـــە• مارکسیسم پێی وایە زاراوەی « نەتەوە »، زاراوەیەکی مێژوویی‌یەو تێپەڕدەبێ •

---

(١) لە چوارچێوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی دا چینی کریکار نی‌یەو نەتەوەو خەباتی نەتەوایەکی بەزەقترین شێوە هەیە• وەرگێڕ

له ڕەوتی خەباتی نەتەوەکانـــدا، بۆ ڕزگاریی خۆیـان لـــە زنجیری چەوساندنەوە یان بۆ یەکگرتنیان لە شێوازی نەتەوەدا، بەرەبەرە نیشانـــە گرنگ‌و زەقەکانی نەتەوە ، سەرهەڵدەدەن‌و ڕێك‌وپێـــك‌دەبن • نادروستە ئەگەر وا بیربکەینەوە ، کۆبوونەوەیەکی « ئەتنیک » تەنیا کاتێك دەناسری کە گشت نیشانەکانی بە شێوازێکی بەرەوپێش‌چوو ، هەبن • ڕەوتـــــی لەسەرپێی ڕاوەستان‌و پابەرجایی‌و ڕێك‌وپێك‌بوونی قەومێك لە قاپـووری نەتەوەدا ( واتا ڕەوتی کنسۆلیداسیۆن )،ڕەوتێکـی درێژخایەن‌و خـــاوەن چەند پلەیەو لە جەرەیانی‌ئەودا ئاگاداربوونی نەتەوەیی‌و خەباتی نەتەوایەتی، سەرهەڵدەدەن•ئەمەش خۆی سەرەتای‌لەدایك بوونی زاراوەی «نەتەوە»یە• خەبات بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی یان خودموختاریـی ، سیـاسی بناخـەی لەسەر پێی‌خۆڕاوەستان ( کنسۆلیداسیۆن )ی نەتـەوەیی ، دادەمـەزرێنێ ( تەنانەت لەو بارەدا کە پێوەندی‌یە دەروونی‌یە ئابووری‌یەکان ، هێشـــتا لاوازن یان گەشەکردنی زمانی نەتەوەیی ، بەئەنجام‌نەگەیشتووەو یەکبوونی سەرزەوی، دابین‌نەبووە ) •

پێوەندی‌یە نەتەوەیی‌یەکان لە زانیاریی هەر شتیك‌دا، بە شێوەیەکـی تایبەتی ، ڕەنگ دەداتەوە • لینین لەم بارەوە دەنووسێ

نەتەوەپەرستی ( ناسیۆنالیزم )ی بۆرژوایی‌و خاوەن‌هەست‌بوونی ێیونەتەوەیی ( ئەنترناسیۆنالیسم )ی کرێکاری ، دوو دروشمی ناسازگـارو دوژمنی یەکترن کە بە دوو ئۆردووگای چینایەتیی گەورەی سەرانســەری جیهانی سەرمایەداری ، پێوەندی‌یان هەیەو ڕاگەیێنـەری دوو سیاســەت ( لەوە زۆرتر دوو بۆچوون )، لە مەسەلەی نەتەوایەتی‌دان »•

ناسیۆنالیسم ، ( نەتەوەپەرستی )وەك ئیدوئۆلۆژیی کۆنەپەرستانەی بۆژروایی ، لە کێ‌بەرکێ‌دانراو لـەســـەر خاوەن‌ملکایەتی تایبەتی‌یەوە ، سەرچاوەدەگرێ‌و ڕاگەیێنەری خود پەسندیی نەتەوەیی ، لافی نەتەوەیی‌و

متمانەکردنو هەستی دوژمنانە ، سەبارەت بە نەتەوەکانی ترە • شێوازی سەرەڕوانەی ئەم زاراوە «شۆینیسم»ی پێدەڵێن• جاری وایە شوێنیسمی بەهێزترین ولاتانی ئیمپریالیستی ، کراسی ڕواڵەتهەڵفریۆینەری جیهان نیشتمانی یان کۆسمۆپۆلیتیسم » لەبەردەکا کە لە ژێر سەردێڕی «شارنشینیی جیهانی» ( واتا ئەوە کە گشت جیهان یەك شارەو گشت ئێمە دانیشتوانو شارنشینانی ئەو شارەین )، لەسەربەخۆیی‌و تایبەتمەندیی نەتەوەکان ، بە قازانجی دڕندەیی جیهانخۆری ئیمپریالیستی ، نکوولیدەکا• داڕێژەرانی ئیدئولوژی یئمپریالیستی هەمیشە سەبارەت بەپێکهێنانی «حکوومەتیجیهانی» پروپاگەند بلاودەکەنەوە تا باشتربتوانن ، دیکتاتۆریی گەمارۆ ئیمپریالیستی‌یەکان لە سەرانسەری جیهاندا ، دابین‌بکەن‌و بیسەپێنن بەسەر گشت دانیشتوانی جیهاندا •

بێگومان ناسیۆنالیسم لە هەموو جێگایەکدا ، خاوەنی فۆنکسوێنێکی کۆمەڵایەتی یەکسان نی‌یە • لای نەتەوە چەوساوەکان ، موستەعمەرەو نیوەموستەعمەرەو بەسراوە ، ناسیۆنالیسم دەوری پێشکەوتوانەی لەسەر شانە • لینین دەڵێ

« لە هەر ناسیۆنالیزمێکی بۆرژوایی‌دا ، نەتەوەی ژێر ستەم ناوەرۆکی گشتی دیموکراتیکیی هەیە کە دژبە ستەمگەری‌یەو ئێمە لەم ناوەرۆکە ، بێ‌ئەملاو ئەولا دەبێ پشتیوانی‌بکەین •

ئەم ناسیۆنالیزمە نەتەوەیی‌یە ، ئیدئۆلۆژیی بۆرژوازی نەتەوەیی‌و وردە بۆرژوازی لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی‌یە ، بەلام ئەنترناسیۆنالیستی کرێکاری ، ئیدئولۆژی‌و سیاسەتی دۆستی ، برادەری ، هاوکاری‌و یارمەتی‌دانی زەحمەتکێشانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانە ، لەم بارەوە لینین دەڵێ :

«ئەنترناسیۆنالیسم لە کردەوەدا ، یەکەو تەنیا یەکە کاری فیداکارانە بۆ بەفراوانکردنی جمجولی شۆڕشگێڕیو خەباتی شۆڕشگێڕی لە ولاتی خۆدا ، پشتیوانی لەپڕوپاگەند ، هاودەردی ، یارمەتیی مادی لەم خەباتەو لەم ڕێبازەو تەنیا لەم ، بێجیاوازی لە گشت ولاتەکاندا »[1]

ئەنترناسیۆنالیسم لەگەڵ هەستکردن بە نیشتمانپەروەری یان (پاترۆیوتیسم)کە هەستێکی کۆنو درێژخایەنەو ناوەڕۆکی عەشقو ئەوینو مەیلە بە سوننەتە پێشکەوتووەکانی نەتەوەی خۆیو چارەنووسی کۆمەلانی زەحمەتکێشی ولات ، پێوەندیی هەیە •

ئەنترناسیۆنالیسمو پاتریۆتیسم لە بەرانبەر یەکەوە ، دا نەنراون تەواوکەری یەکترن •

پرسیارە کۆنترۆلییەکان

١ ـ نەتەوە زاراوەی ئەتنیك بە چ شێوە لە شێوەکانی بەرهەم هێنانەوە پێوەندیی هەیەو جیاوازیی لە دەورەکانی سەرمایەداریو سۆسیالیزمدا چییە ؟ ٢ ـ نەتەوە بناسێنن• ٣ لینین کامە نیشانە لە نیۆ نشانە نیشاندەرەکانی نەتەوەدا ، زەقدەکاتەوە ؟ ٤ ـ چ هەلو مەرجێك بۆ بەرەوپێش چوونی قەوم وگەیشتن بە نەتەوە ، پێویستە ؟ ٥ ـ دەوری زمان لە نێو نیشانە دیاریکراونکانی نەتەوەدا ، چییەو زمانی ئەدەبی چلۆن سەرهەلدەدا ؟ ٦ ـ جەرەیانی شوێن دانانی دوولایەنە لە نێو نەتەوەکاندا چییە ؟ ٧ ـ پابەرجاییو شێوازگرتنی نەتەوەیی ، واتای چییەو ئایا بۆ کەلکوەرگرتن لە وشەی

(١) ڕاستوەك یارمەتیی سۆڤیەتی پێشوو بە نەتەوەبن دەستەکانی دەوروبەریو یەك لەوان نەتەوەی کورد بریابە تینوریو کردەوە ناوەڕۆکی ئەم دروشمانە جێبەجێ کرابایە وەرگێڕ

نەتەوە ، لانی زۆری شێوازگرتن پێویستە ؟ ٨ ـ شێوازەکانی ڕەنگدانەوەی پێوەندی‌یە نەتەوەی‌یەکان لە زانیاریی چینایەتیی بۆرژوازی‌و کرێکاری‌دا ، کامەیە ؟ ٩ ـ ناسیۆنالیسم بناسێنن. ١٠ـ شوێنیسم چی‌یە ؟ ١١ـ کۆسمۆپلیتیسم چی‌یە ؟ ١٢ـ ئایا گشت جۆرەکانی ناسیۆنالیزم کۆنەپەرستانەیە ؟ ١٣ ـ ئەترناسیونالیزمی کرێکاری چی‌یە ؟ ١٤ـ نیشتمانپەروەری چی‌یە ؟ ١٥ـ چ پێوەندی‌یەك لە نێوان نەتەوەپەرستی‌و ئەترناسۆلیزمی کرێکاری‌دا هەیە ؟

**١١ـ وتەیەك سەبارەت بە بنەماڵە**

درێژەکێشانی بوونی مرۆڤ واتا تازەکردنەوەی بەرهەمهێنانی ئینسان ( یان بەرهەمهێنانی هاوجۆری ئینسانەکان )و پەروەردەکردنی بەرەی نوێ،مەرجی پێویستی ژیانی مرۆڤایەتی‌یە . لە کۆمەڵدا ، تاقە ڕیشە(سلول)یەك پێویستە کە دەوری دووپاتکردنەوەی بەرهەمهێنانی ئینسانەکانو پەروەردەکردنیان ، بخاتە سەر شانی . ئەم ئەرکانە لەسەر شانی بنەماڵەیە ، هەر بۆیە بنەماڵە جۆرە سلوولێکی کۆمەڵایەتی‌یە کە لەودا پێوەندی‌یە گیانلەبەری‌یەکان ، ئابووری ، دەروونی‌و کاری‌و ئەستەتیکەکان، پێکەوە بەسراونەتەوەو هاوسەریی کە بریتی‌یە لە پێوەندیی بەردەوامیی ژنو مێردی‌و شێوازی جۆراوجۆری بە خۆیەوە گرتووە ، بنەماڵەی پێكهێنا .

ئاکامی هاوسەریی بەرهەمهێنانی منداڵە،هەر بۆیە بنەماڵە کە درێژەی سروشتیی هاوسەری‌یە ، پێوەندیی بەرەکانی ، لەگەڵە .

بە هۆی گرنگیی گەورەی کۆمەڵایەتی ، تایبەتمەندیی پێوەندیی نێوان ژنو مێردو منداڵ خولقاندنو پەروەردەکردنیان ، کۆمەڵ ناتوانێ لە ژیانی بنەماڵەیی‌دا ، شوێن‌دابنێ‌و سەبارەت بەوە بێ لایەن بێ.ژنو مێردی لەگەڵ پێوەندی‌یە مافی‌و کۆمەڵایەتی‌یە دیاریکراوەکان دایە کە سەبارەت بە

سیستەمە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و لە دەروونی ئەودا ، سەبارەت بە دەورە جۆراوجۆرەکان ، لە ئاڵ‌و گۆڕدایە •

ئەنگلس لە نووسراوەی بەناوبانگی خۆی‌دا « سەرچاوەی بنەماڵە • خاوەن‌ملکایەتیی تایبەتی‌و دەوڵەت » ، نیشانی‌داوە کە هەر شێوازگرتنێکی کۆمەڵایەتی‌ـئابووری ، تیپێکی دیاریکراو لە هاوسەریی بنەماڵە بەوجوددێنێ • تەنانەت لە دەروونی شێوازگرتنێك‌دا ، چەند شێوازی جۆراوجۆر،دەبیندرێ•وەك یەك‌هاوسەری (مونتوگامی)یان چەند هاوسەری (پلی‌گامی)و شتی لەو چەشنە • ئێمە ناچینە نێو ئەم باسەوە کە بە تۆرەی خۆی درێژو بەر فراوانە • ژینی ئینسانەکان بە گشتی لە بنەماڵەدا ، تێپەڕدەبێ • ژیان بریتی‌یە لە گۆڕە پانی ڕۆژانەی ژیان‌تێپەڕکردنی ئەندامەکانی کۆمەڵ ، واتا ئەو جێگایەی کە مرۆڤ کاتی ئازادیی خۆی لە کاری کۆمەڵایەتی‌و بەرهەم‌هێنان ، لەودا ، تێپەڕدەکا•هەر بۆیە بنەماڵە لە ڕێك‌وپێككردنی بارە دەروونی‌یە ناساغەکان‌و پێوەندی‌یە ساغەکانی نێوان ئینسانەکان ، گرنگیی زۆری هەیەو لەبەر ئەوە ئێمە بەرەو بەرفروان‌کردنی کاتی بێکاری‌یان «شارستانی‌یەتی دەرفەتە ئازادەکان»ڕێ‌دەپێوین ، شێوەتێپەڕکردنی بەکەڵکی ژیان‌و گەشتی ساغ‌و سلامەت‌و بەکەڵکی ئەو ، خاوەنی گرنگیی ژیانە •

بنەماڵەی دامەزراو لەسەر بناخەی یەك هاوسەری کە بناخەکەی ئەوین‌و متمانەو بەوەفا بوونی ژن‌و مێرد سەبارەت بە یەکتر بێ ، تەنیا شێوازی لەباری پەیمانی هاوسەری‌و بنەماڵە ، لە دەوری ئێمەدایە •

دەوری ئەم بنەماڵە لە دەورانی سۆسیالیزم‌دا ، نە تەنیا لە نێوناچێ ، بەڵکوو بەهیزتر ، دەبێ • بۆرژوازی کە خۆی بە دروستکردنی باری هەژاری‌و داوێن‌پیسی‌و دزی‌و بێ‌سەرەوبەریی ، یەکیك لە گیرو گرفت پێکهێنەران بۆ بنەماڵەیە ، کۆمۆنیستەکان تاوانباردەکا کە بنەماڵە

هەڵدەوەشێننەوە • ڕوونە کە ئازادکردنی ئـــەوینی ژنو لـــە پیســـی، کەڵكوەرگرتنە خراپەکانو حیسابگەری‌یەکان ، خۆی ئەم پێوەندی‌یـــە نەودەکاتەوەو لە ڕێگای خراپ‌کردنی‌دا هەنگاوهەڵناگرێ •

پرسیارە کۆنترۆڵی‌یەکان

۱ ـ بنەماڵە وەك دەوری کۆمەڵایەتی ئـــەو بناسێنن •

۲ ـ هاوسەریی چی‌یە ؟ ۳ ـ لە کام کتێبدا ئەنگلس سەرچاوەی بنەماڵەو شێوازە جۆراوجۆرەکانی هاوسەریی ڕادەگەیـــەنێ •

٤ ـ پێوەندیی کۆمەڵو بنەماڵە چی‌یە ؟ ٥ ـ تێپەرکردنی ژیان چی‌یە ؟ ٦ ـ تەنیا شێوازی دروستی بنەماڵەو پەیمانی هاوسەریی لە هەلومەرجی تایبەتی مێژووی ئێستادا ، کامەیە ؟ ۷ـ دەوری بنەماڵەی یەك هاوســـەریی لـــە دەورەکـــانی سۆسیالیـــزم‌دا چ جـۆرە ؟

## ۱۲ـ شێوازگرتنەکانی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری

ئێستا پاش ئەوەی بە کورتی لەگەڵ زنجیرەیەك لە زاراوە ماتریالیسمی‌یە مێژوویی‌یەکان ، ئاشنابووین ، کاتی ئەوە هاتووە ، کە لەگەڵ یەکێك لـــە گرنگترین زاراوەکانی ئەم زانستەدا ، کە ئێمە ناومان ناوەتە شێوازگـــرتن (فرماسیۆن)ی کۆمەڵایەتی‌ـئابووری ، شارەزابین •

شـــێوازگرتنی کـــۆمەڵایەتی‌ـئابووری یان (فـــرماسیۆنی ئابووری‌ـ کۆمەڵایەتی ) یەکێك لەچەمکە بناخەیـــی‌کانـــی ماتریالیـــزمی مێژوویی‌یـــەو ڕاگەیێنەری پلەدیاریکراوەکانی بەرەوپێش‌چووی گەشەکردنی کومەڵایەتی‌یە• ئەم‌چەمکە کلیلی لێکۆڵینەوەی مێژووی‌یەو بـــە یارمەتـــی وەرگرتـــن لـــەو دەتوانرێ لە تایبەتمەندیی خاوەن یاسابوونی ڕەوتی مێژوویی ئاگـــاداری وەددەست‌بێو دەورەیەکی مێژوویی لە دەورەکانی تر جیابکرێتەوە

له مێژووی مرۆڤدا پێنج فرماسیۆن یەکیان جێگای ئـەوەی‌تریانـی گرتووەتەوە • ئەم فرماسیۆنانە بریتین لە

١ ـ کـۆمەڵی هاوبەشی سـەرەتایی ٢ ـ سـیستەمی کۆیلەتی ٣ ـ فیئودالیسم ، ٤ ـ سەرمایەداری ، ٥ ـ کۆمۆنیسم !•

هەر فرماسیۆنێك‌لە سەر بناخەی شێوەی دیاریکراوی بەرهەمهێنان کە تایبەتە بەوەوە ، سەرهەڵدەداو نیشانەی ئەم شێوەی بەرهەمهێنانە ، پلەی دیاریکراوی زاڵبوونی مرۆڤ بە سەر سروشت‌دایە• سەبارەت بە پێوەندیی پلەی گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکـان لەگـەڵ تیپی سـیستەمی کۆمەڵایەتی ، مارکس دەنووسێ « ئاشی دەستی دەقاودەق لەگەڵ کۆمەڵێك کە سنیۆر (ئاغا)دەرەبەگ بەسەری‌دا زاڵە دێتەوە • ئاشی هەڵم، دەقاودەق لەگەڵ کۆمەڵێك کە سەرمایەداری سەنعەتی سەرکردەیەتی»،یەکدەگرێتەوە•

بێگومان ، هەروەك لە جێگای خۆی‌دا ، شیمانکردەوە ، پێوەندیـی نێوان هێزەبەرهەم هێنەرەکانو تێکنیك لەگەڵ جـۆری سـیسـتەمی کۆمەڵایەتی‌دا ، پێوەندیی ڕاستەوخۆ نی‌یە وەك ئەوە یەك تێکنیك دەتوانێ بناخەی چەند سیستەمی جۆراوجۆربێ ( وەك هەلومەرجی ئیسـتا لـە وڵاتە سەرمایەداری‌یە بەرەوپێش‌چووەکانو سۆسیالیستی کە لە تێکنیکێکی وەك‌یەك ، کەڵك وەردەگرن )• ئەمە پێوەندی‌یەکانی بەرهەمهێنانە کـە دەبێتە بناخەی شـێوازگرتنی گشـت جۆرەکـانی تـری پێوەندی‌یـە کۆمەڵایەتی‌یەکانو لەوان ئەندێشەکانو ئەو بنکەو بنیاتانەی کە تایبـەتـن بـە فرماسیۆنێکی دیاریکراو •

هەر فرماسیۆنیك خاوەن قەبارە یان سیستەمێکی چینایەتیی دیاریکراوەو خەباتی چینایەتی لەودا ، بە شێوەی تایبەتیی خۆی ، جەرەیانی هـەیە یـان بەڕێوەدەچێ ( بێگومان مەبەست ئەو فرماسیۆنانەیە کە لەواندا چینە ئاشتی هەڵنەگرەکان ، وجوودیان هەیە ) •

لــــه هـــــەر فرماسیۆنێكدا ، كۆبوونەوەی ئەتنیكیش وا لە پلەیەكی دیاریكراوداء بۆ نموونە تایفەو هۆز بۆ كۆمەڵی هاوبەشی سەرەتایی قــەوم بۆ دەورەی كۆیلەتیو دەرەبەگایەتی ، نەتەوە بۆ دەورەی ســەرمایەداریو سۆسیالیسم•بەم جۆرە لە هەر فرماسیۆنێكدا شێوازی بنەماڵە كە لەســەر ئەم یان ئەو شێوەبەرهەمهێنان پەیدادەبێ ، جیاوازیی هەیە •

هەر بۆیە دەتوانین بڵێین فرماسیۆن ئورگانیسمێكی تەواو پڕاوپڕی كۆمەڵایەتییە خاوەنی یاسای تایبەتی لەدایك بوونو بەربلاوبوونوكردەوەیە•

یاسای گەشەكردنی فرماسیۆنەكان دەتوانێ بۆ هەموویان گشــتیو هاوبەش بێ ( وەك یاسای پێویستبوونی ســــــازگاریی نێـــوان هێـــزە بەرهەمهێنەرەكانو پێوەندییەكانی بەرهەمهێنان )• یان بۆ یەكیان بەتایبەتی ڕاستبێو بۆ ئەوەی تریان نەبێ ( وەك یاسای قەیرانی زیادە بەرهــــەم بــۆ سەرمایەداری ) •

شێوازی سەرهەڵدانو خۆنواندنی فرماسیۆنەكان ، لە سەرانســەری جیهاندا یەكسان نییەو مــاركس وەبیردێنێتــەوە كــە لێــرەدا پێویســتە هەڵومەرجێكی تایبەتیو ئامێرێك بخرێتە بەرچــاو • لە ناوچــە بێئــاوو دەشتاییەكانی ئاسیاو ئافریقادا ، گەشەكردنی فرماسیۆنەكان ، هەرچەنــە نەباری سروشتیو ئابوورییەوە، یەكسان ماونەتەوە ، بەڵام لەباری شێوازی سەرهەڵدانەوە، ڕەوتی گەشەكردن، خاوەنی چەندین تایبەتمەندین • لــەم ناوچانەدا بۆ نموونە چوارچێوەی باوكسالارییەكان (سەرپەرشتیی باب)و بنەماڵەییو شێوازی ئەتنیكی عەشیرەتی ، درەنگانێك تەنانەت لە دەورەی ئێمەشدا، بەژیانی خۆیان درێژەدەدەن • كۆیلەتی بە زۆربەیی لە ســنووری كوێلەتیی نێو بنەماڵەو جەنگی تێنەڕیووەر هێزی حكوومەت تا سنووری

خودایی‌پاشاو ملهۆری بەربلاوو بێ‌ئەملاو ئەولا ، گەیشتووەو فیئودالیسمو سەرمایەداریش ، ڕەنگێکی تایبەتیان ، پەیداکردووە • سەبارەت بە ئێران سەرنجی جیهان‌بینی وجم‌وجوڵە کۆمەلایەتی‌یەکان لە ئێران ، بدەن ) •

کۆمەڵ لە کۆی خۆیدا ، ناتوانێ لە پلەکانی سروشتی گەشەکردنی خۆی کە پێی‌دەڵێن «فرماسیۆن» ، دەربچێ یان وەك دەڵێن، فرماسیۆنێك بەجێ‌بێڵێ ، بەلام ئەمە بەو واتایە نی‌یە کە کۆمەڵێکی دیارکراو ناتوانێ ئەم بەجێ‌هێشتنە بە ئەنجام‌بگەیەنێ • بۆ نموونە کۆمەڵی ئێستای ئامریکا ، مێژووی خۆی بێ تێپەڕبوون لە فیئودالیسمەوە دەس‌پێکردووەو کۆمەڵی کۆماری مغولستان • دەورانی سەرمایەداریی بەجێ‌هێشتووە • چەمکی «ڕێگای بەرەوپێش‌چوونی غەیرەسەرمایەداری» کە ئێستا لەبەرانبەر ولاتە ئاسیایی‌و ئافریقایی‌یەکانەوەیە ، یەك لەم جێ‌هێشتنانەیە لە گەشەکردنی دەردهێنەری سەرمایەداری‌و تێپەڕبوون لە فیئودالیسمەوە بەرەو سۆسیالیسم، ئەویش بە هۆی ئەنجامدانی زنجیرە ئەندازیاری‌یەکی ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و دێموکراتیك کە پێی‌دەڵێن «ڕێگای گەشەکردنی غەیرەسەرمایەداری»[1]•

تێپەڕبوون لە ژیانی هاربەشی سەرەتایشەوە ، لە گشت جێگایەك لەسەرەتاوە ، بەرەو کوێلەتی‌و پاشان بەرەو دەرەبەگایەتی ، بە ئەنجام نەگەیشتووە • بۆ زۆر لە نەتەوەکان ، بریتی‌یە لە بەجێ‌هێشتنی کوێلەتی

---

(۱) وەك دەبینین راس‌وڕێس‌کردنی ئابووری ، کۆمەلایەتی ، سیاسی‌و دێموکراتیك ، بە زمان خوشن‌و بە وشە ڕێك‌وپێکن بەلام دەرکەوت کە دروشمی ئەم دەروێشانەی سۆسیالیزم‌و کۆمونیزم ، لە کردەوەدا ، سەرکەوتوو نەبوو ئەو کۆمەلانەی ناوی بردن بەتایبەت مغولستان‌و تەنانەت ولاتانی تری یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو ، ملی گەڕانەوەیان بەرەو سەرمایەداری گرتەپێش‌و بەم جۆرە ڕێگای گەشەکردنی غەیرەسەرمایەداری بەجێ‌هێشتنی قۆناخێکی مێژوویی‌و ڕاوەستان لەبەرانبەر بڕیاری مێژوودا، بوو .

ــ وەرگێر ــ

یان تێپەڕکردنی بە شێوەی ڕاپەڕینو بازبازێنو لاوەکی • بۆ نموونـــە «ژومینەکانو ئیسلاوەکان» لە کۆمەڵگای بنەماڵەیی ســـەرەتایی‌یەوە ، ئەگەنە دەورەی فیئودالیسم • وەك وتمان لە کۆمەڵی ئێرانیش‌دا، کوێلەتی لە شێوازێکی بەرتەسكو لاوەکیو لقوپۆپی‌دا ، هەبووە •

بوونی ئەم تایبەتمەندیانە بوەتە هۆی ئەوە هێندێك وجودی خاوەن یاسابوونی فرماسیۆنەکانیان ، ڕەتکردوەتەوە • ئەم ئاکاموەرگرتنـە بـە تەواوی نادروستە• لە گشت گۆرەپانەکانی کۆمەڵدا ، یاساکان خـاوەنی شێوازی سەرهەڵدانی جۆراوجۆرنو بە زۆربەیی لە شێوەی «مەیلی زاڵ»دا، سەرهەڵدەدەن • ئەم مەبەستانە نابێ بینە هۆی ئەوە کە لە دەوری یاساکانو بوونی خاوەن یاسابوون لە جەرەیانەکان‌دا، نکوولی‌بکرێ •

فرماسیۆنی کۆمەڵایەتی-ئابووری دەورێکی (سیکاڵ) گەشەکردنی تەواوە کە پاش دەوریان سیکلێکی تر واتا فرماسیۆنێکی تر ، دەس‌پێدەکاو ئەم سیکلەش ، گشت توخمە بەرەوپێش چووەکانی سیکلی پێش خۆی ، بە میرات‌دەباو بەم جۆرە گەشەکردنێکی بەرەوپێش‌چوو ، لە سەرانســەری مێژوودا، بەئەنجام‌دەگا •

تێپەڕبوون لە فرماسیۆنێکەوە بەرەو فرماسیۆنێکی تر ، بـــە هـۆی شۆڕشەوە ، بەئەنجام‌دەگا کە خاوەنی چـــەنـد شـــێوازی جۆراوجوری سەرهەڵدانەو ئێمەش سەبارەت بەو بە جیاواز ، وتووێژ دەکەین •

پرسیارە کۆنترۆڵی‌یەکان

١ ـ شێوازگرتن یان فرماسیۆنی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری چی‌یە؟

دەتوانین چەند فرماسیۆن لـــە مێژوودا ، دیـــاری بکەیـن ؟

٣ـ لەبەرچی دەڵێن هەر فرماسیۆن ئورگانیسمێکی تـەواوە ؟
٤ ـ لەبەرچی دەڵێن هـەر فرماســـیۆن ســـیکلێکی تەواوی گەشەکردنە ؟ ٥ ـ یاسا گشتیو تایبەتی‌یەکانی فرماسیۆنەکان چی‌یە ؟ ٦ ـ گشتی‌بوونی گەشـــەکردنـی فرماسیۆنەکان بۆ سەرانسەری کۆمەڵو تایبەتمەندیی ئەو بۆ هەر کۆمەڵی جیاوازە چی‌یە ؟ ٧ ـ تایبەتمەندی‌یەکانی فرماسیۆنەکان لە ڕۆژهەڵاتدا چی‌یە ؟ ٨ ـ تێپەڕبوون لە فرماسیۆنێکەوە بەرەویەکێکی تر ، بە چ شێوازێك بەئەنجامدەگا ؟ واتای یـــەك گـــەشەکردنـی بەرەوپێش‌چووی مێژووی ئینسان چی‌یە ؟

**١٣ـ درێژەی باسی فراماسیۆنەکان ـ ژیانی هاوبەشی سەرەتایی :**

کۆمـــەڵی هاوبەشی سەرەتایی ، یەکەمین پلە لە مێژووی مـرۆڤ ، یەکەمین شێواز بە خۆ گرتن یان فراماسیۆنی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری‌یە •

پێش ئەم دەورانە لەبوونی « گاڕانـە ســەرەتایی‌یە ئینسانلـەکـان » باس‌دەکرێ• لەم دەورانەدا کە پتر چەرخی بەردی کـــۆن ئـەگرێتەوە ، خۆلقاندنی کۆمەڵایەتی ( سۆسیۆژنز ) ، سەری‌هەڵنەداوە یان وا لەباری ئاوەلەمەیی‌و منداڵی نێوسك‌داو هێشتا خۆلقاندنی ئینسانی (ئانتروبوژنز) ، درێژەی هەیە • واتا هێشتا خەریکە جۆرەرەنگاوڕەنگەکانی ئینســـــان ســەرهەڵدەدا کە ، لـە ئاکامدا ســەرئەکێشێتە لای سەرهەڵدانی ئینسانی ئێستاوە (یان هموساپی‌ینس)• بەڵام کۆمەڵی هاوبەشی سەرەتایی سەرەی‌یی سیۆژنزیان خولقاندنی کۆمەڵایەتی‌یەو ئێمەش لەگەڵ کۆمەڵو لەگەڵ گاڕانی ئینسانی ، بەرەوڕووین‌و ئاڵوگوڕەکان ، ئاڵوگـوڕە کۆمەڵایەتی‌یەکـانن ، نەك ئاڵوگۆڕەکانی فیزیۆلۆژیکی‌و بیۆلۆژیکی •

نیشانەی کۆمەڵی هاوبەشی سەرەتایی ، پلەی نزمی سەرهەڵدانی هێزە بەرهەم‌هێنەرە کـــانە• پێوەنـــدی‌یەکانی بەرهەم‌هێنانو پێــوەندی‌یـــە

کۆمەڵایەتی‌یەکانی تر ، لەم دەورانەدا ، زۆر تەسك‌و بێ توانان • ئامرازی بەرهەمهێنان ، زیاد لە ئەندازە سەرەتایی‌یەو لەبەرئەمە ئەندامەکانی کۆمەڵ نەیاندەتوانی بە تەنیایی ، لەگەڵ هێزەکانی سروشت ململانێ‌بکەن • واتا کاری تاقە کەسی ، گونجاو نەبووو ئەمە خۆی کاری بە کۆمەڵ‌و خاوەن‌ملکایەتی بە کومەڵ‌وکۆمەڵەهاو بەشەکانی بەسەر زەوی‌و ئامرازی بەرهەمهێنان‌دا ، پێویست‌دەکرد •

دابەشکردنی کار بە گشتی ، بریتی بوو لە دابەشکردنی کاری سروشتی (لەسەر بناخەی جینس‌و تەمەن )و لەبەر ئەوە کار کەم‌بەرهەم‌بوو ، زیدەبەرهەمی وەبەرنەدەهێناو هەرئەوئەندازە لەکار (ڕاو یان چنینی میوەو هی تر ) وەدەست‌دەکەوت کە مرۆڤ لە برسێتی‌دا نەمرێ• هەربۆیە بە ناچاری‌چەوساندنەوە نەبوو ، هەر بۆیە چینەکان لە ئارادا نەبوون‌و هەر بۆیە حکوومەت‌و مافیش نەبوو •

پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان ،بە هۆی داب‌ونەریت‌و پێوانە ئاکاری‌یەکانی تایفە یان هۆزەوە ، ڕێك‌وپێك‌دەکران‌و بەتایبەت پێوەندیی خوێنی ـ بنەماڵەی‌یەکان ، دەوری بنەڕەتیان لە ڕێك‌وپێك‌کردنی ئەم پێوەندییانەدا ، هەبوو •

بەڵام بەرەبەرە لەگەڵ بەرەوپێش‌چوونی ئامرازی بەرهەمهێنان ( کە ڕێگایەکی لە چەرخی بەردی کۆنەوە تا دەورەکانی گۆزەدروستکردن‌و مەفرەغ ، تێپەڕکرد ) ، مەیلی دابەش‌بوونی هۆزایەتیی خوێنی ، پەیدابوو • ئامرازی بەرەوپێش‌چووی بەرهەمهێنان بوو بە هۆی سەرهەڵدانی دابەش‌کردنی کاری کۆمەڵایەتی (نەك سروشتی)• لەسەرەتاوە شوانی‌و کشت‌وکاڵ ، لێك‌جیابوونەوە• پاشان ، پیشەسازی لە کشت‌وکاڵ جیابووەوە • ئاکامی ئەم دابەشکردنەی کاری کۆمەڵایەتی ، بوو بە هۆی سەرهەڵدانی ئاڵوویر • کاری تاقە کەسی مرۆڤ لە چوارچێوەی بنەماڵەدا

گونجاوو خاوەن بەربوو • زێدەبەرهەم سەری هەڵداو گشت ئەم هۆیانــە واتا دابەشکردنی کاری کۆمەلایــەتی‌و ئاڵوویر ، گونجاوی کــاری تاقــە کەسی، سەرهەڵدانی زێدەبەرهەم، گۆڕەپانی بۆ سەرهەڵدانی خاوەن‌ملکایەتی تایبەتی‌و ئامرازی بەرهەم‌هێنان ، ئامادەکرد •

سروشتی‌یە ئەو توێژانەی لە هۆزەکان کە دەسەلاتو ڕێك‌وپێکی‌یەکی زیاتریان هەبوو (وەك ئەنجوومەنی ڕیش‌سپی‌یەکانی هۆز ، پالــەوانەکــان کاهینەکان‌و جادوو گەرەکان‌و هی تر ) ، لەوهەل‌ومەرجە بۆ وەدەست‌هێنانی سامانی تاقە کەسی ، کەلکیان وەرگرت• کۆمەڵ بە هـــەژارو دەوڵەمەند ، دابەشکرا • چەوساندنەوەو بەهرەلێوەرگرتن ، سەری هەڵداە بــە پێــی هەل‌ومەرجی تایبەتی مێژوویی کۆمەڵی سەرەتایی ، گۆڕانی پلەبەپلەی بــە کۆمەڵی کۆیلەتی،ڕەوت‌و جەرەیانێکی درێژخایەن لە مێژوودایەو ئێمە بــۆ نموونە لە ولاتی خۆماندا ، لەگەڵ ئەم دواپلەی هاوبەشی سەرەتایی کە پێی دەڵێن «کومەڵی خانەدانی» تا ماوەیەکی زۆر بەرەوڕووبووین•لەم کۆمەڵەدا خەتەکانی کۆمەڵی چینایەتی ، بەرەوپێش‌چوو ، لاوازە ، بەڵام هەیە • ئەمە خاڵێکی گرنگە کە لە شی‌کردنەوەی مێژووی ولاتی ئێمەدا ، پێویســـتە سەرنجی‌بدرێتێ •

## پرســیارە کۆنترۆڵی‌یەکان

١ ـ کــۆمــەڵی هاوبەشی سەرەتایی بناسێنن‌و تایبەتمەندی‌یەکانی باس‌بکەن• ٢ ـ چ جیاوازی‌یەك لە نێوان دابەشکردنی کاری سروشتی‌و کاری کۆمەڵایەتی‌دا ،وجودی هــەیــە ؟ ٣ ـ چ هۆیەکی گرنگ نیشاندەری پێوەندی‌یەکانی دەروونی کــۆمەڵی هاوبەشی سەرەتایی‌یە ؟ ٤ـ شێوازی گرنگی ئەتنیك لە کۆمەڵی هاوبەشی سەرەتایی‌دا ، کامەیە ؟ ٥ ـ لەبەرچی هۆزی خوێنی جیابووەوە ؟ ٦ـ لەبەرچی ئاڵوویر سەری‌هەڵدا ؟ ٧ـ لەبەرچی

زێدەبەرهەم سەری هەڵدا ؟ ٨ ـ چلۆن کاری تاقە کەسی گۆنجاو گرنگیی ئەم مەبەستە لەکوێدایە ؟ ٩ـ چلۆن کۆمەڵ بە هەژارو دەولەمەند ، دابەش بوو ؟ ١٠ـ شێوازەکانی تێپەڕبوون لە کۆمەڵی هاوبەشی سەرتاییەوە بەرەو سیستەمەکانی دوایی چلۆن بوو ؟ ١١ـ کۆمەڵی خانەدانی چییە ؟

**١٤ـ پاشماوەی باسی فراماسیۆنەکان ـ سیستەمی کۆیلەیی**

سیستەمی کۆیلەیی یەکەم سیستەم لە مێژووی ئینسانیدایە کە لەودا ، چینەکان ، هەنو پێوەندییەکانی فەرماندەریو فەرمانبەری ، لەودا سەرهەڵدەدا .

بەهرەوەرگرتن یان چەوساندنەوە لەم سیستەمەدا ، خاوەنی شێوازی ئاشکراو توندو بە شێوەی کوێلەدارییە . کوێلەدارەکان ، ئامرازی بەرهەمهێنان ( وەك مووچەو مەزرا سەرچاوە ژێرزەوییەکانو ئامرازە بەرهەمهێنەرییەکان )و هەروەها بازرگانییان ، لەژێر دەسەلاتدا هەبوو . خودی بەرهەمهێنەر ،بێ نێوبژیی نیعمەتە مادییەکان واتا کوێلەش وەك شتەکان ، ملکی بێ ئەملاو ئەولای ئەوان بووو جۆرەها کارلێکیشان بە زۆرەملێ ، بەسەریدا ، دادەسەپا .

کوێلە خاوەنی هیچ مافێك نەبووو خاوەن کوێلە کە تەنانەت خاوەنی گیانی کوێلەش بوو،نە تەنیا زێدەبەرهەمی کاری لێدەستاند،بەڵکوو ئەو بەشەشی لەبەرهەم کە بۆ بژیوی خودی کوێلە پێویستبوو ، تا بتوانێ هێزی کاری خۆی تازە بکاتەوە ، بەتالانئەبرد . ئەم زۆرو تالانکردنە توندو دڕەندانەو بێ سنوورە ، ئەبووە هۆی مردنو لەنێوچوونی توندی کوێلەکان . نیازی هەمیشەیی بۆ دابینکردنی کوێلەکان ، ئەوجەنگانە وەلامدەرەی بوون خاوەن کۆیلەکان ، سازیاندەکرد . واتا جەنگ ئەبووەهۆی وەدەستهێنانی کۆیلەی زیاتر ،بەلام بێجگە لە جەنگ ،پیشەسازو جووتیارە لێقەوماوەکانیش

که له پێش دا ئازادبوون ،به هۆی وام‌وەرگرتن ئەکەوتنە نێو زنجیری کۆیلەتی‌یەوە • هەر بۆیە کۆیلـەداری خاوەنی دوو سـەرچاوەی گرنگ بوو جەنگ‌و وامداری •

حکوومەت بۆ یەکەم جار لە دەورەکانی کۆیلەداری‌دا ، سەری‌هەڵدا، چونکە کۆمەڵ بە چینە دژبەیەکە چەوسێنەرو چەوساوەکان ، دابەشـکراو بێ‌دام‌ودەزگای حکوومەتی نەدەکرا ، کۆمەلانی زەحمەتکێشی کۆیلەکان ، بخرێنـە ژێرفـەرمـان‌و مـل‌کەچ‌بکرێن‌و کـاروباری کۆمـەڵ بـە قارانجی کۆیلەداران‌و تالانچی‌یەتیی ئەوان ، هەڵسووڕێندرێ • لەگەڵ حکوومەت‌دا، دام‌ودەزگای کارگێڕیی حکوومەتی ، پێك‌هات ، لـە ولاتی ئێمـەدا ئـەم دام‌ودەزگا ئیداری(بروکراسی)یە ، بە شێوەی کۆمەڵە دەزگابەسراوەکـان بە بارەگای شاوە ( پێش‌ڕووخانی شا لە ئێران باس‌دەکـا)بە شـانوپیلی شایەکەوە کە دەسەلاتی خودایی بوو، بەسرابووەوە • ئەم بروکراسـی‌یـە لەگەڵ شا دەگونجا گشت کۆمەڵ بە وتەی مارکس بە « کۆیلەتیی بەکۆ » مل کـەچ‌بکا •

خاوەن کۆیلەکان کە لەژێر سێبەری کاری کۆیلەکان‌دا خـۆیان لـە گشت‌بەرهەم‌هێناتێکی مادی ، تەرخان‌کردبوو ، کاروباری ئیداری سیاسی، زانست‌هونەریان وەچنگ‌هێنا یان خستنیانە ژێر دەسـەلاتی خـۆیان‌و کردیانە ئەرکی تایبەتی خۆیان• هەر بۆیە لەم چەند دەورەدایە کە لە بەرانبەر یەکدادانانی کاری دەستی‌و ئەندێشەیی ، سەرهەڵدەدا •

لەبەرانبەریەکدادانان لەنێوان دانیشتوانی شارو گوندیش‌دا ، لەم چەند دەورەدا، سەرهەڵدەداە پیشەسازەکان ، بازرگـانەکان ، دام‌ودەزگـای کارگێڕی‌و ئیداری ، کاروباری فەرهەنگی ، لەشاردا ، کۆدەبنەوەو گوند لـە پلەیـەکی نزم‌دا ، بـەرەوپێش‌دەچی‌و دەبێتـە ناوەنـدی کشـت‌وکاڵ‌و ئـاژەڵـداری •

کۆمەڵی کۆیلەدار لە شێوازی کلاسیکـــی خۆیدا، لـــە یۆنـانو ڕۆم هەروەها لە حکوومەتە خاوەن کۆیلەکانی وەك کەلدەو ئاشوورو میسر،هەبوو لە وڵاتی ئێمە( ئێران )دا ، بێجگە لە « کۆیلەتیی بەکۆ »گشت کۆمـــەڵ ، کۆیلەتی بەواتای تایبەتی وشەچ بنەماڵەیی‌و چ جەنگــیو تا سنووریکــی دیاریکراو لە دروستکردنی کۆشکەکان ، جادەکانو کانگاکان ، سەری‌هەڵداە

مەودای بەشداریی کۆیلە لە بەرهەمهێنان لە وڵاتــی ئێمەدا،نەگەیشتە ڕادەی یۆنانو ڕۆم • کۆیلەتی لە وڵاتی ئێمەدا لەگەڵ پاشماوەی جیددیــی کۆمەڵی خانەدانی بووەو پاشان لە دەورەکانی بەرفروانبوونی فیئودالیسمدا، تا ماوەیەکی درێژخایەن ، مایەوە •

لە دەورەکانی کۆیلەداری‌دا ، پێوەندی‌یەکانی ئاڵوویرو بازرگانــی زۆربەر فراوان بوون • بە هۆی کاری کۆیلەکان ، چەندین شاری گەورەو بنیاتی گرنگ ، بەوجوودهاتو زانستو فەرهەنگو هونەر ، یەکجار زۆر بەرەوپێش‌چوونو خاوەن بیرو هونەرمەندێکی گەورە لـە ڕۆژهــەڵاتو ڕۆژئاوا ، سەریان‌هەڵدا • لە کۆمەڵی یۆناندا ، فەرهەنگ بە پلەیەکـــــی بەرزی سەرسووڕهێنەر گەیشتو بەرزترین خاڵی گەشەکردنی زانسـت فەلسەفە ، درام ، شیعر ، بـەردتاشی‌و میعماری ، لـەم سـەرزەوی‌یـەدا بەوجوودهاتووە • حکومەتی کۆیلەداری ڕۆم ئەم میراتەی وەدەسـتهێناو کۆی فەرهەنگی یۆنانی – ڕۆمی کە پێیدەڵێــن« فەرهەنگی ئاتیـــك » • گرنگترین پلەی گەشەکردنی شارستانی‌یەتی ئینسانی لە دەورانی کۆندایە • گەشتی مێژوو وەهابوو کە یۆنانو ڕۆم توانیان ، باشترین دەسکەوتەکانــی شارستانی‌یەتی نەتەوەکانی تر ، وەدەستبێننو لەو ، سەنتێز یان ئاکامێکــی تەواو پەیدابکەن •

زۆرەملێ نائابووری ، دەسدرێژی‌و ستەمی دڕندانە ، ئەبوونە هـــۆی کەم‌بوونی بەرهەمی کاری کۆیلەکان کە تەنیا بە زۆربوونی ژمارەیـــان ،

فەرەبوو دەکرایەوە • کۆیلەکان ، چەندین شۆڕشیان بەرپاکردو ڕاپەڕین • گرنگترین شۆڕشی کۆیلەکان لە ڕۆمدا ، ڕاپەڕینی ئیسپارتاکۆس بوو •

ڕاپەڕینی زۆری کۆیلەکانو هەروەها جووتیارە ئازادەکانو پیشەسازەکان ، دژبە خاوەن کۆیلەکان کە بەرەو لێقەومان دەیانبردن ، کۆمەڵی ئینسانی کۆیلەتی لە دەروونەوە پۆترکاندو پوچیکردەوە• هێرشی هۆزە دەرەوەییەکان ئەم « دیوە لەسەرپێ‌قۆڕاوی‌یە ڕاوەستاوانە » یان بە هاسانی بەزاندو بەم جۆرە بوو بە هۆی رووخانی سیستەمی کۆیلەداری •

پرسیارە کۆنترۆڵی‌یەکان

١ ـ سیستەمی کۆیلەداری بناسێنن • ٢ ـ پێوەندی‌یەکانی نێوان خاوەن کۆیلەو کۆیلە ، شی‌بکەنەوە • ٣ ـ سەرچاوەی کۆیلەتی چی‌یە ؟ ٤ ـ لەبەرچی لەم دەورانەدا ، حکومەت سەرهەڵدەدا ؟ ٥ ـ لەبەرچی لە بەرانبەریەکداانانی کاری دەستی‌و فیکری‌و شارو گوند لەم دەورانەدا ، سەرهەڵدەدا ؟ ٦ ـ شێوازی کلاسیکی سیستەمی کۆیلەداری لە کام ناوچەدا ، هەبووە ؟ ٧ ـ ئایا لە وڵاتی ئێمەدا،کۆمەڵی کۆیلەداری هەبووەو تایبەتمەندی‌یەکانی چ بووە ؟ ٨ ـ هۆی بەرەپێش‌چوونی فەرهەنگ‌و هونەر لە یۆنانی کۆندا، چ بووە؟ ٩ ـ فەرهەنگی ئاتێنیك کامەیە ؟ ١٠ ـ لەبەرچی دەسکەوتی کاری کۆیلە کەمە ؟ ١١ ـ هۆی تێكڕووخانی کۆمەڵی کۆیلەداری ، شی‌بکەنەوە •

## ١٥ـ پاشماوەی باسی فراماسیۆنەکان ـ فیێودالیسم

نیشانەکانی دەرەبەگایەتی بریتین لە زاڵبوونی ئابووری سروشتی

( واتا بەر هەمهێنان بۆ کەڵكلێوەرگرتن ، نەك بۆ ئاڵوویر )و باری نـــزمو ـەکجۆری تێکنیك ، خاوەن ملکایـەتیدەرەبـەگ ( خان یـان خـاوەن ملك)بەسەرزەویداوبەسراوەیی کەسبیجووتیاران ( رەعیەت )، بە ئاغاوە کە ئەویش شێوازێك لە زۆرەملێنائابووریيە •

دەتوانین بە هێندێك چاوپۆشـــیيەوە لـــە وەرگێڕانـــی وشـــەی فێئودالیسمدا ، « ئاغاو ڕەعیەتی » دابنێین،دەڵین تا ئەندازەیەك چاوپۆشی بۆ ئەوەی ڕژیمی ئاغاورەعیەتی لەگەڵ ئەوەدا سروشتی فێئودالی هەیـە ، چەند تایبەتمەندی لە وڵاتی ئێمەدا هەبووە کە دەقی ئەو تایبەتمەندیانە لـــە ئورووپادا ، نەبیندراوە •

یەکێك لە تایبەتمەندیيەکانی فێئودالیسم لە ڕۆژئاوادا ، بەسراوەییـی ڕەعیەت بە سنیورەوەیە• بەسراوەیی کەسیی رەعیەت بە ئاغاوە لە وڵاتی ئێمەدا ، بەپیییاسا ، نەبووە ، بەڵام بە کردەوە هەبووە ، ولتا ڕەعیەت وەك نیوەکۆیلەیەك لەژێر دەسەڵاتی ئاغـــادا بووەو ئەم تایبەتمەنـــدیيـــەی فێئودالیسم ، هەرچەند لە وڵاتی ئێمەدا ، بەڕاشکاوەیـی سیستەمی سیرواژ ( ڕەعیەتی )لە ئورووپادا لـــەبووە ، بەڵام لـــە هەر باردا لە نـاوەڕۆكدا دەکرێ بڵێین هەبووە •

بەشێکی گرنگ لە جووتیارەکان لە دەورەکانی فێئودالیسم ، خاوەنی ئامرازی کاربوو ، ئابووریيەکی بچووکی سەرپەرشتیدەکرد ، بەڵام لەبەر ئەوە خۆی خاوەنی زەوی نەبوو ، دەبێ لەسەر زەویی تاپۆکراوی ئاغـــاوە یان خاوەن ملکەوە کاربکاو بەم جۆرە خاوەنملك دەیتوانی وەك بەهـرەی خاوەن ملکانە ، ئاکامی کاری جووتیارەکان بێ تۆلەکردنەوەو دانی شتێك لە بەرانبەریدا ، بە قازانجی خۆی ، داگیربکا • بەهرەی خاوەنملکانـە ،

دەیتوانی جینس یان نەقدی بێ یان بە شێوەی کاری بێحەقدەست بێ • لە ولاتی ئێمەدا پێوەندیی خانو جووتیار بە پێی کۆلەکەی چەندیە کبەر ( مزارعە )،ڕێكوپێكدەکرا •

فێئودالیسم لە ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوادا ، چەندین چەرخ درێژەی کێشا • لە ولاتی ئێمەدا ئەم کۆمەلە تا ئەم دوایانەش مابووو هێشتا پاشماوەکەی لە ئێراندا ، هەیە فێئودالیسم لە تەمەنی درێژخایەنی خۆیدا، لە چەندین پلەوە تێپەڕبووە کە ئێمە لێرەدا ، نایخەینە بەر باس •
فێئودالیسم لە ولاتی ئێمەدا نیسبەت بە فیئودالیسمی ڕۆژئاوایی ( کە بە شێوازی کلاسیکی لە فەرانسە ، ئالمان ، ئینگلستان ، رووسیەو هی تر تێپەڕبووە )،چەندین جیاوازیو تایبەتمەندی هەیە • بەلام سروشتی ئابووری - کۆمەلایەتیی ئەم سیستەمە لە ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوادا یەکسان نەبووە •

کۆمەلی فێئودال خاوەنی بینای چینایەتیی گرێوگۆلدارێكبووو لەودا چین وتوێژە جۆراوجۆرەکانو لەدەروونی چینو توێژەکانو سیستەمەکاندا ، زنجیرەی پلەیی ( سلسلە مراتب ) « هیرارش »دوورو درێژێك وجوودی هەبوو کە لە کۆمەلەکانی فێئودالی ئورووپاییدا ، زۆر ڕێكوپێك بووە (بۆ نموونە لەنێوان نەجیبزادەکان ڕوحانیو خاوەنپیشەکاندا ) ، کۆمەل بە چەند دەستە یان کۆ ، دابەشکراو دەستەکانی سەرەوە ( نەجیبزادەکان )لە دەستەکانی خوارەوە کە جووتیارەکانیش لەوان بوون ، لەباری مافەکانو دەسکەوتەکانەوە ، جیاوازیی زۆریان هەبووە «ئەرستوکراسی» یان حکوومەتی چینی بالادەستو نەجیبزادەو لافلێدان بەوە کە بناخەی بنەمالەو خوێنییان هەیەو خاوەن ڕیشەی تانوپۆ ئاوریشمین ، یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگە سیاسی-کۆمەلایەتی-یەکانی ، دەورانی فێئودالییە •

دوو چینی بنەڕەتی ئەم کۆمەڵە ، واتا خاوەن‌ملکەکان‌و خاوەن‌جووتیارەکان ،لە نێوان خۆیاندا ، هەمیشە لە کێشەدابوون ، کە سەری‌کێشا لای چەندین ڕاپەڕینی گرنگی جووتیارەکانەوە• سەرانسەری مێژووی چەرخەکانی نێوەڕاست ، لە ڕۆژهەلات‌و ڕوژئاوادا ، پڕە لەم جۆرە ڕاپەڕینانە •

حکوومەت لە دەورەکانی فیئودالیسمدا ، شێوازی پاشاشایەتیی هەیە • پاشا لە ململانێ دژبە جووتیارەکان ، یارمەتی‌دەری ئاغاخاوەن‌ملکەکان بووەو تەنیا لە دەورەکانی دواییی فێئودالیسمدا، پاشایەتی بێ سنوورو بەربلاو بە هاودەستیی بۆرژوازی ، دژبە فێئودالەکان لەگەڵ خاوەن‌ناوەندبوونی حکوومەتدا ، دژایەتی‌یان دەکرد، بە کردەوە کەوتە ململانێ‌یەوە •

ئایین‌و بنکەو بنیاتە ئایینی‌یەکان ( کلیسا ، مزگەوت، کەنیشت، بەندەگیخانە ) لە کۆمەڵی فێئودالیسمدا، دەورێکی گەورەو گرنگی هەبوو• خزمەتکارەکانی ئایین، سامانی تەرخان‌کراو (موقوفە)یەکی زۆریان هەبوو لەگەڵ حکوومەتی فێئودالی‌و نەجیب‌زادە فێئودالەکان‌دا، لەباری هێزەوە ، شان‌بەشانی یەك دەچوولەپێشەوە • ئێدئولۆژی‌و بیرو بوچوونی ئایینی بەسەر کۆمەڵدا ، زاڵ‌بووو جۆرەکانی تری شعوری کۆمەلایەتی وەك فەلسەفەو هونەرو ئاکارو مافەکانی ، کردبووە ، پەیرەوی خۆی • لە ئورووپا لە چەرخەکانی نێوەڕاستدا، دەیانگوت «فەلسەفە خزمەتکاری ئەو یاسانەیە کە سەبارەت بە خواو دەسەلاتی دەدوێ »•

بەم بۆنەوە شۆڕشە جووتیاری‌و خەلکی‌یەکان ، ڕەنگی ئایینی‌و عیرفانی‌یان هەبوو وەك شۆڕشی مانی ، مەزدەك ، خرم‌دینان ، ئیسماعیلی‌یە، حروفیە، نەفتەوی‌یە ، بابیەو هی تر ( لە ئێران دا ) •

شۆڕشە بۆرژوازی‌یەکان ، سیستەمی فێئودالیان، تێکەوەپێچا ، بەلاَم سەرمایەداری بەتایبەت لەو ولاَتانەدا کە کەم بەرەوپێش‌چووبوون ، لە زۆر لە پاشماوەکانی فێئودالی ، ڕزگار نی‌یە ، ( وەك خاوەن‌ملکایەتی گەورەی زەوی‌و سیستەمی چەند یەك‌بەری = مزارعەو ڕەسمە نەجیب‌زادەیی‌یەکان‌و هی تر ) .

پرسیارە کۆنترۆلی‌یەکان

١ ـ فێئودالیسم بناسێنن‌و نیشانە گرنگەکانی سیستەمی فێئودالی ڕابگەیەنن . ٢ ـ ئایا لە ئێراندا بەسراوەیی ڕەعی‌یەت بە ئاغاوە ، هەبووە ؟ ٣ ـ دۆخی جووتیارەکان لە دەورەکانی فئودالی‌دا، پەسن‌بکەن. ٤ ـ چ جیاوازی‌یەك لە نێوان فێئودالیسمی رۆژهەلاَت‌و ڕوژئاوادا هەیە ؟ ٥ ـ دەستەو هیرارشی چی‌یە ؟ ٦ ـ ئەریستوکراسیسم چی‌یە ٧ـ حکوومەت لەم دەورانەدا چ شێوازێکی هەبوو ؟ ٨ ـ دەوری ئایین لە فێئودالیسم‌دا ڕابگەیەنن. ٩ ـ فێئودالیسم چلۆن لەنێوچوو ؟ .

**١٦ـ پاشماوەی فراماسیۆنەکان ـ سەرمایەداری**

سەرمایەداری بریتی‌یە لەو شێوازگرتنە کۆمەلاَیەتی‌یە ـ ئابووری‌یە کە پاش فێئودالیسم ، سەرهەلدەداو دوایین سیستەمی کۆمەلاَیەتی دانراو لەسەر بەهرەوەرگرتن‌و چەوساندنەوەو دروستکراو لە چینە دژ بە یەکەکان.

لە سیستەمی‌سەرمایەداری‌دا ، دوو چینی بنەڕەتی هەن بۆرژوازی‌و کرێکاران .

کرێکاران کەهەر ئەو کرێکارە سەنعەتیانەی دەورەکانی سەرمایەدارین ، بەمەبەستی دابین‌کردنی ئامرازی ژیانی خویان کاردەکەن ،

بەلام لە ڕاستیدا ، سەرمایەدارەکان ، دەولەمەنددەکەن ، چونکە ئەوان بەرهەمی کاری حەقدەستپێنەدراوی کرێکاران کە پێی دەلێن « زێدەبایی »ئەیبەن بۆ خۆیان • یان بە وتەیەکی تر زێدەبایی ئەونرخەیە کە کرێکار زیاد لە نرخی هێزی کاری خۆی ، بەوجوددێنێ • نرخی هێزی کاری کرێکار بریتییە لە ئامرازی ژیان کە بۆ ڕاگرتنی کرێکارو بنەمالەکەی ، پێویستە • هێزی کرێکار کووتالێکی وەهایە کە دەتوانێ زیاتر لە نرخی خۆی نرخ بە وجوودی بێنێ • ئەم نرخەیە کە بە ناوی « زیدەبایی » ئەکەویتە سەریەکو سەرمایە ، بەوجود دێنێ • خودی ئەم سەرمایە کە لە ڕێگای بەهرەوەرگرتنو چەوسانەوەوەوە سەری‌هەلداوە، لە ڕێگای درێژەدان بە چەوسانەوەی کرێکارانی حەقدەست وەرگرەوە ، جارێکی تر ، لەسەریەك کۆدەبێتەوەو نرخی زیادی یان زێدەبایی، بەوجوددێنێ• نرخی زیادی سەرچاوەی سوودو قازانجی سەرمایەدارە •

وەدەستهێنانی نرخی زیادی لە ڕێگای بەهرەوەرگرتنەوە لە کاری حەقدەستیو بەکرێدانەوە ، یاسای گشتیی سەرمایەدارییە • سەرمایەدارەکان بە مەبەستی وەدەست هێنانی قازانجی زیاتر ، بەرهەمهێنان، بەفراواندەکەنو لە تێکنیکی نوێو دەسکەوتەکانی زانست بۆ بەرهەمهێنان، کەلكوەردەگرنو بەم جۆرە دەسکەوتی کار زیاددەکەن ، بازار بەر فراواندەکەن • بۆ پەیداکردنی سەرچاوەی نوێ کەرەستەی خاوە ، تێدەکۆشن ، بۆ ئیستیعمارو تالانی وەحشیانەی « مستعمرات »هەنگاوهەلدەگرن • سەرمایەدارەکان چەند هێزی بەرهەمهێنەر لەسەر بناخەی تێکنیکی مەکینەیی ، بەوجوددێنن کە لەئاکامدا ، بەرهەمی زیاترو جۆراوجۆرتر لە گشت دەورەکانی ڕابوردووی مێژووی ئینسان ، دەخولقێنن •

ئەو تایبەتمەندییە نوێیەی کە هێزەبەرهەمهێنەرەکان لە سیستەمی سەرمایەداریدا وەدەستیدێنن ، ئەوەیە کە دەبنە « کۆمەلایەتی • بەم واتایە

که کووتاڵ له سه‌رمایه‌داری‌دا ، له بنکه سه‌نعه‌تی‌یه گه‌وره‌کاندا به‌رهه‌م‌دێن‌و له‌م بنکانه‌دا ، سه‌دان‌و هه‌زاران که‌س ، خه‌ریکی کارن . دۆخه‌که وه‌ك دۆخی پێش سه‌رمایه‌داری نی‌یه که پیشه‌سازه تاقه که‌سی‌یه‌کان یان کارگا بچووکه‌کان کووتاڵیان به‌رهه‌م‌دێنا . له‌م هه‌ل‌ومه‌رجه‌دا دابه‌شکردنی کاری کۆمه‌ڵایه‌تی به چه‌ند پله‌ی گرێ‌و گۆڵدارترو پرلق‌وپۆپ‌تر ، ده‌بێ‌و له‌نێوان هێڵه جۆراوجۆره‌کانی ئابووری‌دا ، جۆره‌ها پێوه‌ندیی دوولاینه ، سه‌رهه‌ڵده‌دا .

دژایه‌تیی گرنگی کۆمه‌ڵی سه‌رمایه‌داری له‌وه‌دایه که ئه‌م به‌رهه‌م‌هێنانه که بوه‌ته کۆمه‌ڵایه‌تی ، وا له ژێر ده‌سه‌ڵاتی تایبه‌تی سه‌رمایه‌داره‌کاندا و ئه‌و قازانجه زۆرانه‌ی که ئاکامی ئه‌م به‌رهه‌م‌هێنانه مه‌کینه‌یه گه‌وره‌یه ، ده‌چێته گیرفانی سه‌رمایه‌داره‌کان . ئه‌م دژایه‌تی‌یه ، له‌نێوان تایبه‌تمه‌ندیی کۆمه‌ڵایه‌تیی به‌رهه‌م‌هێنان‌و شێوازی خاوه‌ن ملکایه‌تی یان ده‌ستێوه‌ردان ، هه‌روه‌ك وتمان ، دژایه‌تیی بنه‌ڕه‌تی سه‌رمایه‌داری‌یه‌و یه‌کێك له ڕواڵه‌ته‌کانی ئه‌م دژایه‌تی‌یه ئه‌وه‌یه که له بنکه‌یه‌کی سه‌نعه‌تی‌دا ، به شێوه‌ی جیاواز ، کاری به‌رهه‌م‌هێنان‌و ئابووری ، ڕێك‌وپێك‌و له ڕووی پلان‌و نه‌خشه‌وه ، سه‌رپه‌رشتی‌ده‌کرێ ، به‌ڵام به هه‌لسه‌نگاندن ، گشت کۆمه‌ڵی سه‌رمایه‌داری په‌یره‌وی به‌ڕێوه‌بردن‌و شێواز گرتن‌و پلانی هاوئاهه‌نگ نی‌یه ، هه‌ر بۆیه له‌ودا بێ سه‌ره‌وبه‌ره‌یی به‌رهه‌م‌هێنان ، خاوه‌ن‌ده‌سه‌ڵاته .

یه‌کێکی تر له ڕواڵه‌ته‌کانی ئه‌م دژایه‌تی‌یه بریتی‌یه له دژایه‌تیی نێوان مه‌یلی به‌رهه‌م هێنان به مه‌به‌ستی به‌رفراوان‌کردنی بێ سنوور له لایه‌ك ده‌ره‌تانی مه‌سره‌فی به‌رته‌سکی کۆمه‌ڵانی به‌رفروانی خه‌ڵك له لایه‌کی تر که به‌هۆی هه‌ژاریی خۆیان ، ناتوانن گشت به‌ره‌به‌رهه‌م هێنراوه‌کان ، بکڕن . ئه‌م‌کاره ئه‌بێته هۆی سه‌رهه‌ڵدانی قه‌یرانی زێده‌به‌رهه‌م‌و سه‌رئه‌کێشێته لای زیادبوونی «ڕه‌شی‌بێکاران»وه .

یەکێکی تر لە ڕوالەتەکانی دژایەتیی بنەڕەتیی کۆمەڵی سەرمایەداری، خەباتو ململانێیی بۆرژوازیو کرێکارانە کە سەرئەنجام، سەرئەکێشـێتە لای شۆڕشی سۆسیالیستیو سەر کەوتنی ئەو شۆڕشەوە[1] .

بۆرژوازی بۆپاراستنی سەرمایەداری پتەوکردنو هەتاهەتایی کردنی گشت دام ودەزگاکانی سەرخان ( حکوومەت ، سـیاسەت ، مافەکان ، ئیدئۆلۆژی ، هونەر ، فەلسەفە ، ئایینو هی تر ) ، بە جۆرێکی بـەربلاو کەڵکوەردەگرێ . بە دوو ئامرازی شەڕی فریوو زۆر ، تێـدەکۆشـێ خەباتە چینایەتی‌یەکانیان ، سەرکوت‌بکا یان ڕێیان‌لێ ون‌بکاو نەمانی بـۆ ئەملاو ئەولای خۆی وەدوابخـا .

سەرمایەداری لە دوو پلەی گرنگەوە تێپەڕیوە

١ ـ سەرمایەداریی پێش گەمارۆدان ( أنحصار ) .

٢ ـ سەرمایەداریی گەمارۆیی (أنحصاری)یان ئیمپریالیزم .

نیشانەی دەورەکانی سەرمایەداریی پێش «أنحصار»، بریتی یـە لـە بوونی‌کێ‌بڕکێی ئازاد . نیشانەی دەورەکانی سەرمایەداریـی «أنحصاری»، بریتی‌یە لەسەرهەڵدانی « انحصارەکان »و « مۆنۆپۆلە خاوەن ئیمتیازەکان » . ئیمپریالیزم لە کۆتایی‌یەکانی چەرخی نۆزدەهەمو سەرەتای چەرخی بیستەمدا، سەری‌هەڵداو چەندین میترۆپۆلی (ناوەندی کـار)گرنگیـی ئـەو ، وا لـە ئامریکای باکووریو ئورووپای ڕۆژئاواییو ژاپۆندا .

ئێستا سەرمایەداریی بەربەستکراوی تایبەتی (أنحصاری)ئیمپریالیستی

---

(١) بە هۆی ئەزموونی تاڵی ئەو دیاردە لە ڕۆژهەلاتی ئورووپاو شکسـتی ئەم تێئۆری‌یە زانستی‌یە ! یان شیوەی جێ‌بەجێ‌کردنەکەی سەرکەوتنی پرۆلیتاریاو شۆڕشەکەی لە جیهاندا ،جێی پرسیارەو ئەگەر دۆخەکـە وەك ئێستا بچێتەپێش ، سیستەمی بازاڕی ئازاد ، بازاڕی گـەرمـەو تێئۆریی تاشە مارکسیستەکان ، ئاو لەدنگ‌دا دەکوتن !

ـ وەرگێـر ـ

له هێندێك له ولاته بەرەوپێشچووەکانی ئورووپاو ئامریکاو ژاپۆندا ـ گەیشتوەتە پلەی سەرمایەداریی تایبەتیو بەسـراوە بە حکوومەتەوە .

سەرمایەداریی تایبەتیی حکوومەتی بریتییە لە یەکوونی «أنحصارەکـان حکوومەتـی بـۆرژوازی لـە یـەك میکانـزم (خۆهەلسوورێنـەر )دا .

لەم دەورانەدا ، بەشی دەولەتیو مەسـرەفی دەولەتـی ، دەچێتە پێـشو بەرفراواندەبێو لە کاروباری ئابووریو لە ڕێگای بەرنامەداناندو سەرمایە ـ وەگەڕ خستنو داناندو تایبەتکردنی متمانەی بانگی (وەك لەبەرچاوگرتنی پارەو وەگەڕخستنی پێشبینییەکانی ( پرگنۆستیك)ی ئابووری ، بە هۆی دامودەزگای دەرکەوتەوە، ڕێكوپێك دەکرێو دەخرێتە ژێرچاوەدێرییەوە.

خەباتی ئابووریی دژ بە سۆسیالیزمو خۆڕاگری لـە بـەرانبەر شۆڕشـی کرێکارییەوە ، یەکبوونی بازاڕی ئابووریو بەرهەمهێنانی سـەنعەتی ، بەئەنجامدەگەن ، دیاردەیەك کە پێیدەلێن «ئەنتگراسیۆن»ی سەرمایەداری، لەم دەورانەدا ، سەربازیکردنی باری ئابووری ، جێـگایەکی تایبەتـیو بێپێشینەیەك داگیردەکاو بەشێکی گرنگ لە داهاتی نەتەوەیی ، ئەکرێتـە خەرجو مەسرەفی باری سـەربازو جەنگە گـەورەو بچـووکەکـانو دروستکردنی پێگەکانو ڕاگرتنی لەشکری چەکدار .

بەلام سەرەڕای هەر ئالوگۆڕێك ، سروشتو ناوەرۆکی ئابووری ـ کۆمەلایەتیی سەرمایەداری، ئالوگۆڕی بەسەردا نەهاتووە. لـە دەورانـی شۆڕشی گەورەی سۆسیالیستی ئۆکتۆبرەوە ، سـەرمایەداری چـووەتە قەیرانی گشتـی خۆیـەوە کـە سیاسـەتو ئابـووریو ئیـدئۆلۆژیـی ئەو ئەگرێتەوەومەیدانی دەسەلاتوزالبوونی بـەسەرجیهاندا بـەرەبەرە تەنگتردەبێتەوە ! ( خەوێکی خۆشە ڕاستیەکـان وا نیشاننـادەن ) .

سیستەمی سۆسیالیستی جیهانی سەریهەلداوەو هەلومەرج لـە گشـت جێگایەکدا بۆ لاچوونی سەرمایەداری بەرەبەرە ، لەبارتر دەبێ

مارکس له نووسراوەی خۆیدا «سەرمایە»و لینین له نووسراوەی خویدا «ئەمپریالیزم ـ بەرزترین پلەی سەرمایەداری» ئەم دووپله گرنگەی بەرفراوانبوونی سەرمایەدارییان ، خستووەته ژێر شیکردنەوەی زانستییەوە[1]

له ولاتی ئێمەدا ئێران ، سەرمایەداری له دەورەکانی بوونی دوو سیستەمی جیهانی ( سۆسیالیستیو سەرمایەداریدا ) ، له هەلومەرجی بەرفراوانبوونی راپەرینە رزگاری دەرە نەتەوەییەکانو له هەلومەرجی شوێندانانی ولاته بەرەوپێشچووەکانی سەرمایەداری که لەواندا سەرمایەداریی انحصاری دەولەتی زالەو (له رێگای شێوه نوێ ئیستیعماری یەکانەوە )، وا له حالەتی بەرفروانبوونداو ئەم تایبەتمەندییه گشتیانە ، بارودۆخی گەشەکردنی سەرمایەداری له ولاتی ئێمەدا، کردوەته خاوەن چەند تایبەتمەندی که له بەلگەکانی حیزبی ئێمەدا ( حیزبی توده = شیوعی ئێران ) شی کراوەتەوە •

پرسیارە کۆنترۆلییەکان

١ ـ سەرمایەداری بناسێنن• ٢ـ دوو چینی بنەرەتی کۆمەلی سەرمایەداری بناسێنن• ٣ـ نرخی زیادی یان زێدەبایی سەرمایه چییه ؟ ٤ـ یاسای گرنگی سەرمایەداری ، کامەیە؟ ٥ ـ سەرمایەداری له بەرفروانکردنی بەرهەمهێناندا ، چ

(1) شیکردنەوەی بەرفراوانیی سەرمایەداریی پێش(انحصاری)و(انحصاری ـ ئیمپریالیزم) سیستەمی موستەعمراتی ئیمپریالیزمی سەرمایەداریی انحصاریی دەولەتی ، قەیرانی گشتی سەرمایەداری ، له ئەرکی سەرشانی ئەم دەرسنامەنین ئەم کاره له دەرسنامەی ئابووریدا ، شیدەکرێتەوە . لێرەدا مەبەست بۆ چوونێکی گشتی له کارو چوارچێوەی تیئوریی فراماسیۆنه کۆمەلایەتیو ئابوورییەکانه .

دەوریك دەگێڕێو لەبەرچیو ئامانجی چی‌یە ؟ ٦ـ کۆمەڵایەتی ـ بوونی بەرهەمهێنان ، واتای چی‌یە ؟ ٧ ـ دژایەتیی بنەڕەتی سەرمایەداری چی‌یە ؟ ٨ـ ڕواڵەتە سێیینەکـانی دژایەتیـی بنەڕەتی سەرمایەداری ، شی‌بکەنەوە • ٩ ـ دوو پلەی گرنگی سـەرمایەداری کامەن‌و نیشـانەی هـەر کامەیان چـی‌یـە ؟ ١٠ـ سەرمایەداریی أنحصاریی حکوومەتی چی‌یە ؟ ١١ـ سەرمایەـ دارەکان بە چ هۆیەك تێدەکۆشن سیستەمی خۆیان ڕابـگرن ؟ ١٢ـ قەیرانی گشتی سەرمایەداری چی‌یە ؟

## ١٧ـ پاشماوەی فراماسیۆنەکان ـ سۆسیالیزم‌و کۆمۆنیزم

سۆسیالیزم‌و کۆمۆنیزم ،دوو پلەی خوارو ژووری یەك شێوازگرتن یان فراماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی ئابوورین کـە پێی دەڵێن « فـراماسیۆنی کۆمۆنیستی » • تایبەتمەندی‌یە گشتی یەکانی ئەم فراماسیۆنە بەم جۆرەن

١ ـ خاوەن‌ملکایەتی کۆمەڵایەتیی ئامرازی بەرهەمهێنان ، پلەی ئەم فراماسیۆنەیە •

٢ ـ لـەنێوان ئەنـدامەکانی کۆمەڵدا پێوەنـدی‌یە هـاوکاری‌و دۆستانەکان دادەمەزرێ •

٣ ـ بە هۆی ڕزگاربوون لەباری چەوسانەوە ، کارد دەبێتە کـاری ئازاد بە قازانجی کۆمەڵ• واتا لەڕاستی‌دا ، کارێکە کە ئەندامی کـۆمـەڵ بـە قازانجی خۆی ئەنجامی‌دەدا •

٤ ـ بەرەوپێش‌چوونی بێ هۆو لەخـۆڕاو نارێك‌وپێکی کـۆمەڵ ، جێگای خۆی بەو بەرەوپێش چوونە دەدا کە بــە جۆرێکی زانیاری‌یانە ، ێك‌وێك‌کراودو هەڵسووڕاوە • واتا ئەندامانی کۆمەڵ ، بە پاڵپشت‌دان

به یاسا عەینییە سروشتیو کۆمەڵایەتییەکانەوە ، بە تێگەیشتنی تەواو لەم یاسایانە، بە قازانجی گەشەکردنی مادیو مەعنەوی کۆمەڵ، کەڵکوەردەگرن• ئەم تایبەتمەندییانە ، هەم بۆ پلەی سۆسیالیستیو هەم بۆ پلەی کۆمۆنیستی ، نیشانەن • بەم حاڵەش لەنێوان ئەم دوو پلەدا ، چەند جیاوازی هەیەو ئـەم جیاوازییەش لە ڕەوتی دانانی زانیارییانەی کۆشکی کۆمۆنیستی دا بەرەبەرە لەنێودەچن •

ئەم جیاوازییانە ، پێوەندییان بە پـلەی بەرەوپێشچوونی مـادیو مەعنەویی ئەو دوو پلــەوە، هـــەیەو لەدوایین شیکردنەوەدا ، بە پلـەی گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە ، پێوەندییان هەیە • لینین دەڵێ

سۆسیالیزم ئەو کۆمەڵەیە کە بێ نێوبژی لەسەرمایەدارییەوە ، دێتە دەرو یەکەم جۆری کۆمەڵی نوێیە • بەڵام کۆمۆنیزم جـۆری بـەرزتری کۆمەڵەو تەنیا ئەوکات دەتوانێ بەرفراوان بێ کە بناخەی سۆسیالیزم ، بـە تەواوی پتەوبووبێت »•

ئێستا با بزانین جیاوازیی بنەڕەتی لەم دوو پلە لە کوێدایە ؟

١ ـ لە سۆسیالیزمدا هێشتا خاوەن ملکایەتیی گشتیی خەڵك بەسەر گشت ئامرازیبەرهەم هێنان لە گشت هێڵەکانی ئـابووریدا ، شـێوازی نەگرتووە • خاوەن ملکایەتیی کۆمەڵایەتی ، لە سۆسالیزمدا ، دوو جۆرە •

١ ـ شێوازی حکوومەتی کە هی گشت خەڵکە یانگشت خەڵکییەو

٢ ـ شێوازی کئوپراتیفی ( لە یەکێتیی سوڤیەتدا کۆلخوزی )یەو بەم پێیە لەنێوان دوو چینی دۆستدا ، واتا کرێـــکارانو جـــووتیـاری کئوپراتیفیدا ، جیاوازی دەمێنێتەوە •

٣ ـ لەبەر ئەوە یەکبوونی ئورگانیکی کاری لەشیو تێکۆشانی فیکری، سەری هەڵنەداوە ، توێژی ڕووناکبیر ،وەك جاران دەمێنێتەوە •

٤ ـ پلەی گەشەکردنی ئاکامی کار لە سـوسیالیزمدا ، هێشتا بۆ بەرهەمهێنانی نیعمەتە زۆرە مادی‌یەکان بەس نی‌یەو هێشتا نەبووە بە نیازی ژیانی ئەندامانی کۆمەڵ ، هەر بۆیە بناخەی دابەشکردن لە سۆسیالیزمدا ، بریتی‌یە لە «لەهەرکەس بە گوێرەی توانای خۆی‌و بە هەر کـەس بـە گوێرەی کاری » • ئەم کارە چاوەدێری‌کردنی پێی‌لەسەرداگیراوی ئەندازەی کارو ئەندازەی مەسرەف ، پێویست دەکاو ئەمەش خۆی یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی حکوومەتی سۆسیالیستی‌یە • حـکوومەت لـەم دەورانەدا ، بەرێبەرایەتیی حیزبی کۆمونیست ، گشت کاروبارە ئابووری‌و فەرهەنگی‌یەکانی کۆمەڵ ،ئەخاتە ژێر سەرپەرشتیی خۆیەوە •

٥ ـ بەرهەمەکان هێشتا لە شێوەی کووتاڵدا ، بـەرهەمدێن • واتـا ئەچنەبازاڕی کڕین‌و فرۆشتنەوەو هەر بۆیە بۆ هەڵسووڕاندنی کاروبـاری ئابووری ، پێویستە لە کۆڵەکە ئابووری‌یەکان وەك نرخ ، قازانج‌و سوود، متمانەو هی تر ، کەڵكوەربگیردرێ •

٦ ـ هـەر چـەنـد لە شعووری ئەندامەکانی کۆمەڵدا ، ئیدئۆلۆژی سۆسیالیستی زاڵە ، بەو حاڵەش هێشتا پێویست‌بوونی خەبات یان بیروڕاو بۆچوونەکان ، ڕەسم‌وداب‌و نەریتە ناکرێکاری‌یەکان‌و پاشماوەی دەروونی ، ئاکاری کۆمەڵی کۆن ماوەتەوەو لەبەر ئەمە ، دەگوترێ کەفازیان پلەی‌یەکەم هێشتا « چەند پلەی زکماکی » کۆمەڵی کۆنی لەگەڵەو « ئاسۆی تەنگـی مافەکانی بۆرژوازی» ، پاراستووە •

بێگۆمان بێجگەلە « هێزی خۆوخـەدە » لەبـارە دەروونی یەکـان‌و ئەندێشـەکـاندا ، خۆڕاگریی ڕاستـەخۆی چـەوسێنـەرە پێشووەکـان ، لە دەروونی کۆمەڵدا ، بوونی سەرمایەداریی جیهانی‌و شوێنی وێرانکاریی ئیمپریالیزم ، گەشەکردنی سۆسیالیزم ، لەگەڵ گیروگرفت‌و خواروخێچی ، بەرەوڕوودەکاو لەم هەڵومەرجانەدا ، ئەو بیروبۆچوونە کە سـۆسیالیـزم

بتوانێ بە ئاسانیو بێ خوارو ژوور ، بەرەوپێش بڕوا ، بیروبۆچوونێکی نادیالێکتیکییە •

بەڵام تایبەتمەندییەکانی کۆمۆنیزم ، بەم جۆرەن

١ ـ کۆمۆنیزم پلەی بەرزی گەشەکردنی کۆمەڵە کە لە جەرەیانی ئەودا ، هێزە بەرهەم هێنەرەکان ، بە شێوازیکی بێپێشینە لە مێژوودا چرۆدەکەنو شکوفەدەدەنو بەرزترین پلەی ژیان بۆ خەڵك ، دابیندەبێ ، (خەیاڵپلاوە)• بناخەی دابەشکردن لە کۆمۆنیزمدا ، بریتییە لە

« لەهەر کەس بە ئەندازەی تواناییو لێوەشاوەیی خۆیو بە هەر کەس بە پێی نیازی» •

٢ ـ کار لە کۆمەڵی کۆمۆنیستیدا ، ئەرك نییە ، بەڵکوو ، ئەبێتە نیازی ژیانییو سەرچاوەی حەزی قووڵی ڕوحیو دەروونی ، ، چونکە کارێکی خوڵقێنەرو تەیارکراو بە بەر زترین تێکنیك ، سازگار لەگەڵ باشترین هەلومەرجو دەقاودەقهاتوو لەگەڵ باشترین ئاکامەکاندایە •

٣ ـ جیاوازییە چینایەتییەکان لەنێوان کرێکارو جووتیارو ڕووناکبیر، لەسەر بناخەی گەشەکردنی تێکنیكو بەرفروانکردنی ناسینی گشتی ، لە نێودەچێ ، هەر بۆیە حکوومەت ، پێوەندییە مافییەکان ئیدئۆلۆژیی سیاسیو مافی ، لەنێودەچن •

٤ ـ خۆهەڵسووڕاندنو خۆئیدارە کردنی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیستی ، لە جێگای حکوومەت دادەنیشێ ، واتا خودی ئەندامەکانی کۆمەڵ کە پێكهاتوونو خاوەنشێوازن ، لەسەر بناخەی چوارچێوە ئاکارییەکانی کومۆنیستی ، کە دەبێتە سروشتو نیازی دەروونیی ئەندامەکان، کاروباری کۆمەڵ ئەگرنە ژێر دەسەلاتی خۆیانو ڕایاندەپەڕێنن • نەمانی حکوومەت بە واتای لەنێوچوونی ڕێکخراوەکانو ئەو دەزگایانەی کە کاروباری کومەڵ

هەڵدەسووڕێنن ، نییە ، بەڵکوو بە واتای لەنێوچوونی ئەو دامودەزگایەیە کە نیشانەی زاڵبوونی یەك چین ( کە لە سۆسیالیزمدا نوێنەری زۆربەی زەحمەتکێشی کۆمەلە ) ، بەسەر پاشماوەی توێژو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەگەڵ نەمانی حکوومەت ، ئەو بنکەو بنیاتانەی کە تایبەتن بەوەوە ، لەتێودەچن •

٥ ـ گشت هەلومەرجێك بۆ گەشەکردنی لێوەشاوەیییەکان ، شکۆفەو جرۆدانی کەسایەتیی ئەندامەکانو گەیشتن بە پلەی هەرە بەرزی دەروونیو گەشەکردنی لەشی ، دابیندەبێ •

دروستکردنی کۆمەڵی کۆمۆنیستی بریتییە لە ڕەوتێکی بەرەبەرەییو پلەبەپلەو خاوەنیاساو لەسەر بناخەی تەواوبوونو گەشەکردنی زیاد لە پێشووی کۆمەڵی سۆسیالیستی ، ڕوودەداو دادەمەزرێ •

مەرجی ئەم ڕاگوێستنە پلەبەپلەیە ، بریتییە ، لە ئەنجامدانی سێ ئەرکی گرنگ

١ ـ دروستکردنی بناخەی مادی ـ تێکنیکیی کۆمۆنیزم لەسەر بەرزترین ئامرازی تێکنیکیو پلەی بەرزی دەسکەوتە زانستییەکانە •

٢ ـ دامەزراندنی ، پێوەندییە کۆمەڵایەتی یەکانی کۆمۆنیستیو بەرفروانکردنی دێموکراسیی سۆسیالیستی •

٣ ـ پەروەردەکردنی دەروونیو لەشی ئینسانی نوێ •

پرسیارە کۆنترۆڵییەکان

١ ـ کۆمۆنیزم خاوەنی چەند پلەیە ؟ ٢ ـ تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی دوو پلەی سۆسیالیستیو کۆمۆنیستی کامەن ؟

٣ ـ جیاوازییە بنەڕەتییەکانی دوو پلەی سۆسیالیستی کامەن ؟

٤ ـ گیروگرفتی دانانی کۆشـــکی سۆسیالیزم لە کـــوێـرا سەرهەڵدەدا ؟ ٥ ـ تایبەتمەندی‌یەکانی کۆمۆنیزم چـی‌یـە ؟ ٦ ـ هەلومەرجەکانی ڕاگوێستن‌و جم‌وجوڵ لە سۆسیالیزمەوە بەرەو کۆمۆنیزم چین ؟ ٧ ـ نەمانی حکوومەت چ واتایەکی هەیەو چلۆن بەئەنجام‌دەگا ؟ ٨ ـ خۆهەڵسووڕاندنی کۆمەڵایەتی واتای چی‌یە ؟ ٩ ـ پلەی مادی تێکنیکی کۆمۆنیزم چی‌یە

## ١٨ـ شۆڕشی کۆمەڵایـەتی

فێرکردنی مارکسیستی‌ـلینینیستی « شۆڕشی کۆمەڵایەتی »و دەوری بە گەیشتن بە ئاڵوگۆڕی بناخەیی ژیانی کۆمەڵ‌و دابین‌کردنی ڕزگـاریـی زەحمەتکێشان ، بەشێکی زۆر گرنگ لە فەلسەفەی مارکسیستی بە گشتی‌و ماتریالیزمی مێژوویی ، بەتایبەتی‌یە •

شۆڕشی کۆمەڵایەتی چی‌یە ؟ شۆڕشی کۆمەڵایەتی لەباری ناوەرۆکی خۆیەوە بریتی لە شێوەی خاوەن‌یاســـابوونی چارەســــەرکردنی کێشـە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و بەڕیوەبردنی وەرسووڕانێکی وەها لە ژیانی کۆمەڵدا کە تێپەڕبوون لە پلەیەکی مێژوویی‌و گەیشتن بە پلەیەکی بەرزتر واتا لـــــە کۆمەڵێکەوە کە خاوەنی چینە ئاشتی‌هەڵنەگرەکانەو گەیشتن بە کۆمەڵێـکی پێشـکەوتووتر، بگونجێنێ• هێزە پێشـکەوتووو خوازیارەکانی ئاڵو گۆڕی کۆمەڵ لە ڕێگای شۆڕشەوە ، ڕێگای گەشەکردنی کـــۆمــەڵ بەرەوپێش ئاوەڵادەکەن‌و بەربلاوبوونی توندی‌کۆمەڵ بەرەوپێشـکەوتن ، دابین‌دەکەن‌و بەم بۆنەوە ، مارکس شۆڕشی ناوناوەتە «لکۆماتیوی مێژوو » •

بناخەی ئابووری گشت شۆڕشە کۆمەڵایەتی‌یەکان ، ئەو کێشانەیـە کە لە شێوەی بەرهەم هێنانی نیعمەتە مادی‌یەکاندا ، وجـوودیان هـەیـە • مـارکس دەڵـێ :

«هێزە بەرهەمهێنەرە مادی‌یەکانی کۆمەڵ لە پلەیەکی دیاریکراو لـــە بەرەوپێش‌چوونی خۆیان‌داو لەگـــەڵ پێوەندی‌یە مەوجودەکـــانـی بەرهەمهێنان‌دا یان لەگەڵ پێوەندی‌یەکانی خاوەن‌ملکـــایەتـی کـە راگەینەری دادگەریی ئەوەو ئەو هێزانە تا ئێستا لە دەروونـی ئـــەم پێوەندیانەدا ، بەرفراوان دەبوون ، ئەچنـــە نێو کێشـــەوە • ئـــەم پێوەندی‌یانە لە چەند شێواز بۆ گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان، ئەبنە گوریسێك بە پێی ئەوانەوە • لەم کاتەدایە کە دەورانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەگا »•

گرنگیی مێژووی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لەوەدایە کـــە لـە کاتی تێپەڕبوون لە فراماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری‌و گەیشتن بە فراماسیۆنێکی تر ، شێوازی کۆنەبووی خـــاوەن‌ملکایەتی ئـــامرازی بـــەرهەمهێنـــان ، هەڵدەوەشنێتەوەو پێوەنـــدیی هێزەبەرهەمهێنەرەکان کـــە لـــەمپەری بەرەوپێش‌چوونی کۆمەڵایەتین، تێك‌دەداو گونجاو لەگەڵ تـــایبەتمەندیی هێزەبەرهەمهێنەرەکان ، پێوەندیی نوێ‌دادەمـــەزرێنێ کـە دەبنـە هـۆی سەرهەڵدان‌و بەرەوپێش‌چوونی ئەم هێزانە• ئێمە لەگەڵ ئەم جەرەیانە لـە مێژوودا ، لە کاتی تێپەڕبوون لە کوێلەتی‌و گەیشتن بە فیئودالیسم ، لـــە فیئودالیسمەوە بەرەو ســـەرمایەداری ، لـەســـــــەرمایەداری‌یەوە بەرەو سۆسیالیزم ، بەرەوڕووبووین •

گۆڕان لە کۆمەڵی هاوبەشی سەرەتایی‌و ڕی‌پێوان بەرەو کوێلەتی ،بە شێوەی بەش‌بەش بوونی درێژخایەنی کۆمەڵی هـــاوبەشی ســـەرەتایـی، بەئەنجام‌گەیشت • گۆڕان لە کوێلەتی‌یەوە بەرەو فیئودالیســـم لـەگـــەڵ ڕاپەڕینەکانی کوێلەکان‌و زەحمەتکێشە هەژارەکانی‌ترو تێـــك‌ڕووخـانـی سیستەمە شل‌وپووکاوو نزمەکانی کوێلەتی لە ژێر زەبرە گورچووبڕەکانی هێرشـــکەرانی دەرەوەیی‌دا ، بـــەڕێوەچوو• ڕەوتی تێپـــەڕبوون لـــە

فیئوودالیسمەوە بەرەو بۆرژوازی ، بە هۆی زنجیرە شۆڕشەکانی بۆرژوازی، لە ئورووپاو ئاسیا ، بەئەنجام گەیشتو گۆڕان لە سەرمایەداری یەوە بەرەو سۆسیالیزم،لەگەڵ شۆڕشی پرۆلیتاریا ، کە چینو توێژە زەحمەتکێشەکانی تر وەك هاوسەنگەرو یەکگرتوو لەگەڵیدان ، بەئەنجام گەیشت •

بەڵام ئەم شۆڕشانە لە گشت ناوچەکانی جیهان لە یەك کاتو بە یەك شێوازو بە پلەی ڕادیکالیسمو پێی لەسەرداگرتنی وەك یەك ، بەئەنجام ناگەنو لە گشت ئەم خالانەدا ، جۆراوجۆری یەکی زۆر دەبیندرێ • هەروەها گشت شۆڕشەکان ، ئامانجی خۆیان ناکەنە ئاڵوگۆڕو پێك‌هێنان لە فراماسیۆنی کۆمەڵداو جاری وایە بە پێك‌هێنانی چەند ئاڵوگۆڕی گرنگ لە دەروونی فراماسیۆنی مەوجوددا ، قەناعەت‌دەکەن ، وەك شۆڕشە نەتەوەیی‌یەکان لە وڵاتە موستەعمەرەو بەسراوەکاندا ، کە مەبەست لە شۆڕش، وەدەست‌هێنانی سەربەخۆیی‌یە نەك ئاڵوگۆڕپێك‌هێنان لە پێوەندی‌یە بەرهەم‌هێنەری‌یەکانداو شۆڕشە بۆرژوا دێموکراتیکەکان لە شۆرشە بۆرژوا دێموکراتیکەکاندا جۆری کۆن لە بۆرژوازی لیبرال ، ڕێبەری‌دەکا ( وەك شۆڕشی ١٨٤٨ لە فەرانسە )و لەودا کۆمەڵانی زەحمەتکێشی خەڵك، مۆرو نیشانەی خۆیان بە تێپەڕبوونی شۆڕش‌دا دەنێن •

وڵاتی ئێمە ( ئێران ) لە هەلومەرجی ئێستادا، وا لە پلەی شۆڕشی نەتەوەیی ـ دیموکراتیك‌دا کە ئامانجی کۆتایی پێهێنان بە دەسەڵاتی ئمپریالیزمو دەرەبەگایەتی‌و دێموکراتی‌کردنی ژیانی ئابووری‌و سیاسی‌یە، بەڵام هێشتا بە واتای تێپەڕبوون بەرەو فراماسیۆنی سۆسیالیستی ، نی‌یە• ئەم شۆرشە لەباری تاوەڕۆکی خۆیەوە ، جۆرێك شۆرشی بۆرژوا دێموکراتیکە ، بەڵام لەو بارەوە کە لەگەڵ ئیمپریالیزم شێوەکانی ئیستیعماری نوێ،بەرەوروویەو ئامانجی دابین‌کردنی سەربەخۆی ڕامیاری‌و ئابووریی وڵاتە ، شۆڕشێکی نەتەوەیی‌یەو لەو بارەوە کە لە دەورانێك‌دا بەڕێوەدەچێ

که دەورانی مێژوویی تێپەڕیوون لەسەرمایەداری بەرەو سۆسیالیزمە (ئێستا پێچەوانەکەی دروستە ! ) و چینی کرێکار لە وڵاتی ئێمەدا بەرەوپێش چووە ، بەڵام بۆرژوازی نەتەوەیی ـ لیبراڵ خاوەنی تایبەتمەندی خوپارێزەرانەو سازشکارانەیە، پێویستە ئەم شۆرشە لە ژێر رێبەرایەتیی چینی کرێکاردا بەئەنجام‌بگا ، هەر بۆیە ئەمە شۆڕشی بۆرژوا دێموکراتیکی نوێیە ، بەڵام هەروەك وتمان ، مەبەست کۆتایی پێهینان بە فراماسیۆنی سەرمایەداریو ملی ڕێگاگرتن بەرەو سۆسیالیسم نییە ، هەرچەند ئەم شۆڕشە بە هۆی تایبەتمەندیی ڕادیکالی[1]خۆیەوە ( بە مەرجی ڕێبەرایەتی چینی کرێکار ) ، دەتوانێ پاش تێپەڕکردنی پلەیەکی ئاڵوگۆڕی دێموکراتیك ، کۆمەڵ لە درێژاییی کات‌داو لە ڕێگای بەرەوپێش‌چوونی غەیرەسەرمایەدارییەوە ، بەرەو شۆڕشێکی سۆسیالیستی بچێتەپێش‌و « سەرهەڵبدا » •

هێزی دنەدەری شۆڕش،بریتییە لەو چین‌و دەستە کۆمەڵایەتیانە کە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕی بەڕیوەدەبەن • بێگومان قەبارەی هێزە دنەدەرەکانی‌شۆڕش ، بە بناخەی ئابووری شۆڕش‌و بارودۆخی عەینی چینەکان لە کۆمەڵدا ، پێوەندیی هەیە ، بەڵام هۆیەکانی تریش وەك زانیاریی کۆمەڵایەتی ، شێوازگرتنی زەحمەتکێشان ، لەم کارەدا کاریگەرن •

لە گشت شۆڕشە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا ، دەستەو چینە جۆراوجۆرەکان، وەك هێزی دنەدەری شۆڕش ، کاردەکەن ، هەمیشە چینێکە کە دەتوانێ دەوری ڕێبەرایەتی هەبێ‌و ئەم ڕێبەرایەتی‌یە دەبێتە هۆی شیلگیرو ڕادیکالیسمی تەواوی ئەو شۆڕشە• بەم ڕێبەرایەتی‌یە ، دەڵێن سەرکردایەتی ( هژمونی ) •

---

(١) Radical لا یەنگری ئاڵوگۆری بنەرەتی ڕیشەیی

لێبرال = Liberol ئازادیخواز وەرگێر

سەرکەوتنی شۆڕش ، هەلومەرجی عەینیو زەینی پێویستە • مەرجی عەینیی شۆڕش کە پیێ‌دەلێـــن دۆخـــی شۆرشـگێڕی ، ئـەوەیە کـــە دەسەڵاتداران ، ئیتـر نەتوانـن وەك پێشوو دەسـەڵاتدارەتی بکـــەنو زەحمەتکێشەکانو کۆمەڵانی خەلکیش ئیتر نەیانەوێ بەو جۆرە ملکەچـی، دەسەڵاتبن • لەهەلومەرجی عەینیی شۆڕشدا ، قەیرانێـــك سەرانسەری کۆمەڵ دەگرێتەوەو تێکۆشانی کۆمەڵانی خەلـك بە شێوەیەکی بەرچـاو بەرەوپێش‌دەچێ • مەرجی زەینی بریتی‌یە لە بوونی ڕێکخراوی ڕێكوپێکی شۆڕشگێڕی کە بتوانێ کۆمـەڵانـــی خەلکـــی ئامـــادەی فیـداکـاری وەدوای‌دروشمە دروستەکاندا ڕابکێشێ ، ڕێبەرایەتیی شۆڕشەکە بکاو بـە ئاکامی بگەیەنێ •

کردەوەی تێکۆشەرانەو زانیارانەی چینایەتـی کە هێزی دنـــەدەری شۆڕش ، دژ بە سیستەمی مەوجودە، گـــرنگترین پەسنو تایبەتمەندیـــی شۆڕشگێڕی‌یە کە بەرفروان دەبێ ، چونکە توندبوونی کێشە ئابووری‌یەکان، نەك بوونی بناخە عەینی‌یەکانی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕی ( یان دۆخـــــی شۆڕشگێڕی )بە تەنێو خۆی‌بەخۆیەوە ، هێشتا ، بە واتای شۆڕش نی‌یـە • شۆڕش تێکوشانی سەربەخۆیانەو خولقێنەرانەی خەلکە • لە ڕاستی‌دا ئەم تێکوشانە شێلگیرانە ، فیداکارانەو زانیارانەی خەلك کە بێگومان بە هۆی توندبوونی کێشە کۆمـەڵایەتیو ئـــابووری‌یەکانو لـــە هەلومەرجـــی سەرهەلدانی دۆخی شۆرشگێڕی ، پەیدادەبێ ، دەتوانێ ببێتە هۆی شۆڕش•

مەسەلەی بنەڕەتی هەر شۆڕشێك،مەسەلەی دەسەلات یان هێـــزی حکوومەتی‌یە • لینین دەلێ :

« ڕاگویستنی هێزی خاوەن‌دەسەڵات لە چینێکەوە بۆ چینێکی تـر ، نیشانەی سەرەتاییو گرنگـو بنەڕەتـــی شۆڕشـە ، هـــەم بە واتـــای پێی لەسەرداگیراوی زانستیو هەم بە واتای زانستی سیاسی ئەم چەمکەیە»

ئەگەر شۆڕش تووشی شکست بێ ، چینی کۆنەپەرستو دژی شۆڕش ، دەسەڵاتدارەتی دەپارێزێ •ئەگەر سەرکەوتنی شۆڕش ناتەواو بێ،ئەو بەشەی لە هێزەکان کە ئامادەی خۆڕێك خستنن ، دەچنە نێو دەسەڵاتەوەو هێندێك لە دروشمەکانی خۆیان کە دژی شۆڕش ئامادەیە ، پەسندیان‌بکا بە شێوەی ڕیفۆرمیستی ( ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی ) ، ئەنجام‌دەدەن • جاری وایە خودی دژی شۆڕش بە وتەی مارکس ، ناچاردەبێ ، ببێتە بەڕیوەبەری ئەو راسپاردە شۆڕشگێرانە کە خۆی سەرکوتی‌کردبوون • چونکە لە ترسی دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەپۆلی شۆڕ.گێڕی ، تووشی دڵەخۆرپێ دەبێ •

بەڵام ئەگەر شۆڕش بە تەواوی سەرکەوێ ، ڕادیکاڵترین هێزەکان دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن • ئەو کاتەیە کە شۆڕش‌دە توانێ ئاڵوگۆڕی۔ ئابووری ـ کۆمەڵایەتی خوازراوێك کە لە بەرنامەکەی‌دا ، داینابوو ، بە کردەوە جێ‌بەجێ‌بکا • نیشانەی سەرکەوتنی شۆڕشێك ، بریتی‌یە لەبەئەنجام‌گەیشتنی بەرنامەی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی •

شێوەکانی دەستێوەردانی هێزی دەسەڵاتدارو تێك‌شکانو سەرلەنۆی‌دروستکردنەوەو دروستکردنەوەی ڕێکخراوی مەکینەی حکوومەتی کە ئاکامی بێ‌ئەملاو ئەولای ئەوە ، ناتوانێ بۆ وڵاتانی جۆراوجۆر ، دەورە جۆراوجۆرە مێژوویی‌یەکانو لە هەلومەرجی جۆراوجۆری نێونەتەوەیی‌دا ، یەکسان بێ • هەموو شتێك بە نیسبەتی تایبەتی‌و دیاریکراوی هێزە چینایەتی‌یەکان ، پلەی زانیاری ، ڕێك‌وپێك‌بوونی زەحمەتکێشان ، هێزی خۆڕاگریی توخمە نەیارەکانی‌شۆڕش‌و هەروەها داب‌و پێوانەکانو بنکەباوەکان لە کۆمەڵی دیاریکراودا کە لەودا شۆڕش دێنەپێش ، بەسراوەتەوە •

شۆرش له دوو شێوازی گرنگ‌دا خۆده‌نوێنێ ئاشتی‌خوازو ئاشتی‌نه‌خواز •

١ شۆڕشی‌نا ئاشتی خوازانه (یان به‌رامبه‌ری زاراوه‌ی باو گه زۆریش ورد نی‌یه شۆڕشی ڕقه‌به‌رانه )کاتێك سه‌ر هه‌ڵده‌دا که زاڵ‌بوونی چینی شۆڕشگێڕ له ڕێگای په‌نا بردن بۆ چه‌ك ( ڕاپه‌ڕینی چه‌کدارانه‌و شه‌ڕی شۆڕشگێڕی ) ، دابین‌ده‌بێ ( وه‌ك شۆڕشی هاوبه‌ش له ١٨٧١، شۆڕشی ئۆکتۆبری١٩١٧، شۆڕشی کوبا له ١٩٥٠ ـ ١٩٥٨و هی تر ) •

٢ به‌ڵام له ڕه‌وتی شۆڕشی ئاشتی‌خوازانه‌دا ، ده‌ستێوه‌ردانی هێزی ده‌سه‌ڵاتدار له لایه‌ن چینی شۆڕشگێڕی‌یه‌وه ، بێ‌خوێنڕشتن‌و په‌نابردن بۆ چه‌ك ، به‌ئه‌نجام‌ده‌گا • وه‌ك شۆڕشی مه‌جارستان له ١٩١٩دا • لینین له‌م باره‌وه ده‌نووسێ

> شێوازی ڕاگوێستن به دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا له مه‌جارستان له بنه‌ڕه‌ت‌دا وه‌ك ڕووسی‌یه نی‌یه • حکوومه‌تی بۆرژوازی ، دڵخوازانه ده‌ستی له ده‌سه‌ڵات هه‌ڵگرت ، چینی کرێکار به په‌له یه‌کبوونی خۆی دامه‌زراندو ئه‌مه یه‌کبوونی سوسیالیزم له‌سه‌ر بناخه‌ی کۆمۆنیستی بوو » •

به‌ڵام چ له شێوازی ئاشتی‌نه‌خوازانه چ ئاشتی‌خوازانه ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕی ته‌نیا له شێوازی داسه‌پاندنی ئیراده‌ی کۆمه‌ڵانی خه‌ڵکی زه‌حمه‌تکێشی شۆڕشگێڕی به‌سه‌ر نه‌یاران به ئه‌نجام‌ده‌گا •

ڕه‌وتی به‌رفراوان‌بوونی شۆڕشه جیاوازه سۆسیالیستی‌یه‌کان تا سنووری به‌دیهاتنی شۆڕش له سه‌رانسه‌ری جیهان‌دا ( شۆڕشی جیهانی سۆسیالیستی ! )، ڕه‌وتێکی درێژخایه‌نه •

کارل مارکس‌و فریدریش ئەنگلس ، پێیان وایە ڕاگویستن بەرەو سۆسیالیزم ، کارێکی یەکجاری نی‌یە ، بەڵکو چەند دەورە لە گەشەکردنی مێژوویی‌یەو دووبارە ڕێکخستنەوەی سیستەمی سۆسیالیستیی جیهان لە بیروبۆچوونی ئەواندا ، ڕەوتێکی گرێ‌و گۆڵدار بوو کە لە هەر وڵاتێکدا بە پێی هەل‌ومەرجی نێوخۆیی‌و نێونەتەوەیی ، دەبوو ، شێواز پەیدابکاو بەئەنجام‌بگا .

لینین پێی‌وابوو کە شۆڕشی جیهانی لە هەل‌ومەرجی نۆی‌دا لە ڕێگای جیاکردنەوەی پلەبەپلەی ئەو وڵاتانەوە کە لەوان‌دا کێشەکان لە هەر جێگایەکی تر توندتر بووەو هەڵوێستی کرێکارانی شۆڕشگێر لە هەموو بەهێزترو هەڵوێستی بۆرژوازی لە هەموو بارێکەوە بۆلێدان لە بارترە، جێ‌بەجێ دەبێ . لەم‌بارەوە لینین ڕادەگەیەنێ کە « لەسەرەتاوە شۆڕشی سۆسیالیستی لە چەندو تەنانەت لە یەك وڵاتی جیاوازی سەرمایەداری‌دا ، دەگونجێ ... » . کردەوەی دەورەی ئێمە ، دروست‌بوونی بیروبۆچوونی لینین سەبارەت بە گۆنجاویی سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی‌و سۆسیالیزم لە وڵاتێکی جیاوازدا کە ئۆپۆرتونیستە ( هەڵپەرست‌و بەشۆێن‌هەل‌دا گەڕ لە پێناوی قازانجدا )نێونەتەوەیی‌یەکانی دووەم ، بە واتا کردنی نادروست لە بۆچوونی مارکس‌و ئەنگلس ، ڕەتیان‌دەکردەوەو ، سەلماندی ! .

سەبارەت بە دیمەنی سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە پێوانەی جیهانی‌دا پێویستە بگوترێ تەنیا زنجیرە شۆڕشێکی سۆسیالیستی لەگەل خەباتی ڕۆژ لە دوای رۆژ توندتر بووی ڕزگاری‌دەری نەتەوەیی نەتەوەکانی وڵاتانی موستەعمەرەو بەسراوەو گەشەکردنیان لە ڕێگای سەرهەڵدانی غەیرەسەرمایەداری‌دا، ڕەوت یان پرۆسەی پلەکانی شۆڕشی جیهانی پێك‌دینێ کە لە ئاکام‌دا لە هەموو جێگایەك سۆسیالیسم لە جێگای پێوەندی‌یەکانی سەرمایەداری دادەنێ :

ئەزموونە دەوڵەمەندەکانی چەرخی ئێمە دروستبوونی بڕیارەکانی مارکسیستی - لینینیستی، سەلماندووەو پتر لەپێشوو دەیسەلمێنێ •

پرسیارە کۆنترۆڵی‌یەکان

١ - شۆڕشی کۆمەڵایەتی چی‌یە ؟ ٢ - لەبەرچی دەڵێن شۆڕش لکۆماتیوی مێژوویە ؟ ٣ - پلەی ئابووری شۆڕشی کۆمەڵایەتی چی‌یە،وتەی مارکس لەم بارەوە ڕابگەیەنن • ٤ - گرنگی میژوویی شۆڕشی بۆرژوا - دیموکراتیکی کۆن ڕابگەیەنن • ٥ - شۆڕشی نەتەوەیی ، شۆڕشی بۆرژوا - دێموکراتیکی کۆنو شۆڕشی بۆرژوا دێموکراتیکی نوێ شی‌بکەنەوە • ٦ - هێزەدنەدەرەکانی شۆڕش واتای چی‌یە ٧ - مەسەلەی سەرکردایەتی‌کردنی شۆڕش چی‌یەو لە چ شۆڕشێکدا خۆدەنوێنێ ؟ ٨ - هەلومەرجی عەینی‌و زەینی شۆڕش چی‌یەو دۆخی شۆڕشگێری کامەیە ؟ ٩ - گرنگترین پەسنی شۆڕشی بەرەوپێش‌چوو ، چی‌یە ؟ ١٠ - مەسەلەی گرنگی هەر شۆڕشێك کامەیە ؟ ١١- جۆرەکانی شێوازەکانی شۆڕش‌و سەرکەوتنی ، پێوەندیان بە چ هەلومەرجێکەوەهەیە ؟ ١٢ - دوو شێوازی گرنگی شۆڕش کامەن ؟ ١٣ - شۆڕشی نائاشتی‌خوازانە کامەیە ؟ ١٤ - شۆڕشی ئاشتی خوازانە کامەیە ؟ ١٥ - لەبەرچی دەڵێن شۆڕش لە هەربارردا،بریتی‌یە لە کەڵكوەرگرتن لە ڕق‌وزۆرەملێ لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی شۆڕشگێرەوە ؟ ١٦ - ڕەوت یان پرۆسەی شۆڕشی جیهانی چی‌یە ؟ ١٧ - مارکس‌و ئەنگلس ئەوەیان چۆن دەدیت ؟ ١٨ - لینین چلۆنی دەدیت ؟ ١٩ - شۆڕشی جیهانی بە چ شێوەیەك،جی‌بەجی‌دەبێ ؟

## ١٩ـ شعور ( زانیاری )ی کۆمەڵایەتی

وەك وتمان جیهان لە مادەو شعور ، واتا لەو دوو دەستە دیاردەی مادیو مەعنەوی پێكهاتووەو ئەم دوودەستەدیاردە لە کۆمەڵو مێژووی گەشەکردنیدا ، ڕەنگیداوەتەوەو لێرەوە دوو زاراوە « بوونی کۆمەڵایەتی»و « شعوری کۆمەڵایەتی » ، بەرهەمدێ کە پێویستە لەگەڵ ناوەرۆکی ئەو دوو زاراوەدا ، ئاشنابین •

بوونی کۆمەڵایەتی چیيە ؟ بوونی کۆمەڵایەتی بریتیيە لە شێوەی بەرهەمهێنانی نیعمەتە مادیيەکانو ئەو پێوەندیانە کە ئەندامان لە جەرەیانی ئەم بەرهەمهێنانەدا ، سەربەخۆ لە ئیرادەو ویستی خۆیان دەچنە ئێوی‌يەوەو خەریکی دەبنو گشت لایەنو کاروباری تری ژیانی کۆمەڵایەتی ، ئەم شێوە بەرهەمهێنانو پێوەندیيەکانی بەرهەمهێنانە ، دیاریياندەکا •

شعوری کۆمەڵایەتی چیيە ؟ شعوری کۆمەڵایەتی کۆیەکە لە بیروڕاکان ، ئەندیشە کانو ئەو تێئوریانە کە لەودا سروشتو ژیانی مادی کۆمەڵو سەرانسەری سیستەمی پێوەندیيە کۆمەڵایەتیيەکان ڕەنگدەدەنەوە •

هەروەك لە ماتریالیزمی فەلسەفیدا مەسەلەی بوونی مادە ، پێش شعورمان ڕاگەیاند ، لێرەشدا پێویستە بڵێین کە ماتریالیزمی ، مێژوویی ، مەسەلەی لەپێشبوونی هەبوونی کۆمەڵایەتی بەسەر شعوری کۆمەڵایەتیدا. ڕادەگەیەنێ •

پێویستە لەنێوان « شعوری کۆمەڵایەتی » و « شعوری تاقەکەسی»کە بریتیيە لە جیهانی دەروونیو ڕۆحی تاقەکەسێکی جیاکراوە ، جیاوازی دابنێین •

دەکرێ شعوری کۆمەڵایەتی لە دوو پلە یان دوو شێوەدا ، لەبەرچاوبگرین :

١ ـ له شێوەی کۆیەك له ئەندێشەکان ، عادەتو خۆوخەدەکان داب‌ونەریت ، رەسمه کان ، باره دەروونی‌یه کۆمەلآیەتی‌یەکان ، زەوقو سەلیقەی گشتی که لایەنی ئاسایی‌و کردەوەیی ، هەیەو به شێوەی خۆبەخۆ له ڕەوتی مێژووی کۆمەڵدا ، دەبێته خاوەن شیوازو به ئەندامەکانی کۆمەڵ ، ڕادەگەیندرێو ئەبرێته مێشکیانەوەو ئێمه پێی‌دەڵێن «روح» «یا» « روحی‌یەی » کۆمەڵ •

٢ ـ به شێوەی بیروبۆچوونه زانستی‌یه تێئوریکی‌یەکان • هەروەك گوتمان گەشەکردنی بەرهەمی کۆمەلآیەتی بوو به هۆی ئەوه ، کۆمەڵ به چەند چین، دابەش‌بکرێ • کاری فیکری له کاری دەستی جیابووەوە • گۆنجاویی بیرکردنەوەی تێئوریکی ( گومانه )جیا له بیری کردەوەیی ( پراتیك )، پەیدابوو • کاهێنەکان ، فیلسوفەکانو « هۆشیارەکان »و پیاوانی سیاسی ، پەیدابوون • توخمەکانی شعوری کۆمەلآیەتی سەریان‌هەڵداو بەرەبەره کۆبوونەوەو له شێوازی زانستو زانیاری‌یەکانی مرۆڤدا، خۆیان‌نواند •

بەشێك له شعوری کۆمەلآیەتی که سیستەمی بیروباوەڕه تێئوریکی‌یەکان سەبارەت به ژیانی کۆمەڵەو لەودا قازانجەکانی چینەکانو دەستەو گرۆیه گەوره کۆمەلآیەتی‌یەکان ، ڕەنگ‌دەدەنەوه ، پێی‌دەڵێن « ئێدئۆلۆژی » •

هەر بۆیه ئەرکەکانی شعوری کۆمەلآیەتی بریتی‌یه له

١ ـ به ئەنجام‌گەیاندنی دەوری ناسینی سەبارەت به سروشتو کۆمەڵ •

٢ ـ ڕاگەیاندنو پارێزگاری له بەرژەوەندی‌یەکانی چینەکانو دەستەوتاقمه کۆمەلآیەتی‌یەکان که بەتایبەت له زەمینەی ئێدئۆلۆژی‌و باری

دەروونی( پسیکولۆژی )کۆمەڵا یەتیدا ، دەوری زیاد لە ئەندازە کاریگەرێك دەگێرن •

هەرچەند شعوری کۆمەڵایەتی لەپێش‌بوونی کۆمەڵایەتی‌دا نی‌یە ، بەڵام بە تۆرەی خۆی دەورێکی تێکۆشەرانە لە گەشەکردنی کۆمەڵدا ، دەگێڕێ • بەم بۆنەوە خەبات بۆ داگیرکردنی هۆشەکانو دڵەکانو سەرکەوتن‌و ململانێی ئیدئۆلۆژیکی ، یەکێك لە گرنگترین هەلومەرجەکانی سەرکەوتنی هێزە پێشڕەوەکانی کۆمەڵە • خەباتی ئیدئۆلۆژیکی ، یەکێك لە شێوازە گرنگەکانی خەباتی سۆسیالیستی دژ بە سەرمایەداری لە هەلومەرجی ئێستادایە •

شێوازە جۆراوجۆرەکانی شعوری کۆمەڵایەتی بە درێژکردنەوەیەکی زۆرترەوە وەك پاشماوەی ئەم باسە بە شێوەی جیاواز ، ئەخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە •

ئەم شێوازانە بریتین لە

١ - ئیدئۆلۆژیی سیاسی - مافی
٢ - ئاکار ( أخلاق )
٣ - زانست •
٤ - هونەر •
٥ - ئایین •
٦ - فەلسەفە •

پرسیارە کۆنترۆڵی یەکان

١ - بوونی کۆمەڵایەتی چی‌یە ؟ ٢ - شعوری کۆمەڵایەتی چی‌یە ؟ ٣ - چلۆن بناخەی لەپێش بوونی مادە بەسەر شعوردا، لە ماتریالیسمی مێژوویی‌دا دەقاودەق دێتەوەو واتاکەی چی‌یە ؟

٤ - چ جیاوازییەك لە نێوان شعوری تاقەكەسیو شعوری کۆمەڵایەتیدا ، هەیە ؟ ٥ - دەروونی کۆمەڵ چییەو شعوری کۆمەڵایەتی لەباری ئاسایی - کردەوەییی ئەودا ، چلۆن سەرهەڵدەدا ؟ ٦ - شعوری کۆمەڵایەتی لەباری زانستی - تێئوریکیی ئەودا ، چلۆن سەرهەڵدەداو هۆی کۆمەڵایەتیی سەرهەڵدانی چییە ؟ ٧ - ئێدئۆلۆژی کامەیە ؟ ٨ - ئەرکەکانی شعوری کۆمەڵایەتی چییە ؟ ٩ - ئێدئۆلۆژیو پسیکولۆژی کۆمەڵایەتی چ دەورێکی گرنگ دەگێڕن ؟ ١٠ - شێوازە گرنگەکانی شعوری کۆمەڵایەتی ناوبەرن •

**٢٠ - پاشماوەی باسی شعوری کۆمەڵایەتی - ئیدئۆلۆژیی سیاسیو مافی ئیدئۆلۆژیی سیاسی چییە ؟**

ئیدئۆلۆژیی سیاسی سیستەمی چەند بیروڕایە سەبارەت بەوە کۆمەڵ چلۆن دەبێ ڕێكوپێك بکرێ • سیستەمی حکوومەتی چلۆن بێ ، چلۆن سیاسەتێك پێویستەجێ بەجێ بکرێ • ئەم ئیدئۆلۆژییە لەگەڵ سەرهەڵدانی حکوومەتو چینەکان ، پەیدا دەبێ •

لە کۆمەڵی چینایەتی ئیدئۆلۆژیی سیاسی ، بەناچاری چینایەتییە ، بەڵام ئەندێشەکانی چینی دەسەڵاتدار لە گشت گۆڕەپانەکانی شعورو زانیاریی کۆمەڵایەتیو یەك لەوان لە مەیدانی ئیدئۆلۆژیی سیاسیدا ، بە کردەوە جێگای زاڵ ، داگیردەکا •

مافەکان ( حقوق ) چییە ؟ حقوق کۆیەك پێوانە ، کوڵەکەو بڕیاراتو چوارچێوەیەکە حکوومەت بۆ ڕێكوپێككردنی ژیانی کۆمەڵایەتی ، دایدەنێو هەر بۆیە ئیدئۆلۆژیی حقوقی بریتییە لە کۆی چەند ئەندێشە سەبارەت بەوە کە چلۆن ئەم چوارچێوەو بنەمایانە پێویستە دابندرێن کە

بەرژەوەندی‌یەکانی چینی خاوەن دەسەڵات بە باشترین شێوە ، بپارێزرێ• ئیدئۆلۆژیی حقوقی لەگــەڵ ئیدئۆلــوژیــی سیاســی‌دا بە تونــدی تێکــەڵ بووە •

ئیدئۆلۆژیی سیاسی‌و مافــی دەورێکــی گرنگــ لە کۆمەڵدا وەئەستۆدەگرن • ئەم ئیدئۆلۆژی‌یە لــە جیهانی کویلــەتی‌دا کــە مــافــە خۆدایی‌یەکانی شاو بێ‌مافی کۆیلەکان‌و خزمەتکارەکــان بە ڕاشکــاوی‌و دڕندانە ڕادەگەیێندران‌و دەیان‌وت : کۆیلە « ئامرازی خاوەن بیرە » ، پەردەی چینایەتی نەبوو ، بەڵام لە دەورەکانی سەرمایەداری‌دا ، دروشمی «ئازادی» بەرانبەری ، برادەی ، هاتەگۆڕەپانەوە • ئەم ئیدئۆلۆژی‌یە لەپشت جۆرەها پەردەی نەخوێندەوار هــەڵخەلــە تێنەرەوە ، ناوەرۆکــی ڕاستەقینەی چینایەتی‌و چەوسینەرانەی خۆی ، دادەپۆشێ •

تایبەتمەندی‌یە بنەرەتی‌یەکانی ئیدئۆلۆژیی سیاسی‌و حقوقی بــــەم جــۆرەن

١ ـ ئیدئۆلۆژیی سیاسی‌و حقوقی هەتاهەتایی نی‌یە • کاتێك بــوو کە لە ئارادانەبوو • لەگەڵ سەرهەڵدانی چینەکان‌و دەولــەت ، سەری‌هــەڵداو لەگەن نەمانی چینەکان‌و حکوومەت لە کۆمــەڵی کۆمۆنیســتی ( ئینشــا ئەڵلا خێرە ) ، لەبێودەچێ •

٢ ـ لەو کۆمەڵەدا کــە بناخەی لەسەر چەوساندنەوە دانــراوە ، لــەم ئیدئولۆژی‌یەدا ، قازانج‌و بەرژەوەندی‌یەکانی چینە چــەوسێنەرەوەکــان ، ڕەنگ‌دەداتــەوەو بــەپتەوکــردنی هێــزی ئەوان ، یارمەتی‌دەدا • لــەم کۆمەڵگایانەدا کۆمەڵانی خــەڵکی چــەوساوە دەرەتانی ئــەوەیان نی‌یــە ، بیروڕا سیاسی‌یەکانی خۆیان ، ڕێك‌وپێك بکەن • یەکەمجار لــە مێژوودا ، ئەم بیروڕایانە ، بە شێوازی وەبەرگرو شێلگیر لەلایەن مارکس‌و ئەنگلس‌و

لینینەوە، بە قازانجی کرێکارانو زۆربەی خەڵکی زەحمەتکێشی کۆمەڵ ،
ڕێكو پێككرا •

٣ ـ لە سۆسیالیزمدا ئیدئۆلۆژیی سیاسیو حقوقی ، ڕاگەیێنەری بەرژەوەندییەکانی زەحمەتکێشانەو زەمینە بۆ دروستکردنی کۆشکی کۆمەڵێك کە لەودا ، پێویستبوونی ئەم ئیدئۆلۆژییە دەفرتێو نامێنێ ، ئامادەدەبێ •

پرسیارە کۆنترۆڵییەکان

١ ـ ئیدئۆلوژیی سیاسی چییەو کەی پەیدابووە ؟ ٢ـ لەبەرچی ئیدئۆلۆژیی سیاسی چینی زاڵ لە کۆمەڵی چینایەتیدا ، پلەی زاڵی هەیە ؟ ٣ـ مافەکان چین ؟ ٤ـ ئیدئۆلۆژیی حقوقی چییە ؟ ٥ ـ پێوەندیی ئیدئولوژیی حقوقیوسیاسی چییە ؟ ٦ـ لەبەرچی دەڵێن ئیدئۆلۆژیی سیاسی‐حقوقی لە سەرمایەداریدا ، شاردراوەتەوە ؟ ٧ـ تایبەتمەندییەکانی ئیدئۆلۆژیی سیاسی ـ حقوقي لە کۆمەڵی چینایەتیو بێچینەکان کامەیە ؟

**٢١ ـ پاشماوەی شعوری کۆمەڵایەتی ـ ئەخلاق**

پێوەندییەکانی نێوان ئەندامانیکۆمەڵ ، تەنیا بە هۆی سیاسەتو یاسەکانەوە ڕێكوپێكدەکرێ • لە کۆمەڵدا سیستەمێك لە پێوانەکانو ڕەفتار هەیە کە لەسەر بناخەی بوونی چەند ئەندیشەی تایبەتی سەبارەت بە چاكو خراپ=(خێرو شەڕ)، دادپەروەری ، بەختەوەری، شەرەف، ئەركو هی تر ، دامەزراونو ئەم پێوانە لە لایەن هێزی بیروڕای گشتی،هێزی سوننەتو تێگەیاندنو بەمێشكداکردن لە ڕێگای پەروەردەو فێرکردنەوە، پشتیوانی دەکرێنو پێیاندەڵێن «ئەخلاق»• هەر بۆیە حکوومەت پێوانە ئەخلاقییەکان ، ناپارێزێ• بەڵکو ئەو ئەرکە لەسەر شانی بیروڕای گشتیو

سوننەتەکانو پەروەردەکردنەو ئەمەش جیاوازیی نێوان پێوانە ئەخلاقیو حقوقی‌یەکانە • بێجگە لەوە پێوانە ئەخلاقی‌یەکان پێش پێوانە یاسایی‌یەکان، لەگەڵ گزنگی تاوی سەرهەڵدانی مرۆڤ ، وجودی هەبووەو لە کۆمەڵی هاوبەشی سەرەتاییدا ، شێوازی زاڵی شعوری کۆمەڵایەتی بووە ، چونکە گشت ژیان بە هۆی کۆیەك لە دابونەریتو ڕەسمەکان ، هەڵدەسووڕا •

بە سەرهەڵدانی چینەکان ، جێگای زاڵی ئەخلاق ، ئەدرێ بە ئیدئۆلۆژیی سیاسی یاسایی• پێوانە ئەخلاقی‌یەکان دەکرێ بە دوو بەش دابەش بکرێ

١ پێوانە گشتی‌یە مرۆڤایەتی‌یە ئەخلاقی‌یەکان کە مەرجی ژیانی گشت گۆمەڵگای ئینسانین وەك پاراستنی هێمنایەتیی گیانی ئەندامەکان کە خۆی مەرجی مانەوەی کۆمەڵە •

٢ پێوانە چینایەتی‌یە ئەخلاقی‌یەکان کە لەواندا بەرژەوەندی‌یەکانی چینی دیاریکراو ڕەنگ‌دەداتەوە وەك چەمکی «ئەدەبو زمانپاکی» لای نەجیب‌زادە فێئودالەکان • بەڵام چینە زاڵەکان تێدەکۆشن تا پێوانە چینایەتی‌یە ئاکاری‌یەکان وەك پێوانە گشتی‌یە مرۆڤایەتی‌یە ئاکاری‌یەکان هەتاهەتاییو بۆ هەموان ، نیشانبدەن •

بە سەرهەڵدانو بەرفروانبوونی کرێکاران ، هەلومەرج بۆ ڕێك‌وپێك‌کردنی ئاکاری نوێ کە ئەخلاقی کۆمۆنیستی‌یەو لەگەڵ گشت جۆرە ئاکاری کۆندا ، جیاوازیی بنەڕەتی هەیە، سەری‌هەڵدا• لەم ئاکارەدا، بناخەی تاقە کەس‌پەرستی ( ئەندیویدوئالیسم )، جێگای خۆی بە ڕیشەی کۆپەرستی» (کۆلکتیویسم)،دەدا • واتا گرنگی‌بە بەرژەوەندی‌یەکانی زۆربەی خەڵکی زەحمەتکێشی کۆمەڵ دەدەرێ نەك بە بەرژەوەندی تاقەکەس •

ئەخلاقی کۆمۆنیستی ئینسانپەرستی ( ئومانیسم )ی کرێکاری کە گەیشتن بە بەختەوەریو بەرەوپێشچووتی مرۆڤ ، ئامانجییەتیو تێکوشانی مرۆڤ بە پاڵپشتی بنەڕەتی بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ، دادەنێو ئەیکاتە جێگری فێرکردنەکانی ئایینەکانو عیرفان ، کە پاڵپشتی مرۆڤی ئەکردە هێزەکانی سەرەوەی سروشتو بەڵێنی بەختەوەری ڕۆژی دواییان پێ ئەدا •

لە سۆسیالیزمدا جارێکی تر ئەوری پێوانە ئاکاری یەکانو گرنگیی پەروەردەکردنی مرۆڤی نوێ ـ کۆنەپەرستو ئینسانپەرست ، گرنگییەکی سەرسووڕهێنەر ، وەدەستدێنێ • ئاکاری ئینسانی بناخەدانەری کۆمەڵی کۆمۆنیستی لە چلۆنایەتیی ئەم خولقاندنەو سەرکەوتنیدا شوێنەواری جیددیی هەیە •

پرسیارە کۆنترۆڵییەکان

١ ـ ئەخلاق بناسێنن • ٢ ـ چ شتێك لە پێوانە ئەخلاقییەکان لە کۆمەڵدا، پشتیوانی دەکا ؟ ٣ ـ لە کۆمەڵی سەرەتاییدا ، ئەخلاق چ دەورێکی هەیە ؟ ٤ ـ پێوانە گشتییە مرۆڤایەتییە چینایەتییەکان واتای چییە ؟ ٥ ـ تایبەتمەندییەکانی ئاکاری کۆمۆنیستی چییەو گرنگیی کۆمەڵایەتیی ئەو کامەیە ؟

**٢٢ـ درێژەی باسی شعوری کۆمەڵایەتی ـ زانست :**

زانست چییە ؟ زانست بریتییە لە تێکۆشانی ئینسانی بە مەبەستی ناسینی سروشتو کۆمەڵو نموونەکانی ( فاکت ) بەسەراوە بە گۆڕەپانە جۆراوجۆرەکانی ڕاستەقینە ، کۆ دەکاتەوە ، ڕێكوپێکیان دەکاو بەش بەشیان دەکاو دایان دەچنێو شییان دەکاتەوەو سیستەمێکی تەواوی تۆژینەوە( یان دیتنو لێکۆڵینەوە )بۆ هێڵە جۆراوجۆرەکانی ناسین ، بەوجوددێنێ • وەك شێوەو ڕێوڕەسمەکانی ، لێکۆڵینەوە دیتن ئەزموون ، ڕێكوپێك کردنو داچنینو هی تر •

ناساندنی زانست بەم حالەتە تەواو نییە • پێویستە ببیندرێ کە ئامانجی زەق‌و گرنگی زانست لە تێکۆشانی خۆی چییە ؟ ئەم ئامانجە گرنگە بریتییە لە دۆزینەوەی یاساکانی سروشت‌و کۆمەڵ‌و ڕێك‌وپێك‌کردنی تێئوری‌یە جۆراوجۆرەکانی زانست کە بتوانێ دیاردە جۆراو جۆرەکانی سروشتی‌و کۆمەڵایەتی ، شی‌بکاتەوە •

هەر بۆیە بە وتەیەکی تر زانست وەك شێوازێك لە شێوازەکانی شعوری کۆمەڵایەتی ، ناسینێك ، کە لەم یان لەو گوڕەپانی دیاردەکانی سروشتی یان کۆمەڵایەتی‌دا لەسەر بناخەی نموونە ( فاکت ) وردو سەلمێندراوەکان کۆدەبێتەوەو لە شێوەی تێئوری‌یە زانستی‌یەکاندا ، ڕادەگەیندرێ‌و هەر ناسینێك تا کاتێك ئەم تایبەتمەندی‌یە وەدەست‌نەهێنێ ، ناکرێ ناوی زانستی لەسەر دابندرێ •

گەشەکردنی زانستەکان بە هۆی لێکۆڵینەوەو کوکردنەوەی نموونەکان‌و دیتنەکان دەست‌پێدەکاو بە دروست‌کردنی تێئوری‌یەکان‌و خاوەن‌سیستەم‌کردنیان ،بە شێوازی زانست ، کۆتایی‌پێدێ ، جیاوازیی زانست لەگەڵ بڕوا ( ئیمان )ی ئایینی ، لەوەدایە کە یەکەمیان لەسەر شێوەی کاری هۆش‌و سەلماندن ، پێدادەگرێ‌و دووەمیان ، پاڵی بە شێوەی بەندەگی‌و تێشکدانەوە ( تعبدی‌و أشراقی ) ، داوەتەوە • واتا پێویستە بڕیارەکانی ئیمان بە شێوەی بەندەگی ، پەسندبکرێ یان لە ڕێگای «دڵەوە» هەست بە دروست‌بوونی ، بکرێ ، دەنا لێ‌پرسینەوە ، ئەزموون‌و دیتنی نموونەکان‌و هی تر ، ناتوانێ ئەوان بسەلمێنێ •

زانستە تایبەتی‌یەکان بە دوو دەستە دابەش‌دەکەن :

ئا‌ـ زانستە سروشتی‌یەکان ،

بێ‌ـ زانستە کۆمەڵایەتی‌یەکان •

تایبەتمەندی‌یەکانی هــەر کامــە لــەم دوو دەستە ، ئەخەینە ژێر لێکۆڵینــەوە •

زانستە سروشتی‌یەکان یاساکانی سروشت ئەدۆزنەوەو مرۆڤ بە هۆی دۆزینەوەی ئەم یاسایانە بۆ فراوان‌کردنی هێزە بەرهەم‌هێنەرەکانی کۆمەڵ ، کەڵك‌وەردەگرێ ،هەر بۆیە زانستە سروشتی‌یەکان ، خۆیان لە خۆیان دا ، خاوەنی تایبەتمەندیی چینایەتی نین •

بێگومان ئەم زانستانە لــە ڕێگای فەلسەفەوە ( کــە جاری وایــە ڕێ‌وشوێنی کارییان بەدەستەوەدەداو جاری وایە ئاکامەکانی کاری ئــەوان شی‌دەکاتەوە )، چینەکان کەڵکیان لێ‌وەردەگرن ، بەڵام ئەمە شتێکە بە هۆی نێوبژی‌یەوە ( بە یاریی فەلسەفە ) ، بەئەنجام‌دەگاو ڕاستەوخو نی‌یە • واتا خودی ئەم زانستانــە بــە شــێوەی یــەکسان دەتوانن بــە فراماسیۆنــە جۆراوجۆرەکان ، خزمەت‌بکەن• وەك ئەوە بۆ نموونە فیزیك یان ژیانناسیی هاوچەرخ ، یەکسان وا لە ژێر دەسەڵاتی فراماسیۆنەکانی ســەرمایەداری‌و سۆسیالیزم‌داو بەرفراوانیش دەبێ •

بابەتی زانستە کۆمەڵایەتی‌یەکان بریتی‌یە لە لایەنە جۆراوجۆرەکانــی ژیانی کۆمەڵ‌و یاساکانی گەشەکردنی ئەو •هەر بۆیە لەگەڵ پێوەندی‌یەکانی بەرهەم‌هێنان‌و تێکلاوی‌یە چینایەتی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی کۆمەڵێکی تایبەتی، پێوەندیی نی‌یەو بەم بۆنەوە، راســــتەخۆ بە بەرژەوەندی‌یەکانی چینـــە جۆراوجۆرەکان، خزمەت‌دەکەن‌و ئەچنە گۆرەبانی ئێدئۆلوژی‌یەوە • ( بۆ نموونە وەك کۆمەڵناسی ، یاساکان ، ئابووری ، مێژووو هی تر )•

سەرمایەداری لەم زانستانە ، بە یارمەتی‌وەرگرتن لــەو سەفسەتــانــە (ناڕاست لە جێی ڕاست‌دانان)ی کە وەك زانست وان،بۆ تەوجی‌کردنی خۆی، کەڵك‌وەردەگرێ ، بەڵام بە سەرهەڵدانی مارکسیسم ، زانستە کۆمەڵایەتی-یەکان ئەبنە خاوەن پلەیەکی تێئوری‌و فەلسەفی ( ماتریالیسم دیالێکتیك )ی

نوێ • سۆسیالیزم گشت لەمپەرە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە قازانجی بەرفروانکردنی تەواوو وردی ئەم زانستانە لەسەر بناخەی نموونەی ڕاستەقینەکان، لەنێودەبا • ( تا ئێستا ئەو سەرکەوتنەی وەدەستنەهێناوە، بە هیوای دوارۆژێکی وەها ) •

لەم دەورانەدا کە شۆڕشێکی زانستی ، تێکنیکی گەورەیەك لەئارادایە ، پەسنو تایبەتمەندیی بەرهەمهێنان ، بەرەو خودکاربوونی (یان ئۆتۆ ماسیۆن)و نفووزی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیادبووی دەسکەوتەکانی فیزیک ئاتومێكو دانەیی ، شیمی پۆلیمەرو ئانزیمە ، ژیان ناسینی زەڕەیی یان وردیلەکانو ژنەتیكو هی تر ئاڵو گۆڕی بەسەرداهاتووەو دەرەتانێکی بەرفراوان بۆ گۆڕینی زانستو بوونی بە یەکێك لە گرنگترین هێزەکانی بەرهەمهێنەر ، ئامادەبووە •

لینین وەبیردێنێتەوە کە دانانی کۆشکی سۆسیالیزمو کۆمۆنیزم تەنیا کاتێك دەگونجێ کە زانست لە گشت گۆڕەپانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا نفووزبکا • ئێمە سەبارەت بە شۆڕشی زانستی ـ تێکنیکی وەك درێژەدان بەم باسە ، لە بەندیکی جیاوازدا ، باس‌دەکەین •

پرسیارە کۆنترۆڵی‌یەکان

١ ـ زانست چی‌یە ؟ ٢ ـ ئامانجی گرنگی زانست کامەیە ؟ ٣ ـ گەشەکردنی زانستەکان چلۆن بەئەنجامدەگاو جیاوازیی ئەوان لەگەڵ بڕوای ئایینی‌داچی‌یە ؟ ٤ ـ زانستەکان چلۆن، دابەش‌دەکەن ؟ ٥ ـ تایبەتمەندی‌یەکانی زانستە سروشتی‌یەکان چین ؟ ٦ ـ تایبەتمەندی‌یەکانی زانستە کۆمەڵایەتی‌یەکان چین ؟ ٧ ـ لەبەرچی زانست لە چەرخی ئێمەدا ، بووەتە هێزی بەرهەمهێنەر ؟ ٨ ـ زانست لە پێكهێنانی کۆمەڵی سۆسیالیستی‌دا ، چ دەورێکی هەیە ؟

## ٢٣ ـ شۆڕشی زانستی ـ تێکنیکی

هەروەك لە بەندی پێش‌دا وتمان لە چەرخی ئێمەدا شۆڕشی زانستی ـ تێکنیکی گەورە یەك ، لە کاردایە کە تێگەیشتن لـە ناوەرۆکـــی ئەو بـــۆ شی‌کردنەوەو لێ‌حاڵی‌بوونی دروستی دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکانی هاوچەرخ، گرنگی‌یەکی جیددیی هەیە •

شۆڕشی زانستی ـ تێکنیکی چی‌یـە ؟ شۆڕشی زانستی ـ تێکنیکـی کۆیەك لە دۆزینەوەکان‌و خولقاندنە جیهانی مێژووی‌یـەکان لە زانسـتیو تێکنیکی چەرخی بیستەمە کە کەڵك‌وەرگرتن لە مەکینەو جەریانـــــــــە تێکنیکی‌یەکان وزە یان ئێنرژی‌و مادە سەرەتایی‌یە نوێ‌یەکانی گۆنجـــاوو هاسان‌کردووەو وەك وەرسووڕانێکی قووڵ لە هێڵی زانست‌و تێکنیك‌دا دەژمێردرێ •

لە مێژووی مرۆڤ‌دا ، تێپەڕبوون لە ئامرازی بەردینەو گەیشتن بـە ئامرازی ئاسنی‌و کەڵك‌وەرگرتن لە ئێنرژی ئاوو با ، بە نـۆرەی خـــۆی‌و لە کاتی خۆی‌دا ، چەند وەرسووڕانـــی تێکنیکیـــی گرنگـــ بـــوون • شۆڕشی‌سەنعەتی چەرخەکانی ١٨ و ١٩ ، ئەو دەرەتانەی دا تا لەسەر بناخەی دنەدەری هەڵم ، تێپەڕبوون‌و لە مانوفاکتوردکان ( مەکینە دەسی‌یەکان )و گەیشتن بە سەنعەتە فابریکی‌یەکان ( مەکینە خودکارەکان )،بەئەنجام‌بگـــاو پێوەندی‌یەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری ، پتەو بێ •

شۆڕشی سەنعەتی ـ تێکنیکیی هاوچەرخ ، پلـەی مادی ـ تێکنیکیی کۆمەڵ تووشی ئاڵ‌و گۆڕەدەکاو دەبێتە هۆیەکی مادی بێ‌ئەملاو ئەولا بۆ دابین‌کردنی تێپەڕبوون لە سەرمایە داری بەرەو کۆمۆنیزم ، دەسکەوتەکانی ئەم شۆڕشە ســـەرئەکێشێتە لای کـۆمـــەڵایەتی‌تربـــۆونێکی زیاتـری بەرهەم‌هێنانەوەو ئابووری‌یە نەتەوەیی‌یەکان ، دەکاتە نێونەتەوەیی‌و جارێکی تر هەل‌ومەرجی گۆڕانی خاوەن ملکایەتی تایبەتی ، بە خاوەن ملکـایـەتـی

کۆمەڵایەتی ئامرازی بەرهەمهێنان ئامادەدەکاو ڕادەی زاڵبوونی ئینسـان بەسەر سروشتدا ، لە پێشوو ، زیاتردەکا •

ئەم شۆڕشە هەر ئێستا ئەو دەرەتانەی ڕەخساندووە کە مرۆڤ بـۆ یەکەمین جار لە هێزەکانی جیهانی وردیلە ( هێـزە ئـاتۆمیو دانەییکان )، کەڵکوەربگرێو بە «جیهانی گەورە»(کاکێشانەکان) ، بگا • ئەم شۆڕشە، سـەنعـەتو کشتوکاڵ ، بازرگانیو دامودەزگای ئیداریو هـەڵسووڕان ، پەروەردەو فێکر کردنو دەرمانو لەشساغیو بـە کورتی گشـت هێڵـە جۆراوجۆرەکاتی ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتی ، دەگرێتەبەرو زیاتر لـــە پێشـوو وەبەریدەگرێ •

گرنگترین دەســـــکەوتەکانی زانستیی ئـەم شۆڕشە،بریتییە لە دۆزینەوەی شەپۆلەکانی ئەلێکترۆمیغناتیسی ، تیشکی ( أشعە )ی رنتگن، کردنەوەی ئاتۆم ، لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییەکانی ئەلێکترۆن،سەلماندنی تایبەتمەنـدیی شەپۆلی-دەورەیی نـــوور ، تێئوریی کوانتـــا ، تێئـــوری نسبیت ، دۆزینەوەی بیناى ئاتۆمو دانەکەیو ئەندامە سەرەتاییەکانی تیکلاوکەرەوەی ئەو• ئەم سەرکەوتنانەی زانستە سروشتییەکان ، بوون بە کۆڵەکەی وەرسووڕانی تێکنیکی نوێ واتا تێپەڕبوون لـە مێژووی هەڵمو گەیشتن بە ئینرژی ئەلێکتریکی کە خۆی لە دوو پلەوە ، تێپەڕ بووە پلەی یەکەم سەری کێشا لای میکانیزاسیۆنی بەرفروانی بەرهەمهێنانەوەو پلەی دووەم سەری کێشا لای ئۆتۆماســـیۆنی(خودکـــارکردن)و بەکارهێنانی سیبرنەتیك ، پێكهێنانی تێکنیکی مووشەك یان ساروخ (ئامرازی جەنگ)و لازروشیمیراسیونی بـــەرفراوانیبەرهەمهێنـــانو کـەڵكلێوەرگرتنـــی بەرفراوانی مادە دەسکردەکان •

ئاکامەکانی شۆڕشی زانستی ، تێکنیکیی هاوچەرخ کە لـــە مێژوودا لەباری بەرفروانیی شوێندانانو پاشەڕۆژی خۆیەوە ، هاوشاتێکی نییـە ،

ئێستا هەم وا لەژێر دەسەلاتی ئەو ولاتە بەرەوپێشچوانەی سەرمایەداریداو هەم وا لەژێر دەسەلاتی سۆسیالیزمدا ، بـــەلام لــە ســـەرمایەداریدا ، بەرەوپێشچوونی تێکنیکی وەك لینین وتی بەرەوپێشچوونی »دژایـــەتی‌یەکانی سەرمایەداری‌یشە • واتا دژایەتی‌یەکانی سەرمایەداری قوولترو بەفروانی دەکا لە ئاکامدا دژاەتیی ئەو ولاتە سەرمایەداریانەی کـە لـەم بەرەوپێشچوونو ئەوانەی زۆر بەرەوپێشچوون ، قوولتردەبێ ؛ لە هەمـان حاڵدا ؛ قازانجی (أنحصار )ە کان دەبێ • بەهرەوەرگرتنو جەرەیانی بە کرێکارکردنی کۆمەڵ ، توندتر دەبێو ڕادەی بێبەشی‌یەکانی کۆمەلانـی خەلکی زەحمەتکێش ، زیاتر دەبێ •

یەکیەتیی سوڤیەتو ولاتە سۆسیالیستی‌یەکانی تر ، لە زەمینەی شۆڕشی زانستی ـ تێکنیکی‌و لە گشت هێلەکانی‌دا ، چەندین سەرکەوتنی گـەورەو دەرەجە یەکیان وەچنگ‌کەوتووەو هـــەر بـــۆیە دروشمی « توندکردنی بەرەوپێشچوونی زانستی‌ـتێکنیکی»و کەلك‌وەرگرتن لە دەسکەوتەکانـی لە گشت هێلەکانی ژیانی کۆمەلایەتی‌دا ، لەم ولاتەنەدا ، بووەتە ، دروشمی ڕۆژ•

شۆڕشی‌زانستی ـ تیکنیکی زانستی کردووەتە هێزی بێنێوبـژی‌و ڕاستەوخۆ بەرهەمهێنەرو ڕێگادەدا کە دژایەتیی نێوان شارو گوندو نێوان کاری دەستی‌و کاری ئەندێشەیی ، چارەسەر بکرێو کۆمەلی سۆسیالیستی بەرەو پلەی بەرزتر واتا پلەی کۆمۆنیستی ، توندتر ، هەنگاو هەلبگرێ •

## پرسیارە کۆنترۆلی‌یەکان

١ـ شۆڕشی زانستی‌ـتێکنیکی بناسێنن• ٢ـ وەرسووڕانـە گرنگە تێکنیکی‌یەکان لە مێژووی مرۆڤدا ، کامەیە ؟ ٣ـ شۆڕشی سەنعەتی چەرخی ١٨ و ١٩ ، خاوەن چ ناوەرۆکێکی کۆمەلایەتی

بوو ؟ ٤ـ کوڵەکەی زانستی شــۆڕشی زانســتی ـ تیکنیکی چی‌یە ؟ ٥ ـ چ ئاڵو گۆڕێکی لە تێکنیکدا ، بەوجوودهێناوە ؟ ئاکامە کۆمەلایەتی‌یەکانی کامەیە ؟ ٧ ـ شوێنەواری لــە گەشەکردنی کۆمەڵە سۆسیالیستی‌یەکان چی‌یە ؟

**٢٤ ـ پاشماوەی باسی شعوری کۆمەلایەتی ـ هونەر**

هونەر چی‌یە ؟ هونەر بریتی‌یە لە چەند جۆری جیاوازی تێکۆشانــی خولقێنەری ئینسانی وەك موسیقا ، شانۆ ، سینەما ، میعماری، بەردتاشین ـ (حجاری)، نگارکێشی ، ئەدەبیاتو هی ترو شێوازێکی وەهایە لە شعوری کۆمەلایەتی کە لەودا ڕاستەقینە بە شێوازی چەند وێنەو دیمەنی دیاریکراوی هونەری ( نە لە شێوازی چەمکــە هەڵماڵراوە زانستی‌یــەکاندا ) ، ڕەنگ دەداتەوەو نە تەنیا هۆیە بۆ گەیشتن لە ڕاستەقینە لە ڕێگای وێنەو دیمەنو ڕواڵەتەوە ، بەڵکو ئامرازی شوێن‌دانانی مەعنەویشە •

لێرەدا گرنگە کــە ئێمــە بــە وردی جیاوازیی نێوان چــەمك «دیمەن=ڕواڵەت» یان ئەندێشەی هونەری بزانین •

چەمك یەکێك لە کوڵەکە بنەڕەتی‌یەکانی تێکوشانی فیکری‌یەو بریتی لەو شێوازە ژیرێژی‌یەکە شێوازەکانی تری بیرکردنەوەی ژیرێژی ( واتــا بڕیار یان دادگەری‌و ئاکاموەرگرتن ) بە یارمەتی‌وەرگرتن لەو ، دروستدەبن• شێواز بە خۆگرتنی چەمك تەنیا لە ڕێگای کردەوەی هەڵماڵینە (انتزاع)ەوە دەگۆنجێ هەر بۆیە چەمك ڕووتکراوی‌و گشتی‌یەو ئەو شتانەی کــە لــە شتەکانو دیاردەکان ، ناوەرۆکی‌و گشــتی‌یە ، جیای‌دەکــاتەوەو لــەو چەمك‌دروست‌دەکا • وەك گشت زاراوەکانی زانستە ســروشتی‌یەکان گشت ناوە گشتی‌یەکان چ ناوەکانی زاتو چ ناوەڕووتەکان (مجرد) •

بەلام دیمەن یان ئەندیشەی زەینی کە شێوەی ڕەنگدانەوەو وەرگرتنی

ڕاستەقینە لە هونەردایە ، وەك چەمك تایبەتمەندی یە گشتی یەكان دیاردەكان كە لەودا ڕەنگدەدەنەوە لایەنی گشتی كردنی هەیە بەلام ئەگەر لە چەمكی ئەم لایەنە گشتی یەدا گشتی یەكی ڕووت هەیە ، لێرەدا لەگەڵ گشتی تایبەتی دا ، ( وەك پرسوناژی شانۆ ، پاڵەوانانی داستان ، دیمەنەكانی ژیانیو سروشت ، لێكدانەوەو شۆبهاندنە ئەدەبی یەكان ) ، دەستەویەخەین كە دەیهەوێ چەند دیاردەی جیاواز كە خاوەن گرنگیو نرخی ئەستەتیكو هونەرین ، لەودا ڕەنگبدەنەوە • ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی دەرەوەیی زەین لە شێوەی وێنە یان دیمەندا ، لە ڕوانگەی زەینی خاوەن هونەرەوە ، ئەنجامدەدرێ • هەر بۆیە وێنەی هونەری یەكبوونی تایبەتی گشتیو تاقە كەسی ، عەینی ، مادیو مەعنەوی یە •

مێژووی سەرهەڵدانی هونەر ، زۆر كۆنەو تەنانەت ئەگەڕێتەوە بۆ دەورەكانی سەرەتایی ژیانی هاوبەشو پێش ئەوان بۆ دەورەكانی گاڕانی ئینسانی (وێنەگەری لە ئەشكەوت بە هۆی ئینسانەنەئاندارتاڵەكانەوە ) •

هونەر لە شێوەی شێوازی تایبەتی پێوەندیی ئینسانەكان لەگەڵ یەكترو هەروەها پێوەندیی ئەوان لەگەڵ سروشت سەرهەڵدەداو پتر لە پێشوو ، ئەبێتە یەكێك لە گرنگترین ئامرازی «خۆئاگاداربوون»و «لە خۆڕاگەیاندن»ی دەورەكانی پێشوو •

ئەو ئەركانەی هونەر بە ئەنجامیان ئەگەیێنێ ، بریتین لە

١ ــ ئەركی ناسین بۆ گۆڕانی ئینسان بۆ ناسینی قوولتری ژیانو ئینسانو دەورە دیاریكراوەكانی مێژوو •

٢ ــ ئەركی پەروەردەكردن بۆ گۆڕانی مرۆڤ لە گەشەكردنی ئاكاریو مەعنەویی خۆیەوە •

٣ ــ ئەركی ئەستەتیك بۆ بردنە سەری پلەی زەوقو جوانپەسەندیو هەستپێكردنو نازكیی دەروونیو دادگەریی ئەستەتیكی مرۆڤ •

خاوەن هونەر کە خولقێنەری شوێنەواری هونەرییە ، سروشتو ژیان لە ڕوانگەی خۆیەوە ڕادەگەیێنیو ئەو ئەنێرێتە دادگای کۆمەڵ . بەڵام بە هۆی شوێن‌دانانی کۆمەلایەتی پەروەردە یی ، شوێنی خۆی ، لەبەرانبەر کۆمەڵدا بەرپرسیارە.هونەر لەبەر هونەر ، هونەری ڕووت‌کراوەو دوور لە نیازەکانی کۆمەڵ ، لەوپەڕی چینەکانەوە، لەوپەڕی مەسەلەکانو کێشـــە کۆمەلایەتی‌یەکانەوە ، وجودی نی‌یەو لەم بارەوە ، مەیدانێکی لەبارە بـــۆ ئیدئۆلۆژی چینەکانە .

لەبەر ئەمە چینی شۆڕشگێڕی هاوچەرخی کرێکـار، خـــوازیـــاری هونەرێکە کە پالی بە راستە قینەپەرستیی شـــۆڕشگێـڕی ( ڕیئالیسمـــی سۆسیالیستی )،دابێتەوەو بە کۆمەڵ یارمەتی بدا تـــا لە کـــەموکـــوڕیو دەورەکانی خۆی ، ئاگاداربیو هۆیەکـــانو دەرمانی ئەوان بـــدۆزێتەوەو ڕێگای بەرەوپێش بکاتەوە . ئەم هونەرە دەتوانێ چەند جۆرو ( ژانیری ) زۆر جۆراوجۆرو جیاواز ، بگرێتەبەر ، بەلام هیچکـــات نابێ بـــەرەودوا کەوتووییو لە خزمەتی بەهرەکێشیو چەوسانەوەو خورافاتو دابەزیـــــنو پەستیو بێ‌سەرەوبەرەیی‌دا بێ .

پرســـیارە کۆنتـــرۆلـــی‌یەکان

١ ـ هونەر چی‌یە ؟ ٢ ـ دیمەنو چەمك بناسێننو جیـــاوازیی ئەوان،ڕابگەیەنن . ٣ ـ دەوری کۆمەلایەتی هونەر چی‌یـە ؟ ٤ ـ ئەرکی سێیانەی هونەر ، ڕابگەیێنن . ٥ ـ خاوەن هونەر کێیە ؟ ٦ ـ بەرپرسیاریەتیو ئەرکی دەوری هونەر کـامەیە ؟ ٧ ـ کرێکاران ، خوازیاری چ جۆرە هونەرێکن ؟

## ٢٥- پاشماوەی باسی شعوری کۆمەڵایەتی-ئایین

ناوەڕۆکی ئایین بریتی‌یە لە بڕوای ملکەچانە بە هێزەکانی سەرەوەی سروشت‌و خواکان • ئایین چی‌یە ؟ ئایـــن بریتی‌یە لـە ڕەنگـدانـەوەی بێ‌ڕەنگ‌و خەیالاویی هێزەکانی سروشتی‌و کۆمەڵایەتیی زاڵ بە سەر مرۆڤ لە زەینی ئەوداو بەم جۆرە هێزەکانـــی سەرزەوی‌و خاکی لە ئایـــن دا ، شێوازی خودایی‌و ئەوپەڕی سروشتی ، پەیدادەکەن •

ئایین بریتی‌یە لە سیستەمێکی وەبەرگر( جامع ) لە بیروڕای جۆراوجۆر سەبارەت بە جیهان‌و سەرهەڵدانی مرۆڤ‌و ئەرکـەکانی ئـەو هـەر بۆیـە خاوەنی تایبەتمەندی‌یەکی جیهان بینی‌یە • « جیهان‌بینیی ئایینی »نیـــازی مرۆڤ سەبارەت بە بوونی ئەندێشەیەك لە جیهان لە چـــوارچێوەیەکـــی خەیالاوی‌دا ، دابین‌دەکا •

ئایینیش بە شێوەی تێئوری‌یە ڕووتەکان ، خۆدەنوێنێ ( وەك ئـــەو باسانەی کە سەبارەت بە خواناسی‌دەکرێن = ألهيات ) • هەروەها بە شێوەی ئەو سوننەت‌و داب‌و نەریتانەی کە لە درێژاییی چەند چەرخ‌دا ، دەپارێزن خۆدەنوێنێ•هەروەها وەك ئامرازێك کـــە لە هەست‌کردن‌و ســـۆزەکانی مرۆڤ‌دا ، شوێن‌دادەنێن (وەك گۆرانی‌یە ئایینی‌یەکان ، کۆبوونەوەکـان‌و هی تر ) خۆدەنوێنێ • هەربۆیە لە ئامرازی جۆرا وجۆری شـــوێن‌دانـان ، کەڵك وەردەگرێ •

مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە ناوەرۆکی گرێ‌و گوڵداری دیاردە جۆراوجۆرە سروشتی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان وەك بروسکەو کارەبا ، بۆران‌و ســـێلاو ، قات‌وقڕی‌و ویشکسالی ، نەخـــۆشی ، خەون‌دیتن ، مەرگ ، جـەنـگ ، ئاغایەتی‌و خزمەتکاری ، هـــــەژاری‌و ســـــامان‌و هی ترو هی تر،لـە هەل‌ومەرجێك‌دا ، کە تێگەیشتنی ڕاستەقینە لەوان ، نەگونج‌بووە ، بەرەو لای تێگەیشتنی خەیـالاوی‌و بە ئەندێشـــەی خـواکـان ، شـــەیتانەکـان

جندۆکەکان ، ڕۆحەکان ، موجـــزەکانو هی تـــرو هی تر ، ملیڕێـــگای گرتووەتەبەر • تەنانەت لە فەلسەفەی یۆنانییکۆندا ، دەیانگوت «ترس خوڵقێنەری خواکانە »(١)

ئەندێشە ئایینییەکان ، مێژوویەکی درێژیان بڕیوەو چـەندین پلـەی جۆراوجۆریان تێپەڕکردووە • لەسەرەتاوە مرۆڤ کە ژیانی لەگەڵ سروشت تێکەڵاوییەکی زۆری هەبوو ، بۆ شتەکانو دیاردەکانی سروشت «ڕۆحی»دانا ( ئانیمیسم )و ئەوانی وەك بوونەوەرانی وەك خـۆی ، لـەبەرچاوگرت ( ئانترۆبۆلۆژیسم ) یان وەك بنی ئادەم کـە چەرخو تەگـەری سـروشت ، وەگەڕ دەخەن • بەرەبەرە خواکانی بنەماڵـەو ئاوردانەکانـی بنەماڵـەیی ، جێگای خۆیان دایە خواکانی هۆزەکانو پاشان قەبیلەو عەشـــیرەکـــانو یەکبوونی عەشیرەکان لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیمپراتووری گەورە کۆنەکان ، چەند خودایی (پلیتەئیسم) جێگای خۆیان بە یەكخودایی (مونەتەئیسم)،دەدا کە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانەیە کە شای شـاکان یـان قەیسـەر لەسـەر زەوی‌دا، هەیبوو • ئایین ملکەچی بێ ئەملاو ئەولاو کوێرکوێرانەی مـرۆف وەك «بەندە» لەبەرامبەر هێزە ئاسمانییەکانو نوێنەرە پیروزەکـانیاندا ( وەك پەیامبەرانو بوونەوەرە پیرۆزەکـانی تـر ) داوادەکـا • کڕنـۆشو ملکەچیو فەرمانبردن ، یەکەمین داخوازی بنەڕەتی ئایینـە •

چینی چەوسێنەر ، پێیخوش بوو کە چەوساوەکان ، بە ڕۆحو دەروونی ملکەچی ئایینییەوە ، پەروەردەبنو خۆیان لە پەیکەری دەسەڵاتی دەوڵەتیو حکوومەتی شاکانو قەیسەرەکان ، ڕەنگی خۆداییان دا• تالە هەستی ئایینی خەڵك بۆ پتەوکردنی ( کولەکەکانی ) ئەمدەسەڵاتانە ، کەڵكوەربگـــرن • ڕێکخراوە تایبەتییە ئایینییەکان وەك بەندەگیخانەکان ، کلیساو هـــی تـــر لەگەڵ ماڵە بەخشراوە بەرفروانەکاندا ( موقوفە )وخزمەتکارە تایبەتـییـــە

(١) ئـەم بۆچونـە گشتـییـە و نیشانـــەی دۆژنایەتـی کوێرانـــەیـە ←

ینی‌یه‌کان ( روحانی‌یه‌کان)و ڕێ‌وڕه‌سته‌کان، دا به‌تایبه‌تی‌یه ئایینی‌یه‌کان ، به‌ره‌به‌ره شێواز په‌یداده‌که‌ن‌و به‌ره‌به‌ره به‌رفراوتتر گرێ‌و گۆڵدارتر ، ده‌بن له ده‌وره‌کانی ده‌ره‌به‌گایه‌تی‌دا ئایین به‌هێزترین شێوازی‌ئیدئۆ لۆژیکی له کۆمه‌ڵدایه •

سه‌رمایه‌داری له‌سه‌ره‌تای سه‌رهه‌ڵدانی خۆیه‌وه که هێشتا شۆڕشگێڕبووو له‌گه‌ڵ ده‌ره‌به‌گایه‌تی‌و ئێدئۆلۆژیی ئایینی‌یه‌که‌ی‌دا ، خه‌باتی‌ده‌کرد ، به‌ره‌و ماتریالیسم‌و ئاته‌ئیسم ( نکوولی کردن له ئایین )،ملی ڕێگای گرت • به‌ڵام پاش ئه‌وه‌ی‌خۆی ده‌سه‌ڵاتی په‌یداکرد ، ئایینی له‌گه‌ڵ هه‌ل‌ومه‌رجی به‌رژه‌وه‌ندی‌یه‌کانی خۆی‌دا ، ساز گار کردو خستی‌یه خزمه‌تی خۆیه‌وه‌و ته‌نانه‌ت تێده‌کۆشا زانست بخاته خزمه‌تی ئایینه‌کان •

---

←

= لاینگری ئاڵوگۆڕی بنه‌ڕه‌تی، ڕیشه‌یی • لیبرال =
ویژدانی زانستی چونکه ئه‌م ناساندنه ئه‌گه‌ریش ڕاست‌بێ په‌رده له‌سه‌ر لایه‌نێکی ناساندنی ئایین ، هه‌ڵده‌داته‌وه‌و ئه‌ویش لایه‌نی بیروبڕواکه‌یه‌تی‌و لایه‌نی کردوه‌و ئه‌رکه‌کان خراوه‌ته بن لچه‌وه!!ئه‌وه‌ی وه‌ك کۆڵه‌که بناخه‌ی ئایینه ، گه‌ڕانی مرۆڤ بۆ چه‌ند وه‌ڵامی بنه‌ڕه‌تی‌یه له به‌رانبه‌ر چه‌ند پرسیاردا یه‌ك له‌وان:کێ ئه‌م جیهانه‌ی خوڵقاندووه‌و ئینسان به‌ره‌و کوێ ده‌چێ‌و ئاکامی تاوانه نه‌دیتراوه‌کانی ده‌رحه‌ق به ئینسانه‌کانی تر ، چ ده‌بێ ؟پاش دۆزینه‌وه‌ی وه‌ڵامه‌کان، بیروبڕواکه په‌یداده‌بێ پاش ئه‌و ئه‌رکه تاقه که‌سی‌و کۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌کان ، به گوێره‌ی کات‌و سات‌و هه‌ل‌ومه‌رج له ئایین‌دا ، دیاری‌ده‌کرێن ئه‌وه‌ی په‌یڕه‌ویی ئایین‌ده‌کاو له‌به‌رانبه‌ر دیارده‌و ڕووداوه‌کان‌دا ، هه‌ڵوێست ده‌گرێ ، ڕه‌نگدانه‌وه‌ی بیروبڕواکه‌یه‌تی تێکۆشانی ئابووری ، فه‌رهه‌نگی‌و کۆمه‌ڵایه‌تیی مرۆڤی خاوه‌ن‌ئایین له ئێدئۆلۆژی‌یه‌که‌یه‌وه، سه‌رچاوه‌ده‌گرێ ، که‌وابوو ئه‌و ئه‌رکانه‌ی له‌سه‌ر شانیه‌تی به‌شێکه له ناسینی ئایین‌و پێویسته ڕه‌فتارو هه‌ڵوێسته‌کانی خاوه‌ن ئایین له ناساندنه‌که‌دا ، بکۆنجێ که‌وابوو ئه‌م ناساندنه‌ی مامۆستا ته‌به‌ری له ئایین ، نه وه‌به‌رگره‌وه نه خاوه‌ن له‌مپه‌ر ( واتا جامع ومانع ) نی‌یه چ خۆشه ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر په‌سنی دوژمنیش بکرێ ، هه‌مه‌لایه‌نه‌بێ‌و ته‌نیا ئه‌و لایه‌نه‌ی که نه‌یار پێی‌خۆشه ، نه‌یه‌ته به‌رباس کوا ئه‌و ویژدانه ؟!

وه‌رگێر

تەنیا دانەرانو شیکەرەوەکانی ئێدئۆلۆژیی کرێکاران وەك مارکسو لینین توانییان « ئاتەئیسمی زانستی »کە شیکردنەوەی زانستی ناوەرۆکی ئایینەکان ، چلۆنایەتیی سەرهەڵدانیان ، سەلماندنی سازگاربوونی بڕیارەکانیان لەگەڵ زانست ، وەبەردەگرت ، بەوجوود بێنن •

لە سۆسیالیزمدا ، ئایینو ئەنجامدانی دابو ڕێورەسمەئایینییەکان ، ئازادە • بەڵام لە هەمان کاتدا ، بۆ ڕزگاریی کۆمەڵ لە پڕوپووچو خورافاتو سەرکەوتنی جیهانبینیی زانستی ، هەوڵو تێکوشان، بەردەوامە •

ئایین بە پێی لەنێوچوونی هۆیە کۆمەڵایەتییو ناسینییەکانی لەنێودەچێ، (چاکی پێکاوە !)، بەڵام بێگومان ئەم گەشتە جەرەیانێکی درێژخایەنە کە ناکرێ بە شێوەی دەسکرد ، پەلەی لێبکرێ ( و ماوەکەی کورتبکرێتەوە ) ، چونکە جیهانبینی خەیاڵاوی خاوەن هەستی ئایین کە لە ئامرازە جۆراوجۆرەکانی شۆیندانان ، کەڵك وەردەگرێ ، لە هەلومەرجێکی لەباردا کە هێشتا لە مێژوودا بۆی هەیە ، گیانێکی سەختو خۆڕاگری سەرسەختانە نیشاندەداو نابێ زاڵبوون بەسەریدا ، بە کارێکی ساکار دابندرێ •

## پرسیارە کۆنترۆلییەکان

١- ئایین چییە ؟ ٢- لەبەرچی دەڵێن ئایین یەكجیهانبینییە ؟ ٣ لەبەرچی ئایین بەوجودهات ؟ ٤- جیهانبینیی ئایینی چەند پلەی بێواو چلۆن ئایینە یەكپەرستەکان ، سەریانهەڵدا ؟ ٥- لەبەرچی چینی چەوسێنەر ، پەنادەباتە بەر ئایین ؟ ٦- باری ئایینی لە دەورەکانی فێئودالیسمو سەرمایەداریدا ، ڕابگەیەنن ٧- ئاتەئیسمی زانستی چییە ؟ ٨- باری ئایین لە سۆسیالیزمدا کامەیە ؟ ٩- ئێدئۆلۆژیی ئایینی کەی لەنێو دەچێ ؟

**٢٦- پاشماوەی باسی شعوری کۆمەڵایەتی - فەلسەفە :**

تایبەتمەندیی بنەڕەتی فەلسەفە وەك یەکێك لە شێوازەکانی هونەر ، لەوەدایە کە ئەو پلەی تێئوریکی جیهانبینیە • فەلسەفە سیستەمی گشتیترینچە مکەکان سەبارەت بە پلەی ئینسان لە جیهاندایەو یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە کە سەبارەت بە شێوازەکانی تری شعوری کۆمەڵایەتی بە هۆی گشتیبوونو لایەنی بەهێزی هەڵمالراوی خۆی ، لە ژێرخان ( پێوەندییە ئابووریەکانی کۆمەڵ ) ، دوورتر ، دانراوە •

ئەرکی فەلسەفە بریتی لە تێگەیشتن لە گشتیترین یاساکانی سروشتو کۆمەڵو بێجگە لەوە ، جەرەیانی ناسین ( تێئوریی ناسینو ژیربێژی ) ، ئەخاتە ژێرلێکۆڵینەوەی تایبەتییەوە •

هەر سیستەمێکی فەلسەفی بێگومان لە پلەی یەکەمدا ، بەرهەمی مەعنەویی ئەو مەڵبەندە مادیو کۆمەڵایەتییەیە کە لەودا ، سەرهەڵدەدا • بەڵام بێجگە لە هۆیە ئابووریو کۆمەڵایەتیو چینایەتییەکان کە لە سەرهەڵدانو نەمانی سیستەمە فەلسەفییەکاندا ، شوێندادەنێن، هۆیەکانی سەرخانو شێوازە جۆراوجۆرەکانی شعوری کۆمەڵایەتی ( بەتایبەت ڕامیاری ، مافەکان ، زانستو ئایین ) ، لە شێوازپەیداکردنی بیروبۆچوونە فەلسەفییەکاندا ، شوێنی قووڵیان هەیە•لە نێو ئەم هۆیە مەعنەویانەدا بەتایبەت زانستو ئایین ، یەکیان لە ڕێبازە مادییەکانو ئەوی تریان لە ڕێبازە ئیدەئالیستییەکان لە فەلسەفەدا ، شوێنی قووڵیان داناوە•لە هەمان کاتدا فەلسەفە خاوەن ژیربێژییەکی دەروونیی گەشەکردنی خۆیشیەتی ، واتا باسەکان ، بڕیارەکان ، چەمکەکانی خۆیان سەرهەڵدانی تایبەتی خۆیان، تێپەڕدەکەنو بە هۆی میراتگرییەوە، بیروبوچوونەکانو درێژەدانی باسەکان چەند بڕیارو چەند بیروڕای نوێ، لەدایكدەبنو گشت ئەم مەسەلانە لە دەوروبەری ئەو تەوەرە بنەڕەتییەدا هەڵدەسوورێن کە ناوی مەسەلەی

بنەڕەتی فەلسەفەیەو ئێمە لە کاتی خۆیدا ، باسمان لێوەکرد • سروشتییە کە فەلسەفە تەنیا شوێنهەڵناگرێ ، بەڵکو وەك بنکەو بنیاتێکی تیئوریـکی گشت بیروبۆچوونی ئیدئۆلۆژیکی ، بە نۆرەی خۆی لە گشت شێوازەکانی شعوری کۆمەڵایەتیدا ، چەند شوێنی قووڵ ، بـەجێدێڵێو ئـامرازێـکی گرنگە لە خەباتی ئیدئۆلۆژیکی چینەکاندا • ( بەتایبەت لە شێوەی خەباتو لایەنی بنەڕەتی ، ماتریالیسمو ئیدەئالیسمدا )• بیروبۆ چوونی فەلسـەفی پێشکەوتوو بەبـەرەوپێشچوونی هێزە پێشکـەوتووە کۆمەڵایەتییەکـانو بیروبۆچوونی فەلسەفی پاشکەوتوو ، بە پاراستنی هێزە کۆنەپەرەستەکان، یارمەتیدەدن • فەلسەفەی ئەوپەڕی چینایەتی ، لە ئارادا نەبووەو نیـیـەو لە فەلسەدا ململانێی چینە کۆمەڵا یەتییەکان ، هەمیشە ڕەنگی داوەتەوەو هـەیـە •

فەلسەفەی مارکسیستی بناخەی تیئوریکی کۆمۆنیزمی زانستییە ،حیزبە کرێکارییەکان بە پالپشتدان بە ئامرازی بەهێزی فەلسەفـەی ماتریالیـزمی دیالێکتیکەوە ، خەباتی بەگرێوگۆلی کرێکاران لەگەڵ سەرمـایەداری ، ڕێبەرایەتی دەکەنو پاش سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاری ، کۆمەڵێکـی نوێدەخولقێنن • فەلسەفەی مارکسیستی ، شۆڕشێکی راستەقینەلـــە گەشەکردنی ئەم شێوازە گرنگەی شعوری کۆمەڵایەتییە • سەبارەت بـەم فەلسەفە مارکس ئەڵێ « بەو جۆرە کە فەلسەفە لە کرێکاراندا چەکی مادی خۆی دەدۆزێتەوە ، کرێکارانیش لە فەلسەفەدا چـەکی دەروونیی خـۆیان وەدەستدێنن »• فەلسەفەی مارکسیستی لافی ئەوەلێنـادا کـە زانسـتی گشت زانستەکانە »وا لەسەر گشت زانستەکانەوەو تێدەکۆشێ دیمەنـە ئازموونییەکانی خۆی بەسەر ئـەم زانستانـەدا ، داسـەپێنێ ، بەڵکـو جیهانبینییەکی وەهایە کە پێویستە چەسپـاویی خـۆیو سەرهەڵـدانو گەشەکردنی نەلەیەكجۆر « زانستی زانستەکان »،بەڵکو لە زانســتە راستەقینەکاندا ، بدۆزێتەوە •

## پرســـــیاره کۆنتـــرۆڵـــی یەکـان

١ ـ فەلسەفە بناسێنن • ٢ ـ ئەرکی فەلسەفە چی‌یە ؟ ٣ ـ چەند هۆ لە سەرهەڵدانی فەلسەفەدا ، شوێنیان هەیە ؟ ٤ ـ پێوەندیی فـەلسەفە لـەگەڵ زانستو ئایین ڕابگەیەنن • ٥ ـ ژێربێژیی دەروونیی گەشەکردنی فەلسەفە چی‌یە ؟ ٦ ـ دەوری‌فەلسەفە لە شێوازەکانی تری ئێــدئۆلــۆژی چی‌یـــە ؟ ٧ ـ دەوری کۆمەڵایەتیی فەلسەفە کامەیە ؟ ٨ ـ فەلسەفەی مارکسیستـــــی بناسێنـنو پێوەندیـی ئەو لەگـەڵ کرێکـاران ڕابگەیـەنن

## ٢٧ـ فـەرهــەنـگ

بە تەواوی ناکرێ زاراوەی فەرهەنگ وەك بەشێك لە شێوازەکانـی شعوری کۆمەڵایەتی دابندرێ ، چونکە فەرهەنگ تەنیا بە واتای فەرهەنگی مەعنەوی نی‌یە • فەرهەنگ چی‌یە ؟ فەرهەنگ بریتـی‌یە لە کۆیـەك لـە دەسکەوتەکانی کۆمەڵ لە گەشتی گەشەکردنی مادیو مەعنەوی خۆی‌دا • هەر کۆمەڵێك لە فرهەنگی خۆی کە بە شێوەی شوێنەوارەکانو سوننەتـە فەرهەنگی‌یەکانە ، کەڵكوەردەگرێ ، تابەرەوپێش‌چوونی دوارِۆژی خۆی دابین‌بکا •

هەر بۆیە پێویستە لەهەر فەرهەنگێك‌دا ، بەشی مەعنەوی ئەو لە بەشە مادی‌یەکەی ، جیابکرێتەوە• گشت شتە مادی‌یەکـــان وەك جـلوبەرگ خانووبەرەو کەلوپەلی نێوماڵو بنکەو بنیاتو جادەو پێوەندی‌یەکانو هی تر،بەشێکن لە فەرهەنگی مادیی کۆمەڵ • ئامرازی کار نیشاندەری گرنگیی فەرهەنگی مادی‌یەو لە دەورەکانی ئێمەدا ئامرازی کار کـە لە قاپـۆڕی مەکینەو ماشین‌دا ، هاتووەتەکایەوە ، وەجەستەکردنی مادیی دەسکەوتەکانی زانســــتە •

فەرهەنگی مەعنەوی ( یان روحیو دەروونی ) بریتی‌یە لە کۆیەك لـە دەسکەوتەکانی کۆمەڵ لە هێڵەکانی ئاکار ( أخلاق )، هونەر ، ژیان، زانستو فەلسەفە ، ئەندیشە سیاسیو دادگەری‌یەکان • زمان ، بیرکردنەوەو ژیربێژی، چوارچێوەی ڕەفتارو فەرهەنگو هەستەکانیش ، بە بەشێك لە فەرهەنگی مەعنەویی کۆمەڵ ، دادەنێن • شایانی باسە کە لە زاراوەی شارستانی‌یەت ، زۆرتر بۆنیشاندانی بەرەوپێش‌چوونی کۆمەڵ‌لەباری سیاسیو مافەکانەوە، کەڵکی لێوەردەگرن •

فەرهەنگی مەعنــەوی لـــەو کۆمەڵەدا کە بە چەند چینی لە ئاشتی نەهاتووونەیارە دابەش بووە ، خاوەنی تایبەتمەندیی چینایەتی‌یە • دەتوانین لە فەرهەنگی کۆیلەتی ، فیئودالی ، بۆرژوازیو سۆسیالیستی ، باس‌بکەین• لینین دەڵــێ

« لـــە هـــەر فەرهەنگێکی نەتەوایەتی‌دا ، هەرچەند لـــە شێوازی بەرەوپێش‌چوویش‌دا بێ ، چەنـــد تـوخمی فەرهەنگی دێمـــوکراتیـكو سۆسیالیستی ، هەیە ، چونکە لەهەر نەتەوەیەكدا ، کـــۆمەڵانی خـەڵکـی زەحمەتکێش‌و چەوساوە ، هەلومەرجی ژیانیان ، بەناچاری ئیـدولۆژیـی دێموکراتیكو سوسیالیستی ، دەخولقینن ، بـەڵام لەهەر نـەتەوەیـەكدا ، فەرهەنگی سەرمایەداریو ( لە زۆربەی نـــەتـــەوەکان‌دا ، فـــەرهەنگی پاشکەوتوانەو ڕەش‌و کلیسایی)یش هەیە کە تەنیا چەند توخمی جیاواز نین، بەڵکو بە شێوەی فەرهەنگی زاڵن »• گەشەکردنی فەرهەنگ پێوەندیی بـە سیستـەمی ئابـووری ـ کۆمـەڵایەتـی‌یـەوە ، هەیـەو خـۆی خاوەنـی گەشەکردنێکی جیاوازی تەواو سەربەخۆ ، لەو سیستەمە نی‌یە،بـــــەڵام بێگومان ، سونەتە تایبە تی‌یە فەرهەنگی‌یەکان لە گەشەکردنی فەرهەنگێکی نەتەوایەتی‌دا ، شوێن‌دادەنێن واتا هەر فەرهەنگێك جۆرە گەشەکردنێك بـە پێی یاسا دەروونی‌یەکانی خۆیشی ، تێپەڕدەکا •

تائەو کات نەتەوە وەك زاراوەیەکی ئەتنیك ماوەتەوە ، فەرهەنگــە نەتەوایەتی‌یە کانیش دەمێننەوەو لەم فەرهەنگـــە نەتەوایەتی‌دا ، هـــەروەك گوترا ، عونسوور یان توخمە دژبەیەکەکانی فەرهەنگی خەلك‌و چینـــــە چەوسێنەرەکان ، هەن •

فەرهەنگی خەلك ( یان فۆلکلۆر-کولتوور )،ریشـەی گەشەکردنـی فەرهەنگی نەتەوە یەکە • هـــەر فەرهەنگێکی خەلکـــی خـــاوەن دیمەنە تایبەتی‌یەکانی خۆیەتی کە ئەوان ، بە فەرهەنگی نەتەوایەتی ، پێشکەش‌دەکا •
شۆڕشـــی سۆسیالیستی ، هەل‌ومەرجـــی بەدی‌هاتنی شۆڕشـــی فەرهەنگی ، ئامادەدەکا •

شۆڕشی فەرهەنگی چی‌یە ؟ شۆڕشی فەرهەنگی بـەشی تێکەلکـەری کۆشکی سۆسیالیستی‌و کۆمۆنیستی‌یەو بە واتای گۆڕانی بناخەکانی ژیانی مەعنەویی کۆمەل‌و دروست‌کردنی پلەی چلۆنیی نوێ‌ترو بەرزتر لـــــە گەشەکردنی فەرهەنگی ئینسانی‌و دانانی دەسکەوتە فەرهەنگی‌یەکان ، لەژێر دەسەلاتی کۆمەلانی خەلکی زەحمەتکێش‌و پەروەردەکردنی مرۆڤی نـــوێ بە ڕۆحی‌یەی کۆمۆنیستی‌یەوە • شۆڕشی فـەرهەنگی مـەرجی پێویستی شێوازپەیداکردنی ئینسانی نوێ وەك‌یەك دانیشتووی شارو تێکۆشـــەرو خولقێنەری کۆمەلی نوێ‌یە کە لە ئیرادەی حکـــوومەت‌و ڕێبەرایەتیـــی ئابووری‌و کۆشکی فەرهەنگی‌و یەکبوونی مەعنەوی سیاسیی کۆمەلـــی سۆسیالیستی‌دا ، بەشداریی کاریگەری هەیە •

بۆ جێ بەجێ‌کردنی شوڕشی فەرهـەنگی ، پێویسـتە چەنـد زەمینـە سیاسی‌و ئابووریی دیاریکـراو ، دروســـت‌بێ ، واتـــا دامەزراندنـــی دیکتاتۆری ، کۆمەلایەتی‌کردنـــی ئامرازی گرنگـــی بەرهەم‌هێنـــان ، دروست‌کردنی پلەی مادی ، بەرفراوان‌بوون‌و بلاوکردنەوەی فەرهەنگ‌و هی تر •

له ڕەوتی شۆڕشی فەرهەنگی‌دا ، ئامادەکردن‌و پەروەردەکردنی کۆمەڵانی بەرینی خەڵك بۆ بەشداریی چالاکانەو نوێهێنەرانە لە ژیانی سیاسی‌دا ، لە تێوبردنی شوێنەوارەکانی ئێدئۆلۆژی‌یەکان ، داب‌و پێوانە غەیرە کرێکاری‌یەکان ( بۆرژوازی ، فێئودالی پاتریادکال )، بەئەنجام‌دەگا. کەڵك‌وەرگرتنی کۆمەڵانی بەرفراوانی خەڵك لە زانیاری‌و زانستەکان دابین‌دەبێ ، نرخە مەعنەوی‌یەکان ئەکەونە ژێر دەسەڵاتی هەموانەوە ، شێوەی ژیانی خەڵك لە ڕیشەدا ، ئاڵ‌وگۆڕی بەسەرداداێ ، ڕووناکبیرانی کۆن ، پەروەردەکردنیان ، تازەدەبێنەوەو ڕووناکبیرانی خەڵکی‌و نوێیەك بەوجوددێن ، ئەدەبیات‌و هونەری سۆسیالیستی نوێ دروست‌دەبێ ، زانستە سروشتی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان ، بە شێوەی سەرسووڕهێنەر ، بەربڵاو دەبن ، پێوانە نوێیە ئەخلاقی‌و ئاکاری‌و ڕەفتاری‌یەکانی تاقە کەسەکان‌سەبارەت بە یەکترو بە کۆمەڵ ، جێگای پێوانە کۆنەکان دەگرنەوەو بەم جۆرە چەند باری دەروونیی نوێ کە بناخەکەی لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی کۆیی‌و ئەنترناسیۆنالیسی دانراوە ئەبێتە جێگری بارەدەروونی‌یە کۆنەکان •

دەوڵەتی سۆسیالیستی‌و ئەوهەنگاوانەی سەرەوە ، پلەبەپلەو بە دروستکردنی چەند زەمینە کە وجودیان مەرجی پێویستی ئەو هەنگاوانەیە. بەدی‌دێنێ ، چونکە شۆڕشی فەرهەنگی بریتی‌نی‌یە لە جەرەیانێکی یەکجێ بەڵکو جەرەیانێکی درێژخایەنە کە ناکرێ لە چەند هەنگاوی ئیداری یان چەند باری پڕوپاگەندەدا ، کورت‌بکرێتەوە •

کورت‌کردنەوەی شۆڕشی فەرهەنگی لە هێندێك لە هەنگاوە بەرتەسکە ڕێکخراوەیی تەبلیغاتی‌دا ، بە واتای بەتاڵ‌کردنی‌ئەم ناوەڕۆکە لە ناوئاخنی بنەڕەتی مارکسیستی ئەوە •

پرســــیارە كۆنتـــرۆڵـــیيەكان

١ ـ فەرهەنگ چیيە ؟ ٢ ـ فەرهەنگی مادی كامەيەو بەشـــە تيكلاوەكانی چين ؟ ٣ ـ فەرهەنگی مەعنەوی‌و ڕوحی كامەيەو بەشە تيكلاوەكانی چين ؟ ٤ ـ لايەنی چينايەتيی فەرهەنگ شیبكەنەوە • ٥ ـ فەرهەنگی نەتەوەيی چیيە ؟ ٦ ـ فەرهەنگی خەڵكی چیيە • ٧ ـ فەرهەنگی ئـەنترناسيۆناليستیچـــیيـە چلۆن،سەرهەڵدەدا ؟ ٨ ـ شۆڕشی فەرهەنگی واتای چیيە

٩ ـ چ زەمينەيەك بۆ شۆڕشی فەرهەنگی پێويستە ؟

**٢٨ـ دەوری كۆمەڵانی خەڵكی زەحمەتكێش لە مێژوودا**

كۆمەڵانی خەڵكی زەحمەتكێش لە گشت دەورەكانی مێژوودا گرنگەكانی بەرهەم هێنەری مێژوون• خەڵـــكدروستكەرو بەرهەمهێنەری نيعمەتە مادیيەكانن‌و لەبەر ئەمە لە گشت پلەكانی گەشەكردنی مێژوويیدا دەوری گرنگيان گێڕاوە • هەربۆيە لە مێژوودا لە پلەی يەكەمدا مێژووی كۆمەلانی خەڵك‌و كارو تێكۆشـــان‌و خولقێنەری ئەوانە نەك كارنامـــەی « گەورەكان » و مرۆڤە هەڵبژێردراوەكان » • ئـەمە كارو تێكۆشـانی كۆمەڵانی خەڵكە كە كۆمەڵ‌و شارستانیيەتی ئەپارێزێ ، ميراتگريی ئـــەو دابيندەكا ، پێوەندیو درێژەدان بەكار لە مێژووی مرۆڤدا، بەوجوددێنێ زەمينەی گەشەكردنی بەرەوپێشچووی مێژوو ، ئاما دەدەكا • ئەمـــــە تكەتكەی نەديتراوی تێكۆشانی كۆمەڵانی مليۆنی خەڵكەكە لە درێژاييـی ژيانی بەرەكاندا ، ئۆقيانووسی پڕجۆش‌وخرۆشی مێژووی خولقاندووە• هەربۆيە تێئوريی پاشكەوتوانەی گۆڕانی مێژوو بە مێژووی هەڵبژێردراوان ( ئيليت )و بەرەوڕووبوونی بێ‌نرخانە لەگـەڵ خەڵـك ، وەك كۆگايەكـــی هەويرو شێوازی بێ‌دژكردەوەيـەو « وەك مـۆم وايە »كـە گەورەكـانو هەڵبژێردراوان ، ئەو وەك خۆيان دەخولقێنن ، بيروڕايەكی كۆنەپەرستانەيە•

لە چەرخی ئێمەدا کە چەرخی شۆڕشی زانستی ـ تێکنیکی‌یە ، زانست‌و تێکنیك وا لە بەرفراوانبووندا، هەربۆیە دەوری زانایان‌و ئەندازیاران‌و ڕێك‌وپێك‌کەرانی کاروباری زانستی‌و تێکنیکی ، دەچێتە سەر ، بەڵام ئەم تێئوری‌یەی بۆرژوازیی هاوچەرخ کە پێی وایە « تێکنۆکراتەکان ـ کارزانە خاوەن‌تێکنیکەکان خوڵقێنەری مێژووی هاوچەرخن ، پاشماوەی هەمان تێئوریی هەڵبژێردراوان‌و هەڵکەوتوانە • لە هەمان کات‌دا پێویستە بزاندرێ کە خەڵك بریتی‌یە لە چینەکان ، توێژەکان‌و دەستەو تاقمەکانی خەڵکی وڵات کە لە چارەسەرکردنی ئەرکە بەرەوپێش‌چووەکانی کاتی خۆیاندا ، بەشداری‌دەکەن‌و دەوریان هەیە •

ئەمە زارارەیەکی مێژووی ناموریکە کە لەودا کارگێرانی دەستی‌و فیکری یان ئەوانە بەدەست یان بەفیکر، کاردەکەن ، پێکەوە هاوبەشن • بێگومان مورخەی پشتی خەڵك بریتی‌یە لە چینە زەحمەتکێشەکان کە لە درێژایی مێژوودا ، ئامرازەکانی بەرهەم‌هێنان لەسەر بناخەی ئەزموون‌و لێوەشاوەیی خۆیان ، وەگەشەدەخەن‌و بناخەی بەرفراوانکردن‌و گەشەکردنی زانست‌و تێکنیك، ئامادەدەکەن • دەوری خەڵکی تر لە گەشەکردنی زانست‌و تێکنیك لەوەڕایە کە شارێگای گرنگ‌و لایەنی گرنگی گەشەکردنی زانست‌و تێکنیك ، نیازەکانی بەرهەم هێنانی کۆمەڵ پێکی دێنێ ، نە ئامانج‌و مەیلەکانی زانایان‌و ئەندازیارەکان • مارکس دەڵی « گەشەکردنی تێکنیکی بە گشتی‌و بێ‌ئەملاو ئەولا، لە سێبەری هیمەتی ئەزموون‌و دیتنی کۆمەڵدا ، دەگۆنجێ‌و ئەبێتە هۆی بەرهەم‌هێنان کە کرێکارەکان لە تێکلاویی هاوبەش‌و کۆی خۆیان دا لە پێوانەی گەورەدا ، بەدی‌دێنن ، هاسانی‌دەکەن‌و بەبەرهەم‌هێنان ، نیشاندەدرێ » •

خەڵك دنەدەری گرنگی ئاڵ‌وگۆڕە پێشکەوتووەکان‌و دووبارە خۆلقاندن‌و ڕێك‌وپیك کردنی شۆڕشگێڕی کۆمەڵەو خەباتی کۆمەلانی

خەڵك ، هۆی بنەڕەتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی‌یە • لەبەر ئەمە لینین پێی وایە شۆڕش « جێژنی ستەملێکراوانو چەوساوەکان » بێ‌وزەو شەوقی شۆڕشگێڕیی کۆمەڵانی خەڵك ، وەدی‌هاتنی شۆڕشەکان ، نەگونجە • بێگومان لە دەورە جۆراوجۆرەکانی گەشەکردنی مێژوودا، دەوری خوڵقێنەری کۆمەڵانی خەڵك ، یەکسان نی‌یە • لەدەورەکانی بێ‌جموجوڵی سیاسی یان زاڵبوونی هێزە کۆنەپەرستەکاندا ، وا دە نوێنێ کە کۆمەڵانی خەڵك « خەوتوون »بەشداریی ئەوان لە ژیانی سیاسی‌دا ، کەمە • لەم ڕۆژانەدایە کە ئەم ئەندێشە نادروستە وەدەستدێ کە گۆیا مێژوو خۆلقاوی کەمایەتیی چەوسێنەرە • جاری وایە ئەم کڕکەوتووی سیاسی‌یە ، جۆرە دژکردەوەیەکە لەبەرانبەر ستەمکارانو « ئاغا بێ‌وێژدانەکانی‌جیهان »• لەم دەورانەدا ، وادەبیندرێ کە تەگەری مێژووو گەشەکردن ، ناگەڕێ بەڵام لەم ڕۆژانەش‌دا ، کۆمەڵانی خەڵك بەخۆڕاگری نەدیتراوو جۆرەهادژکردەوەی خۆیان بەرەبەرە ، مەیدان لە هێزەکانی کۆنەپەرست ،تەنگ‌و تەنگتردەکەن، وشارو تەوژم‌و خەباتی کۆمەڵانی خەڵك لەم ڕۆژانەدا، « ئارام »و وەك جاران یەکێك لە هۆیە گرنگەکانی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵایەتی‌یە •

خەڵك خوڵقێنەری سەرەتاکانو بناخەکانی فەرهەنگی مەعنەویی گشت دەورەکانی مێژوویی یەو لەسەر بناخەی ئەم کۆڵەکانەی فەرهەنگی خەڵکی‌یە کە نوێنەرانی هەڵکەوتووی فەرهەنگی کۆمەڵێك پەروەردەدەبن‌و سەرهەڵدەدەن‌و بەژن‌و بالایان بەرزدەبێ • لە فەرهەنگی مەعنەویی خاوەنڕیشەی فەرهەنگێکدا ، هەمیشە ململانێ‌یەکان ، ئارەزووەکان ، هەستەکان‌و ئامانجەکانی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو خەڵکە ، ڕەنگ‌دەداتەوە • بەم بۆنەوە لینین دەیگوت کە لەهەر خەڵکێك‌و هەر نەتەوەیەکدا ، دوو فەرهەنگ هەیە  فەرهەنگی دێموکراتیکی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش ، فەرهەنگی چینە خاوەندەسەڵاتەکان •

ناوەرۆك ڕدوو تونددبوونی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی پێوەندیی بە پلەی تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵکەوەیە • تێکۆشانی خەڵك و شێوازگرتنیان لە مێژوودا ، بەرەوپێش دەڕواو مارکس دەڵێ

« بە پێی خاوەنبناخەبوون و گرنگی کردەوەی مێژوویی بەناچاری بارستاییی کۆمەڵانی خەڵك کە ئەو کردەوە مێژووی‌یە بەوانەوە ، پێوەندیی هەیە ، زیاتردەبێ »•

یان بە وتەیەکی تر ، هەر ئەندازە ئاڵۆ گۆڕە شۆڕشگێڕی‌یەکان قووڵترو گرنگتربن کۆمەڵانی زەحمەتکێش کە لە واندا تێکۆشەرانە بەشداری‌دەکەن ، بەرفراوانترن • ئەمە یەکێك لە گرنگترین یاساکانی مێژووی‌یەو لەبەر ئەمە شۆڕشی سۆسیالدستی کومەلانی خەلکی دەیان‌تماچ میلیۆنی، بەرەوکردەوەی زانیاریانەو خولقێنەرانەی مێژوویی، دەبا لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەوری تاقە کەسی یەکان، دژایەتی نی‌یە • لە کۆمەڵی سۆسیالیستی‌دا لە هەمان کات‌دا کە دەوری کۆمەڵانی میلیۆنی خەلك بەرزدەبێتەوە ، کەسایەتیی تاقە کەسی ئەو کەسانەی کە ئەو کومەلە دەخولقێنن‌و دەوری ئەوانیش لە دەروونی دێموکراسی سۆسیالیستی‌دا زیاتر دەبێ • ( تاقە کەس چلۆن کۆمەڵ دەخولقینێ ؟! ئەو بەرهەمی تێکۆشانی کۆمەلە (وەرگێڕ ) •

پرسیارە کۆنترۆلی‌یەکان

١ـ لەبەرچی خەڵك لە گشت پلەکانی مێژوودا ، دەوری گرنگیان لەسەر شانە ؟ ٢ـ لەبەرچی ئەو تیئوری‌یە کە دەڵێ هەڵبژێردراوان‌و گەورەکان مێژوو خولقێنن ، نادروستە ؟ ٣ ـ لەبەرچی تیئوریی بۆرژوازی دەوری تێکنۆکراتەکان لە کۆمەلی هاوچەرخدا ، نادروستە ؟ ٤ ـ خەڵك‌بناسێنن •

٥ ـ لەبەرچی دەڵێن خەڵك زاراوەیەكی مێژوویـــی ناجــۆرە ؟ ٦ ـ مورخەی پشتی خەڵـــك كێیەو لەبەرچـــی ؟ ٧ ـ لـــە گەشەكردنی زانستو تێكنیكدا ، خەڵك چ دەورێك دەگێڕی ؟ ٨ ـ دەوری خەڵك لە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕیی كۆندا چییـە ؟ ٩ ـ لە دەورە « ئارام »ەكانی مێژوودا ، خەڵـك چ دەكـــا ؟ ١٠ ـ یاسای تێكۆشانی كۆمەڵانی خەڵك لە مێژوودا چییـــە ؟ ماركس لەم بارەوەچ دەڵێ ؟ ١١ ـ دەوری خەڵك لە ئاڵوگۆڕە سۆسیالیستییەكانی كۆمەڵدا ، چییە ؟ ١٢ ـ ئایا زیادبوونـی دەوری خەڵك ، ئەبێتە هۆی كەمبوونی دەوری تاقە كەسەكان ؟

## ٢٩ـ دەوری كەسایەتی لـــە مێـــژوودا

ماركسیسم كە یاسا گشتیو عەینییەكانی گـــەشەكردنی كۆمـــەڵو دەوری بێئەملاو ئەولای كۆمەڵانی خەڵكی زەحمەتكێشی ، نیشانداوە ، نە تەنیا لە دەوری تاقە كەسەكانو كەسایەتـی یە جیـــاكـــان لە مێژوودا ، نكوولیناكا، بەڵكو بۆ یەكەمین جار ناوەئاخنی ڕاستەقینەی ئـەم دەورەی بە شێوازی زانستی ، دۆزیوەتەوەو بناخەی بۆداناوە •

بە نفووزترینو زەقترین كەسایەتیش ، ناتوانێ بە پێچەوانەی یاســـا عەینییەكانی مێژوو ، گەشتی مێژوو بە مەیلی خۆی بگۆڕێ • گەشتی مێژوو لە ئیرادەی هەر كەسێك بەهێزترە • ئەو كەسەی كە تێكۆشا تا ئەم گەشتە ، بوەستێنێو یان بیخاتە سەر جادەیەكی تر ، تووشی شكستبوو • بەڵام ئەم گەشتەی پێویستو بێئەمـلاو ئـــەولای مێژوو ، دەتوانـــێ توند یـــان شلبكرێ •

ەوتو توندبوونو شێوازی ڕوودانی ئاڵوگۆڕە مێژووییەكـان ، نەگونجە • بێجگە لەوە بـۆ وەدیهاتنی گەشتێكی مێژوویی لـە مێژوودا دەتوانێ جێگرەكانو چارەسەرییە جۆراوجۆرەكان ، بـــە كـــاریگەریی

جۆراوجۆرەوە، وجودیان هەبێ • هەڵبژاردنی ئەم یان ئەو جێگر ، پێوەندی بـە ململانێیە چینایەتی‌یەکانەوەیە ، بەڵام ئاکامی ئەم خەباتە ، بە شێوازگرتنی کۆمەڵانی خەڵك‌ودەوری ڕێبەرایەتیی ئەوان لێوەشاوەییی ڕێك‌وپێك‌کردنیان‌و فەرماندانیانەوە ، پێوەندیی هەیە • ئەو کەسایەتی‌یە کـــە لـــەسەرەوەی خەباتەکان‌و هەنگاوە جۆراوجۆرەکانی مێژوویی یەوە ، ڕاوەســـــتاوە دەتوانێ تێپەڕبوونی ڕووداوە مێژوویی‌یەکان ، توند وشل‌بکا یا نەگەیشتن بە ئاکامێکی دیاریکراو ، هاسانتر یان دژوارتر بکا • کەسایەتی‌یەکان لـەم بارەوە ، دەتوانن دەوری پێشکەوتووانە یان کۆنەپەرستانە بگێڕن •

کەسایەتی‌یەکان بەتایبەتمەندی‌یە دیاریکراوەکانی خۆیان ، تـوخمـی لەنەکاو ( تصادف ) ئەخەنە ڕەوتی مێژووەوەو ڕەنگی تایبەتی ئەو ، لــە ڕووداوەکان ئەدەن • مارکس لەم زەمینەدا دەڵێ

« ئەگەر لە مێژوودا ( لەنەکاو ــ تصادف )دەورێکی نەبایە ، مێـــژوو زۆر لایەنی خاوەن نهێنیی پەیدادەکرد• ئەم لەنەکاوانـە ، بێگومـــان وەك توخمە تێکەڵکەرەکان ، ئەچنە نێو ڕەوتی مێژووەوەو لەبەرەوڕووبـــوون لەگەڵ لەنەکاوەکانی تردا ، هاوکێشی پەیدادەکەن‌و توندو شل‌بوونـــــی ڕووداوەکان ، بەجیددی بەم « لەنەکاوەوە »، پێوەندیی هەیە• هەروەهـــا پەسنەکانی تاقە کەسەکان کە لەسەرەتای کاردا، لەسەرەوەی ڕاپەڕێنـــن ، لەم جۆرە « لەنەکاوانەیە » •

جم‌وجوڵە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە ڕەوتی گەشەکردن‌و تێپەڕکردنـــــی دەروونیی خۆیان دا، ڕێبەرانی لێوەشاوەی خۆیان پەیدادەکەن • تا ئـــــەو کات ئەم جم‌وجوڵانەلەبەر هۆیە کۆمەڵایەتی‌یەکان ، گەشەیان نەکـــردووەو پتەونەبوون ، دەگونجێ تاقە کەسەکان ، لەنەکاوەکان ، ناشارەزاو نائاگاو لێنەهاتوو ، بینە سەرکردەیان کە بە هەڵەکانی خۆیان ، ئەوان تووشی شکست یان لاڕێ بکەن • شۆڕش لە ڕەوتی سەرهەڵدانی خۆی‌دا ئەم تاقە کەسانە

وەلادەنێو هەروەك وتمان ، ئەو ڕێبەرانە دەخوڵقێنێ کە بتوانن ، بەرەو سەرکەوتن ، ڕینوێنی بکەن •

کەسایەتیی بەپێزو لێوەشاوە ، پێش ئەوەی لە کۆمەڵدا ، شوێن‌دا بنێ ، خۆی لەژێر شوێنەواری بەهێزی مەڵبەندی ژیانی خۆیدا پەروەردەدەبێ • کەسایەتی بریتی‌یە لە خۆنواندنێکی گرنگ لە پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و شوێنەوارە جۆراوجۆرەکانی چەرخ •

کۆمەڵ ، چین ، شۆڕش‌و حیزب،پەروەردەکەری ڕێبەرەکانن‌و ئەم ڕێبەرانە کە خۆیان لەم کورانەدا ، لە ئاو دەرهاتوون ، کاتێك بنە سەرکردە لەو شۆڕشانەدا ، شوێنی خۆیان دادەنێن • هەر بۆیە کەسایەتیی پیاوانی لێوەشاوەی کۆمەڵایەتی ، بەخششێکی خاوەن‌پیروزو نهێنی نی‌یە • کاتێك کۆمەڵ بەبوونی چەند کەسایەتیی دیاریکراو ، نیازی هەیەو مەڵبەندی سەرهەڵدانی ئەم کەسایەتیانە لە مێژوودا ، ئامادەو لەباردەبێ ، نە یەکێك جاری وایە چەندین پیاوو ( ژنی ) لێوەشاوە ، پەیدادەبن هەروەك بۆ نموونە شۆڕشی گەورەی فەرانسە ( ١٧٨٩ ) دەستەیەك لەم ڕێبەرە لێوەشاوانەی (وەك دانتن ،مار ،سن‌ژوست ،ڕۆبسپیێری) ، پەروەردە کردوە • لەم‌بارەوە ئەنگلس دەڵێ

« ئەوە کە لە کاتێکی دیاریکراودا ، دروست ئەم کەسایەتی‌یە گەورەو نەغەیری ئەو لە وڵاتێك‌دا ، پەیدادەبێ ، بێگومان ، لەنەکاوی تەواو نی‌یە بەڵام ئەگەر ئەم کەسە وەلابنێین ، نیاز بەجێگری ، سەرهەڵدەداو ئەم جێگرە ، بەسەرکەوتنی کەم یان زۆر لە ماوەی دیاریکراودا پەیدادەبێ • ئەوە کە ناپلیئون ، ئەم کەسەی دانیشتووی کرس ، دروست ئەو دیکتاتۆرە سەربازی‌یە بوو کە کۆماری پووکاو لە جەنگی فەرانسە ، نیازی پێ‌بوو ، کارێکی لەنەکاو نەبوو • بەڵام ئەگەر ناپلیئونێکیش نەبایە ، دەوری ئەو یەکێکی تر دەیگێڕا » •

بێگومان سەقامگیربوونی کەسایەتیی لێوەشاوەلەسەر کـــردایەتـی کاروباری دیاریکراودا ، کارێکی لەنەکاوو خودبەخودیو ساکار نیـیـه • هەم پەروەردەبوونو لە کوورەی مێژوودەرهاتوویی کەسایەتیی گەورە ، ڕەوتێك نییە کە زۆرو زوو ، بەئەنجام بگاو هەم نەهەمیشە کەســـایـەتی پێویست کاری پێـــویســـت ، ڕێبەری‌دەکا ، چونکە گەیشتن بـە پـلە کاریگەرەکانی مێژوویی ، ڕاوازو جادەیەکی پر گرێو گۆڵو پڕ لە کوڵۆیەو جاری وایە کەسی پێویست لە جەرەیانی کاردا ، لە نێودەچێ یان بە مەبەست ناگاو چەند کەسی لە نەکاوو مام‌ناوەندی بەناچاری لـەسـەرەوەی ڕەوتـی مێژوویی سەقامگیردەبن‌و گشت یان ڕەوتی گەشەکردنی ، تووشی شل‌بوون یان وەئاکام نەگەیشتووی کـــاتی ، دەگەن • لـــەبەر ئەمەیە کـــە هـێزە کۆنەپەرستـەکان ، تێدەکـۆشن ڕێبـەرە شۆڕشگێـرە گەورەکـان ، لەنێوەبەرن ، چونکە دەزانن دۆزینەوەی جێگرەکانیان ، کارێکی ئاســـان نییە • بەڵام وتەی ئەنگلس کە بۆ نیشاندانی پێوەندیی نێوان نیازی مێژوو لە لایەکو پەیداکردنی کەسی پێویست لە لایەکی تر ، بە زۆربەیی لە مێژوودا ، دروستەو لە یاساکانی دەروونی مێژوویی‌یە •

گەشتگای مێژوو دەتوانێ لە ڕێگا گۆنجاوە جـۆراوجــۆرەکان ، بچێتەپێش‌و بڕواو پێویست ناکا کە بێ ئەملاو ئەولا ئەم کەسەو بێ‌ئەملاو ئەولا ئەم شێوازە ، لە ڕووداوەکـان ، ڕووبـدا ، بەڵام ئـەم وێچوونـــە جۆراوجۆرانەی مێژوو بە گشتی لە چوارچێوەی یاسـاکـــانی زۆرەملێی گەشەکردن دایەو مێژوو بەم شێواز ، یان بـە شێوازێکی تر ، زووتر یـان درەنگتر ، بەناچاری لە چەند پلەی گەشەکردنی دیاریـکراو ، تێپەڕدەبێ‌و ناتوانێ تێپەڕ نەبێ • لەبەر ئەمە دەوری کەسانی گـــەورە بـە تەواوی ڕێژەیی‌یە بەڵام لەبەر ئەوە کە ئەم دەورە ، دیتراوترەو شـوێنی قـوولی یاساکان نەدیتراوە ، وا دەبیندرێ کە مێژوو «کارنامەی» پیاوانی گەورەیە•

پلـەخانووف دەڵـێ :

دیارەدە لەنەکاوەکانو تایبەتمەندیە تاقە کەسییەکانی کەسانی گەورە ، چەند پلە ڕوونترو ئاشکراتر لەو هۆیە گشتیانەن ، کە وان لە قوولاییدا »•

جاری وایە بە هۆی تێکشکانی کاتی هێزە شۆڕشگێڕەکانو سەرکەوتنی کۆنەپەرستانو لاوازبوونی چینە بەرەوپێشچووەکانی کۆمەڵ ، مەڵبەندێکی لەبار بۆ ڕمبازێنو خۆنیشاندانی کەسانی دوور لە کەسایەتیی بێبایخو جێی گاڵتەوگەپ ، پەیدادەبێ کە لە سەرەوەی کارەکان ، سەقامگیردەبنو شوێنەوارەکانی خۆیان لە ڕەوتی ڕووداوەکانو مێژوودا ، بەجێدێڵن • مارکسو ئەنگلس بەم جۆرە توخمە کۆنەپەرستانە کە جاری وایەدەڵێن بوونەتە ، « پاڵەوانی چاخو چەرخ » ، بە گاڵتە دەڵێن « پیاوانی بچووکی گەورە » • ناپلیۆنی سێهەمیەکێك لەم توخمانە بوو ، کە «پاڵەوان»بوونی ئەو بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم کەسایەتییە جێی گاڵتەوگەپەو بێبایەخیان ، دەناساند ، نهێنییەکی مێژوویی ، دەژمێردرا • مارکس لە کتێبی»١٨ برومولویی ناپارت دەڵێ

هۆی دنەدەرو کارگێر یان میکانیزمی سەرگەوتنی کاتی ئەم «پیاوە بچووکە گەورانە »، ڕووندەکاتەوە •

چینە کۆنە پەرستە چەوسێنەرەکان لە دەورەکانی تێكڕووخانو دابەشبوونی خۆیاندا ، ناتوانن پاوانی گەورە بە مێژوو پێشکەشبکەنو پەنادەبەنە بەر کەسانی بە فرتوفێڵو دڵڕەقو تاوانپیشە کە کەسایەتیی ڕاستەقینەیان نییە ، بەڵامدەتوانن بۆ ماوەیەك بە بەرژەوەندی خۆیان ، خزمەتبکەن •

## پرسیارە کۆنترۆڵییەکان

١ـ ئایا مارکسیسم لە دەوری کەسایەتییە لێوەشاوەکان لە مێژوودا ، نکوولیدەکا ؟ ٢ـ ئایا کەسایەتیی گەورە دەتوانێ

ڕەوتی ململانێــیمێژوو ، بگــۆڕێ ؟ ٣- چــوارچێــوەی پەیداکردنی کردەوەی کەسایەتیی گەورە ، چەندە ؟ ٤- پێوەندیی کەسایەتی لەگەڵ ڕەوتی مێژوو، وەك پێوەندیی لەنەکاو لەگــەڵ پێویست بوون ، شیبکەنەوە • ٥- کەسایەتی چییە ؟ ٦- نیازی مێژووو سەرهەڵدانی کەسایەتی چ پێوەندیکیان هەیە ؟ ٧- ئایـا پەروەردەکردنی کەسایەتیی گەورەوگەیشتن بە پلەی پێویستـی مێژوویی، جەرەیانێکی خۆبەخۆو ساکارە ؟ ٨ - ئایا دەگونجـێ کەسانی لەنەکاو بینە سەرکردەی کـاروبارەکانو لـە بـەرچی ؟ ٩ - لەبەرچی دەوری کەسایەتـییەکـــان ئاشکـــراو دەوری یاساقوولەکان ، نهێنییە ( پێوەندیی نێوان ناوەرۆكو دیاردە ) ؟ ١٠ - پیاوانی بچووك گەورە کامەن ؟ ١١ - چینە کۆنەپەرستەکان لە کاتی تیكڕووخاندا ، چ جورە پیاوێك نیشاندەدەن ؟

**٣٠ - تێڕوانینێکی کــورت سەبـارەت بە فەلسـەفـەو کومەڵنـاسی هاوچەرخی بۆرژوازی**

لە دەورانی ئێمەدا ململانێی ئێدئۆلۆژیکی ، شێوازێکــی تونــدی پەیداکردووە ، فەلسەفەو کۆمەڵناسیی بۆرژوازی بەشی خراپو نەءلێکراوی خۆی ، لەم خەباتەدا ، بەئەنجام ئەگەیێنێ • دژی کۆمۆنیزم ، ناوەرۆکـی بنەڕەتی ڕێبازە ڕەنگاوڕەنگو وەرزیو بێهۆش هەڵخلەتێنەری فەلسەفەو کۆمەڵناسیی سەرمایەدارییە کە لە هەمان کاتدا ، دیمەنی تەواوی پەستیو نزمیی فیکریی ئێدئۆلۆگەکانی ئەم چینەیە •

لە فەلسەفەی هاوچەرخی بۆرژوازیدا ، جەرەیانــە ئێدەئالیستـــیو میتافیزیکییەکانو ئیراناسیۆنالیسم ( واتا نکوولیکردن لە هێزیهــــۆشو ئەزموونی ئینسانی بۆ تێگەیشتن لە ڕاستەقینــەو لافی ئەوەلێـدان کــە

ڕاستەقینەکانو ناوەرۆکی ئەوان نی‌یە لە گۆڕەپانی تێگەیشتنی ئینساندا)و عیرفانو بیروڕای ئایینی، زاڵنو ئەمەش خۆی نیشاندەری قەیرانێکە کە فەلسەفەی بۆرژوا لە دەورەکانی شۆڕشە کۆمەلایەتیو زانستیو تێکنیکی‌یەکاندا ، تێپەڕی دەکاو لە تێگەیشتن لە دەورەکانی ئەرکەکانی،بەرەبەرە ، وەدواتر دەکەوێ . بەم حالەش لەبەرئەوە فەلسەفەو کۆمەڵناسیی بۆرژوایی ، بە دیمەنێکی وەك زانست بە خولقاندنی هەمیشەیی جۆرەها ڕیفۆرمو ڕاس‌وڕیس‌کردنی کۆمەلایەتیو گرێ‌وگۆڵدارو مۆدی ڕۆژ »،دێنە مەیدان ، دەتوانن دەوری هەلفریوێنەرانە ، بگێڕنو بیروڕای خۆیان لە جیاتیی بیروڕای عەینیو خاوەن لایەنو مەیلی بەدوور لەڕقەبەری ، وەك ڕاستەقینە بسەلمێنن .

١ ـ نئۆپوزیتیویسم ، شێوازی هاوچەرخی پوزیتیویسمی کۆنە کە بەلاف‌لێدان بەوە کە لەوپەڕی لێکۆڵینەوەکانی « زانستەسەلمێنەرو سەلمێندراوەکان » شتێکی جێی متمانەو بەنرخ وجودی نی‌یە ( هەر بۆیە باسە فەلسەفی‌یەکان تەنیا میتافیزیکین ) ، لەڕاستی دا لە دەوری بەگشتی‌کردنو بیروبۆچوونی شێوازێکی ژیربێژی ، نکوولی‌دەکرێو لەئاکامدا کارەکە سەرئەکێشیتە لای « بناخەدان‌بەئەزموون »و « ئێدەئالیستی‌زەینی »یەوە . چەندین ڕێباز لە دەورەی ئێمەدا لەسەر ئەم بناخە ، بەلام بە ناوی جۆراوجۆر ، کاردەکەن .

پۆزیتیویسمی چەرخی نۆزدەیەم لە چەرخی ئێمەدا ، ڕەنگی گۆڕیوە. هێندێك لە نئو پوزیتیویستەکانی دەورەی ئێمە ، ناچاربوون پێویست‌بوونی باسە گشتی‌یە فەلسەفی‌یەکان ، پەسندبکەنو بۆ دروستکردنی یەك « فەلسەفەی زانستی »،هەنگاویان‌هەلگرت . ئەوان مەسەلەی بنەڕەتی فەلسەفەیان ، وەلاناو لە پێویست‌بوونی باس سەبارەت بەو نکوولییان‌کردو لافی ئەوەیان لێدا کە ئەرکی فەلسەفە ، تەنیا ئەوەیە کە زمانی زانستەکان ،

بخاته ژێر لێکۆڵینەوەی ژیربێژی‌یەوە • لەم لێکۆڵینەوەدا ، بـــه زاراوەی ژیربێژی نیوپۆزیتیویستەکان کەیشتن بەوە کە یاسا گـەڵاڵەکراوەکان لـە زانستەکانوچە مکەکانو زاراوەکانیاندا، خاوەنناوەرۆکی عەینیو ڕاستەقینە نینو بە تەواوی لایەنی دانراوی ( کنوانسیونل )یان هەیە •

لەم مەبەستانەدا کە هێندێك لە تێئوپوزیتیویستەکان بۆ نموونە وەك پەیڕەوەکانی ڕێبازی « سمانتیك »ئەیخەنە بەر باس ، بە کردەوە زمـــــانو ئەندێشەکردن یان بیرکردنەوە لەراستەقینە جیادەکەنەوەو خودی ئـــــەم زاراوانە کە لە ڕاستەقینە ، دابڕاونو بەرهەمی کارو تێکۆشانی ئینسانن ، ئەیانکەنە چەند دیاردەی سەربەخۆو بۆ ئەوان دەوری بێ‌ئەملاو ئەو لا لە پێكهێنانی جیهانبینی‌یەکانو تێئوری‌یەکانداو تەنانەت لە پێكهێنانـــــی شارستانی یەتەکانو ئاڵوگوڕە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا ، دانەنێن •

٢ ـ پراگماتیسم ـ لاینگرانی ڕێبازە ئامریکای‌یەکانی « پراگماتیسم » ( ویلیام جیمز )و « ئەنۆسترۆمانتالیسم » ( دیوی )، پێیان وایە ، ڕاســـتی بریتی نی‌یە لە ڕەنگدانەوەی دەقاودەقی ڕاستەقینـەی دەرەوەی زەیـــن ( لەزەین )دا ، بەڵکو پێیان وایە ڕاستی تەنیا ئامرازی کارو چلۆنایەتی‌یەکی وەهایە کە بە سوودو لێهاتوو بـێو ئێمە بە ئامانجبگــەینـێو لەکاتێکدا « ڕاستەقینە »لەگەڵ « بەکەڵكبوون »هەمیشە لەباری ناوەرۆکی خۆیەوە ، موافیقو یەکسان نی‌یە • دەگونجێ شتێك بۆ مەبەستێکی دیاریکراوو لێهاتوو بەکەڵك بێ ، بەڵام بە هیچ شێوە ڕاستی ( واتا دەقاودەقهاتوو لەگــەڵ ڕاستەقینە )، نەبێ •

لە نووسراوەی گرنگی لینین « ماتریالیسمو ئامپریۆکریتیسم »ڕخنەی مارکسیستی رووخێنەرێك لە ڕێبازە پوزیتیویستی‌یەکانو پراکماتیستی‌یەکان، گیراوە کە بۆ ڕەخنەگرتن لە بیروبۆچوونەکانی شێوازەکانی هاوچەرخی ئەم فەلسەفانەش وەك جاران ، ئامرازێکی بەهێزە •

٣ - نیوتومیسم فەلسەفەی ڕەسمیبارەگای پاپ واتا واتیکانو یەکێك لە بە نفووزترین جەرەیانە فەلسەفیی‌یەکانی هاوچەرخە کە بناخەی لەسەر پەسنبێژیی جیهانبینیی ئایینی دامەزراوەو پاشماوەی فەلسەفەی سکۆلاستیکیی‌یەو لە ڕاستیدا درێژەی فێرکردنی ئەرەستوو ، هاودەنگ لەگەڵ شیکردنەوەکانی فیلسوفەکانی چەرخەکانی نیوەڕاست بەتایبەت « سن توماس‌داکوئن »،کە لەوەوە لە گەشتی کورتی فەلسەفەدا ، لە سەرەتای ئەم نووسراوە ، باسمانکرد •

بناخەی ناوەندیی لەنئوتومیسمدا، بریتی‌یە لە سەلماندنی هاوئاهەنگیی تەواو لەنێوان «بڕوای» ئایینو «هۆش»ی ژیربێژیدا • ئەم بڕیارە لە سکۆلاستیکی‌یە چاخەکانی نێوە ڕاستی ئێراندا‌ش ، هەبووە کە دەیانگوت « ئەوەی شەرع بڕیاری لەسەربدا ، هوشیش بڕیاری لەسەردەدا » • سن‌توماس‌داکوینیش‌لە دەورەکانی سکولاستیکی چەرخی نێوە ڕاستی ئورووپادا ، ئەم بڕیارەی کردە سەرچاوەی بەڵگەهێنانەوەو ئێستانئوتومیستەکان ئەوە زیندوو دەکەنەوە• و لەهەمان کاتدا لە نێوان بەندەگیی بێئەملاو ئەولای ئایینی کە پەسندکردنی زنجیرەیەك دوعای نەسەلمێندراو بە ئەزموون پەسندنەکراو ، بەپاڵپشت‌دان بە « بڕوا »و « شاهیدی دڵ »،بە گۆنجاو دادەنێو شێوەی شیکردنەوەی ئەندێشەیی زانستەکان کە گومانی ژیربێژی بەڵگەهێنانەوە ، ئەزموون ، پاڵپشت‌دان بە ڕاستەقینەی عەینیو کردەوە ، دەکاتە پێوانە ، هیچ جۆرە سازگاریی‌یەك نی‌یە •

نئوتومیستەکان بۆ سەلماندنی دروست‌بوونی بڕیارەکانی ئینجیلو تەوارت ، پەنا دەبەنە بەر بەڵگەهێنانەوە وێچوو بە زانست( شبەعلمی )و لە نموونەو بەڵگەکانی زانستەکان لە شێوازی سەفسەتە ( ناڕاست لە جێگا ڕاست‌دانان )دا ، کەڵکی خراپ‌وەردەگرن • لە مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یەکانیش‌دا ، تێدەکۆشن بڕیارەکانی ئایینیی مەسیحی بەباشترین -

ڕێگای چاره بۆ سەقامیگرکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بناسێنن‌و بە نەخوێندەوار هەڵخەڵەتێنەری ئینسان‌دۆستانەیان، کۆمەڵانی خەڵکی پەیڕەوی ئایین،فریوبدەن • نئوتو میستەکان پێیان وایە مێژووی مرۆڤ بریتی‌یە لە درێژەی نافەرمانی شەیتانی لە لایەك‌و ملکەچی مریەمی پاك لایەکی تر ، هەربۆیە پێیان وایە مێژوو بریتی‌یە لە ململانێی‌یاران‌و نەیارانی مەسیح کە بە پێی بڕیاری بێ‌سەرەتاو بە پێی پلان ، تێپەڕدەبن‌و لە ئاکامدا سەرئەکێشێتە لای دامەزراندنی حکوومەتی مەسیحەوە • ئەم بۆچوونە لەمێژوودا لە لایەن نئوتومیستەکانەوە ، ئامرازی خەبات دژی کۆمۆنیستەکانە کە پێیان‌دەڵێن «جرجالی» چەرخ[1] •

---

(۱) لێرەدا دەردەکەوێ ، بناخەدانەرانی مارکسیسم لینینیسم ، بیروبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە ئایین لەسەر دوعاو مەراسیمی ئایینی مەسیح‌و یەهود ، داناوە ئەویش ئەو شتەبێ ڕەنگ‌و گۆڕاوەی دەستی کەشیش‌و خاخاو پیاوە ئایینی‌یەکانی ئەو ئایینانە. بێجگە لەوە بارە کۆمەڵایە تی‌یەکەش کە بە هەڵخلەتێنەری نەخوێندەوارانی ، دەناسێنن ، دەگەڕێتەوە بۆ کارو کردەوەی سەرکردەکانی ئەو ئایینانە بەڵام با ئەوەش بڵێین: هەرچەند بە پێی هۆشی مرۆڤ‌ئەگەر بیرباش‌و ئینسانی بێ، دەبێ کردەوەی باشی بەدوادابێ ، بەڵام یەکنە گرتنەوەی تێئوری‌و کردەوە، تەنیا لەو ڕێبازەدا ، خۆی نە نوواندووە ، چونکە ئیدئۆلۆگ‌و پلان دائەرانی تێئوری‌یە زانستی‌یەکان‌و دێموکراسی جێی لافی بەناو سوسیالیستەکانیش ، لە کردەوەدا ، وەك لافی بۆلیدەدەن ، خوی نەنوواندووە ئەوەندە هەیە ئەوەی بڕوای بە جیهانێکی‌تر هەیەو نیعمەتەکانی ئەم جیهانە بە هیچ دادەنێ ، ئەگەر بۆماڵی دونیا باوەش بگرێتەوەو دۆلار لە بانکەکانی بئاخنی وەك هەژارەکان نەژی‌و هەژاری بنەبڕنەکا ، جیاوازیی نێوان وتەو کردەوەکەی زەقترە کێشەی یاران‌و نەیارانی مەسیح‌و سەرئەنجام دامەزراندنی حکوومەتی مەسیح وەك فەلسەفەی بوونی خودی مەسیح ، لە ئایینی ئیسلام ، لقی شیعەشدا هەیەو ئەو ڕێبازە پێی وایە «ئیمامی زەمان» بۆپڕکردنی جیهان لە دادگەری، سەرهەڵدەداتەوەو پێویستە جیهان‌پڕ بێ لە ناتەبایی‌و بێ‌سەرەوبەرەیی‌و کێشەی نەیارەکان ، تا ڕێگا بۆسەرهەڵدان‌و حکوومەتی ناوبراو ، خۆش‌بکرێ

— وەرگێڕ —

ئێدئۆلۆگەکانی نئوتومیست ، گەورەترین نەیارانی مارکسیسم ، لینینیسمن‌و بۆ ڕەتکردنەوەو بە هەڵەدابردنی ڕێبازی فەلسەفەی ماتریالیزم دیالێکتیك،دەیان‌و سەدان جلد کتێبیان نووسیوە •

٤ ـ ئیگزیستانسیالیزم بە شێوەی جۆراوجۆر ( وەك ئایینی‌و ئاتەئیستی ) ، لە دەورانی پاش جەنگی دووهەمی جیهانی ، هاتەمەیدان ، ئەم ڕێبازە پێی وایە تەنیا باسی شیاوی گەلاڵەکردن لە فەلسەفەدا ، بارە دەروونی‌یەکان »ی مرۆڤەو بەم جۆرە ڕێبازێکی ئیدەئالیستی زەینی‌یە • بوون ( ئینگزیستانس )کە زاراوەیەکی ناوەندی لەو فەلسەفەدایە ، « ژیانی دەروونی » مرۆڤە کە بەزۆربەیی تێگەیشتن لەو ، لە چوارچێوەی ڕمبازێنی ژیربێژیی ئێمە ، بە دوورەو هەر بۆیە لە ڕاستی‌دا ، نوسخەی لە ڕووهەڵگیراوی «روحی»خاوەن نهێنیی ئاینەکانە• ئینگزیستالیسەکان دەڵێن مرۆڤ لەباری ڕۆچوونی ئاسایی لە ژیانی ڕۆژانەدا ، وجودێکی بێ کەسایەتی‌یە لە «بوون»تێناگا ، بەڵام ترس‌و دڵەخۆرپە لە مەرگ‌و هەستکردن بە پووچبوونی ژیان ، سەرنجی ئەو بۆلای تێگەیشتن لەم بوونە ، ڕادەکێشێ • هەربۆیە ترس‌و دڵەخۆرپە ، بناخەی بوونی مرۆڤەو ئەم‌ترس‌و دڵەخورپە کە لەبارەبەرەو لێوارچووەکانی مرۆڤ لە کاتی ململانێ لەگەڵ مەرگدا ، دێتەپێش ، بناخەی ئازادی مرۆڤە• ئازادی کاتێکە کە مرۆڤ ئیتر وەك «شتێك» لە چوار دیواری زۆرەملێ(جبر) مەلبەندی سروشتی یان کۆمەلایەتی‌دا ، کارناکا ، بەلکو خۆی کردەوەو ڕەفتاری خۆی «هەڵدەبژێرێ»و دەگاتە پلەی پساندنی پێوەندی‌یەکانی لەگەڵ هەموو شتێکدا • مرۆڤی ئازاد ، بەرپرسیاری کردەوەی خۆیەتی‌و ناتوانێ ئەم یان ئەو کردەوەی خۆی ، بە پالیشتدان بە بوونی پێویستەکان ، تەوجیەبکا • لێرەدا ئەوەندە هەیە ئەندازەی خودپەسندی‌و ئێگۆ ئیسمی بۆرژوازی ، سەرهەڵدەدا • بێگومان نوێنەرانی ئەم فەلسەفە لە گۆڕەپانی کۆمەڵدا ، هەموویان یەکسان ڕەفتاریان نەکرد • هێندێك (وەك هایدگر)

لەگەڵ فاشیسمدا ، هاریکاریان کردو هێندێك (وەك یاسپیرس‌و سارتر) لە ئاشتی‌و جەرەیانە پێشکەوتووەکان ، لایەنگریان‌کرد ، بەلام لەهەر باردا ، ئەم فەلسەفە ، بەچاوپۆشین لە شێوازی ئایینی یان ئاتەئیستی ئەو ، بە چاوپۆشین لەوە کە نوێنەرەکانی لە مەسەلە کۆمەلایەتی‌یەکان‌دا ، چلۆن هەلوێست‌دەگرن ، لەباری ناوەڕۆکی فەلسەفی خۆیەوە ، لەبەر ئەوە کە پێی وایە بابەتی فەلسەفە تەنیا بریتی‌یە لە لێکۆلینەوە لە ( بارە دەروونی‌یەکان ) چەمکی « بوون »ی کردۆتە چەمکێکی دوور لە تێگەیشتن‌و ئیدراك ناوەرۆکی ئیدەئالیستی هەیە •

لە نێوان فەلسەفەی ماتریالیزمی مارکسیستی‌و ئەم ڕێبازە فەلسەفیانەدا، هیچ جۆرە سازگاری‌و پێوەندی‌یەك ( لەو جورە کە بۆنموونە سارتر لە نێوان ئیگزیستانسیالیزم و مارکسیسمدا بۆی دەگەرێ ) ، ناگونجێ ، بەلکو ئەرکی مارکسیستەکان بریتی‌یە لە لەقاودانی ناوەرۆکی کۆنەپەرستانەی ئەم ریبازانەو ململانێی ژیربێژیانەو خاوەن‌بەلگە ، دژ بە وان •

کۆمەلناسیی هاوچەرخی بۆرژوازیش وەك فەلسە ، جێگایەکی گرنگ لە کۆی ئیدئۆلۆژی بۆرژوازی بۆ پارێزگاری لەسەرمایەداری ، داگیردەکا• پەسنی سیستەمی مەوجودی سەرمایەداری‌و سەلماندنی تایبەتمەندیی هەتاهەتایی‌و سروشتی ئەو ، یەکێك لە نیشانە هەرە زەقەکانی تایبەتمەندی کومەلناسی بورژوایی‌یەکە لە خوارەوە باسی‌دەکەین

١ ـ کۆمەلناسیی هاوچەرخی بۆرژوایی لە شی‌کردنەوەی گشتی مێژووی ، مرۆڤ‌و کۆمەلی ئینسانی خۆی دەربازدەکاو لەگەل لێکولینەوە ئامپیریك‌و کەم‌دەرەتانەکان‌و دانی ڕەنگی بەڕوالەت‌زانستی بەم لێکۆلینەوانە ( وەك کەلك‌وەر گرتن لە ڕێ‌وشوێنەکانی مەتماتیك سەرژماری‌و کەلك‌وەرگرتن لە ئەژمێرکەرە ئەلێکترۆنیکی‌یەکان‌و هی تر ) ، تێدەکۆشێ ئەم کۆمەلناسی‌یە وردەکارانە ،وەك زانستی راستەقینەی کۆمەل ، بناسێنێ •

٢ ـ لەکۆمەڵناسیی هاوچەرخی بۆرژوازیدا ، لە بوونی جموجوڵی گەشەکردنی بەرەوپێش چوو لە مێژوودا ، بە چەند چەشنی جۆراوجۆر ، نکوولیدەکرێو جێگای گەشەکردن ، چەمکی « ئاڵوگۆڕ »دادەندرێو ئەگەر بەناچاری گەشەکردنێکیش پەسندبکرێ ، لەچوارچێوەی گەشەکردنی تێکنیکی بەرتەسكدا دەمێنێتەوەو ئەم گەشەکردنە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانو کۆی سیستەمی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی کۆمەڵ ، ناگرێتەوە • لە بیروبۆچوونی ئیدئۆلوگی ئامریکایی «ئولت رستو»بە ناوی «تێئوریەکە کۆمەڵی سەنعەتی»و هەروەهالەبیرو بۆچوونی «دیترمینیسمی تێکنۆلۆژیك»دا ، پێی لەسەردەقی ئەم مەبەستە دادەگرێ •

٣ ـ لە کۆمەڵناسیی هاوچەرخی بۆرژواییدا ، هەروەها لە بینایانی کۆشکی چینایەتیی کۆمەڵی هاوچەرخی سەرمایەداری ، نکوولی لێدەکرێو تەنیا توێژێك هێنانی کۆمەڵایەتی ( Stratifcution sociale ) چەمکی «جموجوڵی کۆمەڵایەتی» Mobilite social لە باسی بوونی چەند دەستەی جۆراوجۆری پیشەیی یان روحیو دەروونی پەسنددەکرێ • کۆمەڵناسیی بۆرژوایی بە هێنانە بەرەوەو دیاریکردنی دژایەتیو خەباتی چینایەتی ، نکوولیدەکاو پێی وایە لە ئەندامە جۆراوجۆرەکانی دەستە وتوێژە جۆراو جۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاکامی تایبەتمەندییە دەروونییەکانی خۆیدا ، سەرەوخواردەبنو دژایەتییەکی چارەسەرنەکراوێك لە نێودەستەو گرۆیەکاندا ، وجودی نییە •

ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی لەم پاڵپشتدانەوەی تەواو بە ئەزموونەوە (ئامپریسم)لە کۆمەڵناسی بورژواییدا ، بریتییە لە خۆپاراستن لە شیکردنەوەی مەسەلە بنەڕەتیو بناخەییەکانی ئاڵو گۆڕی کۆمەڵو رێكوپێككردنی چند نوسخەو پسوولەی کردەوەیی بە قازانجی

سەرمایەداران بۆ کۆنترۆڵو ژێرڕکێف گرتنی جەرەیانە کۆمەڵایەتی‌یەکانو یان جێ‌بەجێ‌کردنی چەند ڕیفورم یان ئـــەندازیاری کـــۆمەڵایەتی وردو بێ‌بایەخ لە چەند چوارچێوەی بچووکی ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا • بۆ نموونـە کۆمەڵنگاریی یان وێنەی کۆمەڵهەڵگرتن ( سۆسیۆگرافی ) ، تەنیا دەیهەوێ کە چەند پەسنی زۆر درێژو چەند بەش سەبارەت بەیەك گوند ، یەك شار ، یەك کارگەو هی تر ، کۆبکاتەوە •«هەڵسەنگاندن» (سۆسیۆمتری)، بـــە لێکۆڵینەوە لە پێوەندی‌یەکانی دەستەکانو تاقەکەسەکان لەو بارەوە کـــە ئەم پێوەندییانە باشن یان خراپ ، ئەویش لە ڕێگای دانی چەند ئەزموونو هەڵسەنگاندنەوە ( test ) ، بۆ پەیداکردنی ڕێگا چارەی لابردنی کێشەکان لەدەروونی‌کارگەو ئیدارەو هی تر ، خۆ خەریك‌دەکا • لە بەناو «کۆمەڵناسی بچووك»دا ( میکرۆسوسیۆلۆژی ) ، زانستی کۆمەڵناسی بە چەند هێـڵی بچووك ( وەك کۆمەڵناسیی شاری ، کۆمەڵناسی گـــوند، کـــۆمەڵناسـی وەرزشی‌و هی تر )،دا بەشکراوەو هـــەر بۆیە خودی لێکـــۆڵینـــەوەی کۆمەڵایەتی ( واتا کۆمەڵو ئاڵوگۆڕەکانی گشتی )، لە نێوچووە• ئەرکی کۆمەڵناسە بۆرژواکان وەك خزمەتکارانی ئەندێشەیی سیستەمی مەوجود ، بریتی‌یە لە ئەنجامدانی فەرمانەکان ، ویستەکانی ڕاسپیرەرە سەرمایەدارەکان بۆ ڕێك‌وپێك‌کردنی ئەو ڕێ‌وشوێنانە کە بە هۆی ئەوانەوە بۆ ڕاســـــتنی سیستەمی سەرمایەداری لە بنکەو بنیاتە جۆراوجۆرەکان ، یارمەتی‌بکا •

قەیرانی قـــوولـــی ئامپیریسم لە کۆمەڵناسی‌داو بـــەشداربوونی ڕێ‌و شوێنەکانی ، ڕەوتێکی تری لە کۆمەڵناسی سەرمایەداری بەوجود هێنا کە خوازیاری هەنگاوهەڵهێنان بۆ شی‌کردنەوە بەرفراوانەکان لـــە مەســـــەلە مێژوویی‌یە کۆمـــەڵایەتی‌یەکانـــە •

گرنگترین تێکۆشان لـــەم زەمینەدا،بریتی‌یە لـــە تێکـــۆشان بـــۆ شی‌کردنەوەی قەبارەو کردەوە ( ستروکتۆرفۆنکسیۆن )ی کۆمەڵ•مەبەستو ئامانجی ئەم تێکۆشانە ئەوەیە کە لە لێکۆڵینەوەکانی ئامپیریکی کۆبووەوە

له مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا ، چەند «تیئوری»وەدەربندرێ‌و بە هـــۆی لێکۆڵینەوەی ئامپیریکەوە ، ڕەفتاری دەستە کۆمەڵایەتی‌یەکان ( کردەوە ـ کانیان)،قەبارەو ستروکتۆری‌دەروونیی کۆمەڵ ، بـــدوزیتەوەو ببێتـــە خاوەن‌یاسا (نوێنەرانی بـــەرزی ئەم ڕێ‌وشوێنانە میرتون‌وبارسـنس دوو کومەڵناسی ئامریکایین )• لەم ڕێبازەدا بنکەو بنیاتە کۆمەلایەتی‌یەکان وەك دەوڵەت ، کلیسا ، بنەماڵە ، قوتابخانە ، سوپا،سەندیکا(یانە)و هی تر، بـێ ئەوەی سەرنج بدرێتە ناوەرۆك‌و سەرچاوەی چینایەتی‌و ئابووری‌ـکۆمەڵایەتی ئەوان، ئەخرێتە بەر لێکۆڵینـــەوە ، هەر بۆیــە چەنـد لێکۆڵینەوەساکـارو ڕووماییو پەسنی دەمێننەوەو ناتوانێ بچێتــە قووڵایی خـاوەن‌یاسابوونـی دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە •

٤ ـ سەبارەت بە هۆی ئاڵوگۆرە کۆمەڵایەتی‌یەکان ، کۆمەڵنـاسـی بۆرژواییی وەك جاران لە چـــوارچێوەی «ئانـترۆپۆلۆژیســــــم»و «پسیکۆلۆژیسم»دا ، بەرتەسك کراوەتەوە • واتا بۆ مرۆڤ تـــەنیا یـەك ناوەرۆکی بێ‌ئاڵوگۆڕ کە لە شێوەی‌غەریزەو تایبەتمەندی‌یەکانی دەروونیی ئەودا خودەنوێنێ ، پەسنددەکاوپێی وایە گشت دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکان دیسەنی ئەم تایبەتمەندی‌یە هەتاهەتایی‌یە دەروونیانەی مرۆڤن • بۆ نموونـە جەنگ بۆ ئەوە ڕوودەدا کە مرۆڤ خاوەنی غەریزەی دەسدرێژکردنە یـان هونەرو فەلسەفە برێتین لە چەند شێوازی بەرەو هەورازچووی غەریزەی جینسی سەرکوتکراوو خەبات دژ بە حکوومەتەکان ئاکامی گرفتی دەروونی ( عقدە ) « ئۆدیب » ، کە بـارە دەروونی‌یەکـانی کوڕەکـــان بە بۆنـەی خۆشەویستیی دایك، دژبەباوەکانی خۆیان ، ڕینوێنی‌دەکا (لێرەدا حکوومەت لە کۆمەڵدا،دەوری باوکی لەسەرشانە )•

٥ ـ کۆمەڵناسیی بۆرژوا ، بە چەندبوونی هۆیەکـــانو هـــۆیـــە کۆمەڵایەتی‌یەکـــان ( تیئوریی فاکتۆرەکـــان )،بڕوای هەیە•واتا دەوری

لەپێش‌بوونی بوونەوەری مادیو لەپاش‌بوونی شعور ، دەوری بێ‌ئەملاو ئەولای ژێرخانی کۆمەڵایەتی ڕەت‌دەکاتەوەو بو گشت هۆیە مادیو مەعنەوی‌یەکانی کۆمەڵ ، کە لە چەند گۆڕەپانی دیاریکراودا ، دەتوانێ کەم یان زور بێ ، دەورێکی یەکسان ، پەسنددەکا • یان پێی وایە دەوری یەکسانیان ، هەیە •

ئێمە نیازمان بە ڕەت‌کردنەوەی ئەم بەڵگەهێنانەوانەی فەلسەفەو کۆمەڵناسیی بۆرژوازی‌یە نی‌یە ، چونکە ئەو کەسەی کە مەسەلەکانی ماتریالیسمی دیالێکتیکی بە وردی خوێندبێتەوەو لێی‌تێگەیشتبێ، دروست نەبوونی ئەم بەڵگەهێنانەوانە ، بەباشی دەزانێو وەڵامی ژیریێژیو زانستی ئەوان ، ئەدۆزێتەوە • ململانێ دژ بەم بیرو بۆچوونانەو پارێزگاری لە بۆچوونی مادی مێژوو ، ئەرکی گرنگی حیزبە کۆمۆنیستیو کرێکاری‌یەکان (ئەگەر مابێتن)و هەر تاقە کەسی شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازێکە کە لە خەبات دژ بە ئیدئۆلۆژی بۆرژوایی‌دا ، کات‌تێپەڕدەکا •

## پرسیارە کۆنترۆڵی‌یەکان

١ـ تایبەتمەندی‌یە گشتی‌یەکانی فەلسەفەو کۆمەڵناسیی هاوچەرخی بۆرژوا ، ڕابگەینن • ٢ـ پۆزیتیویسمو نئوپۆزیتیویسم ، شی‌بکەنەوە• ٣ـ پراگماتیسم شی‌بکەنەوە• ٤ـ نئۆتۆمیسم،شی‌بکەنەوە• ٥ـ ئیگزیستانسیالیزم شی‌بکەنەوە• ٦ـ تایبەتمەندی‌یە گشتی‌یەکانی کۆمەڵناسی هاوچەرخی بۆرژوایی کامەیە ؟ ٧ـ ڕێ‌وشوێنەکانی ئامپریك لە کۆمەڵناسیی بۆرژوادا ، چی‌یە ؟ ٨ـ ڕێ‌وشوێنەکانی

شیکردنەوەی ستروکتۆرۆفۆنکسیۆن ، چین ؟ ٩- ئایا کۆمەڵناسیی بۆرژوایی ، تێکلاویی چینایەتیی کۆمەڵ ، پەسنددەکا ؟ ١٠- ئایا کۆمەڵناسیی بۆرژوا ، بڕوای بەبوونی ئاڵوگۆر لەکۆمەڵدا هەیە ؟ ١٢- تیئوری هۆیەکان چییە ؟

**کۆتایی**

# پێڕستی ناوەکان

ئابلارپیـــر Pierra Abelard (١١٤٢-١٠٧٩) فیلســــوفـی ـ سکۆلاستیکی فەرانسەو یەکێك لـە خواپەرستانی بـەنـاوبانـگی چەرخەکانی نێوەڕاست کە دەستی کردبە ڕخنەگرتن لە «ڕیئالیسم»و بەم جۆرە پێویستە بە یەکێك لە نوێنەرانی ماتریالیسم ، نـاوی لێ بەرین

ئاگارێوف ( نیکلای پلاتونویچ Ogare ( ١٨٧٧ ـ ١٨١٣ ) یەکێك لە دێموکراتە شۆڕشگێڕەکانی ڕووس‌و لە فیلســوفـانی ماتریالیستی چەرخی نۆزدەی ڕووس ناوبراو لە هەمان کاتدا، نووسەرو شاعیر بوو

ئانتونویچ ( ماکسیم ئەلکسەیەویچ ) Antono Witch (١٩١٨-١٨٣٥) یەکێك لە فیلســـوفانی ماتریالیستی ڕووســـەو هاوخەباتی چرنیشوسکی‌و دابرولیوفە

ئانســـلم ( سنت‌ئانسلم ) Soint Anselme ( ١١٠٩-١٠٣٣ ) ئوســـقوفی کنتربوری ، یەکێك لە فیلسوفان‌و خـواپەرستانی سکۆلاستیکی چەرخەکانی نێوەڕاست ئەو لەباس لەســـــەر « ناوەگشتی‌یەکـــان » (ئونیورسلەکـــان) لایەنگری ڕێبـــازی ئیدەئالیستی بە ناوی « ڕێئالیسم »بوو

ئاناکسیماندر Anaxi mandre نزیك ٦١٠-٥٤٣ پێش زایینی ) یەکێك لە فیلسوفەکانی ڕێبازی میل‌تی‌یە ( شارێکە ) لە یۆنانـی کۆندا . ئەو خۆبەخۆو بە شێوەی ئاگا لە خۆنەبوونی ماتریالیستی‌و دیالێکتیکی بیری دەکردە .

**ابن سینا** ( ابو علی ) لە زاراوەی ئوروپیاندا Avicenna (١٠٣٧—٩٨٠ )
فیلسوفی گەورەی ئێرانو لە نەتەوەی تاجیك ، لە پەیڕەوانی ڕێبازی مەشایی ئەرەستوو دوکتورو زاناو نووسەری کتیبی « یاسا » لە پزیشکیو «شفا» لە فەلسەفەدا

**ابن رشد** ( محمد ) لەزاراوەیئورووپاییان Arerroes (١١٩٨—١١٢٦)
فیلسوفی عەرەب کەبە توخمە ماتریالیستی یەکانی فەلسەفەی ئەرەستوو پالّی دابووە وبەرفروانی کرد

**ئێپیکور** ( لە فەلسەفەی کۆنی ئێمە دا ابیقورس ) Epicures ( نزیك ٢٧٠—٣٤١ ب.ز ) فیلسوفی ماتریالیستو ئاتەئیستی یۆنانی کۆنو یەکێك لە پەیڕەوانو لایەنگرانی ڕێبازی هەلکەوتووی دیمۆکریتە

**ئەرەستوو** ( ٣٢٢—٣٨٤ی پێش زایینی )
گەورەترین بیرەوەری یۆنانیی کۆن کە لە فەلسەفەدا لەنێوان ماتریالیسمو ئیدەئالیسمدا ، لە هاتووچۆدا بوو دەکرێ بلێین لە گشت هێلە بنەڕەتی یەکانی زانستەکاندا ، یەکێك لە بناخەدانەران بوو

**ئەریژن** ( یوان ئیسکوت ) Origene ( نزیك ٨١٠ — ٨١٥ لەدایكبووەو لە نزیك ٨٧٧ ، مردوە ) فیلسوفی سکۆلاستیکی ئێرلەندی، یەکێك لە بناخەدانەرانی ڕێبازی ئیدەئالیستی «ڕیئالیسم» لە فەلسەفەی چەرخەکانی نێوەڕاستدا

**ئیستوالد** ( ویلهلم فریدریش ) Ostwald ( ١٩٣٢ — ١٨٥٣
شیمیزانو فیلسوفی ئالمانیو لەدایكبووی ڕیکا ئیستوالد پێی وابوو «وزە» لە جیاتیی مادە ، گەوهەری بنەڕەتی جیهانە ، چ مادی،چ مەعنەوی

**ئیسمیت** ( ئادام ) A. Smith ( ١٧٩٠ — ١٧٢٣ )
ئابووری زانی ئینگلیسی ( ئیسکاتلەندی ) نووسەری «لێکولینەوە سەبارەت بە سروشتو هۆیەکانی سامانی نەتەوەکان» بیروڕای ئابووری ئەو یەکێك لە سەرچاوەکانی تێئوریکی فێرگردنە ئابووری یەکانی مارکسە

**ئەفلاتوون** ( ٣٤٧ — ٤٣٧ پێش زایینی ) Platon
فیلسوفی یۆنانی کۆن ، ئیدەئالیستی زەینی ئەو پتر لە سی کتیبووتووێژ ( دیالۆگ )ی فەلسەفی نووسیووە .

ئەنگلس ( فریدریش ) Fr. Engels ( ١٨٩٥ ــ ١٨٢٠ )
هاوکاری گەورەی مارکس هاورێی ئەوو بناخەدانەری جیهانبینی مارکسیستیو یەکێك لە پێشەواکانی کرێکارانی جیهان

ئەینیشتاین ( ئالبرت ) Einstein ( ١٩٥٥ ــ ١٩٧٩ )
فیزیکزانی ئالمانی بناخەدانەری تیئۆری «نسبیت»ی گشتیو تایبەتی

بابف ( فرانسوا ئەمیل ناسراو بەگراکوس ) G. Babeuf (١٧٩٧ــ١٧٦٠)
شۆڕشگێڕی فەرانسەییو نوێنەری کۆمۆنیستی خوازیاری ڕێگای بێگرێ وگۆڵو ڕێبەری شۆڕشی «برابران»

ببل (ئوگوست) A. Bebel ( ١٩١٣ــ١٨٤٠ )
لە بناخەدانەرانی سۆسیال دێموکراسی ئالمان. لە پەرەپێدەرانو تیئوریسیەنەکانی لێوەشاوەی مارکسیستی بووە بەتایبەت لە مەسەلەی ژنان ، لێکۆلینەوەی مارکسیستی ئەو ، خاوەنی نرخە«ژنو سۆیالیزم» (١٨٧٩)

بریکلی ( جۆرج ) Berkeley ( ١٧٥٣ ــ ١٦٨٥ )
ئوسقوفی ئیرلەندی ، یەکێك لە نوێنەرانی بەناوبانگی ئیدەئالیسم سوبژێکتیکی ئینگلسنانە

برۆنو ( جردانۆ ) Bruno ( ١٦٠٠ــ١٥٤٨ ) بیرەوەری ماتریالیستی ئیتالیایی لای ئەو ماتریالیسم لە شێوەی «یەکبوونیوجود» ( پانتەئیسم ) خۆدەنوێنێ بیروبوچوونو ئەندێشەکانی کپرنیکی سەبارەت بە بینای جیهان ، بەرفراوانکرد بە بڕیاری کلیسا سووتێندرا !

پلاگویف ( دیمیتری ) Blagoyew ( ١٩٢٤ــ١٨٥٦ )
یەکەمین پەرەپێدەری مارکسیسم لە بۆلغارستان ، ڕێبەری بەشێکی بەرتەسك لە حیزبی سۆسیالیستی بۆلغارستان ، مێژووزان ، فیلسوف ، ئابووریزانو ڕەخنەگری هونەری .

( ویساریون گریگۆرویچ ) B. Belnski ( ١٨٤٨ــ١٨١١ )
دێموکراتی شۆڕشگێڕی ڕووس ڕەخنەگری هونەریو نووسەرو فیلسوفی ماتریالیست

بیکن ( فرانسیس ) F. Bacon ( ١٦٢٦ ــ ١٥٦١ )
فیلسوفی ئینگلیسی ، لە دەستپێکەرانی ماتریالیسمی ئینگلیسی لە چەرخی حەڤدەهەمدا .

پارسنس ( تلکت Parsons ( له دایك بووی ۱۹۰۲ )
کۆمەڵناسی ئامریکایی ، نوێنەری ڕێبازی ستروکتور فـۆنکسیۆن
لـە کۆمەڵناسـیدا
پـاولـوف ( ئەیـوان پترویـچ ) Pawlow ( ۱۹۳٦ ـ ۱۸٤۹ )
زانای سروشتناسی ڕووس ، دۆزێنەری تیئۆری «ڕەنگدانەوەی
بەمەرج»و تێکۆشانە بەرزەکانی دەماریو کردەوەی گەورەیمێشك .
پـلەخـانووف ( گئورکی وانستینوویچ ) Plek hanow ( ۱۹۱۸ـ۱۸۵٦)
فیلســـوفی مارکسیســـتی ڕووس لــە نوێنەرانی لێوەشـاوەی
جموجـولـی کرێکـاری ڕووسی‌یـەو جیهـانو لە پەرەپێـدەرانو
تیئۆریسی‌یەنە بەناوبانگەکانی مارکسیسم پاش ۱۹۰۳ کە ڕێبـازی
منشویکی ، پەسندکرد .
توماس داکوئن Thomas d' Aquin ( ۱۲۷٤ـ۱۲۲۵ )
لـــە فیلسوفـانو خواپەرستانی سکۆلاستیکی ئیتالیاو بناخەدانەری ،
ڕێبازی «تومیسم» کە فێرکردنی فەلسەفەی ئایینی کاتۆلیکە
جیمـز ( ویلیـام ) W. James ( ۱۹۱۰ـ۱۸٤۲ )
فیلسوفو دەروونناسی بۆرژوای ئەمریکایی یـــەکێـك لـــە
بناخەدانەرانی پراگماتیسم ( فەلسەفەی بـایەخدەربەکردەوە =
اصالت عمل )
چرنیشوسکی ( نیکلای گاوریلویچ ) Tchernichewski (۱۸۸۹ـ۱۸۲۸)
دیموکراتی شۆڕگێڕی ڕووس . فیلسوفی ماتریالیست . ڕەخنەگری
هونەریو نووسەری کۆمەڵایەتی
دابرولیوبف ( نیکلای ئەلکساندرویچ Democrite
( ۱۸٦۱ ـ ۱۸۳٦ ) شورشگێـری دێموکراتـی ڕووس فیلسـوفی
ماتریالیست ڕەخنەگری هونەری ونووسەری کۆمەلایەتی
داروێـن ( چارلزرابرت ) Darwin ( ۱۸۸۲ـ۱۸۰۹ )
زانای ئەزموونگەریی سروشتی ئینگلیسیو بناخەدانەری ژیـانناســـی
ئاڵوگۆڕی ( تیئۆری ئاڵوگۆری جۆرەکان )
دلبـاك ( پـل‌ئانری ) D,Holbach ( ۱۷۸۹ـ۱۷۲۳ )
فیلسوفی ماتریالیستی فەرانسەیی لە ڕەخنەگرەکانی ئایینەکـانو
نوێنەرانی ئاتەئیسـم
دلامتـری ( ژۆلین ئەفروا ) de La Mettrie (۱۷۵۱ـ۱۷۰۹)
پزیشكو فیلسوفی فەرانسەیی ، نوێنەری ماتریالیستی میکانیك .
لە نووسەرانی « ئەنسیکلۆپدی »

دیکـارت(رنــه)      Descartes      ( ١٥٩٦-١٦٥٠ )
فیلسوف ، مەتماتیکزانو ئەزموونگەری سروشت ، فەرانسەیی، لە فەلسەفەدا لە هەڵویستی دووپەرستی (دوئالیسم) دابوو.

دیمـوکـریت ( لە شوێنەوارەکانی فەلسەفەی کۆنی ئێمە دیمـقراطیس ) ( نزیك بە ٤٦٠ تانزیك ٣٧٠ ب.ز )      Democrite
فیلسوفی ماتریالیستی یۆنانو یەکێك لە بناخەدانەرانی بینـای ئاتۆمی هەستەکان . ( ئاتۆمیستیك ) لە فەلسەفەی چەرخەکانی نێوەڕاستدا «ئاتۆم» بە « بەشی بەشبەشنەکراو» ناودیـرکـرا ( جزء لا یتجزأ )

دیتسـکن ( یـوزف )      Ditzgen      ( ١٨٨٨ - ١٨٢٨ )
کرێکاری چەرمخۆشکەر ، خۆفێرکەر کە سەربەخۆ ماتریالیسمی دیالێکتیکی دۆزییەوە ئەو ئاتەئیستو پەرەپێدەری مارکسیسمو سۆسیالیزمە

دیـدەرو ( دنـی )      Diderot      ( ١٧١٣-١٧٨٤ )
فیلســـوفی ماتریالیستی فەرانسەییو یەکێك لە گـرنگتـرین نووسەرانی ئەنسیکلۆپێدی فەرانســەو بناخــەدانەری ئـەو (١٧٥١) بـوو

دیـوئی ( جـان )      Dewy      ( ١٨٥٩-١٩٥٢ )
فیلسوفی کۆمەڵناسو پداگۆگی ئامریکاییو یەکێك لە نوێنەرانـی بەناوبانگی ڕێبازی فەلسەفەی بۆرژواییی پراگماتیسـم

رادیشف ( ئەلکساندر نیکلایویچ )      Radi shew      ( ١٧٤٩-١٨٠٢ )
نووسەرو بیرەوەری شۆڕشگێڕی ڕووس ماتریالیست لــە بناخەدانەرانی بیروبۆچوونی شۆڕشگێڕی لە ڕووسی‌یە

ریکـاردۆ ( دیویـد )      ( ١٧٧٢-١٨٢٣ )
ئابووریزانی ئینگلیسی تیئوری ئابووری ئەو یـەکێـك لــە سەرچاوەکانی تیئوریکی فێرکردنی ئابووریی مارکسە

ســارتر ( ژانپـل      Sartres      ( لەدایكبووی ١٩٠٥ )
فیلسوفی ئیگزیستانسیالیستی فەرانسەیی پیاوی کومەڵایەتیو نووسەری بەناوبانگی ئەم وڵاتە

سـپینـوزا ( باروخبندیکت )      Spinoza      (١٦٣٢-١٦٧٧)
فیلسوفی ماتریالیستی هۆڵەندی . ماتریالیسم لای ئـەو لــە

شێوەی « وحدت وجود » ( پانتەئیسم ) سەری‌هەڵدەدا ( پێی وایە خوا سروشتی سروشت‌خولقێنەرە )

سن سیمۆن ( ئانری کلود Saint Simon (١٧٦٠–١٨٢٥)
یەکێك لە نوێنەرانی لێوەشاوەی سۆسیالیستی خەیاڵی فەرانسەیی ، فێرکردنەکانی یەکێك لە سەرچاوە تێئوریکی‌یەکانی سۆسیالیزمی زانستی مارکسە

شلینگ ( فریدریش ویلهلم یوزف ) Schelling (١٧٧٥–١٨٥٤)
فیلسوفی ئاڵمانی ئیدەئالیستی عەینی پەسندو یەکێك لە نوێنەرانی فەلسەفەی کلاسیکی ئاڵمان

فۆریە ( شارل ) Fourier ( ١٧٧٢–١٨٣٧ )
یەکێك لە نوێنەرانی سۆسیالیزمی خەیاڵی فەرانسەیی، فێرکردنەکەی یەکێك لە سەرچاوەکانی تێئوریکی سوسیالیزمی زانستیی مارکسە

فورباخ ( لودویك ) Feuerbach ( ١٨٧٢ – ١٨٠٤ )
فیلسوفی ماتریالیستو ئاتەئیستی ئاڵمان ، بیروڕای فەلسەفیی ئەو یەکێك لە سەرچاوەکانی تێئوریکی فەلسەفەی مارکسیستی‌یە.

فیشتە ( یوهان گیت‌لیب ) Fichte ( ١٧٦٢–١٨١٤ )
نوێنەری فەلسەفەی ئیدئالیستیی کلاسیکی ئاڵمان، ئیدەئالیستیی زەینیی پەسند

کانت ( ئیمانوئل ) Kant ( ١٨٠٤ – ١٧٢٤ )
بناخەدانەری فەلسەفەی کلاسیکی ئیدەئالیستیی ئاڵمان لە جیهانناسی‌دا گومانەی خاوەن پێوەندی بە سەرچاوەی سەرهەڵدانی « منظومەی شمسی یش بەوەوە ، پێوەندی هەیە

گرتسن ( ئەلکساندر ئیوانویچ ) Herzen ( ١٨٧٠–١٨١٢ )
دێموکراتی شۆڕشگێڕی ڕووس، فیلسوفی ماتریالیست، نووسەری شوێنەوارەئەدەبی‌و کۆمەلایەتی‌یەکان

لابریولا ( ئانتونیو ) Labriola ( ١٩٠٤–١٨٤٣ )
فیلسوفی ئیتالیایی یەکەم مارکسیستی ئەم وڵاتەو پەرەپێدەری مارکسیسم نووسراوەی ئەو «لێکۆلینەوەی تێگەیشتنی ماتریالیستی مێژوویی » یە

لافارگ(پل) La Fargue ( ١٩١١ – ١٨٤٢ )
قوتابیی مارکس‌و ئەنگلس‌و زاوای مارکس . لینین پێی وایە ،

یەکێك لە بەزەوقترین پەرەپێـدەرانی مارکسیسـمە فیلسـوف ئابووریزانو پیاوی کۆمەڵایەتیو شۆڕشگێڕی

لاك ( جـان ) Loke ١٦٣٢–١٧٠٤
فیلسوفی ماتریالیستی ئینگلیس ڕێكوپێككەری بیروبۆچوونی هەستپەرستی ( سانسوالیم ) لە ناسینداە نووسراوەکـەی : «لێکۆلینەوە سەبارەت بە دەرككردنی ئینسانی »

لنیـــن ( ولادیمیر ئیلیچ ) Lenin ( ١٨٧٠–١٩٢٤ )
تیئورسـییەنی گەورەی مارکسیست ، پێشەوای کـرێکارانـی جیهان ، بناخەدانەری دەورەکانی «لنینیستی» لە بەرفراوانکردنی تیئوری مارکسیستیدا

لۆکرسیۆس ( تیتۆس لۆکرسیۆسکارۆس ) Lucretius ( ٥٥ – ٩٩ پێش زایینی ) شاعیرو فیلسـوفی مـاتریالیسـتی ڕۆمی کـۆنو لە لایەنگرانی ئێپیکۆر

لۆمۆنۆسوف ( میخائیل واسیلوویچ ) Lomonossow (١٧١١–١٧٦٥ )
زاناو فیلسوفی ماتریالیسـتو شاعیـری ڕووسو بناخـەدانـەری زانستگەی ڕووسییە

مـاخ ( ئەرنست ) Mach ( ١٨٣٨–١٩١٦ )
فیزیكزانو فیلســـــوفی ئوتریشیو یەکێك لە بنـاخەدانەرانی فەلسـەفەی هەڵسەنگاندنی ئەزموونپەرســـــتی » (ئامپیریۆـ کریتیسم)کە لینین خستییە بەر ڕخنـە

مارکس ( کـارل ) Marx ( ١٨١٨–١٨٨٣ )
بناخەدانەری مارکسیسم پێشەوای کرێکارانی جیهان

مـرتـن ( رابرت کینگ ) Merton ( لە دایك بووی ١٩١٠ )
یەکێك لە نوێنەرانی شێوەی شیکردنەوەی ستروکتورو فۆنکسیۆن کە تەنیا لێکۆلینەوە لە « بنکەو بنیاتە کـۆمەڵایەتییەکـان »بـە پێویست دەزانێ بێ ئەوەی سەرنجی پلەی ئابووریو کۆمەڵایەتیو ناوەڕۆکی چینایەتیو سەرچاوەی مێژوویی ئەوان ، بدا

مرینگ ( فرانس ) Mehring (١٨٤٦–١٩١٩ )
مێژوونوسی مارکسسیستو ئەدەبیاتناسو لە بناخەدانەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئاڵمان

مەولـەوی ( مولانا جلالالـدین ) ( ١٢٠٧–١٢٧٣ )

شاعیری عارفو خواپەرستیی ئێرانی کە لە ئەندیشەکەیدا توخمی دیالێکتیکی زۆر هەیە . نووسەری هونراوەی عیرفانی «مثنوی»یـە

هـابسن ( ئامس ) Hobbes ( ١٥٨٨–١٦٧٩ )

فیلسوفی ئینگلیسی ، لە بناخەدانەرانی ماتریالیسمی میکانیکی نووسەری کتێبی «لوبتان»

هایدگـر ( مارتین ) Heidegger ( لە دایك بووی ١٨٨٩ )

یەکێك لە بناخەدانـەرانی گرنگـی ئیگزیستانسیالیـزم فیلسـوفی بـورژوازی ئالمـان

هراکلیست ( لە فەلسەفەی کۆنی ئێمەدا هراقلیتوس ) Heraclite

( نزیك ٥٤٠ تا نزیك ٤٨٠ ب ، ز )

فیلسـوفی ماتریالیستی یۆنانی کۆن ، لە فیلسوفانی ڕێـبازی ئەیۆنی ( شاریکە )و بناخەدانەری دیالێکتیکی سـروشتی ( یـان خۆبەخۆ = لەخۆڕا ).

هیگـل ( گئورگە ویلهلم فریدریش ) Hegel ( ١٧٧٠–١٨٣١ )

فیلسـوفی ئیدەئالیستی عەینی پەسندو ڕێـکوپێك کـەری دیالێکتیکی ئیدەئالیستی دیالێکتیکی ئەو یەکێك لـە سەرچـاوە تێئوریکی‌یەکانی فێرکردنی دیالێکتیکی مارکسە

هلوسیوس ( کلود ئادریان ) Helvetius ( ١٧١٥–١٧٧١ )

فیلسـوفی ماتریالیسـتی فەرانسەیی‌و یەکێك لە نووسەرانی «ئەنسیکلۆپدی»

هیـوم ( دیویـد ) Hu Me ( ١٧١١–١٧٧٦ )

فیلسـوفی ئیدەئالیستو ئاگنوسـتیکی ئینگلیسو دەروونناس مێژووزان ، ئابووری‌زان

ویـنر ( نربـرت Wiener ( ١٨٩٤–١٩٦٤ )

مەتماتیك‌زانی ئامریکایی یەکێك لە بناخەدانەرانی زانسـتی «سیبرنەتیك» نووسراوەی ئەو سیبرنەتیك یان هەلسـووڕانو پێوەندی لە گیانلەبەرانو مەکینەکاندا (١٩٤٨)

یاسـپرس ( کـارل ) Jaspers ( ١٨٨٣–١٩٦٣ )

فیلسوفی بورژوازی ئالمانو یەکێك لە نوێنەرە گرنگەکانی ئیگزیستانسیالیـزم

## چەند وەبیرهێنانەوەیەك

١ ـ ڕێکەوتەکانلەسەر بناخەی مێژووی زایینی نـووسراون

٢ ـ ئەو ناوانە کە شێوازی فەرانسەییان لە زمانی فـارسیدا ، باوە ( وەك ئیسکوت ، ئەریژنوس توماسداکوئن هەربەم جـۆرە هـاتـوون

پێشـەکـی وەرگێـر

بەندی یەکەم

ـ بەسنی زانیاری بەزەوونی شۆرشگێڕی ٩
٢ ـ زاراوەکانو بریارە زانستی‌یەکان ١٢
٣ ـ جیهان بینی تێئوری فەلسەفە ١٤

**بەنـدی دووهـەم**

**فەلسەفەو فەلسەفەی مارکسیسـتی**

١ ـ فەلسەفەی مارکسیستی‌و تایبەتمەندی‌یەکانی ١٦
٢ ـ باسی بنەرەتی فەلسەفە ـ ماتریالیسم ـ ئیدەئالیسم ١٩
٣ ـ رێ‌وشوێن ناسی لە فەلسەفەدا چی‌یە ٢٣
ـ کیشە لە نێوان ئیدەئالیسمو ماتریالیسم لە دەورەکانی پێش مارکس‌دا ٢٤
٥ ـ سەرهەڵدانی فەلسەفەی مارکسیستی‌و پلە گرنگەکانی گەشەکردنی ئەو ٣٠

**بەندی سێهـەم**

**زاراوەو بڕیارەکانی ماتریالیسمی فەلسەفی**

١ ـ مادە چی‌یـە ؟ ٣٤
٢ ـ شیوازەگرنگظو زەقەکانی بوونی مادە ٣٧
٣ ـ شعـورو سەرهەهەڵدانـی ٤١
ـ ناوەرۆکی شعور و پێوەندی ئەوله گەڵ زمان دا ٤٥
٥ ـ دیمەن‌و قەبـارەی جیهـان ٤٨

بەنـدی چـوارەم

یاساکانی دیالێکتیك


١ ـ دیالێکتیك چی‌یە ٥٠

٢ ـ یاسای پێوەندو گەشەکردنی گشتی ٥٢

٣ ـ سیستەم ستروکتور فونکسیون ٥٧

ـ یاسای تێپەربوون لە ئالوگۆڕە چەندی یەکان بەرەو ئالوگۆرە چلۆنی‌یەکان ٦١

٥ ـ یاسای یەکبوونو خەباتی دژەکان ٦٥

٦ ـ یاسای نەء لە نەء لێکراو ٧١


بەنـدی پێنجـەم

زاراوە بنەرەتی یەکانی دیالێکتیك


١ ـ زاراوەی دیالێکتیکی چی‌یە ؟ ٧٥

٢ ـ تاقانە مفرد گشتی تایبەتی ٧٦

٣ ـ هۆوهۆگر ( علـّت و معلـول ) ٨٠

ـ پێویستو لەناکاو ( ضرورت وتصادف ) ٨٥

٥ ـ وێ چوونوراستەقینە ٨٩

٦ ـ شێوازو ناوەڕۆك ( شکل ومضمون ) ٩٣

٧ ـ ناوەرۆك ( ماهیت )و دیاردە ٩٦

٨ ـ ژیربێـژی‌و میـژوویی ١٠٠


بەندی شـەشـــەم

ڕێگای دیالێکتیکی ناسینی راستەقینەی عەینی


١ ـ تیئۆری ناسین ( گنوسئۆلۆژی ) چی‌یە . ١٠٢

٢ ـ رەنگدانەوە چی‌یە ؟ ١٠٥

٣ ـ پلەکانی ناسیس کامانەن ١٠٨

٤ ـ کردەوە ( پراتیك ) چی‌یە ١١٣

٥ ـ یەکبوونی ناسینی هەستی‌و هۆش ١١٤

٦ ـ یتئۆری مارکسیستی راستەقینە حقیقت ١١٦

٧ ـ زمان‌و بیرکردنەوە ١٢١

٨ ـ وتەیەك سەبارەت بە سیبرنەتیك ١٢٤


**بەنـدی حەوتـــەم**

**ماتریالیسمی مێژوویی ـ بڕیارەکان‌و زاراوەکان**


ـ ماتریالیسمی مێژوویی وەك زانست ١٢٨

٢ ـ سروشت‌و کۆمەڵ ١٣١

٣ ـ خوآقاندنی شینسانی‌و خوآقاندنی کومەڵیەتی
( ئانتروبوژنزو سوسیوژنز ) ١٣٣

٤ ـ ناوهرۆك ( ماهێت )ی مروڤ‌و مەسەلەی نامۆییی ئەو
( ئالیناسبون ) ١٣٦

٥ ـ بەرهەم هێنانی مادی‌ـ پلەی گەشەکردنی کۆمەڵیەتی ١٤

٦ ـ سەرخان‌و ژێرخـــان ١٤٣

٧ ـ ماهی‌یەت‌و سەرچاوەی چین ١٤٥

٨ ـ سەرچاوەو ناورۆك یان ماهی یەت‌و
کردەوەکیشوەرەچەوسێنەرەکان ١٥٣

٩ ـ شیوازەمێژوویی‌یەکانی کوبوونەوەی خەڵك ١٦١

١٠ـ نەتـەوە چـی‌یە ١٦٤

١١ـ وتەیەك سەبارەت بە بنەماڵە ١٦٩

١٢ـ شێواز گرتنەکانی کۆمەڵیەتی ـئابووری ١٧١

١٣ـ درێژەی باسی فراماسیونەکان‌ـ ژیانی هاویەشی سەرەتایی ١٧٦

١٤ـ پاشماوەی باسی فراماسیونەکان‌ـ سیستەمی کۆیلەیی ١٧٩

١٥ـ پاشماوەی باسی فراماسیرنەکان ـفیئۆدالیسم ١٨٢
١٦ـ پاشماوەی فراماسیۆنەکان ـ سەرمایەداری ١٨٦
١٧ـ پانشماوەی فراماسیونەکان ـ سوسیالیزم کۆمەڵایەتی ١٩٢
١٨ـ شۆرشی کۆمەڵایەتی ١٩٧
١٩ـ شعور ( زانیاری )ی کۆمەڵایتی ٢٠٦
٢٠ـ پاشماوەی باسی شعوری کۆمەڵایەتی ـ ئەخلاق ٢١١
٢٢ـ درێژەی باسی شعوری کۆمەڵایەتی ـزانست ٢١٣
٢٣ـ شۆرشی زانستی تێکنیکی ٢١٧
٢٤ـ پاشماوەی باسی شعوریکۆمەڵایەتی ـ هونەر ٣٢٠
٢٥ـ پاشماوەی شعوری کۆمەڵایەتی ـ ئایین ٣٢٣
٢٦ـ پاشماوەی شعوری کۆمەڵایەتی ـ فەلسەفە ٢٢٧
٢٧ـ فـەرهـــەنگ ٢٢٩
٢٨ـ دەوری کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش مێژوودا ٢٣٣
٢٩ـ دەوری کەسایەتی لەمێژوودا ٢٣٧
٣٠ـتێروانینێکی کورت سەبارەت بە فەلسەفەو کۆمەڵناسی هاوچەرخی بۆرژوازی ٢٤٣
پێرستی ناوەکان ٢٥٤

١٠٧

ت ٩٢٩ تەیەری یئحسان

فێرکردنی فەلسەفەی زانستیی نووسینی یئحسان

تەبەری وەرگێرانی حسین خەلیقی ـ بەغدا

دەزگای رۆشینبیو بلاوکردنەوەی کوردی ، ١٩٩٤

ل ، ٢٤ سم ـ ( زنجیرەی ژمارە ، ٢٩٩ )

١ فەلسەفە ـ لێکۆلینەوەو فێرکردن ٢ ٠ مارکسیزم

ـ فەلسەفەو تیۆری ـ فیرکردن أ ٠ ناونیشان ب ٠ زنجیرە

کتیبخانەی نیشتمانی ( پێرستکاری لە بلاوکردنەوەدا )

رقم الايداع في دار الكتب والوثائق

ببغداد / ١٠ لسنة ١٩٩٤

جمهورية العراق
وزارة الثقافة والاعلام
دار الثقافة والنشر الكردية
التسلسل (٢٩٩)

# تعليم الفلسفة العلمية

تأليف: احسان طبري
ترجمة: د. حسين خليفي

دار الحرية للطباعة